## پێشەکی

# یەك فیمینیزم...؟
# یان چەندین فیمینیزم...؟

وا باشتر بوو ناوی ئەم کتێبە جۆرەکانی فیمینیزم بوایە، چوونکە کاتێ کەسێك دەیەوێ لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو ئەو شتانە بکات کە بە فیمینیزم ناودێر کراوە، بۆی دەردەکەوێت کە فیمینیزم بە تەنها چەمکێك نییە بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵێك بیرورا و لەڕاستیدا کردە(action) گەلی جۆراوجۆر و فرەڕەهەند پێك هاتووە. هەرچەند هەوڵی زۆر دراوە بە کۆمەڵێك روانگە و بۆچوون وەلامی ئەم پرسیارە کە «فیمینیزم چییە؟ » بدرێتەوە کە بۆ تەواوی روانگە فیمینیستییەکان بە بنەما دابنرێن بەلاّم ئەم کارە بۆتە کارێکی ئەستەم، لەبەر ئەوەی جۆرە زۆر و زەوەندەکانی فیمینیزم سەرەڕای ئەوەی لە رواڵەتدا جیاوازییان هەیە بگرە هەندێك جار بە تەواوەتی دژی یەکترن. کەواتە رەنگە پێویست بێت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەم گریمانەوە دەست پیٚبکەین کە ناتوانین بلیٚین فیمینیزم چییە؟، بەڵکوو تەنها دەتوانین هەوڵی ئەوە بدەین کە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەموو جۆرەکانی فیمینیزم بدۆزینەوە. بۆ ئەوەی پیٚناسەیەکی بنەڕەتی بۆ بنەمای هاوبەشی تەواوی فیمینیسمەکان بکەین دەتوانین بە پیٚداگرتن لەسەر ئەم خاڵە دەست پیٚ بکەین کە هۆی سەرهەڵدانیان دەگەڕیٚتەوە بۆ بارودۆخی نالەباری ژنان لە کۆمەڵگا و هەروەها ئەوجیاوازی قایل بوونانە (تبعیض) ی کە ژنان بە هۆی رەگەزی دووهەم بوونەوە، رووبەڕوویان دەبنەوە. جیالەوەش دەتوانین ئاوا بلیٚین کە هەموو جۆرەکانی فیمینیزم، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەو جیاوازی قایل بوونانە و لە ئاکامدا زاڵ بوون بەسەریاندا، خوازیاری هەندیٚ گۆڕانکارین لە نەزمی کۆمەلاٚیەتی، ئابووری، سیاسی و کەلتووریدا. بەهەرحاڵ سەرەڕای ئەم پیٚداگرتنە گشتییانە دۆزینەوەی «بواریٚکیتری هاوبەش» لە نیٚوان هەموو جۆرەکانی فیمینیزمدا، کاریٚکی دژوارە، بە ڕای «دیٚلمار[1]» (١٩٨٦) ناتوانین وای پیشان بدەین کە ڕیٚککەوتن یان یەکیٚتییەکی فیمینیستی، بناغەی هەموو پرش و بلاٚوییەکانی فیمینیزمی هاوچەرخ، پیٚك دیٚنیٚ. بەڕاستی دەرەنجامی چاوەڕوان نەکراوی قایل بوون بەو یەکیٚتی، یان یەکپارچەبوونە بناغەییەی هەموو جۆرەکانی فیمینیزم، رەنگە بە پەراویٚز کردنی ئەو گرووپە جۆراوجۆرانەی ژنان بیٚت کە خولیاکانیان لە دەرەوەی بازنەی ئەو پیٚناسە کردنەی سەرەوە بیٚت کە بۆ یەکیٚتی فیمینیستی کراوە.

---

١- Rosalina Delmar



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەواتە ئەگەر گەیشتن بە پێناسەیەك بۆ فیمینیزم بە پێی هەندێ چەمکی جەوهەری، دژوار (یان تەنانەت مەحاڵ) بێت، ئایا دەتوانین بە پێی سەرچاوە مێژووییەکانی و هەروەها ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشە کردنەکەی بە شێوەیەکی باشتر و کاملتر پێناسەی بکەین؟ زاراوەی فیمینیزم تا ڕادەیەك مۆدێرنەو لەگەڵ ئەوەشدا قسەو باسی زۆر لە گۆڕێدایە سەبارەت بەوەی کە ئەم وشەیە یەکەم جار کەی و لە کوێ کەڵکی لێ وەرگیراوە؟، بەلاَم پێدەچێت کە وشەی فیمینیزم یەکەمجار لە ساڵی ١٨٧١ دا و لە دەقێکی پزیشکیدا بە زمانی فەرەنسی بۆ شیکاری و ڕوونکردنەوەی جۆرە وەستانێك لە نەش ونما کردنی ئەندامانی لەش و تایبەتمەندییە جنسییەکانی ئەو پیاوە نەخۆشانەی کەڵکی لێ وەرگیراوە کە پێدەچێت ترسیان هەبوە لەوەی کە تایبەتمەندی ژنانە بەخۆوە بگرن و نێرەمۆك بن.(فرایس ١٩٩٥). پاشان ئەلکساندر دوومای کوڕ، نووسەری کۆماریخواز و دژە فیمینیستی فەرەنسی، ئەم وشەیەی وەرگرت و لە نامیلکەیەکی چاپی ساڵی ١٨٧٢دا، بەناوی «پیاوـ ژن» ( L'homme- Femme) کە سەبارەت بوو بە (زنا یحصّنه) و مەبەستیشی لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو ژنانە بوو کە بە شێوەیەکی بەرواڵەت هەڵسوکەوتیان پیاوانەیە. کەواتە هەروەك فرایس(Fraisse) دەڵێ، هەرچەند لە قامووسی پزیشکیدا فیمینیزم بە مانای «بە ژنانە بوونی تایبەتمەندییەکانی پیاوان » بوو بەلاَم لەبواری سیاسیدا ئەم وشەیە یەکەم جار بۆ ڕوونکردنەوە و راڤە کردنی «بە پیاوانە بوونی تایبەتمەندییەکانی ژنان» کەڵکی لێ وەر گیرا. بێ گومان ئەم جۆرە بشێوییە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

رەگەزییە، لە سەدەی نۆزدەهەمدا، مایەی ترس بوو و دەتوانین بڵێین ئەو ترسە لـە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆشدا کە هەندێ جار هەست بەوە دەکرێـت کـە فیمینیـستەکان نارەزایی دەرئەبڕن بەرانبـەر جیاوازییـە سروشـتییەکانی نێـوان ژن و پیـاو، بـە شێوەیەکی ئارامتر «تەعدیل کراو» لە ئارادایە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، خـاڵی سەرنج راکێش ئەوەیە کە فیمینیست لە سەرەتادا سیفەتێك نەبوو بـۆ ئـەوەی کـە ژنان بۆ وێنا کردنی خۆیان، یان کردەوەکانیان بـە کـاری بهێـنن و دەتـوانین بـە دڵنیاییەوە بڵێین ئەو شتەی کە ئێمە ئەمڕۆ بە بیرکردنەوە و چالاکیی فیمینیستیی ناودێری دەکەین، ماوەیەکی زۆر، پێش ئەوەی کـە ئـەو وشـەیە[واتـە فیمینیـزم] بەکار بهێنرێت، لە ئارادا بوە. لە دەیەی ١٨٤٠دا، بزووتنەوەی بـەرگری کـردن لـە مافی ژنان، لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە هۆی ڕێکەوتننامەی «تاڤگەی سێنێکا»وە[١] دەسـتی پێکـرد و دەسکەوتەکەشـی جاڕنامـەی ئیحـساسات[٢] بـوو، کـە خوازیـاری رەچاوکردنی پرەنسیبەکانی ئـازادی ویەکـسانی سـەبارەت بـە ژنـان بـوو و لـە جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکادا[٣] رەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. پاشان ئەلیزابێت کەدیستانتۆن و سووزان. ب. ئـانتۆنی[٤] ئەنجومـەنی نەتـەوەیی مـافی دەنگـدانی ژنانیان[٥] دامەزراند. لە دەیەی ١٨٤٠ بـە دواوە، بزووتنـەوەکانی مـافی دەنـگدانی ژنان لە بەریتانیاش دروست بوو. بەڵام تەنانەت بەر لەوەی کـە بزووتنـەوەکانی

---

١- Seneca Falls Convention
٢- Decleration Of Sentiment
٣- American Decleration Of Independence
٤- Elizabet Cady Stanton and Susan Anthony
٥- Nation Women Suffrage Association



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مافی دەنگدان وەك ڕێكخراو دەست بە كار بن، ژنان دەستیان كردبوو بە نووسین دەربارەی نایەكسانی و نادپەروەرییەكانی بارودۆخی كۆمەلایەتی ژنان و هەروەها هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخەی تێیدا بوون. لە ساڵی ١٧٩٢دا ماری ڤۆڵستۆن كرافت[١] ، كتێبی« وەرگرتنی مافەكانی ژنان »[٢] ی نووسی و هاوكات لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ لە ژنان وەك ئۆلیمپ دوگوژ و تێروان دومێریكۆر[٣]، بۆ پەرەپێدانی ئەو مافانەی كە لە شۆڕشی فەرەنسەدا بە ژنان بەڵێن درابوون، خەباتیان ئەكرد. كەواتە ئەگەرچی دەتوانین قۆناغەكانی پەرە سەندنی بزووتنەوەی مافەكانی ژنان لە ناوەڕاستەكانی سەدەی نۆزدەهەم بە دواوە روون بكەینەوە، بەلام ئەوە خالی دەست پێكردنی ئاوڕدانەوەی ژنان لە بارودۆخی كۆمەلایەتی و سیاسییان نەبوو.

كەواتە فیمینیزم زاراوەیەكە كە ماوەیەكی زۆر پاش ئەوەی كە ژنان دەستیان كرد بە نارەزایەتی دەربڕین لە بەرانبەر ژێردەستی خۆیان و خوازیاری باشتر بوونی بارودۆخی كۆمەلایەتییان بن، هاتە ئاراوە. تەنانەت دوای ئەوەش كە وشەی فیمینیزم چێكرا، دیسانەوە زۆربەی ئەوكەسانەی كەلە پێناوی مافی ژناندا خەباتیان ئەكرد، وەك وشەیەك كە هەڵگر و پیشاندەری شوناسیان بێت، بەكاریان نەهێنا[واتە خۆیان بە فیمینیست لە قەڵەم نەئەدا]. تەنانەت لەدەیەی ٦٠و سەرەتاكانی دەیەی٧٠دا، زۆربەی ڕێكخراوەكانی مافی دەنگدانی

---

١- Mary Wollstone Craft
٢ A Vindication Of The Rights Of Women
٣- Olympe De Goujes and Theroigne De Meraicoart



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژنان،خۆیان بـە فیمینیـست لـە قەڵـەم نەئـەدا. زاراوەی فیمینیـزم، تـەنها لـە پێوەندیدا لەگەڵ مەسەلەگەلێکی تایبەت و گرووپگەلێکی تایبەتدا بە شێوەیەکی سـنووردار کـەڵکی لێ وەرئـەگیرا( دێلمـار١٩٨٦). تـەنها لـەم دواییانەدایـە کـە بەکارهێنانی وشەی فیمینیزم بۆ هەموو گرووپەکانی مافی ژنان بـە بێ جیـاوازی، بووەتە شتێکی باو و ئەم ناتەباییەی لە نێوان شێوە ڕوانـینی ئـەو گرووپانـە بـۆ شوناسی خۆیان و ناودێرکردنی دواتریان بە فیمینیست، بێگومان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەو مەسەلەیەی کە لەکاتی بڕیاردان سـەبارەت بـەوەی کـە تـاك، گـرووپ یـان کردەیەك، بە فیمینیست یان فیمینیستیی لەقەڵـەم بـدەین، دەبێ چ ڕێـساگەلێك ڕەچاو بکرێت؟ ئایا دەبێ هەموو ئەو تیۆر و چالاکی و خەباتانەی کە دەبنـە هـۆی باشتربوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژنان، لە کاتی پـۆلێن کردنـدا، بەئەنقەسـت بێت یـا خـود نـا، بـە فیمینیـستی لـە قەڵـەم بـدەین؟ یـان دەبێ لـەکاتی وە ئەستۆگرتنی چالاکییەکی فیمینیـستیدا، مەبەسـتێکی ئاگایانـە لـە ئارادابێـت؟ ئەگـەر ئـەوەی یەکـەمیان هەڵبـژێرین، لەوکاتـەدا دەتـوانین بڵـێین کـە مانـای فیمینیزم، بە شێوەیەکی ـ تا ڕادەیەك ـ کردەیی، مانـای ڕاسـتەقینەی خـۆی لـە دەست ئەدات. هەر بەم پێیە، سەبارەت بەو مەسەلەیە، ئەو گومانەش لە ئارادایـە کە ئایا هـەموو جۆرەکـانی ڕێکخراوەکـانی ژنـان کـە بـە شـێوەیەکی دیـاریکراو مەبەستیشیان پەرەپێدانی مافەکانی ژنان نییە ــــ بۆنموونـە، بزووتنـەوەکانی ئاشتی ژنان ــــ دەبێ بە فیمینیستیی لەقەڵەم بدرێن؟ دیسان ڕەنگە وەڵامدانەوەی پۆزەتیڤانە بەم پرسیارە، ببێتە هۆی ئەوە کە مانای فیمینیزم لـەوەی کـە هەیـە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرفراوانتر بێت و ئەو سنوورانەش بگرێتەوە کە لە ڕووی تیۆری یــان سیاســییەوە بەکەڵکن.لە لایەکیترەوە، کەسانێك هەن کە لایەنگری ئــەوەن کــە پێناســەیەکی چڕوپڕتر و باشتر لە سەر فیمینیزم بکرێت؛ هەروەك دێلمار (:١٩٨٦:١٣) دەڵێ:

کەسانێك هەن بانگەشەی ئەوە دەکەن کە فیمینیزم کۆمەڵێك تەسەوری لەسەر ژنان هەیە کەتایبەتن بە فیمینیستەکان، یان لەوانەوە سەرچاوەیان گرتووە. مانای ئەو قسەیە ئەوەیە کــە دەبێ توانــای ئــەوەمان هــەبێت فیمینیــزم و فیمینیستەکان لە هەموو ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی مەسەلەکانی ژنانن، جیا بکەینەوە. دەربڕینی ئەم قسەیە کە پێویست ناکات کەسێك فیمینیست بێت تا بەرگری لەوە بکات کە ژنان لە مافگەلی یەکسان بەهرەمەند بن، یان ئەوە کە هەموو ئەوانەی کە لایەنگری لە داخوازەکانی ژنان دەکەن فیمینیست نین، بە هیچ شێوەیەك نادروست نییە. لەم گۆشەنیگایەوە فیمینیزم دەتوانێ ئیدیعای مێژوو، بەرنامە و ئەندێشەکانی خۆت بکات ، بەڵام فیمینیستەکان ناتوانن هیچ ئیدیعایەکی تایبەتیان هەبێت بە نیسبەت مەسەلەی ژنانەوە. کەواتە فیمینیزم دەتوانێ وەك بوارێك خۆی بچەسپێنێت (تەنانەت سەرەڕای ئەوەش کە گومانکردن لە بانگەشە، یان داواکاریگەلێك بۆ پێك هێنانی فیمینیزمێکــی یــەکگرتوو (واحد) شتێکی پێویستە)، بەڵام ناتوانێت ژنان بە موڵکی خۆی بزانێت و وەك قەڵەمڕەوی خۆی چاویان لێ بکات.

ئەم کتێبە، بــە مەبەســتی دۆزینــەوەی پێناســەیەك بــۆ فیمینیــزم، لــەو باوەڕەدایە کە فیمینیزم دەتوانێ بانگەشــەی ئــەوە بکــات کــە بوارێکــە خــاوەنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەندیشه و مێژوو و کارکردگـەلی تایبـەت بـە خۆیـەتی. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لـە سەرجەمی ئەم کتێبەدا، جەخت لە سەر ئەوە دەکرێ کـە ئەندێـشەکان و مێـژوو و ئەوکارکردانەی کە باسیان ئەکەین، هیچ جۆرە هاوچەشنییەکیان نییە و لەراستیدا هەمیشه لە بەردەم باس و لێکۆڵینەوەدان و مشت و مڕیان لەسەر دەکرێت. لە ڕووی ئامانجە کردەیی و هەروەها سیاسییەکانەوە، دەبێ سنوورگەلێك بۆ پێناسە کردنی فیمینیزم قایل بین، بەڵام دیسان دەبێ جەختیش لە سەر کرۆکـی(جەوهـەر) بـاس وروژێن و بگۆڕی ئەو سنوورانەش بکرێت. کەواتە نابێ ئەو ئەندیشەو کارکردانـەی کە لەم کتێبەدا باسیان لێکراوە، بە پێناسەیەکی کامڵ و نەگۆڕی مانای مێژوویی، یان ئەمڕۆیی فیمینیزم دابنرێت.

لـە هەوڵـدان بـۆ جـۆرە پـۆلێن کردنێکدا،مێـژووی فیمینیـزم، باسـی سەرهەڵدانی مێژوویی بزووتنەوە بەهێزە فیمینیـستەکانی کـردووە لـە قۆناغـە جیاوازەکاندا و بە زنجیرەیەك «شە پۆل»ی شوبهاندوون.

بەم جۆرە، فیمینیزمـی «شـە پۆلی یەکـەم» بـۆ ئامـاژە کـردن بـە بزاڤـە فیمینیستییەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سـەدەی بیـستەم بەکار هێنراوە کە هەوڵیان داوە( ئەڵبەتـە نـەك هەمیـشە و بەتـەواوەتی) مـافی یەکسان، بەتایبەت مافی دەنگدان بۆ ژنان دەستەبەر بکەن.فیمینیزمـی « شـە پۆلی دووهەم » ئاماژە بە سـەرلەنوێ دەسـت پێکردنـەوەی چـالاکییە فیمینیـستییەکان دەکـات لـە کۆتاییـەکانی دەیـەی ٦٠ وسەرتاسـەری دەیـەی ٧٠دا، کـە هـەموو نارەزاییەکان سەبارەت بوون بە مەسەلەی نـەبوونی یەکـسانی ژنـان؛ هەرچـەند



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەمجارە ڕووی ناڕەزایی دەربڕینەکان تەنها لە نەبوونی مافە سیاسییەکان نـەبوو بەڵکوو بوارەکانی بنەماڵەو کارو مەسەلە جنسییەکانیشی دەگرتەوە. ئـەم پـۆلێن کردنە، کورتەیەکی بەسوودی مێژووییە، بەڵام ڕەنگە ئـەم تێگەیـشتنە هەڵەیـەی لێبکەوێتەوە کە بێجگە لەم دوو شەپۆلە، هیچ چالاکییەکیتـری فیمینیـستی لـە ئارادا نەبوە. بێ گومان بەر لە بزووتنەوەکانی لایەنگری مافی دەنگدان لە دوایـین ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، چالاکییەکی ئـەوتۆ کە بتوانین بە چالاکی فیمینیستی ناودێری بکەین لە ئارادا نەبوە، بەڵام هـەروەك پێشتر وتمان، مەسەلەی پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان، زۆر پێشتر لـەوەی کـە وشـەی فیمینیست بێتە ئاراوە، بابەتێك بوە بۆ بیرکردنەوە و لێکۆڵینـەوە.هەرچـەند لـە مەودای نێوان بزاڤی مافی دەنگـدان و سـەرلەنوێ بەهێزبوونـەوەی فیمینیـزم لـە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠و لە سەرتاسـەری دەیـەی ٧٠شـدا، دەوری فیمینیـستەکان کەمتر بوە و دەنگیشیان کەمتر بەرگوێ کەوتووە، بەڵام کێشەی نایەکـسانیی ژنـان بە هیچ شێوەیەك پشت گوێ نەخرا و فیمینیزمیش دەسی لـە چـالاکی هەڵنـەگرت. هەربـەم پێیـە، کۆکردنـەوەی هـەموو بزاڤـە فیمینیـستییەکان لـە ژێـر نـاوی «شەپۆلی‌یەکەم» و «شەپۆلی دووهەم»دا، ڕەنگە بەهۆی هەوڵدان بۆ بـەدناوکردنی کۆمەڵێك لە تیۆری و چالاکییەکان، سەرپۆشێك لەسـەر جیـاوازی ئـەو ئەندیـشە فیمینیستییەی دابنرێت کە هـەم لـەناو ئـەم دوو شـەپۆلەدا و هـەم لـە مـەودای نێوانیاندا لە ئارادابوە. بەمجۆرە، بۆنموونە، هەوڵـدانێك لـە ئارادایـە بـۆ نـزم کردنەوەی «شەپۆلی یەکەم»ی فیمینیزم تا ڕادەی خەباتکردن بـۆ مـافی دەنگـدان؛



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچەند لە پێوەندیدا لەگەڵ مافە سیاسییەکانی ژنان لەوسەردەمەدا، جیاوازییەکی زۆر هەبوو لە نێوان روانگە فیمینیستییەکاندا( کەلەفەسڵی دووهەمدا زیاتر قسەی لەسەر دەکەین). لەم رووەوە، هەرچەند ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت کە بزووتنەوە فیمینیستییەکان، لە هەندێ قۆناغی تایبەتی مێژووییدا چالاکی زیاتریان نواندبێت و ئەندامی زیاتریشیان هەبووبێت، بەلاّم ڕەنگە واباشتر بێت کە فیمینیزم بە زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوی «ئەندیشە»و «کردە» لەقەڵەم بدەین، نەك بە دیاردەیەکی هەڵقولاّوی «شەپۆلەکان». کەواتە، لە درێژەی ئەم کتێبەدا رەنگە ئەگەر هەندێجار وەك زاراوەگەلی تەوسیفی، ئاماژە بە فیمینیزمی شەپۆلی یەکەم و شەپۆلی دووهەم بکەین،کەڵکی زۆری هەبێت، بەلاّم نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە ئەم دوو زاراوەیە تەنها زاراوەگەلێکی مەسڵەحەتین و مەبەستمان ئەوە نییە کە بڵێین هەموو جۆرەکانی فیمینیزم بە ئاسانی دەتوانن لە ڕووی مێژووییەوە بخرێنە خانەی ئەو دوو قۆناغەی چالاکییەوە، یان ئەوەی کە جگە لەو قۆناغانە، هیچ چالاکییەکی فیمینیستی لە گۆڕێدا نەبوە.

کێشەیەکی دیکە کە لە پێوەندیدا لەگەڵ پۆلێن کردنی جۆرەکانی فیمینیزمدا قوت دەبێتەوە، ئەوەیە کە هەندێ لە توێژینەوەکانی سەبارەت بە فیمینیزم و تیۆری فیمینیستی، لە جیاتی ئەوەی کە کەڵك لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوی وەربگرن، بە پێچەوانەوە هەوڵ ئەدەن بە پێی ڕێبازە تیۆرانە (نظري)جۆراوجۆرەکان ،پۆلێنبەندییەکی سادە و بێ گرێ و گۆڵ لەسەر فیمینیزم، بەدەستەوە بدەن. یەکێك لە گرینگترینی ئەو پۆلێنبەندییانە ئەوەیە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

که جۆرەکانی فیمینیزم و فیمینیستەکان، بە سێ گرووپی نایەکپارچەی فیمینیزمی لیبراڵ، فیمینیستی مارکسیستی یان سۆسیالیستی، و فیمینیزمی رادیکاڵ دابەش ئەکات. کورتەیەکی ئەو تیپۆلۆژییە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

لیبراڵ فیمینیستەکان بە هەموو ئەو کەسانە دەڵێن کە بۆ مافی یەکسانیی ژنان لە چوارچێوەی حکوومەتی لیبراڵیدا خەبات دەکەن، ئەویش بە پشت بەستن بەم ئیستدلالەوە کە ئەو بناغە تیۆرانەی کە ئەم جۆرە حکوومەتانە لەسەریان ڕاوەستاون، پتەو و ڕێك و پێکن، بەلاّم ئەو ماف و ئیمتیازانەی کە دەیانبەخشن، دەبێ ژنانیش بگرێتەوە و وەك هاولاّتییەکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا چاویان لێ بکرێت. فیمینیستە مارکسیست و سۆسیالیستەکان، سەرچاوەی نایەکسانیی ڕەگەزیی و سەرکوتکردنی ژنان دەگەڕێننەوە بۆ سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و «دابەشکردنی کار»ی پێوەندیدار بەو سیستمەوە. فیمینیستە ڕادیکاڵەکانیش سەرچاوەی زاڵ بوونی پیاوان بەسەر ژنان دەگەڕێننەوە بۆ سیستمی باوك سالاریی ـ کە سەربەخۆ لە هەموو پێکهاتە کۆمەلاّیەتییەکانە ـــ ،واتە بەرهەمی سەرمایەداری نییە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا کە ئەم پۆلێنبەندییانە، تا ڕادەیەك قایلن بە نزیکایەتی، یان جیاوازی نێوان فیمینیزمی مارکسیستی و سۆسیالیستی، یان ئەوەی کە بە دەسنیشانکردنی گرووپێك لە فیمینیستە« دووسیستمی »یەکان، کە هەندێ توخمی بیرکردنەوەی مارکسیستی و ڕادیکاڵی فیمینیستی تێکەڵی یەکدی ئەکەن، ڕەنگە فرەچەشنی (تنوع) یەك تیایاندا بێتە ئاراوە. [واتە ئەو پۆلێنبەندییانە چەندین شێوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەخۆوە بگرن ].هەروەها توێژینــەوە تازەترەکــان، فیمینیزمــی دەروونشــیکارانە، پۆست مۆدێرن، یان پاش بنەماخواز، ڕەش، و هەندێ شتیتری لەو چەشنەیان پــێ زیاد کردوون. بێگومان ئەم پۆلێنبەندییانە ئەتوانن سەبارەت بــە چەندوچــوونی تیۆرگەلی گرینگی فیمینیستیی لە پێوەندی لەگەڵ یەکتریدا، تێگەیشتنێکی روون و ئاشکرا بهێننە ئاراوە، و، ئەو لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە روون و ئاشکرایانەی کــە نووسەرانی وەك جەگێر[1] (١٩٨٣)، تانگ[2] (١٩٩٢) یان واڵبی[3] (١٩٩٠) خستوویانەتە ڕوو، لــەو ڕووەوە کــە بــۆ توێــژەرەوەکانی فیمینیــزم و هــەروەها بــۆ خــودی فیمینیستەکانیش وەك سەرچاوەیەکی گرینگ وان، نابێ بەکەم بگیردرێــن. لەگــەڵ ئەوەشدا، هەروەك لە هەوڵــدان بــۆ هــەموو پــۆلێنبەندییەکــدا بــەدی دەکرێــت، پێدەچێت لەم تێڕوانینەدا داگەڕانێکی نهێنی، لەلایەکەوە بــەدوای ئەوەوەیــە لــە پــۆلێنبەندییــەکانی فیمینیزمــدا پەردەیــەك بخاتەســەر جیاوازییــەکان و بیانشارێتەوە و توخمە هاوبەشەکانیان بەرجستە بکاتەوە و، لە لایەکیتریــشەوە جەخت لەسەر جیاوازییەکانی نێوان ئەم پۆلێنبەندییانــە دەکــات. جیــا لــەوەش هەرچەند فیمینیستەکان بەمەبەستی وێنــاکردنی خۆیــان و هــەروەها هەڵوێــستە پراکتیکی و تیۆرانەکانیان، ئەو ناوانەیان کە خراوەتە پاڵ قبووڵیــان کــردوون - وەك فیمینیستی لیبراڵ، سۆسیالیست، یان ڕادیکــاڵ ـ بــەلاّم ئــەم ناوانــە بــەهیچ شێوەیەك ناتوانن پیشاندەری قورس و ئاڵۆزێتی(Complex) فیمینیزم بن و رەنگــە

---

١- Jagar
٢- Tong
٣- Sylvia Walby



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەنها کەسێك کە باشتر لە هەموو کەسێکیتر ئەو کارەی کردبێت، نـای[1] (١:١٩٨٩) بێت کە فیمینیزمی بە « تۆڕێکی تێکەڵ پێکەڵ و بەرگری کەر» وێنـاکردووە. ئـەم کتێبە هەوڵ ئەدات نەك لە ڕێی پۆلێنکردنێکی لێبڕاوانـەی(قـطعـی) جۆرەکـانی فیمینیزمەوە، بەڵکوو بە تـاقیکردنەوەی ئـەو مەسـەلەو کێـشەجۆراوجۆرانەی کـە فیمینیستەکانیان بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. دەتـوانین ئەم پێداگرتنە لەسەر مەسەلە و بابەتەکان، بـە ڕێگەیـەکی بەسـوود لەقەڵـەم بدەین بـۆ قـسەکردن و لێکۆڵینـەوە لەسـەر بـەرفراوانی و فرەچەشـنێتی باسـە فیمینیستییەکانی هاوچەرخ و هـەروەها لـەو ڕێگەیـەوە بتـوانین بـە شـێوەیەکی سادەتر و ئاسانتر پێگەگەلی دژبەیـەکی جۆرەکـانی بیرکردنـەوەی فیمینیـستیی، ڕوون بکەینەوە (هیرش و فاکس کـولێر١٩٩٠). کەواتـە ئـەم کتێبـە هـەوڵ نـادات جەخت لەسەر جۆرەکانی فیمینیزم و ئەندێشەی فیمینیـستی ـ بـەمانای تـەواوی وشە ـ بکات، بەڵکوو دەیەوێ لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەو شـیکردنەوانە بکـات کـە فیمینیستە جۆراوجۆرەکان سـەبارەت بـە مەسـەلەکانی پێوەندیـدار بـە ژنانـەوە ئەنجامیان داوە. لەگەڵ ئەوەشـدا، جەوهـەری ئـەم کـارە، ئـەوە دەرئـەخات کـە لەتوانای ئەم کتێبـەدا نییـە کـە بپەرژێتـە سـەر هـەموو ئـەو مەسـەلانەی کـە فیمینیستەکان شتیان لەبارەیانەوە نووسیوە (هەرلە سیاسەتەوە بگرە تا زانـست و ئـەدەبیات و هونـەر و....) و هـەروەها ناتوانێـت ئـەو بـیروڕا یـەکجار زۆرانـەی فیمینیستەکان سەبارەت بـەم مەسـەلانە پیـشان بـدات. وە ئەسـتۆگرتنی وەهـا

---

١- Nye



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کارێك، بەڵێندان( ئیلتیزام) یٚکی یەکجار گەورەیە و مەبەستی ئەم کتێبەش نییە. لەجیاتیدا ئامانجی ئەم کتێبە، لێکۆڵینەوە لەسەر هەندێ لەو مەسەلە گرینگانەی بوە کە فیمینیستەکانیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردووە و هەروەها خستنەڕووی هەندێ لە ڕوانگە و بۆچوون و ئەو باسە سەرەکییانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا سەریان هەڵداوە، تاکوو لەم ڕێگەیەوە بتوانین خوێنەر وا لێبکەین کە تێگەییشتنێکی سەرەتایی هەبێت بەرانبەر توخمە گرینگ و هەستیارەکانی بیرکردنەوەی فیمینیستیی. کەواتە، ئێمە قسە لەسەر ئەم بابەتانە ئەکەین:مەسەلەکانی پێوەندیدار بە بەشداریی سیاسی و مافی هاولاتیبوونی ژنان( فەسڵی ٢)، بارودۆخی ئابووری ژنان و پێوەندییان لەگەڵ بازاری کاری نەتەوەیی و جیهانییدا(فەسڵی ٣)، وە هەروەها مەسەلە جنسییەکان و زاوزێ کردن (فەسڵی٤) دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەیەکی سەرەکی لە ئارادایە کە لە ناو هەموو قسە و باسە فیمینیستییەکاندا قوت دەبێتەوە و لە هەموویاندا ئامادەیی هەیە و ئەوەیش « مانای یەکسانی »یە لەڕوانگەی فیمینیزمدا، یان باشتر بڵێین دژایەتی نێوان « یەکسانی» و«جیاوازی ». لەبەر ئەوەی کە جیاوازی ڕەگەزیی لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا ــ هێندەی لە بیرماندا مابێت ـــ هەمیشە گرینگترین هۆکار بووە و دەورێکی سەرەکیی بینیوە، هەر بۆیە هەوڵ و تێکۆشانی فیمینیستەکانیش بۆ دووبارە دەسنیشانکردنی پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا، دەبێ بەرەو ڕووی چۆنیەتی تیۆریسازی سەبارەت بەو جیاوازییە و هەروەها چۆنیەتی لێکۆڵینەوە لەسەر دەرەنجامە کردەییەکانیشی ببێتەوە. هەروەك لە فەسڵی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یەکەمدا قسەی لەسەر دەکەین، ئەم مەسەلەیە بۆ هەموو جۆرەکانی ئەندیشەی فیمینیستی گرینگییەکی زۆری هەیە و، شێوەی هەوڵدانی فیمینیسمە جۆراوجۆرەکان بۆ روونکردنەوە و پێناسە کردنی جیاوازیی رەگەزیی، کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر هەوڵ و تێکۆشانەکانیاندا داناوە. بۆ نموونە، لە پێوەندیی لەگەڵ بیمە کۆمەڵایەتییەکاندا، فیمینیستەکان دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن کە ئایا دەبێ بە تەواوەتی بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ ژنان و پیاواندا رەفتار بکرێت؟ یان دەبێ کاتێك حسێب بۆ جیاوازییەکان بکرێت و گرینگییان پێ بدرێت کە باس لە بڕیار دەرکردن سەبارەت بە بەرژەوەندییەکان بێتە پێشەوە؟ جیا لەوەش، مەسەلەی جیاوازیی، تەنها ئەوە نییە لە نێوان ژن و پیاودا هەبێت، بەڵکوو جیاوازی لە نێوان خودی ژنانیشدا هەیە. هەندێ لە فیمینیستەکان پێیان وابوو کە دەربارەی ژنان و هەروەها لە جیاتی هەموو ژنانـدا قسەدەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ـــ ئەگەر هەموو ئەو هۆکارانەی کە ژنان لەوانیتر جیا دەکەنەوە، بە ئەژمار بێنین (هۆکارگەلی وەك چین، رەگەز، یان شوناسی نەتەوەیی، تەمەن، حەزی سێکسی و...) ـــ لەباشترین حاڵەتدا شتێکی گەشبینانەیە و لەخراپترین حاڵەتدا تێگەیشتنێکی سەرەڕۆیانەی دەسەڵاتخوازانەیە لەسەر« ژنێتی » [ژن بوون]. لەم رووەوە، لەکاتی لێکۆڵینەوەی تیۆرە فیمینیستییەکاندا، دەبێ بە وردی سەرنج بدەینە ئەم خاڵە کە، ئەم تیۆرانە بە کەڵكوەرگرتن لە مەسەلەی ژنان، بەدوای چ ئامانجێکەوەن و، ئەم مەسەلەیە تا چ رادەیەك دەتوانێ وەك ئامرازێك بۆ شیکاری، بەسوود بێت؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم مەسەلانە لە سەرتاسەری ئەم کتێبەدا جەختیان لەسەر دەکرێت و فەسڵی ٥ تەرخان کراوە بۆ ئەو تاوانانەی خراوەتە پاڵ «جەوهەرخوازیی» (essentionalism) فیمینیستییەوە، لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی ژنان و هەروەها غەفڵەت کردن لە زۆربەی جیاوازییە راستەقینەکانی نێوان ژناندا. هەر لەهەمان فەسڵدا، رەخنەی فیمینیستیی پۆستمۆدێرن و پاش بنەماخواز لەسەر سیاسەتی «شوناس»یش تاوتوێ دەکەین و ئەم پرسیارەش دەخەینەڕوو کە ئەم بەشەی تیۆرە فیمینیستییەکان، داخۆ هیچ رێگایەکمان لەبەردەمدا دادەنێت بۆ ئەوەی بتوانین لە «جیاوازیی» تێبگەین، یان نا؟

ئامانجی سەرەکیی ئەم کتێبە، تاوتوێ کردنی هەموو جۆرەکانی فیمینیزم و هەروەها شیکردنەوەی ئەو مەسەلەیەیە کە ئاراستە جۆراوجۆرەکانیشیان، بە چ شێوەیەك دەتوانن کاریگەری لەسەر ژیانی فرەچەشنی (متنوع) ژنان دابنێن؟ هەروەها هەوڵ ئەدەین هێندەی بۆمان بکرێت هەموو ئەو فیمینیزمانەی لە جیهاندان، لەبەرچاو بگرین، بەڵام دیسان جەوهەری ـــ وەك پێویست ـــ بەرتەسکی بابەتە بەرباسەکان لەم کتێبەدا، گوزارشت لەوە دەکات کە زیاتر پێ لەسەر فیمینیزمە رۆژئاواییەکان دائەگیردرێت و تەوەری سەرەکی باسەکانمانن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە چوارچێوەی هەر ئەم سنوورانەدا، هەوڵ ئەدەین بیر و راکانمان لەسەر ئەم باسە چڕ بکەینەوە کە سەرەڕای جیاوازیی و دژایەتییە زۆرەکانی ناو ئەم فیمینیزمە جۆراوجۆرانە و هەروەها سەرەڕای هەندێ لەو ئیدیعایانەی کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێیان وایه ئێمه ئێستا پێمان ناوەته سەردەمی « پۆست فیمینیزم[1]» ەوه، بەلام هەموو ئەوانه [واته جۆرەکانی فیمینیزم] ئامانجێکی گرینگ و بەهاداریان هەیه که پێوەندی تەواویان بە کۆمەڵگای هاوچەرخەوه هەیه.

هەروەك « لین سیگال[2]»( ١٩٩٩:٢٣٢) له وەلامی ئەم پرسیارەدا که ئەڵێ « بۆچی فیمینیزم؟».... بەم دەرەنجامه دەگا که:«چوونکه بونیادیترین ئامانجەکەی، چتاکەکەسی بێت و چ گشتی، هەر دەبێ رۆژێك بەدی بێت: واته جیهانێك که نەك تەنها بۆ هەندێ له ژنان، بەڵکوو دەبێ بۆ هەموویان، شوێنێکی لەبارتر و باشتر بێت». هەروەها له درێژەی قسەکانیدا دەڵێ که ئەو جیهانه نەك تەنها بۆ ژنان، بەڵکوو بۆ پیاوانیش شوێنێکی باشتر ئەبێت.

---

١- Post - Feminism
٢- Lynne Segal



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ١

# یەکسان یان جیاواز...؟ کێشەی هەتایی فیمینیستی

باسکردن لەسەر یەکسانیی، یان ماناکەی و هەروەها ئەوە کە چۆن دەستەبەر دەکرێت، یان ئایا دەستەبەر دەکرێت؟ و هەروەها ئەوە کە چ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئازادیی ژناندا هەیە ـــ باسێك کە لە نووسینە فیمینیسمییەکاندا بە یەکسانی و جیاوازی ناودێر دەکریٚ و باسی لێوە دەکرێت ـــ هەروەك لە پێشەکی ئەم کتێبەدا وتمان، لەناو شیکاری و لێکۆڵینەوە فیمینیستییەکاندا جێگایەکی تایبەتی هەیە. زاڵ بوون بەسەر بابەتی یەکسانی و جیاوازی بەو هۆیەوە سەخت تر دەبیٚ کە سنوور و چوارچێوەکانی بە تەواوەتی و بە یەقینی دیاری نەکراون. یان بە شێوەیەکی سادەتر بڵێین؛ ئەم باسە پێوەندی بەو مەسەلەیەوە هەیە کە ئایا ژنان دەبیٚ بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیی، لەگەڵ پیاواندا شەڕ و ململانیٚ بکەن، یا خود دەبیٚ بایەخ بدەن بەو جیاوازییانەی کە لەگەڵ پیاواندا هەیانە؟ بەلاٚم خودی وشەکانی یەکسانی و جیاوازیش مانای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زۆریان هەیە و هەر ئەو فرەمانابییەش قسەوباسێکی زۆر دەورووژێنێ و هەر بۆیە باسکردن لەسەر یەکسانی و جیاوازی یەکجار قورس و ئاڵۆزە. ئەگەر ژنان ئیدیعای یەکسان بوون لەگەڵ پیاواندا بکەن، لەو حاڵەتەدا ئایا دەبێ بەرەنگاری چ پیاوانێك ببنەوە و لە بەرانبەر چ جۆرە پیاوانێکدا ئیدیعای یەکسانی بکەن؟ هەروەها لەسەر چ مەسەلەگەلێك؟ ئایا ئەوان دەبێ داوای یەکسانی لە هەل و دەرفەتەکاندا بکەن، یان یەکسانی لە دەسکەوتەکاندا؟ وە ئەگەر ژنان بیانهەوێ بایەخ بە جیاوازییەکان بدەن، لەو حاڵەتەدا ئایا ئەو جیاوازییانە، سروشتی و بایۆلۆژیکین، یاخود هەڵقولاوی بارودۆخ گەلی تایبەتی کۆمەڵایەتی و ئابوورین؟

ئەمانە تەنها نموونەیەك لەو هەموو پرسیارانەن کە مەسەلەی یەکسانی و جیاوازی وروژاندوونی و، ئەوە دەرئەخات کە بۆچی ئەم باسە لای فیمینیستەکان هێندە ئاڵۆز و دژوارە و، بۆچی هەندێجار بوەتە هۆی ئەوە کە فیمینیستەکان لە هەردوو سەری ئەم پۆلێنبەندییەدا نەتوانن بە هیچ دەرەنجامێك بگەن؟ هەندێ کەس هەوڵیان داوە بە کەڵك وەرگرتن لە رەخنەگەلی پۆست مۆدێرنیستی یان پاش بنەماخوازی و هەروەها بە پشت بەستن بەم ئیستدلالەوە کە دابەشکردنی دوالیزمی «یەکسانی و جیاوازی» دەبێ بە وردی شیکاری لە سەر بکرێت، بەسەر ئەو ناکۆکییەدا زاڵبن. ئەم بیرۆکەیە (کەلەدرێژەی هەر ئەم فەسڵەدا قسەی لەسەر دەکەین) یان بیر کردنەوە لە «رێگایەکی سێهەم» لە نێوان یەکسانی و جیاوازیدا، رەنگە لەبەر ئەوەی کە بەڵێنی رزگارکردنی فیمینیزم لە یەکێك لە کێشە هەتاییەکانی لەگەڵدا بێت، بە شتێکی سەرنجڕاکێش



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**و بایەخدار بێتەبەرچاو. لەگەڵ ئەوەشدا فیمینیستەکانیتر، لەوباوەڕەدان کە دابەشکردن بە« یەکسانی و جیاوازی» دابەشکردنێکە کە لە بەر دەستایە و هەروەك خۆی ماوەتەوە و لە هەموو باسە پراکتیکییەکانی سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگادا، ناچارین و دەبێ کەڵك لەو دابەشکردنە وەربگرین. بۆ نموونە، لە باسەکانی پێوەندیدار بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ داواکارییەکانی ژنان لەمەڕ مافەکانی پێوەندیدار بە « زایین »ەوە [مناڵبوون]، دووبەرەکییەك کەوتۆتە نێوان فیمینیستەکانەوە و هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە یارمەتی ماڵیی ڕۆژانی« زایین[1]» دەبێ وەك مافێکی تایبەتی و بە پێی هەل و مەرجی تایبەتی بایۆلۆژیکی و هەروەها بە پێی ئەو ڕۆڵە تایبەتە کۆمەلأیەتییەی کە وەکوو دایکێك، لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا پێیان سپێردراوە، بەژنان ببەخشرێت، تاکوو بتوانن مناڵەکانیان بەدنیا بێنن و پەروەردەشیان بکەن، لەکاتێکدا کەسانێکیتر لەو باوەڕەدان کە یارمەتییە ماڵییە دەبێ بخرێتە ریزی یارمەتییەکانی نەخۆشییەوە و بۆ نەخۆشەکان سەرف بکرێت، تاکوو لەگەڵ ژنە دووگیان(زگ پڕ)ەکانیشداوەکوو ئەو پیاوانە ڕەفتار بکرێت کە تووشی جۆرە نەخۆشییەك بوونە و، بۆ ماوەیەك ناتوانن بچنەسەر کارەکانیان و بێکار دەبن (باککی١٩٩١: باك و تیەن ١٩٩١).**

---

١- پارەیەکە لە لایەن دەوڵەت، یاخود هەر ڕێکخراوێکەوە دەدرێت بە ژنان تاکوو یارمەتییەك بێت بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکانی دۆکتۆرو دەرمان و نەخۆشخانە و ئەوەش جگە لە مووچەی مانگانەیانە (مسا عدة مالي)- **وەرگێری کوردی**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەم جۆرە پرسیارانەن کە فیمینیستەکان هان ئەدەن سەرلەنوێ باس لەسەر جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان و پیاوان بکەن و هەروەها بیر لـە دۆزینـەوەی باشترین ڕێگەچارە بکەن بۆ کۆتایی هێنان بە ژێردەستی ژنـان لـە کۆمـەڵگادا، چ لەرێگـەی یەکـسانی خوازییـەوە بێـت یـاخود لەرێگـەی جـەخت کـردن لەسـەر جیاوازییەکانیانەوە. بێگومان ئەم باسـە، بـەهۆی جیاوازییـەکانی نێـوان خـودی ژنانەوە (مەسەلەیەك کە لـە فەسـڵی ٥دا باسـی لێ دەکـەم)، هـەروەها بـە هـۆی جیـاوازیگـەلی چـینایەتی، نـەژاد[١]، تەمـەن، هەڵوێـست وەرگـرتنی رەگـەزی و...شێوەیەکی ئاڵۆز و پێچاوتریشیان بە خۆوە گرتووە. یەکێك لە هۆکارەکانیتـر کە دەوری هەیە لە ئاڵۆز و پێچاوتر کردنی باسی ناوبراودا، ئـەم ڕاسـتییەیە کـە جیاوازییە دەسکردەکانی نێوان ژنان و پیاوان بۆ ماوەی چەندین سەدە بەمەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ جیاوازی قایل بوون لە دژی ژنان و بێبەش کردنیان لـە مـافی هاوڵاتیبوون(شارمەندی)ی تەواوی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەکار هێنراون. کەواتـە، ئەو فیمینیستانەی کە لایەنگری جیاوازین، لەبەردەم ئـەو مەترسـییەدان کـە بـە ئـامرازێکی تیۆرانـە** (نـظـــري) **لـە قەڵـەم بـدرێن بـۆ سـڕینەوەی دەسـڵاتی پیاوسالارانە. هەر وەك سێگاڵ (١٩٨٧) دەڵێ : «هەمیشە ئەم ئەگەرە لە ئارادابووە**

---

١- چوونکە لـە زمـانی کوردیـدا بـۆ هـەر دوو وشـەی «جـنس» و «نـەژاد» هەروشـەی رەگەز دانـراوە و لەم کتێبەشدا بەزۆری بەکار هێنـراون، باشـترمان زانـی وشـەی جـنس بـە ڕەگەز دابنێین و وشەی نەژادیش هەمان نەژاد کە ئینگلیزییەکـەی دەبێتـە Race بـەلاّم کە باس لە راسیزم دەکرێت « رەگەز پەرەستی » مان داناوە – **وەرگێڕی کوردی**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**کە لەکاتی هەڵسەنگاندنی دووبارەی تەسەورەکانمان لەسەر رەگەزی مێیینە و کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ژنان، ئایدیاکانی«دەسەڵاتدارێتی رەگەزانە»** (قطبیّت‌جنسي) **کە ئامانجی فیمینیزم هەرلە سەرەتاوە، نارەزایی دەربڕین بەرانبەریان بوە، بەهێزتر بکەین و پەرەیان پێ بدەین ».**

**کەواتە، مەبەست لە جیاوازی ڕەگەزیی چییە؟ فیمینیستەکان ئاماژەیان بە جیاوازی سروشتی نێوان ژن و پیاو کردووە کە چۆن دەتوانرێت بە شێوەیەکی مێژوویی جەختی لەسەر بکرێت و هەروەها ئەو مانا جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییانەیان شیکردۆتەوە کە لە کۆمەڵگا و شارستانییەتە جۆراوجۆرەکاندا خراونەتە پاڵ ئەو جیاوازییەوە. بەهەرحاڵ، ئەوان رایان لەسەر ئەوەیە کە یەکێك لە توخمە هەتاییەکانی ئەو جیاوازییەی ناوبراو، ئەوە بووە کە لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، بە هۆی ئەم جیاوازییە سروشتییەوە، پلەیەکی خوارتر، یان پێگەیەکی پلەدووهەم بە ژنان دراوە. هەروەك شێری ئۆرتنێر[1] دەڵێ: «پلە دووهەم بوونی ژنان لە کۆمەڵگادا، ریسایەکی گشتی و جیهانییە و هەر وەها واقعییەتێکە کە پێوەندی بە کەلتوورەکانەوە هەیە». وە بە پێی درێژەی قسەکانی ئۆرتنێر، دەتوانین ئەم پلە دووهەمبوونەی ژنان، بە هۆی ئەم واقعییەتەوە روون بکەینەوە کە لەچوارچێوەی ئەو تەسەورە فرەچەشن و سەمبولسازییە کەلتوورییانەی کە سەبارەت بە ژنان لەئارادایە و لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانیشدا بوونیان هەبووە، مەسەلەیەکی جێگیر و سەلمێندراو ئەوەیە**

---

١- Sherry Ortner



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**كە ژنان بە هۆی دۆخی فیزیۆلۆژیکی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان و هەروەها بە هۆی ڕۆحیانەوە بە بوونەوەرێکی «لە سروشت نزیك» لەقەڵەم دراون. لە حاڵێکدا کە ژنان «نزیکتر بە سروشت» وێناکراون، بە پێچەوانەوە پیاوان «نزیکتر بە کەلتوور» و، هەروەها گونجاوتر بۆ ڕۆڵە گشتییەکان و بەشداری سیاسی، لەقەڵەم دراون. هەربەم هۆیەشەوە، ژنان لە کۆمەڵگادا پلەیەکی دەرەجە دووهەمیان پێ دراوە و تەنها دەتوانن کار و بارەکانی ناو ماڵەوە بەڕێوە ببەن و توانای بەدەستهێنانی کورسییەکانی دەسەڵاتیان نییە. بەمجۆرە، ئاشکرایە کە فیمینیستەکان، هەرکە دەستیان کرد بە خەباتکردن لە دژی پێگەی کۆمەڵایەتی و پلە دووهەم بوونی ژنان، جیاوازییە دەسکردەکانی نێوان پیاوان و ژنان و هەروەها کاریگەرییەکانی ئەم جیاوازییە دەسکردانە لەسەر سیستمی کۆمەڵایەتییان خستە ژێر پرسیارەوە. ئایا ژنان دەبێ جیاوازی ڕەگەزیی ئینکار بکەن و لەسەر ئەساسی ئەوەی کە وەك پیاوانن، داوای مافی یەکسان بکەن؟ یان، لەلایەکیترەوە، دەبێ بڵێین کە یەکسان، بەڵام جیاوازن و تایبەتمەندییە ژنانەکانیان هێندەی سیفەتە پیاوانەکان بایەخدار و گرینگن؟ ئەم باسەی یەکسانی و جیاوازی، یەکێکە لەو باسانەی کە هێشتا لای فیمینیزم، بایەخ و گرنگایەتی خۆی لەدەست نەداوە و بە هۆی پێشکەوتنە زانستی و کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکانەوە، تەنانەت پێچاوتر[1] و فرەچەشنتریش بوە. بۆ نموونە، هاتنە ئارای ئامرازەکانی پێشگرتن لە ئاوسبوون و هەروەها تەکنۆلۆژییەکانی پێوەندیدار بە « زاوزێ کردنی نوێ »وە، ئەوە**

---

[1]- Complex - و. ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەردەخـــەن کـــە ژنـــان ئیـــدی بـــە هـــەمان شـــێوەی رابـــردوو، دیلـــی کـــارکردە بایۆلۆژیکییەکانی «زاوزێ کردن» نابن و، تەنانـەت رەنگـە ئـەم مەسـەلەیە لای هەندێ کەس، گوزارشت لە هاتنەئارای ئیمکانـاتێکی تـازە بـۆ بەدەسـتهێنـانی «یەکسانی » بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای هـەموو گۆڕانکارییـە گـەورە کۆمەڵایەتییـەکانی سەدەکانی رابردوو، جیـاوازی قـایـل بـوون لـە نێـوان ژن و پیـاو لـە کۆمـەڵگادا هێشتاش برەوی هەیە. ئەو کێشە گەورەیەی کە فیمینیستەکان لە تێگەیشتنی ئەو جیاوازییـەدا، بـەدیی دەکـەن، ئەوەیـە کـە هـەڵاتن لـە پێـکهـاتنی زنجـیرە پلەوپایـەگـەلی کۆمەڵایـەتی، لەسـەر بناغـەی ئـەوجۆرە تێگەییـشتنانە لـە «جیاوازی»، تاڕادەیەکی زۆر مەحاڵە. لە راستیدا فیمینیستەکان رایـان وایـە کـە ئایدیای جیاوازیی، بەردەوام کاریگەری لە سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوە و شـێوە بیرکردنـەوە و رەفتـاری کۆمەڵایـەتی هاوچـەرخ و پێکهاتـەی بیمـە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە ئەم جۆرە باسانە ئـەورووژێنن کـە ئایـا لـە بـواری یارمەتیدانە ماڵییەکاندا، دەبێ بە یەکسان لە گەڵ ژن و پیاودا رەفتـار بکرێـت، یان دەبێ بە پێی جیاوازییە پێوندیـدارەکانیان مامەڵـەیان لـە گەڵـدا بکرێـت؟ هەرچەند ژمارەیەك لە خەڵکی پێیان وایە کە ژن و پیاو یەکسان بەڵام جیـاوازن، بەڵام [دەبێ بزانین] کە قسە کردن لەسەر جیـاوازی، بـەبێ پێـکهێنـانی جـۆرە زنجیرە پلەوپایەگەلی ئاشکرا و بەرچاو، مەحاڵە. کەواتە فیمینیـستەکان ناچـار بوونە رێوشوێنێکی جیاوازتر و تازەتر بگرنەبەر بـۆ خۆگونجانـدن لەگـەڵ ئـەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەسەلەی جیاوازییەدا: واتە، یان ئینکاری بکەن یان جەختی لەسەر بکەن و ئەرزش و بەهای بۆ قایل بن. هەروەك هیستێرئیزنستاین و ئالیس ژاردن[1]، لە پێشەکیی کتێبەکەیاندا واتە « ئایندەی جیاوازی » (١٩٨٨: ٢٥) دەڵێن:

**کەلتوری رۆژئاوا ئەوەی سەلماندووە کە ناتوانێت بیر لە «نایەکسانی» بکاتەوە، مەگەر ئەوەی کە بەهایەکی پۆزەتیڤ بەلایەنێك ببەخشێ و بەهای نێگەتیڤیش بەلایەنێکیتر [ واتە لەهەر حاڵەتێکدا یەکێك لە لایەنەکان (ژن یان پیاو) بەرزتر لەوی دیکە دەنرخێنێ – و.ك- ] ژنانیش وەلامی زۆریان پێیە بۆ مەسەلەی جیاوازی: کەسانێك هەن تا ڕادەیەك لە ژێر گوشاری بایۆلۆژی و مەیلی سێکسیدا، ستایشی ئەو مەسەلەیە دەکەن (واتە جیاوازی). کەسانێکیتریش هەن کە ئینکاری جیاوازیی دەکەن، یان باشتر بڵێین، هەوڵ ئەدەن لە ڕێگەی بەهێند نەگرتنی بایۆلۆژی و هەر وەها پێداگرتن لەسەر ڕێسا کەلتوورییەکان، دەسەلات و توانای « جیاوازی » بەکەمترین ئاستی خۆی بگەینن. گرووپێکی سێهەمیش هەن کە لەو باوەڕەدان ژن بەڕاستی جیاوازیی هەیە لەگەڵ پیاودا، بەلام بە پشت بەستن بە بۆچوونە فیمینیستییەکانەوە ئەوەش ئەڵێن کە: لەگەڵ ئەوەشدا ژنان لە پیاوان باشترن. بۆچوونەکانی ئەم گرووپە، بایۆلۆژیکی نین بەڵکوو کۆمەلایەتی ـــ کەلتوورین: بەواتایەکیتر مەبەستیان ئەوەیە کە ژن وەك بوونەوەرێکی بێگانە و بەخێوکەر (تەغزیەکەر) باشتر و ڕێكوپێکتر لە پیاو ئەتوانێ کارەکان جێبەجی بکات.**

---

١- hester Eiesentein & Alice Jardine



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئــەم باســی یەكــسانی و جیاوازییــە، بــە درێــژایی مێــژووی چــالاكییە فیمینیستییەكان، بە شێوەگەلێكی جۆراوجۆر خراوەتــەڕوو. ئــان ســنیتۆ[١]، كێــشەی ناوبراو، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی كە ژنان دەیانەوێ وەكوو ژن هەڵس و كەوت بكەن و لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیان بە شوناسێك هەیە كە بە هۆی «**جنسییەت**»ەوە دەس نیشان نەكرێت (١٩٩٠: ٩). هەر وەهــا لــە درێــژەی قــسەكانیدا دەس ئــەكات بــە روونكردنەوەی چۆنیەتی تیۆریزە بوونی ئەم كێشەیە و بــەخاڵێكی جیــاوازیی لــە نێوان «لانی كەمیەكان»[٢]و «لانی زۆریــەكان»[٣]لەقەڵــەم ئــەدات (لانی كەمیــەكان ئەوانەن كە دەیانەوێ بە هۆی بێبایەخ و بچووك پیشاندانی جیاوازیی نێــوان ژن و پیاو، لە هێز و دەسەلاتی ژنان كەم بكەنەوە و لانی زۆریــەكانیش ئەوانــەن كــە دەیانەوێ پێگەی ژنان بنیات بنێنەوە و بایەخی پێ بدەن، تــاكوو لــەو ڕێگەیــەوە ژنان بە دەسەلات بگەینن) و هەروەها نێوان فیمینیستە رادیكاڵەكان و فیمینیــستە كەلتوورییەكان؛ نێــوان جەوهــەرخوازان و لایــەنگرانی رەســەنایەتیی پێكهاتــەی كۆمەلایەتیی[٤]؛ نێوان فیمینیــستە كەلتوورییــەكان و پــاش بنــەما خوازەكــان؛ وە سەرەنجام نێوان لایــەنگرانی «رەســەنایەتیی دایكایــەتیی»[٥]و فیمینیــستەكاندا. خاڵی بەرچاو و ئاشكرا لە هەموو ئەم نموونانەدا ئەوەیە كە هەرچەند رەنگە ئــەو پێناسە كردنانەی كــە بــۆ هــەردوو لایــەنی بــەراوردكراو، بــەكار هێنــراوە، بــە

---

١- Ann Snitow
٢- Minimizers
٣- Maximizers
٤- Social Constructionists
٥- Motherists



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تێپەڕینی زەمەن و هەروەها لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، گۆڕانیان بەسەرا هاتبێت، بەڵام هێشتا کێشەی سەرەکیی، وەکوو خۆی ماوەتەوە. جیالەوەش، ئەم دابەشکردنە، بە هۆی سەرهەڵدانی دووبەرەکیی لە نێوان گرووپەکانی فیمینیزمی رادیکاڵ، فیمینیزمی کەلتووریی، فیمینیزمی پاش بنەماخواز و... دا، هیچ سنوورێکی دیاریکراو لە نێوان گرووپە جۆراوجۆرە فیمینیستییەکاندا دانانێت. هەروەك سنیتۆ ( ١٩٩٠: ١٧) دەڵێ؛ ئەم دابەشکردنە، لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی شیکردنەوەی مادی و پسیکۆلۆژی و زمانناسیدا یەکجار پێویستە:

بۆ نموونە تیۆرسیەنە فیمینیستەکان لە ولاّتە یەکگرتوەکاندا، هاوبیرورِا نین لەسەر ئەوەی کە ئایا «پاش بنەماخوازی»، لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە گشتی قسە لەسەر «جەوهەرخوازی» بکات ( وە بەهۆی دەس نیشانکردنی پێگەیەکی جێگیر بۆ «ئەویدی» (مێیینە)، باسەکانی لانی زۆریەکان پەرە پێ ئەدات و بەهێزتریان ئەکات)، یان بە پێچەوانەوە، پاش بنەماخوازیی باشترین و بەکەڵکترین ئامرازی بەردەستی لانی کەمیەکانە؟ ( وە هەموو جۆرە چەمکێکی گشگیرکراو و جێگر، لەوانە ژن، لاواز ئەکات). دیارە پاش بنەماخوازەکان لەناو خۆیاندا و لە گەڵ یەکتریدا تەبا نین و، ئەم باسەش لەناو پاش بنەماخوازیدا، نابێ مایەی سەرسووڕمان بێت. لە دایلۆگی فیمینیستیدا، کێشەی نێوان هەوڵ دان بۆ دۆزینەوەی ئامرازێکی بەکەڵك لە شوناسی ژندا بۆ بە گەڕخستنی گوشار و، پشت بەستن بەو شوناسە بە شێوەیەکی نائومێدانە، لە حاڵی دروست بووندایە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لێرەدا دەرك بەوە دەكەین كە كێشەی فیمینیستەكان چەند قووڵ و گەورەیە: فیمینیستەكان لە هەوڵەكانیاندا بۆ رزگاركردنی ژنان و بۆ دەستەبەر كردنی یەكسانیی بۆ ژنان (جا ئەو یەكسانییە بە هەر شێوەیەك پێناسە كرابێت)، ژنان بە گرووپێكی دیاریكراوی كۆمەڵایەتی و هەروەها خاوەن شوناسێكی بەكۆمەڵ لە قەڵەم ئەدەن كە ئەو شوناسە بە كۆمەڵەشیان بناغەیەك بۆ خەبات و تێكۆشان دادەمەزرێنێ. سەرەڕای هەمووو ئەوانەش، كاتێ فیمینیستەكان ئاماژە بە شوناسی بە كۆمەڵ دەكەن ــ شوناسێك كە لەگەڵ ئەوەی پیاواندا جیاوازە ــ دیسانەوە دەكەونە بەردەم مەترسیی سەرلەنوێ بەرهەم هێنانی ئەو پێناسەكردنانەی «جیاوازیی»، كە ژنانیان وا لێكردووە ماوەیەكی زۆر وەك ژێردەست بمێننەوە (هەرچەند ئەو پێناسە كردنانە جۆراوجۆریش بن).

## مەسەلەی بایۆلۆژی: رەگەز و جنسییەت

گرینگترین هۆكار لە باسی یەكسانی و جیاوازیدا، مەسەلەی پێوەندیی جیاوازییە بایۆلۆژییەكانی نێوان پیاوان و ژنانە. جیاوازی بایۆلۆژیكی، بۆ ماوەی چەندین سەدە، خاڵی دەسپێك و پاساوهێنانەوە بۆ چێكردنی رۆڵگەلی جۆراوجۆری كۆمەڵایەتی بۆ ژنان و پیاوان بوە. نەك تەنها توانای بایۆلۆژیانەی ژنان بۆ زاوزێ كردن و لە مەمكەوە شیردانی منداڵ و كەم هێزبوونیان لەڕووی جەستەوە،بە هۆكاری دەسنیشانكردنی رۆڵی كۆمەڵایەتییان لە ماڵەوە و هەروەها خۆ خەریككردنیان بە كاروبارەكانی ماڵەوە و راهێنانی منداڵ، لەقەڵەم ئەدرا،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڵکوو جیا لەوەش، بانگەشەی ئەوە دەکرا کە ئەم جیاوازییە بایۆلۆژیکییانە، لـە تواناکـانی ژنـان بـۆ بەشـداریکـردن لـە بـوارە گـشتییە [کۆمەڵایـەتی و سیاسی...]کاندا کەم دەکەنەوە. بەو شێوەیە داوەری لەسەر ژنان دەکرا کـە کـەمتر لە پیاوان لۆژیکین و، زیاتر لەژێر کاریگەری سۆز و عاتیفـەدان و هـەر بۆیـە بـۆ نموونە، توانای دەرکردنی بڕیاری سیاسییان نییە. ئەم جـۆرە ڕادەربـڕین و بـیر و بۆچوونانەی فیلسووفان و تیۆرسیەنە سیاسـییەکان، لەلایـەن ئـەو ئەنـدامناس[1]و بایۆلۆژیستانەوە پشتیوانییان لێکرا کە بە هۆی پێشکەوتنی زانستی ئاناتۆمی لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا، بە مەبەسـتی سـەلماندنی جیـاوازیی عـەقڵی لـە نێوان ژن و پیاودا، دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەسـەر بارسـت( حجـم)ی مێـشك. هەرچەند ئەم جۆرە جیاوازی قایل بوونە زانستییە کەمبایەخە لـە نێـوان ژنـان و پیاواندا، تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگاکاندا بایەخی خۆی لـە دەسـت داوە، بـەڵام هێشتا هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە زانستی و تەجروبییەکان بە مەبەسـتی سەلماندنی ئایدیای جیاوازییە جەوهەری و بایۆلۆژیکییـەکانی نێـوان ژن و پیـاو، هەر درێژەی هەیـە. هـەروەك لـین سـێگاڵ (١٩٩٩) دەڵـێ: کۆتاییـەکانی دەیـەی ١٩٨٠و سەرتاسەری دەیەی ١٩٩٠ هاوکات بوو لەگـەڵ سـەرلەنوێ پەرەسـەندنەوەی داروینیزمی کۆمەڵایەتی، کە لەخۆگری تیۆرگەلێکی زانستی بوو بۆ ڕوونکردنـەوەی ڕەفتاری ژن و پیاو لە چوارچێوەی پێداویستییەکانی پێوەندیـدار بـە تـەکامول و مانەوەی(بقاء) مرۆڤەوە، کەواتە، ئەم ئەندیشانەیان کە «پیـاوێتی» و «ژنـێتی»

---

[1]- Anatomist



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەسـکردگەلێکی کۆمەڵایـەتین، بـە قـازانجی روونکردنەوەگـەلێکی تـەنها بایۆلۆژییانە پشتگـوێ خـست. بـۆ نموونـە، سـێگاڵ (١٩٩٩: ٨٢) ئـەم قـسەیەی رۆبێرت رایت[١] دەگەڕێنێتەوە کە دەڵێ:

لەسەرتاسـەری دەیـەی ٩٠ دا [داروینیزمـی کۆمەڵایـەتی] گاڵتـەی بـە یەکسانیخوازی و هەوڵەکانی فیمینیستەکان بۆیەکسان بوون لەگەڵ پیاواندا کردووە، چوونکە پێی وایە فیمینیستەکان بە هۆی نەزانکارییەکی لـە پـێش داڕێژراو، یان لە ڕووی نەزانییەوە، حاشالە «حەقیقەتە چەسپاوە داروینییەکان» سەبارەت بە سروشتی ئینسان دەکەن و پێشبینی شکست هێنانیشیان بۆ دەکەن. لەو روەوە کە ڕایت دەیەوێ وزە بە خۆی و خوێنەرانی کتێبە پڕفرۆشەکەی، واتە «ئاژەڵی ئاکاری: بۆچی ئێمە ئاواین، بۆچی...[٢]؟» ببەخشێت، فیمینیستەکان توانیویانە یاساگەلێك لە دژی ئازاردانی سێکسی بچەسپێنن و تەنانەت هەندێ هەنگاو بە قازانجی ژنان هەڵبگرن، بەڵام هەرگیز لـە دەسـەڵاتی پیاوانـدا بەشیان نابێت و ناتوانن لەدەسەڵاتدا بەشداری بکەن، چوونکە ئەو جینانە[٣]ی پیاوانیان نییە کە بتوانن کارگەلی مەترسیدار ئەنجام بدەن.

فیمینیـستەکان کـاتێ بـەرەوڕووی ئـەم پاسـاو هێنانـەوە بـە ڕواڵـەت نازانـستییە بـۆ دوورخـستنەوەی ژنـان لـە بـوارە بەرفراوانـەکانی بەشـداری کۆمەڵایەتی بوونەوە، دەستیان کرد بە گومانکردن سـەبارەت بـە پێوەنـدی نێـوان

---

٢- Robert Wright

١- The Moral Animal: Why We Are The Way We Are.

٢- jen



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەسڵەتە فیزیۆلۆژیکە لێکجیاوازەکان و جیاوازی قایل بوونی «سروشتی» لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی ژن و پیاودا و، هەروەها دەستیان کرد بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەگەلێك بۆ ئەومەسەلەیە. لەروانگەی زۆربەی فیمینیستەکانەوە، ئەوکارە پێویستی بەوە هەبوو کە بەمەبەستی ڕێکخستنی کۆمەڵگا، گرنگایەتی جیاوازییە بایۆلۆژیکییەکانی نێوان ژن وپیاو ڕەت بکرێتەوە. ئەم مەسەلەیە لە زۆربەی تیۆرە فیمینیستییەکاندا، بوەتە هۆی جیاوازی قایل بوون لە نێوان «ڕەگەز»ی سایکۆلۆژیك و «جنسییەت»ی کۆمەڵایەتیدا. ئەم جیاوازی قایل بوونە، هەروەها دەتوانێ لەشێوەی وشەگەلێکی وەك «مێیینە» و «ژنانە»شدا دەربېڕدرێت، بەو واتایە کە«مێیینە» گرووپێکی بایۆلۆژیکییە کە ژنان سەر بەو گرووپەن و، ڕەفتار و ڕۆڵە «ژنانە»کانیش پێکهاتەگەلێکی کۆمەڵایەتین کە لەسەر بناغەی گرووپی بایۆلۆژیای ناوبراودا ڕائەوەستن. کەواتە زۆرێك لە فیمینیستەکان پێیان وابووە کە،«بەشێوەی سروشتی» دێتە ئاراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەو ڕۆڵ و شێوە ڕەفتارانەی کە بۆ «ژنبوون» پێویستن، بە درێژایی مێژوو لە لایەن کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانەوە بەرهەم هێنراون.

ئەم جیاوازی قایل بوونە لە نێوان ڕەگەزی بایۆلۆژیکی و جنسییەتی کۆمەڵایەتیدا، لە کتێبێکدا کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر بیرکردنەوەی فیمینیستیدا داناوە، واتە «ڕەگەزی دووهەم»ی سیمۆن دوبووار[1](١٩٤٩)، هەرچەند بەڕاشکاوانە و وەکوو ئەو وشانە خۆیان بەیان نەکراوە، بەڵام بەئاشکرا بەدی

١- Simone de Beauroirs Le Deuxieme Sexe



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکرێت. ئەم پێداگرتنە بەناوبانگەی سیمۆندوبووار کە «مرۆڤ بە ژنی لە دایك نابێت، بەڵکوو دەگۆڕێت بە ژن»، هەڵگری ئەو بیروبۆچوونەیە کە ژێردەستی و پلەخوار بوونی ژنان، مەسەلەیەکی «سروشتی»، یان بایۆلۆژیکی نییە، بەڵکوو ئەوە کۆمەڵگایە کە هێناویەتی ئاراوە. ڕەنگە ئینسانێك وەکوو «مێیینە» لەدایك ببێت، بەلام ئەوە شارستانیەتە کە «ژن» دەخوڵقێنێ و ئەوە پێناسە دەکا کە «ژنانە» چییە و هەروەها پێش وەخت ئەوە دیاری دەکات کە ژنان دەبێ چۆن ڕەفتار بکەن وچۆن ڕەفتار دەکەن؟ وەخاڵی گرینگ ئەوەیە کە مەبەست لە پێکهاتەی کۆمەلایەتی «ژن» سەرکوتکردنی بەردەوامی ژنان بوە. ئەو دەورە کۆمەلایەتی و شێوە ڕەفتارانەی کە شارستانییەتەکان بە ژنانیان سپاردووە، وای لە ژنان کردووە کە هەمیشە لە پلەیەکی خوارتر لە پیاوان ڕابگیردرێن. مانای ئەو قسەیەش ئەوەیە کە ژنان وەك چینی کرێکار لە ئایدۆلۆژیای مارکسیزمدا نین: ئەوان بەهۆی بارودۆخگەلی تایبەتی مێژوویی وهەروەها چەوسانەوەی بە کۆمەڵەوە سەریان هەڵنەداوە، بەڵکوو هەمیشە لەناو هەموو جۆرەکانی ڕێکخستنە کۆمەلایەتییەکاندا چەوسێنراونەتەوە. کەواتە، دوبوار ئەوە نابێژێت کە ناتوانین هیچ جۆرە جیاوازییەکی بایۆلۆژیکی لەنێوان پیاوان و ژناندا قایل بین. هەرچەند لەو باوەڕەدایە کە لایەنە ڕەفتاری و سایکۆلۆژیکییەکانی ڕەگەز، بەرهەمی کەلتوورە پیاوسالارەکانە، نەك بەرهەمی حاشاهەڵنەگری جیاوازییە بایۆلۆژیکییەکان؛ وە بەڵگەشی بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە کە جیاوازییەکی بایۆلۆژیکی لەنێوان ژن و پیاودا هەیە کە قابیلی گۆڕین و جێگۆڕکێ پێکردن نییە [واتە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەگۆڕە]. ژن، گرووپێکی بایۆلۆژیکییە، نەك كۆمەڵایەتی ـ مێژوویی، تەنانەت سەرەڕای ئەوەش کە هەموو ئەو رەفتارانەی کە بۆ«ژنێتی» پێویستن، دەسکردگەلێکی کۆمەڵایەتین. کەواتە ئازادی ژنان، گرێدراوە بە رزگارکردنیان لەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی «مێیینەی هەتایی»یەوە، کە وای لێکردوون بکەونە پێگەیەکی نالەباری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، بەلاّم بۆ ئەومەبەستە، پێویست بە ئینکارکردنی ئەو مەسەلەیە ناکات کە ژن و پیاو لەڕووی بایۆلۆژیکییەوە دووگرووپی لێكجیاوازن. هەر وەك دوبووار دەڵێ (١٩٤٩: ١٣):

رەتکردنەوەی ئەم تەسەورانە دەربارەی « مێیینەی هەتایی » و شوناسی رەش و خەسڵەتی جوولەکەیی، بەمانای ئینکار کردنی « بوونی » ژنان و رەش پێستەکان و جوولەکەکان نییە. وەها ئینکارکردنێك لە لایەن ئەو گرووپانەی کە سوودی لێدەبەن، بەمانای [ بەدەست هێنانی ] ئازادی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، جۆرە هەڵاتنێکی نادروستە کەقابیلی پاساوبۆهێنانەوەش نییە. دیارە هیچ ژنێك ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە زیاتر و سەرتر لە رەگەزی خۆیەتی، مەگەر ئەوەی کە بیرێکی خراپ و تێکدەرانەی لە مێشکدا هەبێت.

ئەو جیاوازییەی کە دوبووار لە نێوان رەگەزی بایۆلۆژیکی و بەرهەم هێنانی « مێیینەی هەتایی » لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، قایل دەبێ، خاڵی دەسپێکی ئەو جیاوازی قایل بوونەی نێوان رەگەزو جنسییەتە کە لە زۆربەی تیۆرە فیمینیستییەکاندا شتێکی باوە. هەروەك ئان ئۆکلی[١](١٩٩٧) دەڵێ، زاراوەی

١- Ann Okley



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جنسییەت[1]، سەرەتا لە بواری پزیشکی و دەروونزانیدا بـەکار هێنـرا، لەکاتێکـدا دەروونناسـان لـە دەیـەی ١٩٣٠یـەوە، بەمەبەسـتی وێنـاکردنی تایبەتمەندییـە رۆحییەکانی تاکەکان، بەبێ پەیوەستکردنیان بە ژن یان پیاوەوە، کەڵکیان لـەو زاراوەیـە وەرگرتـووە. لـە سـاڵی ١٩٦٨دا دەروونناسـێك بـەناوی رۆبێـرت ستۆلێر[2]«رەگەز و جنسییەت »ی بڵاو کردەوە کە کتێبێك بوو دەربارەی ئەوە کە چۆن ئەو منالأنەی کە لە ڕووی بایۆلۆژیکییەوە ( بە پێی کرۆمۆزۆمەکان) لەیەك رەگـەز بوون، بەلأم بە رواڵەت بە رەگەزێکیتر دەهاتنە بەرچاو [ واتە نێرینە بوون و لە مێیینە دەچوون، یان بە پێچەوانەوە ]. زۆربەی ئەو نموونانەی کە دۆزرابوونـەوە، منالأنێك بوون کەلە رووی ژنێتیکییەوە مێیینەبوون بەلأم ئەندامی نێرینەیان پێوە بوو و دەتوانرا ئەو منالأنە، یان وەك کوڕ، یان وەك کـچ ڕابهێنـرێن و بـەو پێیـە شوناسێکی رەگەزییان پێ بدرێت. کەواتە، ستۆلێر، وشەی جنسییەتی بە مەبەستی ئاماژەکردن بە رەفتار، ئیحساسات ئەندیشەکان و هەروەها ئەو خەونانـەی بـەکار ئەهێنا کە پێوەندییان بە هـەردوو رەگـەزەوە هـەبوو، بـەلأم هـەڵگری ماناگـەلی گرینگی بایۆلۆژیکی نەبوون (وەرگیراو لە ئـان ئـۆکلی ١٩٩٧: ٣١). فیمینیـستەکان ئەم جۆرە کەڵك وەرگرتنـە لـە وشـەی جنـسییەتیان بـە مەبەسـتی ئامـاژەکردن بەوسیفەتانەی کە پێوەندییان بە دابەشکردن لە نێـوان هـەردوو رەگـەزدا هەیـە، بەلأم لە بنەڕەتدا لە ڕووی بایۆلۆژیکییەوە دەسنیشان نەکراون، بەمەبەستی جیـا کردنەوەی جیاوازییە بایۆلۆژیکییەکانی نێوان ژن و پیاو لـە جیاوازییـە دەسـکردە

---

٢- Gender

٣- Robert Stoller



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**کۆمەڵایەتییەکانیان، پەسەند کرد. بۆ نموونە ئۆکلی لــە کتێبەکەیــدا بــەناوی « ڕەگەز، جنسییەت و کۆمەڵگا[1]» کە یەکەمجار ساڵی ١٩٧٢بــڵاو کرایــەوە، جیــاوازی قایل دەبوو لە نێوان ڕەگەز و جنسییەتدا و، هۆیەکەشی بە مجۆرە ڕوون دەکردەوە ( ١٩٧٢: ١٦):**

**«ڕەگەز» وشەیەکە کە ئاماژە بە جیاوازییە بایۆلۆژیکییەکانی نێوان ژن و پیاو دەکات: واتە، جیاوازی ئاشکرا لە ئەندامانی سێکسیدا و جیاوازیشیان لە جۆری منداڵبوون و زاوزێکردندا. بەڵام «جنسییەت»مەسەلەیەکی کەلتوورییــە: کــە پێوەندی بە پۆلێنکردنی « نێر» و «مێ» لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.**

**کەڵك وەرگرتن لە جنسییەت و بەتایبەت جیاوازی قایل بــوون لــە نێــوان ڕەگەز و جنسییەتدا و چاولێکردنیان وەك ئــامرازێکی شــیکردنەوە (تحلیــل)، بــە مەبەســتی هێنانــەگۆڕی مەســەلەی « جیــاوازی »بــەهۆی جیــا کردنــەوەی جــۆرە بایۆلۆژیکییەکەی لەجۆرە کۆمەڵایەتییەکەی و پیشاندانی ئــەوە کــە ئەمانــە دوو وتەزای لێك جیاوازن، یارمەتییەکی زۆری بە تیۆری فیمینیستی گەیانــدووە. ئــەم مەسەلەیە، ئەو توانایەی بە فیمینیستەکان بەخشیوە کە بتوانن لــە دژی جــەبری بایۆلۆژیکی ــ لەهەر جۆرێکی هەبێت ـــ قــسە بکــەن و، ئەوپێداگرتنانــەی کــە لەسەر جیاوازییە جەستەییەکانی ژن و پیاو لە ئارادایە، بخەنــە لاوە و لــە ســەر ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییانەی کە «ژنێتی » و «پیــاوێتی » پێــك دێــنن، چــڕیان بکەنەوە. ئەم پرۆســە پێوەندیــدارەی بــە پێکهاتــەی کۆمەڵایەتییــەوە، خــاڵێکی**

---

١- Sex Gender and Society



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گرینگی زۆربەی دەقە نەمرە فیمینیستییەکانی دەیەکانی ٧٠و٨٠ بوو، هەروەك ئۆکلی( ١٩٩٧: ٣٣) ڕوونی دەکاتەوە:

زۆربەی دەقە نەمرە فیمینیستییەکان لەم سەردەمەدا، بە شێوەیەکی راشکاوانە، خۆیان بە راڤە و لێکۆڵینەوەی بابەتی یەکجار گرینگی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە سەرقاڵ کردووە. کۆمەڵگا، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ئەدەبیات، پزیشکی، زانست، بە هەموویانەوە سیمایەکیتر لە ژنان دروست دەکەن و وێنایەکیتریان لێ بەدەستەوە ئەدەن و بەوپەڕی هێمنییەوە هەموو قسەوباسە کەلتوورییەکان وەك واقعییەتێکی بایۆلۆژیکی لەقەڵەم ئەدەن. ئەوە کەلتووره ــ واتە جنسییەت، نەك رەگەز ــ کە ئەو مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ژنان ناتوانن لە سێکسدا بەوپەڕی چێژ وەرگرتن بگەن، یان بە کەڵکی ئەوە نایەن ببنە نەشتەرکاری مێشك، یان هەمیشە گیرۆدەن بەدەست نەخۆشی خەمۆکییەوە، یان ناتوانن بە پلەی ئەدەبی شکسپێر بگەن و... هتد. لە درێژەی ئەم سەردەمەدا، تەنانەت هەندێ لە تیۆرە بە هێزەکانی وەك تیۆری فرۆید سەبارەت بە سەرچاوەکانی جیاوازی «رەگەزی» وایان لێهات کە هەموو شتێك ببەنەوە سەر مەسەلەی «جنسییەت » و لە راستیدا بووبوونە زمانحاڵی « جنسییەت ».

کەواتە وادەهاتە بەرچاو کە چەمکی جنسییەت، هەموو ڕێگایەکی نوێی بیرکردنەوەو شیکردنەوە بەڕووی فیمینیستەکاندا بکاتەوەو هەروەها بە مەبەستی شیکردنەوە لەسەر هۆکارەکانی سەرکوتکردنی ژنان، هەندێ پێشکەوتنی گرینگی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تیۆرانە لەگەڵ خۆیدا بەدیاری بێنێت. هەروەك كریستیەن دێلفی[1](١٩٩٦: ٣٣) دەڵێ، سەرهەڵدانی چەمكی جنسییەت، سێ پێشكەوتنی پێكەوە گرێدراوی هێناوەتە ئاراوە: هەموو جیاوازییەكانی نێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێ، كە بە شتانێكی كۆمەڵایەتی و دەسكرد دەهاتنە بەرچاوو، هەرچەند لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكیتر ماناكانیان جیاواز بوون و تەنها لە كاتێكدا هەڵئەسەنگێندران كە گۆڕانیان بەسەرا بهاتایە، یەك واتایان بە خۆوە گرتبوو. كەڵك وەرگرتن لە وشەی تاكی «جنسییەت» لەجیاتی وشەی كۆی «دووڕەگەز»، بەو مانایە بوو كە جەخت كردن لەسەر«دابەشكردن»ی هەركام لە دوو رەگەزی نێرومێ لابراوەو ئیدی پێ لەسەر ئەسڵی دابەشكردنەكە دائەگیرێت و، كەواتە فیمینیستەكان دەیانتوانی تەنها ئاوڕ لە جۆری پێكهاتن و گەشە كردنی ئەم دابەش كردنە بدەنەوە. وە سەرەنجام چەمكی جنسییەت، كەشو هەوایەكی هێنایە ئاراوە كە تیایدا بتوانرێت جۆرە وێناكردنێكی زنجیرەی پلەوپایە و هەروەها پێوەندییەكانی دەسەلات لە توانادا بێت و ئەوەش ئەوەی دەرئەخست كە دەتوانرێت لە گۆشەنیگایەكیترەوە چاو لەو پۆلێنبەندییە بكرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەوە كە كەڵك وەرگرتن لە چەمكی جنسییەت و، لێكجیاكردنەوەی تیۆرانەی جنسییەت و رەگەزی بایۆلۆژیكی، بۆ فیمینیستەكان سوود و قازانجی زۆری هەبوە، بەلام جنسییەت هێشتا وشەیەكی كێشەسازە و لەو ڕووەوە كە بوەتە شتێكی گشتیو، هەمووكەس كەڵكی لێوەردەگرێت، ئەوتوانا

---

[1]- Christine Delphy



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

«شۆڕشگێڕییانە »ی لەدەست داوە کە سەردەمانێك هەییوو: « ئەمڕۆکە جنسییەت، هەندێ جار لەجیاتی رەگەز و هەندێجاریش وەك زاراوەیەکی جـەمجالێ ئـەنگێزی سیاسی کەڵکی لێوەردەگیرێ » ( ١٩٩٧: ٣٠).

یەکێك لە کێشەکان ئەوە بوە کە، هەروەك دێلفی (١٩٩٦) دەڵێ، هەرچـەند چەمکی جنسییەت توانای شیکردنەوەی زنجیرەی پلەوپایەکان دێنێتەئاراوە، بـەلاّم شیکردنەوەی جنسییەت رەنگە بێئاگابوون لە نابەرابەری دەسەلاّتی نێوان پیـاو و ژنی لێبکەوێتــەوە. قــسەکردن لەســەر ژن و پیــاو وەك چــەمكگــەلێکی «جنسییەتیکراو»، وێـڕای ئـەو مانایـەش کـە پیـاوێتی و ژنـێتی، هـەردووکیان دەسکردی کۆمەلاّیەتین، لەراستیدا رەنگە زیاتر مانای جیاوازی پیشان بـدات نـەك نابەرابەرییەکانی دەسـەلاّت ( ئـۆکلی ١٩٩٧). جیـا لـەوەش، لەبـەر ئـەوەی کـە فیمینیستەکان بە حەز و تاسـەیەکی زۆرەوە ئـەم وشـەیان هەڵبـژارد تـاکوو لـە رێگەیەوە، پلەخواربوونی ژنان لە کۆمەڵگای پێروون بکەنەوە، رەنگە ئـەم وشـەیە وەك زاراوەیەك چاوی لێ بکرێت کە تەنها بۆ ژنان و پێکهاتەی کۆمەلاّیەتی ژنێتی بــەکار دەهێنرێــت (هەرچــەند وا دیــارە لــەم دواییانەشــدا خوێندنــەوەو لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بە «پیاوێتی»یەوە، لە زانکۆکاندا هەنـدێ گۆڕانیـان بەسەرا هاتووە). ئۆکلی هەروەها دەڵێ جنسییەت زاراوەیەکە کە فیمینیستەکان بـۆ رێز لێنان بە کارەکانیان کەڵکیان لێوەرگرتووە ــ ئەڵبەتە بۆ قسەکـردن لەسـەر جنسییەت لە جیاتی «ژنان » ـــ چـوونکە لێکۆڵینـەوە لەسـەر ژنـان، بەڕاسـتی پەسەندکراو و دروست نییە. بیروڕاشی لە سەر ئەو مەسەلەیە ئەوەیـە (١٩٩٧: ٣٠)



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

كــە: « كــارێكی لــەو جــۆرە تــەنها لــەو رووەوە تــوانراوە بخرێتــە بــواری جیٚبەجیٚكردنەوە كە وشەی جنسییەت، تەنها بە مەبەســتی باشــتر رونكردنــەوەی پلەخوار بوونی ژنان داهێنراوە و هیچیتر: پیاوان نە بیر لە پێگەو پلــەو پایــەی خۆیان دەكەنەوەو نە پێویستیشیان بەوە هەیە روونكردنەوەی لەسەر بكەن ». ئــەم راستییە كە گوایــە تــەنها ژنــان جنــسییەتیان هەیــە، بــە ئاشــكرا پیــشاندەری نابەرابەرییەكانی دەسەلاٌتە، بــەلاٌم هەنــدیٚجــار ئــەم نابەرابەرییانــە بەرچــاو ناكەون و دیار نابن، یان كاركردەكــەیان بــە تــەنها لــە رێگــەی شــیكردنەوەیەك لەسەر چۆنیەتی پێكهاتەی جنسییەتەوە، بە تــەواوەتی روون ناكرێتــەوە. رەنگــە تەنانەت بە شێوەیەكی یەكجار بنەڕەتیتریش، خودی جیاوازی قایل بوون لەنێوان رەگەزو جنسییەتدا و هەروەها پێوەندییەكانی نێوانیان، خرابێتە ژێر پرسیارەوە. رەخنەگران لەو باوەڕەدان كە جیاوازی قایل بوون لە نێــوان رەگــەزو جنــسییەتدا، زۆربەی كات دەبێتە هۆی ئەوە كە نەتوانین لێكۆڵینــەوە لــە ســەر كرۆكــی خــودی «رەگەز » بكەین. جنسییەت وەك «مقروف»ێك لە قەڵەم دەدریٚ كە رەگەز «ڤرف»ە كەیەتی(دێلفی١٩٩٦ :٣٣)و، هەرچەند جنــسییەت بەشــتێكی بگــۆڕ (مــتغیر) دێتــە ئەژمار، بەلاٌم هۆی لێكدانەوەی رەگەز بــە «ڤــرف» ئەوەیــە كــە شــتێكی گــشتی و نەگۆڕە، چوونكە «سروشتییە». بە واتــایەكیتر، جیاوازی قایــل بــوون لــە نێــوان رەگەز و جنسییەتدا، ئاماژە بەوە دەكــا كــە نــاتوانین میتۆدەكــانی كۆمــەڵگا بــۆ چــێكردنی « رەگــەز » ـــــ واتــە خــودیجەســتەی «سروشــتی»ـــــ بخەینــە ژێــر پرسیارەوە. رەگەز، وەك دابەشكردنێكی سەرەتایی (اولیه) لەقەڵــەم دەدرێــت كــە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جنسییەت لەسەریدا راوەستاوە، [ واتە رەگەز بناغەی جنسییەتە ]. لەوەلاّمدا، ژمارەیەك لە فیمینیستەكان هەستاون بە دژایەتی كردنی ئەم ــ بەناو لە پێشتر بوونە ــ سروشتییەی رەگەز لە جنسییەت و راشیان ئەوە بووە كە خودی رەگەزی بایۆلۆژیكی، دەسكردێكی كۆمەلاّیەتییە، نەك بایۆلۆژییەكی سروشتی و گشتی، بەڵكوو ئەویش وەك جنسییەت بە هۆی دەستێوەردانەكانی كۆمەڵگاوە دێتە ئاراوە. توومازلاكویێر[1](١٩٩٠) لە لێكۆڵینەوە مێژوویییەكانیدا سەبارەت بە پێكهێنان و پیشاندانی رەگەز، ئاماژە بەم مەسەلەیە دەكا كە هەرچەند تا كۆتاییەكانی سەدەی حەڤدە، لەشی ژن و پیاو بە پێی جیاوازییەكانیان وێنا نەدەكران، بەلاّم بۆ نموونە، هێلكە و هێلكەدان بە هاوواتای یەكتری لە قەڵەم دەدران و لەراستیدا یەك ناویان هەبوو. تازە لەسەدەی هەژدەهەمدا بوو كە بۆ یەكەم جار باس لە جیاوازی رەگەزكرا. هەربەم پێیەش، ئاماژە بەو خاڵە كراوە كە، لە روانگەی بایۆلۆژیستەكانەوە، رەگەز، پێكهاتەیەكە كە لە هێماگەلێكی جۆراوجۆر كە هەمووشیان پێوەندیگەلێكی دەروونی بگۆڕیان لەگەڵ یەكدا هەیەو، گۆڕانی ئەم توخمە جۆراوجۆرانە بە هێمایەكی دابەشكردن (لەوانە، هەبوون یان نەبوونی ئەندامی نێرینە)، دیارە كردەیەكی كۆمەلاّیەتییە (هۆرتیك و پیچەوین ١٩٨٦). ئەم جۆرە شیكردنەوە، بە ئاشكرا سەقامی پۆلێنكردنی رەگەزو جنسییەت تێك ئەداو هەندێ لە فیمینیستەكانی وەك دێلفی (١٩٩٦)ناچار دەكا بڵێن كە جنسییەت لە پێشتر لە رەگەزە. جودیس باتلێر[2](١٩٩٠) لەروانگەیەكی ترەوە هەوڵی داوە

[1]- Thomas Laqeur
[2]- Judith Butler



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وێرای دابەشکردنە دوالیزمەکانیتری وەك سروشت و کەلتوور و .... شیکردنەوە لەسەر رەگەز و جنسییەت بکات.

لای هەندێ لە فیمینیستەکان، زەروورەتی پێداگرتن لەسەر پێکهاتەی کۆمەلأیەتی رەگەز، بۆەتە هۆی رەتکردنەوەی جنسییەت وەك زاراوەیەك کە نەك تەنها شتێکی پێویست نییە بەڵکوو سەرلێشێواویشی لێ دەکەوێتەوە. چوونکە کەڵك وەرگرتن لە زاراوەی جنسییەت بۆ وێناکردنی شتێك کە دەسکردێکی کۆمەلأیەتییە، لە بنەرەتدا ئەوە دەگەینێ کە خودی رەگەزی بایۆلۆژیکی، شتێکی سروشتییە. بۆ نموونە، مۆنیكویتیگ[1] لەو باوەرەدایە کە رەگەز لە دەسکردێکی کۆمەلأیەتی زیاتر هیچ نییە و هەروەها پۆلێنکردنی ژنان و پیاوان، دەگەرێتەوە بۆ پێوەندییەکانی دەسەلأتی کۆمەلأیەتی، بەبێ ئەوەی کە هیچ گرنگایەتییەك بە سروشت، یان بایۆلۆژیای مرۆڤ بدرێت.

رەگەز، بوونی نییە. بەلأم رەگەزێك بوونی هەیە کە سەرکوت دەکرێ و رەگەزێکیش هەیە کە سەرکوت دەکات. ئەوە سەرکوتکارییە کە رەگەز دێنێتە ئاراوە، نەك بە پێچەوانەوە. پیچەوانەکەشی ئەوە دەبێ کە بلێین رەگەز، سەرکوتکاری دێنێتە ئاراوە، یان ئەوەی کە بلێین دەبێ سەرچاوەی سەرکوتکاری، لەناو خودی رەگەزدا بدۆزینەوە واتە لە ناو ئەو دابەشکردنە سروشتییەی نێوان ژن وپیاو، کە بەر لە پێکهاتنی (یان لەدەرەوەی) کۆمەڵگا لەئارادا هەبوە (ویتیگ١٩٩٦: ٢٥)

[1] - Monique Wittig



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەواتە بە پێی بیروڕای ویتیگ، ژنان چینێکی کۆمەڵایەتین کە تەنها سەرکوت دەکرێن و هیچیتر. سڕینەوەی سەرکوتکاری و بەگشتی سەردەست و ژێردەست (گرووپی رەگەزی پیاوان و گرووپی رەگەزی ژنان) پێویستی بەوە هەیە کە ژنان و پیاوان وەك دووگرووپی مرۆیی لەو ناوبچن [ واتە کاتێك دیاردەی سەرکوتکاری لەناو دەچێت کە مرۆڤ بە گشتی تیابچێت]. لە جیهانێکی لەوجۆرەدا کە ئیدی پۆلێنکردنە رەگەزییەکان بوونیان نابێ، ئازادی «لەسەرووی پۆلێنکردنە رەگەزییەکاندا» بۆ هەموو مرۆڤەکان فەراهەم دەبێت و، لەو کاتەدا هەم چەمك و هەمیش بوونی راستەقینەی ژن و پیاو، رێگە بۆ سەرهەڵدانی بابەتە تاکەکەسییەکان دەکەنەوە.

ئەم رەخنەگرتنانە لەسەر جنسییەت و دابەشکردنی دوالیزمی جنسییەت و رەگەز، دیارە بۆ خۆی بناغەیەکی هەیە. کەڵك وەرگرتن لە جنسییەت دەتوانێ بەو مانایە بێت کە لە شیکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان ژنان و پیاواندا «دەسەلات» هیچ دەورێکی نامێنێ و، هەم ژنان لە هۆکارییەت (عاملیت) بێبەش دەبن و هەم پیاوان (ئەگەر پیاوێتی، ژنێتی، داگیرکاری و سەرکوتکاری، دەسکردی کۆمەڵایەتی بن، ئیدی هیچ جێگایەك بۆ تاکی هۆکار (عامل) نامێنێتەوە). جیا لەوەش، هەروەك نووسەرە فیمینیستەکان جەختیان لەسەر کردووە، دەبێ خۆ بپارێزین لە هەر پۆلێنکردنێکی دووفاقی کە رەگەز بە دیاردەیەکی سروشتی لەقەڵەم بدات و جنسییەتیش بە دەسکردێکی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، رەنگە لەبەرانبەر ئەم قسەیەدا، ئەم نارەزاییە دەر ببڕدرێت کە جنسییەت وەك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زاراوەیەکی «شیکاری» هێشتا بەتەواوەتی توانایی خۆی لەدەست نەداوە و یەکێك لە گرینگترین ئەرکەکانی فیمینیزمی هەوچەرخ، دەبێ هەوڵدان بێت بۆ روونکردنەوەی پێوەندییە قورس و پێچاوەکانی نێوان جنسییەت و رەگەز و دەسەلات، کە هەموو کۆمەڵگایان گرتۆتەوە.

## گەڕانەوە بۆ جیاوازی:پرەنسیبەئاکارییەکان، دایکایەتی کردن[1]و، سیستەمی ئاکاریی بەرپرسیارێتی و چاودێریکردن[2].

فیمینیستەکان سەرەتا بەمەبەستی سڕینەوەی گرینگیدان بە جیاوازییە ــ وەك دەڵێن ــ سروشتی و گشتییەکانی نێوان ژن و پیاو و جەختکردن لەسەر شێوەی کۆمەڵگا لە بەرهەمهێنانی ئەم جیاوازییانەدا، کەڵکیان لە جیاوازی قایل بوون نێوان رەگەز و جنسییەت وەردەگرت. لەگەڵ ئەوەشدا، چ بمانەوێ بە پێی رەگەز قسە بکەین و چ بە پێی جنسییەت، جیاوازییەکان هێشتا بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ئارادان و بۆ بەرەنگار بوونەوەشیان، چەندین وەڵامی فیمینیستی خراوەتەڕوو: چ ئەو وەڵامانەی کە دەیانەوێ جیاوازی بگەیننە کەمترین ئاست و بانگەشەی بە یەکسان بوونی ژنان و پیاوا دەکەن، چ ئەو وەڵامانەی کە پێ لەسەر

1- Mothering
2- an ethic Of Care



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوە دادەگرن کە جیاوازییەکان گرینگییەکی یـەکجار زۆریـان هەیـە و تەنانـەت پێیان وایە دەبێ بایەخی زۆریان پێ بدرێت.

یەکێك لە لایەنەکانی جیاوازی رەگەزی، کە فیمینیستەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە، هەڵوێست وەرگرتنی لێكجیـاوازی ژنانـە، لـە ڕووی ئاکارییـەوە. زۆربەی ئەو هەڵوێستانەش وەڵامدانەوەیەکن بەو بانگەشەیەی فرۆید کە دەڵێ، ژن و پیاو لە مەسەلە ئاکارییەکاندا وەکوویـەك پابەنـد نـین و ئـەوەش سەرچـاوەی بایۆلۆژیکی هەیە. بانگەشەی فرۆید سەبارەت بە کەمتر گەشەکردنی ژنان لەڕووی ئاکارییەوە، بووەتە هۆی ئەوە کە فیمینیستە دەروونناس و دەروونشـیکارەکان ئـەم بواری جیاوازییە تـاوتوێ بکەن و ئەم پرسیارە بخەنـەڕوو کـە ئایـا گەشـەکردنی ئاکاریی ژنان و پیاوان جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە؟ وەئەگەروایە، هۆکارەکانی چـین و دەرەنجامەکانیـشی چـی دەبێـت؟ نموونەیـەکی بـەناوبانگی ئـەم جـۆرە شـیکارییانە، توێژینەوەیـەکی کـارۆل گیلیگانـە[١] بـەناوی «بـەدەنگێکی جیاوازەوە»(١٩٨٢) کە تیایدا ئـەو ڕەگەزخوازییـە نهێنییـەی کـە لـەناو زۆربـەی توێژینەوە پسیکۆلۆژیکییەکانی سەبارەت بە گەشەکردنی ئاکاردا بوونی هەیە ـــ جۆرە رەگەزخوازییەك کـە گەشـەکردنی ئاکـاریی پیـاو، بـە پێوەری گەشـەکردنی ئاکاریی مرۆڤ لەقەڵەم ئەدات و لەگەڵ ئەوەشدا بە هەمان ڕادە، تێگەیشتنەکانی ژنان لەسـەر ئاکـار بـە گـشتی، بێبایـەخ لەقەڵـەم ئـەدات ـــ ئەخاتـە ژێـر پرسیارەوە. بە واتایەکی روونتر، گیلیگان لە دژی ئەو تەسەورەی کە ژنان کـەمتر

١- Carol Gilligan



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له ئاكار تیْگەیشتوون، بەڵگە ئەهێنێتەوەو ئیدیعای ئەوە دەكات كە بیركردنەوەی ئاكاری لە پیاواندا، زیاتر پێوەندی بــه بیركردنــەوەیان لەســەر داد پەروەرییــەوە هەیە، لە حاڵێكدا ئاكار لای ژنان، زیاتر «پێوەندیدارییە» (ارتباگی) و زیاتریش پێوەنــدی بــه سیــستمی ئاكــاریی بەرپرســیارێتی و چــاودێری كردنــەوە هەیــە. توێژینەوەكەی گیلیگان بەگشتی لەسەر بنەمای روانگە ئاكارییەكانی ئەو ژنانــەوە دامەزرا كە بڕیاریان ئەدا ئایا منداڵەكەیان لەبار بخەن یان نــە، وە دەركــی بــەوە كرد كە ئەو تەسەورەی كە ژنان لەسەر خۆیانیان هەیە، لەگــەڵ تەســەور كــردنی پیاوان لەسەر خۆیان جیاوازی هەیە. ژنــان زیــاتر خۆیــان لە پێوەنــدی لــە گــەڵ ئەوانیتردا دەبیننەوە و شوناسی خۆیان بە هۆی شوناسی ئەوانیترەوە ئەدۆزنەوە، وەك لەوەی سەربەخۆ و سەربەست بن، لە كاتێكدا پیاوان حەز بەتەســەور كــردنی خۆیان دەكەن. ئەم جۆرە لەخۆگەیشتنە، بە وتەی گیلیگــان، جیــاوازیگــەلێك لــە بڕیارە ئاكارییەكانی ژنان و پیاوندا دێنێتە ئاراوە. ئەو، بانگەشەی ئــەوە دەكــات كە ژنان حەز بە جەختكردن لەسەر پێوەندی كردن بــەوانیتــرەوە دەكــەن و ئــەم پێوەندییانە بە گرینگتر لە مافە ئەبــستراكتەكان دەزانــن و بایــەخی زیاتریــان پیْدەدەن. ئەوان زیاتر بیر لــە دەرەنجامــەكانی كردەیــەك دەكەنــەوە، وەك لــەو پرەنسیبانەی كە رەنگە لە رێگەیانــەوە، كــردەی نــاوبراو بەڕاســت یــاخود هەڵــە هەڵسەنگێنرێت. هەروەها ژنان حەز لە ڕاڤەكردنی هەڵبژاردەگەلی ئاكاری دەكــەن بە پێی ئەوبوارە تایبەتانەی كە ئەو هەڵبژاردنانە تیایانــدا روویــداوە، وەك لــە داوەریكردنی تاكەكەسی یان ئەبستراكت. «دەنگی » ویژدانی ژنان لەبــەر ئــەوەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ ماوەیەکی وەها درێژخایەن بەرگوێ نەکەوتووە، کە جۆری داوەریکردنە ئاکارییەکانیان، بەسووکترو خوارتر لەجۆری داوەریکردنی پیاوان ـــ کەوەك پێوەر چاو لە «ڕا»ی ئەوان دەکرێ ـــ لەقەڵەم دراوە.

گیلیگان لەم کارەیدا بە جەوهەرخوازی تاوانبار کراوە ــ بە واتایەکیتر، بەوە تاوانبار کراوە کە قایلە بە جیاوازی سروشتی و گشتی و جەوهەری نێوان ژنان و پیاواندا. لەگەڵ ئەوەشدا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە جیاوازبوونی هەڵوێست وەرگرتنی ئاکاریی لە پیاوان و ژناندا، بەرهەمی جەوهەری بایۆلۆژیانەی زگماکی نییە، بەڵکوو بەهۆی بوارێکی کۆمەڵایەتییەوە دێتە ئاراوە کە تیایدا هۆکارەکانی پێگە و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیو، بایۆلۆژیای زاوزێیی (تناسلی) تێکەڵی یەکدی دەبن تاکوو ئەزموونەکانی ژنان و پیاوان و هەروەها پێوەندییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز فۆرموولە بکەن. ئەم ڕەخنە گرتنە لە جەوهەرخوازی، زیاتر لە لایەن کەسانێکەوە ئەنجام دراوە کە دەترسن لەوەی کە نەکا هەر ئاسەوارێك کە بانگەشەی دۆزینەوە ( کشف)ی جیاوازی ئاکاریی نێوان ژن و پیاو دەکات، ببێتە پاڵپشتێك بۆ ئەوانەی کە حەز ئەکەن بانگەشەی ئەوە بکەن کە مانای جیاوازییە سروشتی و بونیادییەکان ئەوەیە کە ژن وپیاو هەرگیز ناتوانن «یەکسان» بن. ڕەخنەگران هەروەها دەڵێن ئەم « سیستمە ئاکارییەی بەرپرسیارێتی و چاودێری کردن » لەژناندا، کە گیلیگان پێیوایە لەراستیدا شتێکە وەك تەگبیرکردنێك بۆ خۆڕاگرتن و پاراستنی ژیان لەو کۆمەڵگایانەدا کە دەسەڵات بەدەست ڕەگەزی «نێر»ەوەیە. بۆچی دەبێ « سیاسەتی پاراستنی ژیان »



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەك هۆكارێك بۆ چەسپاندنی كەسایەتی و بەها ژنانەكان چاوی لێبكرێت و رێزی لێ بگیردرێت؟ لە لایەكیترەوە، زۆرن ئەو فیمینیستانەی كە كارەكەی گیلیگان لەو رووەوە بە ئیلهامبەخش دەزانن كە نەك تەنها بناغەی گریمانە پسیكۆلۆژیكییە سوننەتییەكان و هەروەها تیۆری دەروونشیكاری، بەڵكوو فەلسەفەی سیاسی و ئاكاری كلاسیكیش سست و لاواز دەكات. بۆ نموونە، سەیلانبن‌حەبیب[1](١٩٨٨) بە هێنانەوەی بەڵگەگەلێك بۆ داكۆكی كردن لە گیلیگان ئەوە دەبێژێت كە كارەكانی ئەو، لەراستیدا ژیانەوەیەكی دووبارە( خۆڕاست كردنەوەیەك)ی فیمینیستییە، لەبەرانبەر پێشگریمانەكانی فەلسەفەی ئاكاریی سوننەتیدا، كە بە پێی ئەو شتەی كە « بن حەبیب » بە « ئەویدی گشگیركراو » ناودێری دەكات ـــ واتە، هاولاتی، یان تاكێكی بە ئەخلاق و خاوەن بیركردنەوەی سیاسی سوننەتی، كەوا دادەنرێت هیچ تایبەتمەندییەكی دیاریكراوی نییە ـــ بانگەشەی تەواوێتی و كامڵبوون ( جامعیت) دەكات. ئەم « ئەویدی گشگیركراو »ە، قەرارە لە ڕووی جنسییەتەوە، نێرەمۆك (خنپی) بێت، بەلام لەوڕووەوە كە هەمیشە پیاوان كۆكەرەوەی فەلسەفەكان و ئەو شێوە بیركردنەوانە بوونە كە لەسەر بنەمای ئەم « ئەویدی گشگیركراو »ە ڕاوەستاون، هەربۆیە زۆربەی فەلسەفەگەل و شێوە بیركردنەوەكان بە ژنان نامۆن. بەڕای حەبیب، كارەكەی گیلیگان، شێوەكانی سڕینەوەو بەخۆنامۆ كردنی ژنان كە هەڵقولاوی میتۆدە پیاوانەكانی خستنەڕووی مەسەلە ئاكارییە قەدەغە كراوەكانە (محقورات)، بەرجستە كردووەو، جەختیشی

---

[1]- Seylan Benhabib



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێ لەکاتی داوەریکردنە ئاکارییەکاندا، گرنگایەتی بە «ئەویدی شاز و بەرجستە » ( ئەویدییەك کە تایبەتمەندی و پێوەندیگەلێکی دیاریکراوی هەیە) بدرێت.

ئەو شتانەی کە کارۆل گیلیگان گوێی لێبوە، بریتییە لە بۆڵەبۆڵ و ناڕەزایی دەربڕین و دژایەتیکردنەکانی ژنان لە دژی جۆرەکانی خستنەڕووی مەسەلە ئاکارییە قەدەغە کراوەکان، کە بۆئەوان نامۆن. ئەگەر تەنها بتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی دەنگیان کپ کروون و هەروەها ئایدیالەکانی سەربەخۆیی ئاکاریی باو لە کەلتووری ئێمەدا و هەروەها پێناسە کردنە تایبەتەکانی بواری ئاکار، چۆن درێژە بە کپ کردنی دەنگی ژنان ئەدەن، لەوکاتەدا دەتوانین ئومێدی ئەوەبکەین کە بەئاقاری وێناکردنێکی ڕێكوپێكتر لەسەر خۆمان و هاونۆعەکانمان وەك « ئەوانیتری گشگیرکراو » و لەهەمان کاتیشدا « شاز و بەرجستە » بچین. (ئیبن حبیب ١٩٨٨: ٩٥).

کەواتە فیمینیستگەلێکی دەروونناسی وەك گیلیگان، ئەم باسەیان خستۆتەڕوو کە ژنان ڕوانگەگەلێکی جیاوازی ئاکارییان هەیەو، بەڕەسمییەت ناسینی ئەم جیاوازییانەو هەروەها جێکردنەوەی ئاراستە جیاوازەکانی ژنان لە چوارچێوە گشتییەکانی پرەنسیبە ئاکاری و سیاسییەکانماندا، گرنگییەکی زۆری هەیە. بەهەرحاڵ، ئەوانەی کە دان بەوەدا دەنێن کە ژنان دیدگای ئاکاریی جیاوازیان هەیە، ئەم پرسیارەیان لا دروست دەبێ کە ئەم جیاوازییانە چۆن دێنە ئاراوە؟ هەرچەند هەندێ لە فیمینیستەکان وتوویانە کە ئەوەجیاوازییە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بایۆلۆژیکییەکانی نێوان ژنان و پیاوانە کـە دەبێتــە هـۆی جیـاوازبوونی روانگـە ئاکارییەکانیان، بەلاّم کەسانێکیتر هەن کە ئاماژە بە هۆکارگەلێکی کۆمەلاّیـەتی دەکەن کە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر کاریگەری لەسەر پێکهاتنی کەسایەتی پیاوان و ژنان دادەنێن. یەکێك لەو مەسەلە هەرەگرینگانەی کـە لـەم پێوەندییـەدا باسـی لەسەر کراوە، دەوری ژنان بوە وەك دایك. زۆربـەی فیمینیـستەکان ئاماژەیـان بـە شێوەکانی کاریگەری دانانی توانای جەستەیی ژنان بۆ منالّبوون (زایـین)، لەسـەر پێگـەی کۆمەلاّیـەتییان کـردووە. هەرچـەند لای هەنـدیّ کەسـی وەك شـۆلامیس فایرستۆن[1](١٩٧٩) هەر ئەم توانا بایۆلۆژیکییەی وەچەخـستنەوە، بیانوویەکـە بـۆ سـەرکوتکردنی ژنـــان، لای ئـــەوانیتـــر، ئـــەم قابلییـــەت و رۆلّ و تواناییـــە کۆمەلاّیەتییانە، توخمگەلێکی بەهادارین تیایە کە بنیاتی جیـاوازی ژن و پیـاو پێكدێنن. دایکایەتی کردن تەنها وەچەخستنەوەی بایۆلۆژیکی ناگرێتەوە، بەلّکوو پێوەندی بە کۆمەلّێك جیهانبینی و توانایی و ئەرزشگەلێکی پێوەندیدار بە زاوزیّ کردنەوە هەیەو، هەندیّ لە فیمینیستەکان لەو باوەڕەدان کە هەرئەم جیهانبینی و توانایی و ئەرزشانە دەبنە هۆی جیاواز بوونی ژنێتی و، لە هەموو کۆمەلّگاکانیشدا دەبیّ پێگەیەکی گرینگتریان بۆ تەرخان بکرێت.

لە فەسلّی چوارەمدا زیاتر، قسە لەسەر باسە فیمینیـستییەکانی سـەبارەت بە زاوزیّکردن و دایکایەتی کردن دەکەین. بەلاّم لە هەر کوێیەکدا باسی جیـاوازی بکرێت، پێویستە قسە لەسەر دایکایەتی کردنیش بکرێت، چـوونکە لای زۆرکـەس،

[1]- Shulamith Firestone



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دایکایەتی کردن، خاڵی دەسپێکی جیاوازی نێوان ژن وپیاوە. ئەگەر دایکایەتی کردن، لە پێکهێنانی جیاوازیی نێوان ژن و پیاودا، بەمەسەلەیەکی گرینگ لە قەڵەم درابێت، لەو حاڵەتەدا روونکردنەوەی ئەم مەسەلە کە بۆچی ژنان دایکایەتی دەکەن، یەکجار گرینگ و پێویستە.

ئەوە مەسەلەیەکە کە نانسیچۆدۆرا[1] لە کتێبەکەیدا بەناوی « بەرهەم هێنانەوەی دایکایەتی کردن[2]» (١٩٧٨)، خۆی پێوە خەریك کردووە. چۆدۆرا بە تەواوەتی هەوڵی ئەوە ئەدات بزانێت بۆچی دایکان، دایکایەتی کردن هەڵدەبژێرن؟ هەروەها ئەم تەسەورەش رەت دەکاتەوە کە دایکایەتی کردن، مەیلێکی خۆڕسك و سروشتییە و هەروەها ئەم تەسەورەش کە دایکایەتی کردن، تەنها دەرەنجامی بە مەرجیکردنی (شەرتی کردن) کۆمەڵایەتییە، چوونکە هەروەك ئەودەڵێ، مانای شاراوەی قسەیەکی لەوجۆرە، ئەوە دەبێت کە ژنان سەبارەت بە دایکایەتی کردن، مافی هەڵبژاردنیان هەبوو و [ ئەو مافە لە ئیختیاری خۆیاندا بوو ]. لە جیاتیدا، بەر لەوەی کە ئینسانەکان هێندە گەورە بووبن کە بتوانن هەڵبژاردنێکی (انتخاب) مەعقوول ئەنجام بدەن، جیاوازییەکی ئاشکرای جنسییەتی و جۆرە دابەش کردنێکی رۆڵەکان لە نێوان ژناندا کە دایکایەتی دەکەن و پیاوان کەنایکەن، لە ئارادایە.بەڕای چۆدۆرا حەز بە دایکایەتی کردن، بەشێکە لە مەیلی حەزکردن بە ژن بوون، کە کچان هەر لە سەردەمی مناڵییەوە بۆ خۆیانی دروست دەکەن. لە راستیدا، ئەم مەسەلەیە لە

---

١- Nancy chodorow

٢- The reproduction of mothering



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەمەنێکی هێندە کەمدا ڕوو ئەدات کە ناتوانرێت بە بەشێك لە هەڵبژاردنێکی ئاگایانە لەقەڵەم بدرێت، بەڵکوو زیاتر وەك هەڵبژاردنێکی نائەنقەست وایە. دابەشکردنی کار لە ڕووی ڕەگەزو بنەماڵەوە کە تیایدا ژنان دایکایەتی دەکەن و زیاتر لە پیاوان سەرقاڵی پێوەندییە سۆزاوییەکان و هەروەها پێوەندی نێوان تاکەکانن، دەبێتە هۆی دابەشکردنی توانابییە ڕۆحییەکانەوە، هەر ئەو کچ و کوڕانە درێژە بە بەرهەم هێنانەوەی دابەش کردنی کار لە ڕووی ڕەگەز و بنەماڵەوە ئەدەن و لە ڕاستیدا درێژە بە کارەکانی دایك و باوکیان ئەدەن. بەرهەم هێنانەوەی دایکایەتی کردن هەر لەیەکەمین پێوەندییەکانی دایك و مناڵەوە، لە قۆناغی « پێش ئۆدیپی »دا دەس پێ دەکات. کچ لە جنسییەتی دایکی چۆن تێدەگا، لە جنسییەتی خۆشی بە هەمان شێوە تێدەگاو، لە ڕاستیدا هەردووکیان بەیەك دەشوبهێنێت، لە کاتێکدا کوڕ، هەست بەوە دەکات کە پێویستە پێوەندی خۆی لەگەڵ دایکیدا بپچڕێنێت و لە ڕووی عاتیفییەوە پێی وابەستە نەبێت. مانای ئەم جیاوازییە لەگەشە کردنی ڕۆحی ـــ ڕەگەزیدا، ئەوەیە کە کوڕ بە شێوەیەك پەروەردە و گۆش دەکرێت کە بتوانێت پێوەندی قووڵ لە گەڵ ئەوانیتر دا بمەزرێنێت و هەروەها بتوانێت خاوەن ئەرزشگەلێکی لێبڕاوانەتر و ڕەقابەت ئامێزانەتر بێت بۆ ئەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتن بەدەس بهێنێت، بەلاّم کچان بە شێوەیەك پەروەردەو گەورە دەکرێن کە بتوانن بۆجارێکیتر توانابییەکانی دایکانیان لەمەڕ پێوەندی کردن بەوانیترو، بەخێوکردن و دایکایەتی کردن، بەرهەم بهێننەوە. ئەم تایبەتمەندییانەی دایکایەتی کردن، لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بواری گشتیدا بەکەم گیراون، بەڵام چـۆدۆرا لـەو باوەڕەدایـە کـە ئەگـەر ژنـان و پیاوان هێندەی یەك و بە یەکسان دایکایەتییان بکردایە، لـەو حاڵەتـەدا ئیـدی کچان و کوڕان بەو تایبەتمەندییە جیاوازانەوە بار نەئەهێنران و، پیـاوان زیـاتر هەستیان بە میهرەبانی و دلۆڤانی لە بەرانبەر ئـەوانیتـردا دەکـرد و ژنـانیش، سەربەستتر و ڕەقابەت پیشەتر دەبوون.

فیمینیستەکانیتر، وەك چۆن ڕەخنەیان لە ئیـستدلالەکانی گیلیگـان بـۆ داکۆکی کردن لە سیستمێکی ئاکاریی بەرپرسـیارێتی و چـاودێری کـردن دەگـرت، بەهەمان شێوەش ڕەخنەیان لەم ڕێگەچارەیەی « ڕاهێنانی دوالیـزم[1] » و هـەروەها بەشدارکردنی ژن و پیـاو لـە ڕۆڵـەکان و بـەهاکانی دایکایـەتیکـردن گرتـووە. ئەوانەش کە دژی بیروڕاکانی چۆدۆران، لـەوباوەڕەدان کـە بەچاوپۆشـیکـردن لـە جەختکردنی چۆدۆرا لەسەر بنەماڵە سپی پێستەکانی چینی مامناوەندی و کەواتە کەوتنەداوی نەتەوە تەوەرییەوە، تیۆرەکەی ئەو، لە ڕادەبـەدەر لەسـەر کـارکردی ڕۆحی ـ ڕەگەزی بنەماڵەدا دەسووڕێتەوە و هێزە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکانیتر، یان نادیدە، یان بەکەم دەگرێت. بەڵام بە پێی قسەکانی ڕۆزماریتانگ، سـەرەڕای ئەوە کە توێژینەوەکانی چۆدۆرا و گیلیگان، کەموکوڕیگەلێکی ئاشکرایان تێدایـە، بـەڵام ئـەوانیش وەك زۆربـەی ئـەو فیمینیـستانەی کـە بـەدوای دۆزینـەوەی سەرچاوەکانی جیاوازی نێـوان گەشـەکـردنی ڕۆحیـی ژنـان وپیاوانـدا دەگـەڕێن، مەسەلەگەلێکیان هەڵبژاردووە کە لەگەڵ زۆربەی پێشبینییە ئاسـاییەکانی ئێمـە

---

[1]- dual Parenting



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەبارەت بە رەفتاری سێکسی، دایکایەتیکردن و رەفتاری ئاکاریدا تەبان و یەك دەگرنەوە(١٩٩٢:١٧١).

## لە سەرووی باسی یەکسانی و جیاوازیدا

لەم بەشەدا جەخت لەسەر هەندێك لەو شێوە ڕادەربڕینە فرەچەشنانەی فیمینیستەکان کراوە کە سەبارەتن بە جیاوازی و ئەو ئامرازانەی کە فیمینیستەکان لە ڕێگەیانەوە هەوڵیان داوە بەمەبەستی یارمەتیدانی رەوتی رزگارکردنی ژنان، بەسەر روانگە سوننەتییەکانی جیاوازی رەگەزیدا زاڵ بن. بە بیروڕای هەندێکەس، سەرجەم باسی یەکسانی ـ جیاوازی، ئێستاکە بۆ ئامانجی فیمینیستی، لایەنە خراپەکانی زیاترە وەك لە لایەنە باشەکانی [ واتە شەڕی لە خێری زیاترە ]. بۆنموونە، جوان‌ئسکات[١] لەو باوەڕەدایە کە هەردوو جەمسەری دژبەیەکی « یەکسانی و جیاوازی » لە دژایەتییەکی دوالیزمدا چڕ بوونەتەوە و ئەم دژایەتییەش (تچاد)، لە ریزی ئەوانەدایە کە دەبێ فیمینیستەکان شیکارییان لە سەربکەن.

ئێمە لە جیاتی ئەوەی کە، والە شیکردنەوەو ڕاوتەگبیرەکانی خۆمان بکەین کە وەك بڵێی ئەم دووانە، هەتایی و حەقیقین، دەبێ ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا ئەم بە دووفاقی کردنەی یەکسانی و جیاوازی، هەڵگری چکارکردێکە؟ لە جیاتی مانەوە لە حەساری زاراوەکانی ئەم گوتارە سیاسییەی ئێستادا، دەبێ

---

١- Joan Scott



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەوزاراوانەی سەرەوە بخەینەبەر رەخنەوتاوتویٚ کردنەوە. تاکاتێك کە چۆنیەتی پێکهێنان، یان سنووردار کردنی ماناگەلێکی دیاریکراو بە هۆی چەمکەکانەوە تێنەگەین، ناشتوانین بە ئارەزووی خۆمان کاریان لیٚ بکێشین و کەڵکیان لیٚ وەربگرین(١٣٩:١٩٩٠).**

**باسەکەی ئسکات سەبارەت بە شیکردنەوەی دژایەتی دوالیزمی یەکسانی و جیاوازی، ئەگەر بە مجۆرە تێیبگەین کە ئەو دابەشکردنە [بەیەکسانی و جیاوازی] بەمانای ئەوەیە کە ژن و پیاو هەم وەك یەکن و هەمیش لێك جیاوازن، شتێکی قەناعەت پێکەرە. کاریگەرێتی ئەم جۆرە پۆلێنکردنە ناتەواوەی «دژایەتی» (تچاد)، رێگرتن دەبێت لە بەردەم دەسنیشانکردنی جیاوازییەکان لەناو دووگرووپی ژن و پیاودا، هەروەها شاردنەوەی شێوەکانی دەرك کردن و پیشاندانەوەی جیاوازییەکانی نێوان ژنان و پیاوان لە درێژەی سەدەکان و لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا. هەرچەند پێدەچێت سەرەڕای تێکۆشانی بەردەوامی فیمینیستەکان بۆ تێپەڕاندن لە مەسەلەی جیاوازی و یەکسانی، ئەو پرسیارەی کە لەگەڵ ئەم باسەدا ورووژاوە، جارناجار و ئەڵبەتە هەرجارە و بە شێوەیەك، قوت دەبێتەوە. بۆ نموونە، من پێشتر قسەم لەسەر یارمەتیدانی ماڵیی بۆ زایین (مناڵبوون) کرد و ئەوەشم باس کرد کە ئایا دەبیٚ ئەو یارمەتیدانە بە مافێکی تایبەتی بۆ ژنان لەقەڵەم بدرێت، یان وەکوو هەر یارمەتیدانێکیتری ماڵی (تایبەت بە نەخۆشییەکان) لەقەڵەم بدرێت کە هەم ژنان بگرێتەوەو هەم پیاوان؟ ئەمە ڕەنگە هەر ئەو شتە بێت کە، باسی یەکسانی و جیاوازی ــ بە هۆی گۆڕانی**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەردەوامی پۆلێنکردنەکەیەوە ـــ هێنــدە خــۆڕاگرترو بــەردەوامتــر دەکــا. جیــا لەوەش، پێدەچێت بە تێپەڕینی زەمەن، ئەوانەی کە لە لایــەکی قــسەوباسەکاندا بوونە، دەچنە ریزی ئەو لایەنەکەیترو، بە پێچەوانەشەوە. [واتە گــۆڕان بەســەر بیروڕاکانیاندا دێت]. ڕەنگە تەنانەت فیمینیستەکان، کاتێ قسە لەسەر مەســەلە جۆراوجۆرەکان دەکەن، دەرك بــەوە بکــەن کــە لــەناو هەڵوێــست و روانگەگــەلێکی جۆراوجۆردا گیریان کردووە و دوچاری شپرزەیی فیکریی بوونە. هەرچەند ئــسکات و ئەوانی دیکەش، لەوباوەڕەدان کە ئەم باسە، بە هۆی ئەوە کە لــە ســەرنجدان بــە مەســەلە راســتەقینەکان دوورمــان دەخاتــەوە، زیــان لــە ئامــانجی فیمینیــستی دەگەینێت، ڕەنگە ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت کە ئەم باسە بەو چاوەوە ببیــنین کــە بەڕاستی شتێکی بەهادارە و فیمینیستەکان ناچار دەکا ئــەو پرســیارە لــە خۆیــان بکەن کــە لــە پێوەندیــدا لەگــەڵ مەســەلەگەلێکی دیــاریکراودا، چهەڵوێــستێك وەربگرن؟ نابێ یەکسانی و جیاوازی، بە جۆرە باسێك لەقەڵەم بدەین کە نەگۆڕەو بە هیچ شێوەیەك ناتوانین گۆڕانی بەسەرا بێنین، چوونکە لــەو حاڵەتــەدا مــرۆڤ ناچار دەبێ داکۆکی لە لایەنێك بکات و لە دژی لایەنەکەی بەرامبەری بێت. قسەی من ئەوەیە کە فیمینیستەکان هەمیشە لە ڕێگەگەلێکی جۆراوجۆرەوە لە چوارچێوەی یەکسانی و جیاوازیدا باس لەسەر مەسەلەکان دەکەن و کەواتــە، ئــەم باســە لــە راستیدا دەتوانێ لە زۆر بواری دیکەشدا بە کار بێت و کەڵکی هەبێت. هەروەك ئان سنیتۆ(٣١:١٩٩٠) دەهێنێتەوە یادمان:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەگەر ئەم دابەشکردنە بۆ مێژووی فیمینیزم گرینگ بێت، فیمینیستەکان دەبێ بە سینگفراوانییەکی زیاترەوە قبووڵی بکەن، بەڵام ئەم پانتاییە پەرەسەندووە، کارێکی وا ناکات کە مرۆڤ سەبارەت بەو دابەشکردنە، هەڵوێستێکی تایبەتی وەرنەگرێت و بێلایەن بێت. من بە پێچەوانەوە بە خستنەڕووی ئەم خاڵە کە هیچ ڕێگەچارەیەك لە بەردەمدا نابێت بۆ ئەم مەسەلەیە، هیوادارم خوێنەر هان بدەم دەرك بە گرنگایەتی دەرەنجامی کارەکەی خۆی بکات و هەروەها هانی بدەم دەس بکات بە هەڵسەنگاندنی ئەو مەسەلەیە کە ئەم بڕیارە سیاسییە، وەك ئامرازێك بـۆ بنـەبڕکردنی سـەرکوتکردنی ژنـان، چ دەسـەڵات و توانایـیـەکی هەیـە؟ فیمینیستەکان بەهۆی نووسین دەربارەی واژەنامەکان( قـامووس) و پێکهاتـە جۆراوجۆرەکانەوە، عادەتیان بە وێناکردنی ئەم خاڵی جیاوازییـە کـردووە و پێیڕاهاتوون، ــ ئەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییە کە هەرهەموویان وەکوویەك وان، بەڵکوو دەمەوێ جەخت لەسەر لێكجیاواز بوونیان بکـەم. هەرمەسـەلەیەك، پـۆلێنبەندییـەکی تـازەو گێڕانـەوە(روایـت)یـەکی تـازە لـە بیروبـاوەڕە فیمینیستییەکانی لێدەبێتەوە و زۆربەشیان پێویستیان بەوە هەیە کە دەس بکەن بە تێکۆشانێکی ناوەکی و هەروەها دەرەکی، سەبارەت بە ئامانج و مێتۆدەکان. هەرچەند ئاشکرایە کە ئێمەش خەو بە ئاشتی نێوان فیمینیستەکانەوە ئەبینین و حەز دەکەین یەك بگرنەوە، چوونکە ئێمە لە خوشکایەتیماندا لەبەرانبەر ئەو دووبەرەکییانەی کە چەندینجار ئێمەی لە برایەتی نائومێد کردووە، خۆڕاگری ئەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەناو خۆماندا درێژە بەو باسە بدەین و لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەری بەردەوام بین. تەنانەت دەبێ بە جدییەتەوە پێشوازیشی لێبکەین. ئەو کێشمەکێشەی کە «جیاوازی» ئەهێنێتە ئاراوە، نەك تەنها دوژمنی ئێمە نییە بەڵکوو هێزێکی دینامیکە کە ژنگەلێکی جۆراوجۆر و لێك جیـاواز بەیەکـەوە دەبەستێتەوە. فیمینیزم هەڵگری هەموو تەنگژە گرینگەکانی ئەزموونی مۆدێرن و هەروەها نهێنییەکانی «شوناس»ەوە، بەتەواوەتی لە باسەکانیدا دەردەکەون. هرووژمی رێکنەکەوتنەکانی ناو فیمینیزم، بەشێکە لە توانایی هەتاییەکەی بۆ وەرچەرخاندن (منقلب) و سەرقاڵ کردنی ژمارەیەکی زۆری پیاوان بە دایلۆگێکی گەلەك گشتیتر و بەرفراوانتر لە خودی ئەو بزاڤە [واتە فیمینیزم ]. ئـەم جیاوازییە دینامیکە فیمینیستییە، لە بواری جیاوازیدایە و جیاوازییەکانی نێوان ژنان ئاشکرا دەکاو، هەروەها ئەو پێویستییەش دەسـەلمێنێ کـە ئێمـە دەبێ جارناجارێك ئامانجێکی هاوبەشمان هەبێ و خەباتی بۆ بکەین.

لەبەشەکانی دواییـدا، دەمانـەوێ قـسە لەسـەر ئـەوە بکـەین کـە چـۆن فیمینیستەکان سەبارەت بە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە جیاوازی و یەکـسانییەوە، دووبەرەکی دەکەوێتە نێوانیان و هەروەها قسە لەسـەر گـۆڕانی ئـەو یەکێتییـەی نێوان فیمینیستەکان لە هەندێك لـەو بوارانـەدا دەکـەین کـە بـۆ ژنـان یـەکجار گرینگن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ٢

# فیمینیزم و کاروباره سیاسییەکان: خەباتکردن بۆ مافی هاوڵاتیبوونی ژنان

هەرچەند دەتــوانین فیمینیــزم بــە هــۆی هــەوڵ و تێکۆشــانەکانییەوە بــۆ پێناسکردنی هەموو جۆرەکانی سەرکوتکاری و هەروەها کاریگــەری دانــان لەســەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بە بزاڤێکی تەواو سیاسی لەقەڵەم بدەین بەڵام پێوەندییــە فیمینیستییەکان لەگەڵ «کاروبارە سیاســییەکاندا» ـــ ئەگــەر زاراوەی نــاوبراو، بەپێی پێناسکردنە سوننەتییەکەی، بەمانای بواری ڕەسمی سیاسەت وەربگرین ـــ پێوەندیگەلێکی دژوار و پێچاو بوونە. لە لایەکەوە فیمینیــستەکان هــەوڵیان داوە کۆتایی بە ڕەوتی دوورخستنەوەی بەردەوامی ژنان لە دەزگا سیاسییە رەسمییەکانی حکوومەت و کورسییەکانی دەسەڵات بێنن و، لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەکیترەوە، ئەم باسەیان خستۆتەڕوو کە ئەو بنەما تیۆرییانە (نقــری)ی کــە ئــەم دەزگایانــەیان لەسەر دامەزراوە، کــەموکوڕییــان هەیــەو، جیالــەوەش، پێنــاسکــردنی کاروبــارە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیاسییەکان، دەبێ لەو دەزگاو مەسەلانەی تێپەڕێنێت کە بەشێوەی سوننەتی، بەتەنها بەرپرسیاری ئەو کاروبارانە لەقەڵەم دراون [واتە دەبێ بوارەکانیتریش بگرێتەوە] ـ بۆ نموونە، بنەماڵەو پێوەندییە تاکەکەسییەکان. لەم فەسڵەدا سەرەتا بە تاوتوێ کردنی توێژینەوە فیمینیستییەکانی سەبارەت بە دوورخستنەوەی ژنان لە سیاسەتی ڕەسمی و، پاشان لە درێژەی باسەکەدا بە قسەکردن لەسەر پێناسکردنە جۆراوجۆرە فیمینیستییەکان لەسەر «کاروبارە سیاسییەکان» و شیکردنەوەی ئەو ڕێگانەی کە فیمینیستەکان بۆ بەدەست هێنانی مافی هاوڵاتیبوونی تەواوی سیاسی ژنان گرتوویانەتە بەر، ڕەخنەفیمینیستییەکان لەسەر کاروبارە سیاسییەکان و هەروەها پێوەندی نێوان خودی فیمینیستەکان لە گەڵ ئەم کاروبارانەدا تاوتوێ دەکەین.

ئەم ڕاستییە کەژنان لە توانای بەگەڕخستنی دەسەڵاتی سیاسی بێبەشن، خاڵی دەسپێکردنی زۆربەی توێژینەوە فیمینیستییەکان لەسەر سیاسەت پێك دێنێ. دیمۆکراسییە ڕۆژئاواییەکان لە بەشێکی هەرەزۆری مێژووی خۆیاندا، مافی دەنگدانیان بۆ ژنان بەڕەوا نەزانیوەو هێشتا لەناو دەزگا ڕەسمییەکان و ئەنجومەنەکانی بڕیاری سیاسی لە سەرتاسەری جیهاندا، ژمارەی نوێنەرانی ژن یەکجار کەمە. بەمجۆرە، دەتوانین بە جورئەتەوە ئەوە بڵێین کە سیاسەت (یان بەلانی کەمەوە سیاسەتی ڕەسمی) چالاکییەکی لەژێر دەسەڵاتی ڕەگەزی نێردا بووە و تا هەتایە هەر ئاواش دەبێ. هەر وەك براون[١](١٩٨٨:٤) دەڵێ:

---

١- Brown



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**سیاسەت بە درێژایی مێژوو، زیاتر لە هەموو جۆرە چالاکییەکانیتری مرۆڤ، شوناسێکی بەتەواوەتی نێرینەیی هەبوە. هەروەها زیاتر لە هەموو بوارێکیتری چالاکییەکان، تایبەت بە پیاوان بوە و لەچاو زۆربەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەرچی زیاتر و ئاگایانەتریش بە دەست پیاوانەوە بوە.**

فیمینیستە ئەورووپی و ئەمریکییەکان، بە هۆی بەدواداچوونی مەسەلەی دوورخستنەوەی ژنان لە سیاسەتەوە بگرە تا خودی سەرچاوەکانی تیۆر و دەزگا سیاسییە رۆژئاواییەکان، شێوە مێژووییەکانی بێبەشکردنی ژنان لە بەدەست هێنانی مافی هاوڵاتیبوونی تەواوی سیاسی لە دەزگا دیمۆکراتیکە رۆژئاواییەکانیان خستۆتە بەر راڤە و لێکۆڵینەوەوە. مافی دەنگدان، یان بەشداریکردن لە بڕیارەسیاسییەکاندا، بە شێوەگەلێکیتریش لە ژنان درێغ کراوە، چوونکە ئەوان بە ناتەوان و کەم ئەندامتر لەوە لەقەڵەم دراون کە بتوانن شانبەشانی پیاوان لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشداری بکەن. تیۆرسیەن و فیلسووفە سیاسییەکان، هەر لە ئەفلاتوون و ئەرەستۆوە بگرە تا هۆبس و دۆك و رۆسۆ، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ژن وپیاو لە ڕووی سروشتییەوە پێکەوە فەرقیان هەیە. پیاو بە شێوەیەکی سروشتی بە عاقڵتر لەژن لە قەڵەم دەدراو کەواتە شیاوی سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی بوو، ژنانی «بێعەقڵیش» زیاتر شیاوی ژیانی عاتیفی ناوماڵەوە بوون. هەرچەند ئەم جۆرە باسانە کە ژنان بە شێوەیەکی سروشتی، بە شیاوی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی نازانن، کەم، یان تەعدیل



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کراونەتەوە، بەڵام ئەمڕۆکە فیمینیستەکان ئاماژە بە بێبەشبوونی بەردەوامی ژنان لە مافی هاوڵاتیبوونی تەواوی سیاسی دەکەن، بێبەشکردنێك کە دەتوانین هەرلەناو تیۆرگەلێکی بنەڕەتی سەبارەت بە دەوری شیاوی ژنان لە کۆمەڵگاو هەروەها لە داگیرکردنی هەمیشەیی پێکهاتەکانی دەسەلاّت لە لایەن پیاوانەوە، بەدوای سەرچاوەکانیدا بگەڕێین. لە بەدواداچوونی سەرچاوەکانی دوورخستنەوەی ژنان لە قەڵەمڕەوی سیاسی، تیۆرسیەنە فیمینیستەکان، ئەو ژێرخانە تیۆرییانە (نقری) کە دەزگا دیمۆکراتیکە رۆژئاواییەکانیان لەسەر دامەزراوە بە تەواوەتی خستۆتە ژێر تیغی رەخنەوە، بەتایبەت دابەشکردنی نێوان دووبواری گشتی و تاکەکەسی، کە لەناو تیۆرە لیبراڵی و کۆماریخوازەکاندا و هەروەها جۆری راڤەکردنیان لەسەر تاکی هاوڵاتیدا شاراوەتەوە.

## دوو بواری گشتی و تاکەکەسی

هەردوو سوننەتی لیبراڵ و کۆماریخواز، جەختیان لەسەر دابەشکردنێکی بنەڕەتی لە نێوان بوارە گشتی و تاکەکەسییەکاندا کردووە. لە سوننەتی لیبراڵدا، بواری تاکەکەسی، بە قەڵەمڕەوی خسووسی تاکەکان لەقەڵەم ئەدرێت، شوێنێك کە پیاو تیایدا هیچ گوشارێکی دەسەلاّتی حکوومەتی لەسەر نییە، لەحاڵێکدا لە سوننەتی کۆماریخوازدا، ئەوە بواری گشتییە کە بە قەڵەمڕەوی ئازادی راستەقینە دەژمێردرێت، چوونکە پیاو لەوێدا سروشتی مرۆڤانەی راستەقینەی خۆی، لە رێگەی مافەکانی هاوڵاتیبوون و بەشداریکردنی چالاکانەوە بەدەست ئەهێنێ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەلاّم لە هەردوو ئەم سوننەتەدا، ژنان بەرەو بواری ژیانی تاکەکەسی راپێچکـراون ــ بۆ بنەماڵە، کە بە شوێنێکی گونجاو بۆیان لەقەڵەم دەدرێت ــ و، ئـەم بـوارە تاکەکەسییەی ژیـانی خێزانیـی، بـە بـوارێکی لـە دەرەوەی ئـەرکی یاسـادانەران لەقەڵەمڕەوی گشتیدا لە قەڵەم دراوە. یەکێك لە رەخنەگرینگە فیمینیـستییەکان لەسـەر تیـۆری «بڕیـاری لیبراڵـی»، باسـەکەی «پاتمـەن[1]»ە(١٩٨٨) کـە دەڵـێ: تیۆرسیەنەکان لەکاتی قسەکردن لەسەر بڕیاری کۆمەڵایەتیدا، بڕیاری رەگەزییان نادیدە گرتووە کە بناغەی ژێردەست بوونی ژنانە. ئەو، پێـی وایـە کـە ئـازادیی پیاوان و بەکۆیلەکردن و گوێڕایەڵ کردنی ژنـان، هـەردووکیان بـە هـۆی بڕیـاری سەرەکییەوە هاتوونەتە ئاراوە و ئەو ئازادییە مەدەنییـەش کـە هاتۆتـە ئـاراوە، تایبەتمەندییەکی نێرینەیی هەیە و پـێ لەسـەر مافـەکانی پیـاوان دادەگرێـت. بەلاّم ئەم ئازادییە مەدەنییانە لە ژنـان، کـە وا دادەنرێـت بـە شـێوەی سروشـتی تایبەتمەندی و تواناییەکانی «تاك»یان تیا نییە، درێغ کراوە. کەواتە جیـاوازی رەگەزی، بەمانای جیاوازی سیاسییە، هەروەها جیاوازی نێوان ئازادی و گوێڕایەڵی. بەگشتی وادانراوە کە قەڵەمڕەوی تاکەکەسی، ژێرخانێکی سروشتی و پێویستە بـۆ ژیانی گشتی یا مەدەنی، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا وەك شتێکی پـووچ و بێمانـا کـە تەنها تیۆرسـیەنەکان و سیاسـیکارەکـان، پێـوەی سـەرقاڵن، مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێت. ئەم بارودۆخە لە تیۆری بڕیاری لیبراڵیی مۆدێرندا (بـۆ نموونـە تیـۆری

---

١- Pateman



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

راوڵز[1]) کە جەخت لەسەر جیاوازبوونی هەردوو بواری گشتی و تاکەکەسی دەکا، وەك خۆی ماوەتەوە، هەرچەند فیمینیستەکان لەوباوەڕەدان کە ئەم دوو بوارە پێوەندی تەواویان بە یەکەوە هەیە. بەمجۆرە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ژێردەست بوونی ژنان و مسۆگەرکردنی مافی هاولاّتیبوونی تەواوی سیاسی ئەوان، تەنها بە هۆی ئەم بانگەشەیەوە کە تاکی باس کراو لە بڕیاری کۆمەلاّیەتیدا لە رووی رەگەزییەوە کەسێکی ناکارا (خنپی)یەو هەروەها ئەو مافانەی کە لە رێگەی ئەم بڕیارەوە بەخشراون، بە شێوەیەکی یەکسان هەموان دەگرێتەوە، بە پێی ئەم مەسەلەیە کە بڕیاری ناوبراو پێوەندی دوولایەنەی نێوان هەردوو بواری مەدەنی (گشتی) و تاکەکەسی نادیدە دەگرێت، وەلاّمدانەوەیەکی گونجاو نییە:

ئەم باسە کە باشترین رێگە بۆ بەرەنگاری کردنەوەی پیاوسالاری، ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت جیاوازی رەگەزی لە رووی سیاسییەوە بەشتێکی بێمانا لە قەڵەم بدرێت، بەمانای قبووڵ کردنی ئەم روانگەیەیە کە قەڵەمڕەوی مەدەنی (گشتی) و «تاك»، هیچ جۆرە کاریگەرییەکی جیاوازی قایل بوونی پیاوسالارانەی بە سەرەوە نییە. بەمجۆرە پیاوسالاری وەك کێشەیەکی خێزانیی تاکەکەسی چاوی لێدەکرێ کە ئەگەر یاساو سیاسەتە گشتییەکان بە شێوەیەك لەگەڵ ژناندا رەفتار بکەن کە وەکبڵێی بە تەواوەتی لەگەڵ پیاواندا یەکسانن، دەتوانین بەسەریدا زاڵ بین

(پیتمەن۱۷:۱۹۸۸)

[1]- John Rawls



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فرێس (١٩٩٥) ڕەخنەیەکی لەو شێوەیەی لەسەر بیرکردنەوەی کۆماریخوازی فەرەنسی گرت. هەرچەند ژنان دەورێکی چالاکیان بینی لە شۆڕشی فەرەنسەدا و چالاکانە بەشدارییان کرد، بەڵام ڕژێمی دوای شۆڕشەکە، ژنانی لە مافی هاوڵاتیبوونی تەواوی سیاسی بێبەش کرد. فرێس، ڕوونکردنەوە لەسەر سێ تەوەری دوورخستنەوە [ی ژنان] دەکا کە دەتوانین لە تیۆری دوای شۆڕشدا بیانبینینەوە: بیرکردنەوەی دیمۆکراتیك کە ژنانی لە مافی هاوڵاتیبوون بێبەش کرد؛ بیرکردنەوەی کۆماریخواز کە ژنانی لە مافی دەنگدان بێبەش کرد؛ وە بیرکردنەوەی فیۆداڵی یا پاشایەتیخواز کە نێرینە بوونی دایمی نوێنەرایەتی کردنی دەسەڵاتی سیاسی مسۆگەر کرد [واتە ئەوەی مسۆگەر کرد کە تەنها ڕەگەزی نێر نوێنەرایەتی دەسەڵاتی سیاسی بکات]. خاڵی چارەنووسسازی هەموو ئەم باسانەش، مەسەلەی جیاوازیی ڕەگەزی بوو. هەروەك فرێس ڕوونی دەکاتەوە، دیمۆکراسی، مەسەلەیەکە کە نەك تەنها پێوەندی بە یەکسانییەوە هەیە، بەڵکوو پێوەندی بە شوناسیشەوە هەیە. شوناسی تاکێك کە مافی هاوڵاتیبوونی تەواوی پێبەخشراوە. تیۆرسیەنە دیمۆکراتەکان لەوە دەترسان کە یەکسانی ڕاستەقینەی نێوان هەردوو ڕەگەز، جیاوازییە زەروورییەکانی نێوان پیاوان و ژنان بسڕێتەوە و سەرەنجامیش کێشەو ململانێی نێوان نێر و مێی لێ بکەوێتەوە. یەکسانیی ڕەگەزی دەبوە هۆی ئەوە کە دۆستایەتی جێی عەشق بگرێتەوەو پێوەندییە سێکسییەکان هەڵوەشێنێتەوە. کەواتە پاراستنی سنوورەکانی جیاوازیی ڕەگەزی و جێکردنەوەی ئەم جیاوازییە لەناو یەکسانیی دیمۆکراتیکی مۆدێرندا، یەکجار گرینگ بوو.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

«لەکاتی لە دایك بوونی دیمۆکراسیدا»، بە پەراوێزکردنی ژنان، وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ دڵەڕاوکێ قووڵەکانی پیاوان، دڵەڕاوکێ سەبارەت بەوەی کە لەوەبەدوا «ئەویدی» خۆیان لە ژناندا نەبیننەوە، ئەویدییەك کە دەسەڵاتی ئەوانی مسۆگەر کرد ( فرێس٣٣:١٩٩٥) ئەم ئینکار کردنەی یەکسانی راستەقینەی نێوان ژنان و پیاوان لە تیۆری دیمۆکراتیکدا، جەختکردنی کۆماریخوازەکان لەمەڕ جیاکردنەوەی بوارەکانی گشتی و تاکەکەسیشی خرابوویەسەر و، ئەو جیاکردنەوەش بە پێی هێڵەکانی جنسییەت ئەنجام درا. هەروەك رۆسۆ ئەیوت، ژنان «نیوەی گرانبەهای کۆمار» بوون؛ ئەوان شارەزای داب و نەریتەکان بوون و پیاوانیش شارەزای یاساکان بوون. هەر بۆیە ژنان دەبوایە خۆیان تەنها بە کاروبارەکانی ناوماڵەوە سەرقاڵ بکەن و دەستێوەردانی بواری گشتیی سیاسەت نەکەن.

فیمینیستەکان، لەکاتی لەقاودانی (افشاء) دوورخستنەوەی ژنان لە جیهانی سیاسەت، بە ئاماژە کردن بە کرۆکی دەسکردو هەوڵی ئەو سنوورانەی کە لە نێوان بوارەکانی تاکەکەسی و گشتیدا کێشراون، ئەم باسەیان خستەڕوو کە یەکسانی راستەقینە ناتوانێت بە تەنها بە «ئیزافەکردنی» مەسەلەی ژنان بە تیۆرە سیاسییە سوننەتییەکان، بەدەست بهێنرێت، بەڵکوو دەبێ بناغەی ئەو تیۆرانە بخرێتە بەر مشتومڕەوە. رەخنەگرتن لە دابەشکردنی دوو بواری گشتی و تاکەکەسی لە بیرکردنەوەی سیاسی رۆژئاوادا، بوە هۆی ئەوە کە فیمینیستەکانی «شەپۆلی دووهەم» لەدەیەکانی ٦٠و٧٠دا ئەوە رابگەینن کە: «هەموو ئەو شتانەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

که تاکەکەسین، سیاسین». ئەم مەسەلەیە بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر روانگە سوننەتییەکانی سەبارەت بە بنەماڵە و ژیانی تاکەکەسی، وەك بابەتێکی لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی سیاسەتدا و هەروەها بە پشتبەستن بەم ئیستدلالەوە رووی‌دا کە قەڵەمڕەوی تاکەکەسی، لەراستیدا یەکێك لە پێگە سەرەکییەکانی پێوەندییەکانی دەسەلاّت و نایەکسانی رەگەزییە. ئەوان جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە هۆکارە گشتییەکان، بارودۆخە تاکەکەسییەکان دێننە ئاراوە. بۆ نموونە، ژیانی ژنان بە هۆی دۆخی مافی ژن و مێردایەتی، پلان و بەرنامەکانی دەوڵەت دەربارەی سەرپەرشتی و بەخێوکردنی منالاّن، تەرخانکردنی تێچووەکانی بیمە کۆمەلاّیەتییەکان، یاساکانی کارو دابەشکردنی کار لە رووی رەگەزەوە، یاساگەلی پێوەندیدار بە دەسدرێژی کردنی نامووسی، لەبارخستنی منالّ و هەروەها ئازاردانی سێکسییەوە (سادیسم) رێك دەخرێت و مەرجدار و سنووردار دەکرێت. کەواتە، کێشە «تاکەکەسییەکان» تەنها لە رێگەی سیاسی و هەنگاوی سیاسییەوە قابیلی چارەسەر کردنن (پیتمەن١١٧:١٩٩٧). ئەزموونی رۆژانەی ژنان لە کۆمەلّگا پیاوسالارەکاندا، ئەوە دەسەلمێنێت کە هەردوو بواری گشتی وتاکەکەسی، تێکچرژاون و پێوەندی تەواویان لەگەلّ یەکدا هەیەو هەرگیزیش ناتوانین جیاوازییەکی راستەقینە لە نێوانیاندا قایل بین. لەگەلّ ئەوەشدا، فیمینیستەکان ناڕەزاییان دەربڕیوە بەرانبەر پرەنسیبە ئاکارییە هەلّقولاّوەکانی ئەم جیاوازی قایل بوونەی نێوان [بواری] گشتی و تاکەکەسی، کە گوزارشت دەکات لە بوونی دابەشکردنێکی هاوشێوە لەنێوان دادپەروەری (کە بەهایەکی گشتییە) و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرپرسیاریتی و چاودێری کردندا (کە بەهایەکی تاکەکەسییە). کەواتە سنوورێکی ئاکاری کەوتۆتە نێوان [بواری] گشتی و تاکەکەسییەوە (ترۆنتۆ١٩٩٣)و، هەروەك رۆس لیستێر[١](١٩٩٧:١٢٠) دەڵێ: «کەواتە راڤەکردنی ئایدۆلۆژیانەی دابەشکردنی گشتی ـ تاکەکەسی، یارمەتییەکی زۆر دەگەیێنێت بە هێنانەئارای بەرەورووبوونەوەی نێوان دادپەروەری و چاودێری کردن و بەئاسانی خۆدزینەوەی پیاوان لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و چاودێری کردن و هەروەها خزمەتگوازییەکانیتری ژنان».

کەواتە، فیمینیستەکان دابەشکردنی نێوان گشتی و تاکەکەسییان، بەهۆی دەرەنجامە کردەیی و ئاکارییەکانیەوە خستۆتە ژێر رەخنەوە. ئەوان لەو باوەڕەدان کە ژنان، بەهۆی ئەزموونە تایبەتەکانیان لەسەر پێوەندی دوولایەنەی نێوان ئەو دوو بوارە بەناوجیاواز و هەروەها بە هۆی راپەڕینیان لە دژی دوورخستنەوەیان لە بواری سیاسی و، بە مەبەستی پێشدەسی کردن لە گرتنەبەری رێو شوێنێکی تیۆرانە و کردەیی لە سیاسەتدا، کە سنوورە بەرتەنگەکانی سیاسەتی پێشووی بەرفراوان کردووەو، کەواتە سنووری نێوان [قەڵەمڕەوی] گشتی و تاکەکەسی بردۆتە ژێر پرسیارەوە، پێگەو بارودۆخێکی لەباریان هەبوە. فیمینیستەکان، لە ئاستێکی تیۆرانەدا و بە پشت بەستن بە پێوەندییەکانی دەسەڵاتەوە، جۆرەکانی کاریگەری دانانی بواری «گشتی» سیاسەت لەسەر ژیانی تاکەکەسی ژنان و هەروەها جۆرکانی رەخساندنی دۆخی لەبار بۆ سەرکوتکاری و دەسەڵاتدارییان لە

---

[١]- Ruth Lister



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بواری بەناو تاکەکەسیدا خستۆتەبەر شیکردنەوەو ڕاڤەکارییەوە. لە ئاستێکی کردەییدا، فیمینیستەکان ئەوە پیشان ئەدەن کە ژنان وێڕای پێشدەسی کردن و خەباتگێڕییەکی زۆر و فرەچەشن لەبواری ئەو سیاسەتە سیستماتیکەی کە پیاوان ماوەیەکی زۆر تیایدا دەسەڵاتیان بەدەستەوە هەبوە، پێناسکردنە سوننەتییەکانی سەبارەت بە کاروبارە سیاسیەکانیشیان بەرەوڕووی کێشمەکێش و مشتومڕ کردۆتەوە. بۆ نموونە، لیستێر(١٩٩٧)بە مەبەستی شیکردنەوەی بەشداری ژنان لە چوارچێوەی کارکردن بە پێی کۆمەڵگای ناوچەیی و هەروەها شێوە سوننەتییەکانیتری بەشداریکردن، کە بەتەواوەتی لە ژێر دەسەڵاتی ڕەگەزی نێردا بوونە، قسەوباسێکی تەواو بەبەڵگەوە دەخاتە ڕوو.

بەلاّم لە تیۆری سیاسەتی فیمینیستیدا، دەبێ لە چگۆشەنیگایەکەوە چاو لە دابەشکردنی [بواری] گشتی ـــ تاکەکەسی بکەین؟ ئایا فیمینیستەکان بەگشتی دەیانەوێ خۆیان لەم پۆلێنکردنە بدزنەوە و هەموو بوارەکانی ژیان بە بواری گشتی لەقەڵەم بدەن؟ یان ئایا «هەموو ئەو شتانەی کە تاکەکەسین، سیاسین»، بەو مانایەیە کە فیمینیستەکان دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی و تایبەتی تاکەکان بەڕەوا دەزانن؟ لە ڕاستیدا ژمارەی ئەو فیمینیستانەی کەلەو باوەڕەدا بوون دابەشکردن بە «گشتی» و «تاکەکەسی» دەبێ بە تەواوەتی هەرنەمێنێت و پێیان وابوە لەبەر ئەوەی کە دابەشکردنی ناوبراو، ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی پاراستنی دەسەلاّتی نێرینەدا بوە، دەبێ بناغەی هەردوو بواری گشتی و تاکەکەسی هەڵتەکێنرێ، یەکجار کەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوە. کەسانیتریش بە مەبەستی بنیاتنانەوە و سەر لەنوێ بەرقەرارکردنەوەی دابەشکردنی ناوبراو، داکۆکیان لە دانانی سنوورگەلێکی سازگار لەگەڵ پێوەندییە ڕەگەزییەکاندا کردووە، پێوەندیگەلێکی لەسەر بنەمای یەکسانی، نەك داگیرکاری. هەروەك لیستێر ڕوونکردنەوەی لەسەر دەکا، ئەم سەرلەنوێ بەرقەرارکردنەوەی دابەشکردن بە «گشتی» و «تاکەکەسی»، سێ هۆکار لەخۆ دەگرێت: یەکەم «هەڵوەشاندنەوەی بەها ڕەگەزاوی کراوەکانی (بەجنسیکراو) هەر دوو بواری گشتی و تاکەکەسی، بەشێوەیەك کە تەنها تایبەتمەندییە ڕەگەزاوی کراوەکانی «جیاوازی قایل بوون» و تایبەتمەندییە پاشکۆکانی هەردوو بوارەکە لەناو بچن، نەك خودی جیاوازی قایل بوون »(١٢١:١٩٩٧). دووهەم، دژایەتیکردنی جیاوازی قایل بوونی لێبڕاوانەی ئایدۆلۆژیانەی نێوان بواری گشتی وتاکەکەسی، بە هۆی جەخت کردن لەسەر شێوە فرەچەشنەکانی یەکتری داپۆشین و تەعامولی نێوان ئەم دوو بوارە. سێهەم، دان پێدانان بەم مەسەلەیە کە سنوورەکانی نێوان هەردوو بواری گشتی و تاکەکەسی، سوباتییان نیەو بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندان و دەتوانرێ بەردەوام خەباتیان بۆ بکرێت. کەواتە هیچ پێناس کردنێك لەسەر سنووری گشتی ــ تاکەکەسی، ناتوانێت نەگۆڕو هەمەکی بێت، بەڵکوو بەمەبەستی بەرپرچدانەوەی گۆڕان و وەرگۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، هەمیشە لە حاڵەتی گۆڕاندا دەبێت. بەمجۆرە ڕەنگە شیکردنەوەیەکی تایبەتی لەسەر شێوەکانی کاریگەریدانانی سیاسەتە تایبەتە حکوومەتییەکان لەسەر پێگەی ژنان لە کۆمەڵگادا، باشتر و بەکەڵکتر بێت، وەك لە هەوڵدان بۆ بەدەستەوەدانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێناسکردنێکی تازەی ئەم سنوورانە: «جیاوازی قایل بوونی نێوان بواری گشتی و تاکەکەسی، شتێکی مانادارە، بەڵام ئەرکی گرینگ لێرەدا روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیەیە کە، ئەم دوو بوارە بە کردەوە چمانایەکیان هەبە؟»(١٩٨٧:١٠٨) یەکێك لەو بوارانەی کە ئەم شیکردنەوە ئاشکرایەی ئەم ساڵانەی دوایی، بەتەواوەتی پێوەی سەرقاڵ بوە پێوەندی ژنان لەگەڵ سیستمی خۆشگوزەرانی (ریفاه) کۆمەڵایەتی و شێوەی کاریگەری دانانی کەمبوونەوەکانی بووجەی دەوڵەت لە بواری بیمە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەسەر ژیانی ژناندابوە. ئێمە دواتر هەرلەم فەسڵەدا دەگەڕێینەوە بۆ ئەم مەسەلەیە.

## ژنان و بەشداریکردنی سیاسی: خەبات بۆمافی دەنگدان

یەکێك لە دەرەنجامەکانی رەخنە فیمینیستییەکان لەسەر دابەشکردنی گشتی ــ تاکەکەسی و جۆری پێكهێنانی ئەم دابەشکردنەو، پێناسکردنی یەکجار بەرتەسکی کاروبارە سیاسییەکان بە دەزگا سیاسییەکان، خۆ دوورخستنەوەیە لە کارکردن لەگەڵ ئەم دەزگایانەو سەرقاڵ بوون بە شێوە کەمتر رەسمییەکانی چالاکی سیاسی و کردەخوازی سیاسییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەموو ئەو ماوەیەی کە ژنان دەرگیری شێوە ئەڵتەرناتیڤەکانیتری چالاکی سیاسی بوونە، گرووپە جۆراوجۆرە فیمینیستییەکان بەردەوام بە مەبەستی چوونەناو بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی رەسمیدا، گوشاریان هێناوەو، هەموو جۆرەکانی فیمینیزمیش بەهۆی هەوڵدان بۆ سەلماندن و چەسپاندنی داخوازەکانیان، چلەناو کاناڵە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیاسییە سوننەتییەکاندا بێت، یاخود لە دەرەوەیاندا، تووشی پەراکەندەیی و دووبەرەکی کردوونە.

گوشار هێنان بۆ بەشدارکردنی ژنان لە پرۆسەی سیاسی و دەستەبەر کردنی مافی تەواوی هاولاتیبوونیان چەندین سەدە درێژەی هەبوە، چوونکە هەر لەو کاتەوە کە تێزی «مافەکانی پیاو» لە ئەورووپاو ولاتە یەکگرتوەکاندا لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا بلاو کرایەوە، ژنانیش هەستان بە داواکردنی مافگالێکی یەکسان بۆ خۆیان. بۆ نموونە، ئۆلۆمپدوگوژ شۆرشگێری فەرەنسی، لە سالی١٧٩١دا لە وەلامی کتێبی «جارنامەی مافەکانی پیاو و هاولاتی[١]» شۆرشی(١٧٨٩)، کەتیایدا ژنان بێبەش کرابوون لەوەی کە وەك هاولاتییەك، چالاکی سیاسی بکەن، کتێبی «جارنامەی مافەکانی ژن و هاولاتی[٢]» بلاو کردەوە. لەم جارنامەیەدا، دوگوژ ئەم باسەی خستەروو کە ژنان بە شێوەی سروشتی، هاوتەرازی پیاوانن، ئەوانیش وەك پیاوان ئینسانن و کەواتە دەبێ لە هەموو ئەو مافانەی کە پیاوان هەیانە، بەهرەمەندبن. قسەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەلێ: «ژن وەك چۆن مافی چوونەسەرەوەی سەکۆی لەسێدارەدانی هەیە، بەهەمان شێوەش دەبێ مافی چوونەسەرەوەی تریبۆنیشی هەبێت» و هەر ئەم قسەیە کاتێك کە خودی دوگوژ بە گیۆتین سەریان بری، بوویە دروشمی یەکبوونی فیمینیستی. دوگوژ، یەکەم، یان تەنها فیمینیستێك نەبوو کە لەکاتی خۆیدا دەنگی هەلبری، بەلکوو بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم، گوشارهێنان لە هەموو روویەکەوە و بە قازانجی مافەکانی

---

١- Daclaration Of The Rights Of Woman and Citizen

٢- Daclaration Of The Rights Of Man and Citizen



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژنـــان، رووی لـــه زیـــادبوون کردبـــوو. ڕەنگـــه بەرچـــاوترین نموونـــەی چـــالاکییه فیمینیستییەکان له دژی دوورخستنەوەی ژنان له بواری سیاسی، بزووتنەوەی مـافی دەنگدان بێت که له ئەوروپاو ولآته یەکگرتوەکاندا، له کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا گەییشته ئەوپەڕی خۆی. لەم سەردەمەدا مـافی دەنگـدان بۆ زۆربەی بزاڤ و خەباته فیمینیستییه جۆراوجۆرەکـان، بـوو بـه سـەمبولێك و، دەتوانین ئاوا بڵێین که پشتیوانی کردن له مافی دەنگدانی ژنـان، گـۆڕا بـه جـۆره «پێوەرێك » بۆ باوەڕه فیمینیستییەکان (دێلمار١٩٨٦). بەهەرحاڵ، مەسەلەی مافی دەنگدان و خەباتکردن له پێناوی مافی دەنگدانی ژنانـدا، نموونەیـەکی بـەرزمان دەخاته بەرچاو سـەبارەت بـەوەی کـه چـۆن مەسـەلەیەکی ــــ وای دابنـێین ــــ «یەکخەر» (یەکێتی بەخش)، دەتوانێ بکەوێته خزمـەتی شـاردنەوەی جیاوازییـه گرینگەکانی نێوان ڕوانگـه جۆراوجـۆره فیمینیـستییەکانەوە؟ فیمینیـستگـەلێکی زۆریش هەبوون که مەسەلەی مافی دەنگدان، بەلایانەوه شـتێکی گـرینگ نـەبوو و هەروەها سەبارەت به باسی مافی دەنگـدانی ژنـان، هەڵوێـستگـەلێکی تیۆرانـه و پاساوهێنانەوەگەلێکی جۆراوجۆر له ئارادا بـوو. بـەڕای زۆرکـەس، بەسـەرنجدان بەوەی که چـین و توێـژێکی زۆری پیـاوانیش لـه مـافی دەنگـدان بێبـەش بـوون، مەسەلەی مافی دەنگدان، تەنها پێوەنـدی بـه «مـافی ژنـان»ەوە نـەبوو، بـەڵکوو پێوەندی به مافی مرۆڤەوە هەبوو. کەواته، ئەم بـواره نـه بـه خـاڵێکی گرینگـی نایەکسانی نێوان ژنان و پیاوان لەقەڵەم ئەدراو، نه بـه بـوارێکی گـرینگیش بـۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامانجی فیمینیستی. بۆ نموونە، میٚری ڤۆلستۆنکرافت بە مجۆرە ئیستدلالی دەکرد کە:

من بەڕاستی لەو باوەڕەدام کە ژنان لەجیاتی ئەوەی کە سەرەڕۆیانە و بە بیٚئەوەی کە مافی بەشداریکردنی راستەوخۆیان لە بڕیارەکانی دەوڵەتدا هەبیٚت و حکوومەتیان بەسەرا بکریٚت، دەبیٚ چەند نویٚنەریٚکیان هەبیٚت. بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەرجەمی سیستمی نویٚنەرایەتی لەم وڵاتەدا، تەنها ڕیٚخۆشکردنە بۆ دیکتاتۆرییەت و هیچیتر، کەواتە نابیٚ ژنان هیچ گلەوگازندەیەکیان هەبیٚت چوونکە ئەوانیش هەر هیٚندە نویٚنەریان هەیە کە چینی بەرفراوانی کاسپکارە زەحمەتکیٚشەکان هەیانە.

(میٚری ڤۆلستۆنکرافت١٦٦:١٩٩٥)

لە لایەکی ترەوە، ئەوکەسانەش کە پیٚیان وابوو مافی دەنگدانی ژنان، مەسەلەیەکی گرینگ و چارەنووس سازە، بە هۆی ئەو پاساوانەی کە بۆ بانگەشەکانیان دەیانهیٚنایەوە، دووبەرەکی کەوتبوە نیٚوانیانەوە و یەکیان نەدەگرتەوە. ئەم ژنانە بەردەوام ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ دۆخی دژواری خەباتکردن بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو بیٚبەشییەی کە هەڵقولاوی پیٚناس کردنە جۆراوجۆرەکانی جیاوازی قایلبوونی ڕەگەزی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیان ئەدا لەڕیٚگەی چەسپاندنی شوناسیٚکی بە کۆمەڵ بۆ پیٚگەی «ژن»، ئەم جیاوازی قایلبوونە رەگەزییە بەهیٚزتر بکەن. هەروەك ئسکات (١٩٩٦:دە) پیشانی ئەدات:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بارودۆخی دوورخستنەوەی ژنان لە سیاسەت، هەوڵ و تەقەلاگەلێکی بە دواوە بوو بۆ بەدەستەوەدانی پێناسەیەکی باوەڕپێکراو لەسەر جنسییەت. ئـــەم بارودۆخـــە، فیمینیـــستەکانی رووبـــەڕووی دۆخێکـــی دژواری لەچارەسەرنەهاتوو کردەوە. ئەم دۆخــە دژوارە، بەشـێوەی باسـگەلێك سەبارەت بە «یەکسانی» و «جیاوازی» بە ئێمە گەیشتووە. ئایا ژنان و پیاوان یەکسانن؟ وە ئایا ئەم یەکسانییە، تەنها بنەمایەکە کە بە پێی ئەو بنەمایە بتوانین داوای یەکسانی بکەین؟ یان ئەوان جیاوازن و بەهۆی ــ یان سەرەڕای ــ جیاوازییەکانیان، شایانی ئەوەن بە یەکسان رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت؟ هەرکام لەم هەل ومەرجانە، شوناسگەلێکی نەگۆڕ و دژ بەیەك بەژنان و پیاوان دەبەخشن و بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ ئـەو پێشگریمانەیە دەسەلمێنن کە رەنگە پێناسەیەکی باوەڕپێکراو بۆ جیاوازی رەگەزی لە ئارادا هەبێت.**

**ئەمە مەتەڵۆکە(معما)یەك بوو کە لایەنگرانی مافی دەنگدانی ژنان ناچـار بوون رووبەڕووی ببنەوە. ژنان بەهۆی جیاوازییەکی دەسکردی رەگەزی، کە پیـاوانی بە عاقڵتر لە ژنان لەقەڵەم ئەدا، لە مافی هاوڵاتیبوونی تەواوی سیاسی بێبـەش کرابوون. بەمجۆرە ژنان بە مەبەستی خـەباتکردن بـۆ ئـەو بێبەشـییە، دەبوایـە بانگەشەی ئەوەیان بکردایە کە لەڕاستیدا جیاواز نین، بـەڵکوو لەگـەڵ پیاوانـدا یەکسانن، هێندەی پیاوانیش عاقڵن و دەشتوانن لە سیاسەتدا بەشداری بکەن. لـە لایەکیترەوە، بە هۆی خـەباتیبەکۆمـەڵ و داواکـردنی مـافی ژنانـەوە، شوناسـی**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆیان وەك «ژن» دەسەلماندو کەواتە زیاتر پەرەیان بەو جیاوازییە باوە ڕەگەزییە دەدا. ئەگەرچی هەندێك لە لایەنگرانی بزووتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان، حەزیان ئەکرد هێندەی بۆیان بکرێت، جیاوازی رەگەزی ئینکار بکەن، ئەوانی‌تریان هەوڵیان ئەدا جەختلەسەر خەسڵەتە تایبەتەکانی ژنان بکەن، کە بەڕای ئەوان دەتوانرا بە بیانوویەك لەقەڵەم بدرێت بۆ بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەتدا.

ئەم باسەجۆراوجۆرانە، هەنووکەش لە دایلۆگی فیمینیستیدا لە ئارادان. چوونکە ئەگەرچی ژنان ( درەنگ یاخود زوو) لە هەموو دیمۆکراسییە ڕۆژئاواییەکاندا مافی دەنگدانیان بەدەست هێناوە، بەلاّم دەرکیان بەوە کرووە کە مافی دەنگدان خۆی لەخۆیدا نابێتە هۆی دەستەبەر کردنی مافی دەنگدان؛ بەلانی کەمەوە بە شێوەیەك کە دڵخوازی لایەنگرانی مافی دەنگدانی ژنان بێت. دیارە یەکێك لەگرینگترین توخمەکانی هاولاّتیبوونی سیاسی، بەشداریکردنەو، لەروانگەی فیمینیستەکانەوە، ئەم بەشداریکردنە بەمەبەستی بەهرەمەندبوون لە ئەرزش و ئیعتبار، دەبێ زیاترلەوەبێت کەتەنها هەرچەندساڵ جارێك بتوانن دەنگ بدەن. یەکێك لە بنەما کێشەسازەکانی هاولاّتیبوونی سیاسی، مەسەلەی نوێنەرایەتییە. ژنان سەرەڕای ئەوەی کە بە پێی یاسا هەم دەتوانن هەڵبژێرن و هەمیش هەڵبژێردرێن، بەلاّم هێشتا لە زۆربەی پەرلەمان و دەوڵەتەکانی سەرانسەری جیهاندا و هەروەها ئەنجومەنەکانی‌تری بڕیاردەرکردندا، لە ئاستی ناوچەیی و نەتەوەییدا، نوێنەری کەمیان هەیە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## بەرفراوانکردنی سنووره سیاسییەکان بەرەولای سیاسەتی نارەسمی

تا رادەیەك بەهۆی کەمتەرخەمی کردنی دەزگا سیاسییەکانەوە، بۆ کردنەوەی دەزگاکانیان بەرووی ژناندا، زۆربەی فیمینیستەکانی «شەپۆلی دووهەم»ی دەیەکانی ٦٠و٧٠، نیگەرانی خۆیان دەربڕی بەرانبەر نەتوانینی دەزگا سیاسییە رەسمییەکان بۆ قبوول کردنی (وەرگرتنی) ژنان و هەروەها دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان، وە ئەونیگەرانیەشیان بە پشتگوێ خستنی دەزگاگەلی ناوبراو پیشاندا. دەتوانین بڵێین هەموو جۆرەکانی فیمینیزم لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠و سەرجەمی دەیەی٧٠دا، بواری کاری سیاسییان پەرەپێدا، تاکوو لە گرنگایەتی و پێوەندیی دەزگا پەرلەمانی و دەوڵەتییەکان، وەك یەکێك لە ناوەندەکانی خەباتیژنان، کەم بکەنەوە. هەر وەك ئێلاین‌ڤینۆ[١](١٥٥:١٩٨٤) بە ئاماژەکردن بە بزووتنەوەی فیمینیستی فەرەنسە M.L.F(بزووتنەوەی ئازادیی ژنان) دەڵێ:

لەکاتێکدا کە فیمینیستەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، زۆربەی چالاکییەکانیان لەسەر بواری سیاسەتی رێکخراویی چڕکردبووەوە، لەوانە؛ مافی دەنگدان، یاسادانان و...، بە پێچەوانەوە بزووتنەوەی ئازادیی ژنان (M.L.F) لەدەیەی ٧٠دا، وێڕای جەخت کردن لەسەر بەسیاسی کردنی چالاکییەکانی، زیاتر لە هەمووشت گرنگی بەو مەسەلانە ئەدا کە

١- Eliane Viennot



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێوەندییان بە سەرکوتکردنە ئاشکراکانی ژنانەوە (لەبارخستنی منداڵ، دەسدرێژیناموسی، تەندروستی، فێرکاری، کەلتوور) هەبوو و، هەرجۆرە ئامادە بوون و بەشداری کردنێکیان لە دەزگا سیاسییەکاندا (جگە لە بەشداریکردنی رەخنەگرانە) رەت کردەوە.

گواستنەوەی چالاکییەکان بۆ دەرەوەی دەزگا سیاسییە رەسمییەکان، پیشاندەری ئەوە بوو کە زۆرێك لە فیمینیستەکان حەز ئەکەن لە ئاستێکی نارەسمی و وەك کارێکی بەکۆمەڵ جەخت لەسەر چالاکی سیاسی ژنان بکەن. بەهەرحاڵ هەروەك ئەم فیمینیستانە دەریان خست، ئەم جۆرە سیاسەتە، زۆربەی‌کات بەهۆی پێناس‌کردنە «پیاوانە» کلاسیکەکان لەسەر دەسەڵات وەك حەرەکەتێکی لەسەرەوە بۆخوارەوە (کەدەزگاکانی نوێنەرایەتی‌کردنی رەسمی، نموونەیەتی)، نەك وەك چالاکییەکی جەماوەری ـ لەخوارەوە بۆسەرەوە ــ کە جۆرە سیاسەتێکە ژنان بەوپەڕی سەرکەوتنەوە بەشدارییان تیا کردووە، پشتگوێ خراوە.

بناغەی تیۆرانەی ئەم دورکەوتنەوە لە دەزگا سیاسییە رەسمییەکان کە یەکێك لە ناوەندەکانی خەباتی ژنان بوو، بەهۆی کتێبگەلێکی وەك «سیاسەتی رەگەزی[1]»(١٩٧٠) «کیت میلێت[2]»ەوە داڕێژرا. میلێت کتێبەکەی بەم پرسیارە دەس پێدەکا کە «ئایا بەڕاستی دەتوانین پێوەندیی نێوان هەردوو رەگەز، لە گۆشەنیگایەکی سیاسییەوە چاو لێبکەین؟». لە وەڵامدا دەبێژێت؛ بەڵێ، بەلاشم

١-sexual Politics
٢- Kate Millett



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەنها لە کاتێکدا کە سیاسەت بە شێوەیەکی تایبەت پێناس بکرێت: «لەم توێژینەوەدا، سیاسەت وەك جیهانی داخراوی دانیشتن و کۆبوونەوەکان، سەرۆکەکانی کۆبوونەوەکان و حیزبەکان پێناس ناکرێت. زاراوەی «سیاسەت» دەبێ پێوەندییەکانی هەڵقولاوی دەسەلات، واتە ئەو پێوەندییانەی کە لەرێگەیانەوە گرووپێك لە تاکەکان لە لایەن گرووپێکی ترەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، بگرێتەوە»(٥:١٩٧٠). قبووڵ کردنی ئەوە کە پێوەندییەکانی دەسەلات لە کۆمەڵگا، لە هەموو شوێنێکدا بوونیان هەیە ــ لە پێوەندییە تاکەکەسییەکان و هەروەها لە دەزگا سیاسییە رەسمییەکاندا ـــ هەنگاوێکی یەکجار گرینگ بوو بۆ تێگەیشتنی پلەخواربوونی ژنان لە کۆمەڵگاداو، بەڕاستی یەکێك لەو خاڵانەیە کە فیمینیزم کاریگەری یەکجار زۆری لەسەر تیۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی داناوە. تەنانەت هەندێکەس رایان لەسەر ئەوە بووە کە: «گرینگترین کاریگەرێتی فیمینیزم لەسەر تیۆری کۆمەڵایەتی، تێگەیشتن لەم مەسەلەیە بوە کە پێوەندییەکانی دەسەلات، هەم لەناو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکاندا دەوریان هەیە، هەم لەناو ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە «پانوی»یانەی قەڵەمڕەوی مەدەنی و سیاسیدا، کە ناتاکەکەسیترین». (یووالدەیویس١٣:١٩٧٧). ئەم بانگەشەیە کە پێوەندییەکانی دەسەلات لە هەموو شوێنێکدا بوونیان هەیە، هەندێ لە فیمینیستەکانی والێکردووە کە داکۆکی لە لابردنی (سڕینەوەی) دەوڵەت وەك وتەزایەکی جیاواز لە توێژینەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فیمینیستییەکان، بکەن. بۆ نموونە جوودیس‌ئالێن[1](١٩٩٠) دەڵێ فیمینیزم پێویستی بە تیۆری دەوڵەت نییە، چوونکە پێویستی بەدارشتنی تیۆریگەلێك هەیە سەبارەت بە پرۆسە و وتەزاگەلێکی مانادارتر و پڕبایەختر. لە راستیدا، پاراستنی دەوڵەت وەك وتەزایەکی سەربەخۆی شیکاری، دەبێتە رێگر لەبەردەم تیۆری‌سازی فیمینیستیدا، چوونکە پرۆسەکانی‌تری دەسەلآت و ئەو پێوەندییانەی کە رەنگە فیمینیستەکان بیانهەوێ لە نێوانیاندا بەرقەراریان بکەن، دەشێوێنن.

بەهەرحاڵ ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە لەم باسەدا کە هەمووشتێك سیاسییە، مانای سیاسەت هێندە کەمڕەنگ و بەرتەسك بێتەوە کە وەك وتەزایەکی سەربەخۆی شیکاری، بەکەڵکی هیچ نەیەت. هەروەك ئسکوایرێز[2](١٩٩٩:٢٣) دەڵێ:

ئەم بیرکردنەوەیە کە سیاسەت، دەسەلآتە، هاوڕێ لەگەڵ وێناکردنێکی تەواو ناهاوڕەگەزخوازانە لەسەر دەسەلآت، زۆربەی فیمینیستەکانی ناچارکرد کە تاڕادەیەکی زۆر، سیاسەت لە شتەکانی‌تر بەجیاواز بزانن. ئەم مەسەلەیە، دەبێتە هۆی ورووژاندن و سەرهەڵدانی تێڕامانگەلێکی زۆر سەبارەت بە سیاسەتی....(حەزی سێکسی، زاوزێ‌کردن، شوناس، کاری‌ناوماڵەوە، مۆد، وە....) بەلآم کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر چییەتی خودی سیاسەت دانانێت.

لەم دواییانەدا بەمەبەستی بەرقەرارکردنی هاوسەنگیی ناوبراو، هەندێ نووسینی فیمینیستی سەبارەت بە سیاسەت، مافی هاولآتیبوون و دەوڵەت

---

١- Judith Allen
٢- Squires



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(بۆنموونـــه، لاواندواســـکی و نـــۆریس١٩٩٦؛ لیـــستێر١٩٩٧؛ فیلیـــپس١٩٩٨) بڵاوکراونەتەوە. سەرجەم ئەم ئاسەوارانە، بەشێوەگەلی جۆراوجۆر، جەخت لەسـەر گرنگایـەتی سیاسـەت وەك وتەزایـەکی سـەربەخۆی شـیکاری لای فیمینیـستەکان دەکەن. ئەوان هەروەها داکـۆکی لـە زەروورەتی پاراسـتنی دەوڵـەت وەك بـوارێکی سـەربەخۆ و جیـاوازی خوێندنـەوە دەکـەن، چـوونکە دەوڵـەت و دەزگـا سیاسـییەرەسمییـەکان بـەردەوام ناوەندگـەلێکن کـە کـەڵکوەرگـرتن لـە مافـە بەکۆمەڵەکان بەندە بەوانەوە. (یووالٚ ـ دەیویس و ئانتیاس١٩٨٩).

پشتکردن لە دەزگا و پرۆسە سیاسییەرەسمییەکان، لە دەیـەکانی٦٠و٧٠دا بەتێکڕای دەنگ ئەنجام نەدراو، ژمارەیەك لـە فیمینیـستەکان بـەردەوام هـەوڵی زیـادکردنی رادەی نوێنەرایـەتیکـردنی ژنانیـان داوە لەدەوڵـەت و ئەنجومەنـە هەڵبژێردراوە نەتەوەیی و ناوچەییەکاندا. وە لەم ساڵانەی دواییدا وادێتەبەرچـاو کە فیمینیستەکان سەبارەت بە گرنگایـەتی رەوتی زاڵ لەسیاسـەتی رەسمیـدا بـە بیروڕاکانیاندا پیاچوونەتەوەو، هـەروەها بزووتنـەوە فیمینیـستییەکان حـەزیان پەیـداکردووە بەرانبـەر دەزگـا سیاسـییە رەسمییـەکان و دوورخـستنەوەی ژنـان لەودەزگایانـە. هەرچـەند وەك پێـشتریش ئاماژەمـان پێکـرد کـە شـیکردنەوە فیمینیستییەکانی سەبارەت بەکاروبارە سیاسییەکان، زۆربەی کات رووی سەرنجیان لەسەر دەزگا سیاسییە رەسمییەکانەوە هەڵگرتووە و، خۆیـان سـەرقاڵی چـالاکییە سیاسییە نارەسمییەکانی ژنان لە کۆمەڵگادا کردووە، لەگەڵ ئەوەشـدا زۆرێـك لـە فیمینیستەکان لەم دواییانەدا دەرکیـان بـەوە کـردووە کـە دانپیانـان بـەمجۆرە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چالاكییە سیاسییە جیاوازە، بەتەنها بەس نییە و ئەگەر بە تەنها خۆیان بەو سیاسەتە نارەسمییەوە خەریك بكەن و هیچیتر، ژنان دەكەونە بەردەم مەترسی بە پەراوێز بوونەوە. هەروەها چالاكی سیاسی و بارودۆخەكەشیان «جیاواز» دەبێت بەلاَم «یەكسان» نابێت(لیستێر١٩٩٧). سەرەڕای تێگەیشتن لەم مەسەلەیە كە دەسەلاَت بەتەنها لە دەزگا سیاسییە رەسمییەكاندا نییە، فیمینیستەكان رۆژ لەدوای رۆژ بەئاگاتر دەبن لەم مەسەلەیە كە ئەم دەزگایانە هێشتا پێگەیەكی گرینگن بۆ خەبات و [بەدەست هێنانی] دەسەلاَت و، ئەگەر ژنان دەیانهەوێ بەرەنگاری دەسەلاَتی رەگەزی نێر ببنەوە، دەبێ بچنە ناو پانتای سیاسەتی رەسمییەوە. هەروەك ستاسی و پرایس[١](١٨٩:١٩٨١) ئەنجامگیری دەكەن:

ئەگەر ژنان دەیانەوێ گۆڕانكاریگەلێك لە كۆمەڵگاكانیاندا بهێننە ئاراوە، دەبێ هەوڵ بدەن جێیخۆیان لە ناوەندەكانی دەسەلاَتدا بكەنەوە. لەورووەوە كە ئەم كۆمەڵگایانە لە ژێر ركێفی رەگەزی نێردان، چوونەناوەوەی ژنان بۆ پانتای سیاسی پێویستە، چوونكە بەڕاستی ناتوانرێت بۆ دەستپێكردن یان پراكتیزە كردنی گۆڕانكارییە پێویستەكان پشت بە پیاوان ببەسترێت.

## ژنان و دەزگاسیاسییەكان: خەباتكردن بۆ یەكسانی رەگەزی

١- Stacey & Price



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تێگەیشتن لەم مەسەلەیە کە ژنان وەك بەشێکی حەتمی و نەگۆڕی بەرنامەکانیان بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی نێرینە لەسەر کۆمەڵگادا، دەبێ بچنەناو دەزگاسیاسییە رەسمییەکانەوە، بۆ جارێکیتر حەزی فیمینیستەکانی بەرانبەر هۆکارەکانی دوور خستنەوەی ژنان لە دەزگاسیاسییەکانەوە (فریدمەن١٩٩٧). هەندێ هەوڵ و تەقەلا بۆ ئاسانکردنی چوونەناووەوەی ژنان بۆناو ئەم دەزگایانە دەستی پێکردووە، لەوانە؛ بە پارە یارمەتیدانی ژنەکاندیداکان (لەلایەن رێکخراوگەلێکی وەك «لیستەی ئیمیلی[1]» کە لە ولاَتە یەکگرتووەکاندا دامەزراو دواتر لە بەریتانیاشدا دامەزرا)، فێرکردنی کچان و ژنانی لاو بەمەبەستی هاندانیان بۆ رووکردنە کاروبارە سیاسییەکان، بنکەگەلێك بۆ فێرکردن و راهێنانی ژنان وەك کاندیداگەلێکی «بالقوە» یان تێکۆشان بۆ چاکسازییەیاساییەکان بەمەبەستی دانانی یاساگەلێك، یان تەرخانکردنی کورسیگەلێك لە پێوەندیدا لەگەڵ یەکسانی رەگەزی لە رێکخراوە سیاسییەکاندا.

یەکێك لە نیشانەکانی دووبارەگرنگیدان بە پرۆسەو دەزگا سیاسییە رەسمییەکان، ئەوە بوە کە بە مەبەستی چالاکی نواندن لەناووەوەی حیزبەکان و گۆڕینی سیستمی سیاسی و زیادکردنی ژمارەی نوێنەرانی ژن، هەوڵی بە ئەندامبوونی چالاکانەی حیزبەسیاسییەکان و داواکردنی یەکسانی لە نوێنەرایەتیکردنی فیمینیستەکان لە رووی سیاسییەوە دراوە (لاوندۆسکی و نۆریس١٩٩٣). لە ولاَتانی ئەسکەندیناڤیدا، بە تێکڕا خەباتکردن و گوشارهێنانی

---

١- Emilys List



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گرووپەکانی ژنان بۆ چوونەناوەوەی دەزگاکانی نوێنەرایەتیکردن، ئەو قازانجەی هەبوو کە مەسەلەکانی ژنانی خستە ناو بەرنامەیکاری حیزبی دەسەڵاتدارەوە (سینسبۆری١٩٩٤)، وە سەرەنجام بوە هۆی سەرهەڵدانی سیستمگەلی «سەهمیە»یی [سیستمگەلێك کە هەر گرووپ و حیزبێك کورسی تیایدا هەبێت ـــ و ـــ] بەمەبەستی مسۆگەر کردنی بەیەکسان نوێنەرایەتی کردنی ژنان. لە وڵاتانی دیکەدا، گوشاری فیمینیستی بۆ ئەم جۆرە «جیاوازییە پۆزەتیڤە» سەرکەوتنی کەمتری بەدەست هێناوە و زۆربەیکاتیش بەرەورووی نارەزایی دەربڕینی یاسایی بوەتەوە ــ ئەو یاسایەی کە دەوڵەتی سۆسیالیستی فەرەنسا لە ساڵی١٩٨٢دا بۆ مسۆگەرکردنی ئەم مەسەلەیە کە لیستەی حیزبەکان بۆ هەڵبژاردن، نابێ زیاتر لە ٧٥%ی کاندیداکانی هەر رەگەزێك [ژن و پیاو] لەخۆ بگرێت، پەسەند کرد، لە لایەن ئەنجومەنی پاسەوانانی یاسای ئەساسییەوە[١] بە یاسایەکی لە دژی یاسای ئەساسی لەقەڵەمدرا، چوونکە پێی وابوو کە لە دژی بناغە گشتییەکانی مافی هاوڵاتیبوونەو، جیاوازی رەگەزی لە نێوان هاوڵاتیاندا قایل دەبێت (جێنسۆن و سینۆ١٩٩٥). هەربەهەمان شێوە، هەوڵ و تەقالاکانی حیزبی کرێکاری بەریتانیا بۆ پێشکەشکردنی لیستەگەلێکی کورتی تایبەت بە ژنان، کە لە کۆنفراسی١٩٩٣ی حیزبی ناوبراو خرایە بەر دەنگدانەوە (شورت١٩٩٦)، لە دادگاکاندا بەرەورووی نارەزایەتی ئەو پیاوانەی بووەوە کە لەو باوەڕەدابوون ئەم سیاسەتە، لەسەر بنەمای جیاوازی رەگەزییەوە راوەستاوە. کەواتە پێدەچێت زۆربەی هەوڵدانەکان بۆ

١- Conseil Constitutionnel



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرقەرارکردنی یەکسانیی راستەقینە لە بواری سیاسیدا، لەبەر ئەوە شکستیان هێناوە کە بە پووچەڵکەرەوەی ئەو یەکسانییەگشتییە رەسمییە لە قەڵەم دراون کە بناغەی سیستمە سیاسییەکانی رۆژئاوا پێك دێنن، گشتگیرکردنێك کە بە وتەی فیمینیستەکان هەر لە سەرەتانی دەس پێکردنیەوە، ژنانی نەگرتۆتەوە (فریس١٩٩٥).

بەهەرحاڵ، لە دەیەی رابردوودا، جووڵانەوە یەکسانیخوازە بەرەچەڵەك ئەوروپییەکان، هاورێ لەگەڵ هەوڵدانی دووبارەی فیمینیستەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی نوێنەرایەتییەکی یەکسان بۆ ژنان لە ئەنجومەنەکانی بڕیاردەرکردنی سیاسیدا، پێدەچێت هەندێ کاریگەرێتی پۆزەتیڤی لێ کەوتبێتەوە. ئەم چالاکییە فیمینیستییە یەکسانیخوازانە بەتایبەت لە فەرەنسادا هێز و توانایەکی تایبەتییان هەبوە، واتە لە شوێنێکدا کە لەژێر گوشاری بزووتنەوەی یەکسانیخوازیدا (فدراسیۆنێکی پێکهاتوو لە رێکخراوگەلی جۆراوجۆری ژنان، کە لەو پێناوەدا خەبات دەکەن)، لە ژانوییەی ساڵی٢٠٠٠دا، یاسایەکی چاکسازیکراو بۆ رەخساندنی چالاکی لە بواری دابینکردنی یەکسانی رەگەزی، لە هەندێ رێگەی وەك کۆتاییهێنان بە پشتیوانیکردنی ماڵیی ئەو حیزبانەی کە بە رێژەیەکی یەکسان کاندیدای ژن و پیاو بۆ هەڵبژاردن دەسنیشان ناکەن، لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا. وە ئەم جووڵانەوەیە بۆ مسۆگەر کردنی یاساییانەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان؛ تەنها وڵاتانی رۆژئاوا ناگرێتەوە. وڵاتی هێندیش سەرقاڵی یاساگەلێکی پێوەندیداربە نوێنەرایەتیکردنی یەکسانی ژنانە لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لیژنەو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی خەڵکدا. دەتوانین پەسەندکردنی ئەم جۆرە یاسانە، بەسەرکەوتنێکی گەورە بۆ فیمینیستەکان بە ئەژمار بێنین و، زۆربەی فیمینیستەکانیش هیوادارن کە ئەم مەسەلەیە دەوری هەبێت لە گۆڕینی سیمای ئەم سیاسەتە بە دەزگایی کراوەدا، هەرچەند ئەم باسە مشتومڕی یەکجار زۆر هەڵدەگرێت.

لەراستیدا فیمینیستەکان زۆربەی جار لە هەوڵەکانیاندا بۆ دەسنیشانکردنی رێژەی کورسییەکانی نوێنەرایەتی کردنی ژنان، یان یەکسانی رەگەزی، کەڵك لەم سێ جۆرە باسە وەردەگرن. ئەوان سەرەتا بەمجۆرە ئەڵێن کە بە یەکسان نوێنەرایەتی کردنی ژنان، مەسەلەیەکە کە پێوەندی بە دادپەروەرییەوە هەیە «چوونکە بە تەواوەتی داگیرکردنی «نوێنەرایەتی» لەلایەن پیاوانەوە، شتێکی تەواو گاڵتەجاڕی و دوور لە ئینساف و جوامێریشە» (فیلیپس٢٢٩:١٩٩٨). رەنگە ئەم باسە بەباسێکی روون و ئاشکرا و هەروەها لە قازانجی یەکسانی رەگەزیدا بێتەبەرچاو. بەلاّم هەروەك ئان فیلیپس(١٩٩٨) پیشانی ئەدات، باسی ئاماژە پێکراو، لەسەر بنەمای هەڵوێستێکی بەهێزی فیمینیستی سەبارەت بەو دابەشکردنەی «کار» کە هەنووکە لە ئارادایە راوەستاوەو، هەروەها گرێدراوە بە راڤەکارییەکی تایبەتی لەسەر نوێنەرایەتی کردنی سیاسییەوە. مانای ئەو قسانە ئەوەیە کە ئەم باسە لەڕووی دادپەروەرییەوە، کاتێك لە باشترین حاڵەتی خۆیدا دەبێ کە مەسەلەکە بگۆڕێت و بە هێنانەوەی بەڵگەی بەجێ بۆ بەتەواوەتی بەدەستەوەگرتنی نوێنەرایەتی سیاسی، بخرێتە ئەستۆی خودی پیاوان، بەلاّم بەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شـــێوەیەی کـــە فیلیـــپس(١٩٩٨:٢٣٣) ئـــە نجامگیری دەکـــا، هەرچـــەند ئەمـــە دڵخۆشکەرترین حاڵەتی ئەم باسەیە، بەڵام هێشتا کێشەسازە:

> لەڕووی دادپەروەرییەوە، ئەم بارودۆخەی ئێستا، بەهیچ شێوەیەك قابیلی داکۆکی لێکردن نییە؛ وە بەواتایەکی سلبیتر، لەڕووی دادپەروەرییەوە، باسێك لە قازانجی یەکسانی ژنان و پیاوان لە ئارادایە. بەڵام هێشتا ئەو باسەی سەرەوە، وەك باسێکی کێشەساز، هەموو ئـەو شـتانەی کـە تایبەتن بە نوێنەرایەتییەوە وەك کردەیەکی سیاسی، نادیدە ئەگرێت.

دوو ئیستدلالی دیکە کە داکۆکی لـە یەکـسانیی رەگـەزیی دەکـەن، زیـاتر خۆیـان بـە تایبەتمەندییـەکانی پرۆسـەی نوێنەرایـەتی و پێگـەی ژنـان لـەم پرۆسەیەدا سەرقاڵ دەکەن.

ئیستدلالێکی دووهەم کە بۆ داکۆکیکردن لـە دیمۆکراسـییەتی یەکـسانیی بەکار هێنراوە ئەوەیە کە، تەنها ژنان دەتوانن بە شێوەیەکی گونجـاو و شایـستە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ژنان بکەن. ئەم مەسەلەیەی نوێنەرایەتی کردنی ژنان، یەکێکە لەو مەسەلانەی کە قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێ و ئێمەش لـە فەسـڵی دواتردا قسەی لەسـەر دەکـەین. بەهـەرحاڵ ئـەم ئیـستدلالەی دووهـەم، روون و ئاشکراترە لە ئیستدلالی سێهەم کە پێوەندی بەوکاریگەرییـە بـەناو پۆزەتیڤـەوە هەیە کە بەشداریکردن و ئامادەبوونی ژنان لەسـەر کـارکردی دەزگاسیاسـییەکان دایدەنێت. ئەم ئیستدلالەیان لەچاو دوو ئیستدلالەکەیتر کەمتر پەرەی سەندووە و،ریزێك لە هەڵوێستەجۆراوجۆرە فیمینیـستییەکان لـەخۆدەگرێ. هەنـدێك لـەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیستدلالانە باوەڕیان (هەندیٚجار باوەڕیٚکی تاڕادەیەك کرچوکاڵ) بە جیاوازی ژنان لەڕووی ئاکارییەوە هەیەو لەوباوەڕەشدان کە ئەو جیاوازییە، حەتمەن کاریگەری لەسەر دەزگاکان و ناوەڕۆکی بڕیارەکان دادەنیٚت. بۆ نموونە ئیٚلین‌وینۆ(١٩٩٤:٧١) لەبەرانبەر داواکارییەکانی ژنانی فەرەنسی لەمەڕ یەکسانی، هەڵوێست وەردەگریٚ و پشت بەم ئیستدلالەوە دەبەستیٚت کە ئەگەر لەسەردەمی شەڕی کەنداوی‌فارسدا ژنان بەیەك دریٚژەی یەکسان [لەگەڵ پیاواندا] لە پەرلەماندا ئامادە بوونایە، لەوانەیە ڕیٚیان لە هەڵگیرسانی ئەوشەڕە بگرتایە، یان بەلانی کەمەوە هیٚندە بەرفراوان نەئەبوو. کەسانی‌تر واتەسەور دەکەن کە ئامادە بوونی ژنانی زیاتر لە دەزگاکانی نوێنەرایەتیدا، بە هۆی دەنگدانی سەرووحیزبی و یەکگرتنی ژنانی حیزبە جۆراوجۆرەکانەوە، دەیتوانی ببیٚتە هۆی خستنەژیٚر پرسیاری سیستمی حیزبی، یان ژنان بە مجۆرە دەیانتوانی ئەزموونەکانیان لە سیاسەتی ناڕەسمیدا بگوێزنەوە بۆ پانتای سیاسەتی ڕەسمی و جۆرە کەلتووریٚکی کراوەتری سیاسی بهیٚننەئاراوە (هلۆند١٩٨٨). ڕەخنەگرانی ئەم ئەندیشانە، دەتوانن ئاماژە بەم واقعییەتە بکەن کە ئەوژنانەی کە هەنووکە لەناو دەزگا سیاسییەکاندان، لەوە ناچیٚت بیانهەویٚ سیاسەتیٚکی کراوە، یان سەرووحیزبی بهیٚنیٚتە ئاراوە، بەلاٚم بەشیٚك لەو ئیستدلالە کە پیٚی وایە ژنان گۆڕان لە سیاسەتدا دروست دەکەن (باسی «ژمارەیەکی زۆری ڕەخنەگر») هاوبیروڕایە لەگەڵ ئەم ئیستدلالەی فیمینیستەکان کە گوشارەکانی ناوەوەی حیزب و هەروەها گوشارەکانی دەرەوە، هیٚندە بەهیٚزە کە ژنان بەرلەوەی کە بتوانن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

به ئازادانه هەڵوێسته جیاوازەکانی خۆیان لەسەر سیاسەت، بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، پێویسته ژمارەیەکی زۆریان لەدەزگاکانی نوێنەرایەتیدا بەشداربن. هەروەك فیلیپس(١٩٩٨) دەڵێ، بەهەرحاڵ ئەم جۆرە پاساوهێنانەوە بۆ دیمۆکراسییەتی یەکسانی، تەنها لە کاتێکدا مانای هەیە کە بکەوێتە ناو پرۆژەیەکی گشتییەوە بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی دیمۆکراسی. رەنگە ئەگەر ئەوبانگەشە فیمینیستیانەی کە لایەنگری یەکسانی نوێنەرایەتیین، پیاچوونەوەیەکی هەمەکیی میتۆدە دیمۆکراتیەکانی ئێمەو کارئاسانییەك لە پرۆسەی نوێنەرایەتییان لێبکەوێتەوە، لەوکاتەدا دەتوانرێت ئەم مەسەلەیە وەك دەسکەوتێکی راستەقینە بۆ لایەنگرانی دیمۆکراسییەتی یەکسانی لەقەڵەم بدرێت.

## بەرژەوەندییەکانی ژنان: (( سیاسەتی دەنگدان))یان ((سیاسەتی بەشداریکردن))

باسی دووهەم کە زۆربەی کات بەمەبەستی داکۆکیکردن لە یەکسانیی فیمینیستی دەخرێتەڕوو، (وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا) ئەوەیە کە بەشداریکردنی ژنان لە دەزگاکانی نوێنەرایەتیدا، بۆ مسۆگەرکردنی ئەم مەسەلەیە کە بەرژەوەندییەکانی ژنان، لەناو ئەم دەزگایانەدا و بەهۆی ئەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەزگایانـــــەوە بەرجەســـــتە دەکـــــرێن، تــــــەواو پێویــــــستە. هـــــەروەك ئاننا جۆناسدۆتیر[١](١٩٨٨:٥٣) بەتەواوەتی جەختی لەسەر دەکات:

[ژنان] دەبێ وەکوو «ژن» بەشدارییان لە بواری سیاسیدا هەبێت و، ئەو توانایییە بە دەست بهێنن کە وەکووژن مامەڵە [لەگـەڵ مەسـەلەکاندا] بکەن، چوونکە ئەو ئەگـەرە هەمیـشەییە (نـەکزەروورەت) لەئارادایـە کەئەوان لەبواری مەسەلە گرینگ وچارەنووس‌سازەکاندا پێداویـستی و تێڕوانینگەلێکی جیاواز لە پێداویـستی و تێڕوانینـەکانی پیاوانیـان هەبێت. ئەو مەسەلەیە ئەوە ناگەینێت کـە ژنـان هـیچ پێداویـستی و ئەولەویەتی هاوبەشیان لەگەڵ پیاواندا نییە. هەروەها ئەوەش ناگەینێت کە جیاوازیگەلی ناوبراو، تەنها جیاوازییە بایۆلۆژیکییەکان بەرجەستە دەکەنەوە، بـەڵکوو گوزارشـت لـەوە دەکـا کـە، هـەروەك واقعییەتـە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی رۆژئاوا دەری دەخەن، ژنـان و پیاوان وەك دووگرووپی سەربەخۆ دەست ئەکەن بە رێکخستنی خۆیـان. دەتوانین ئەم گۆڕانکارییانە، کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بـۆ شـەپۆلی دووهەمی بزوتنەوەی ژنان و بەتێکڕا پەرینەکەی دواتری ژنان بەهۆی هاندانەکانی ئەم بزووتنەوەوە، کەم تازۆر لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدی بکەین.

---

١- Anna Jonasdottir



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئــــەم بانگەشــــەیە کــــە ژنــــان دەبێ بەمەبەســـتی بەرجــــستەکردنی بەرژەوەندییەکانی ژنان، بەشداری دەزگاکانی نوێنەرایەتی بکـەن، بەشـێکە لـەو شتەی کە فیلیپس بـە «سیاسـەتی بەشـداریکردن» نـاوی لێبــردووە. ئـەو، ئـەم سیاسەتی بەشداریکردنــە، لەبەرانبــەر «سیاســەتی دەنگەکانــدا» دادەنێــت. لــە نموونەی سیاسەتی دەنگەکاندا ئەوشتەی کە گرینگە، بەرپرسیارێتی نوێنەرانە لە بەرانبەر خەڵکدا [ئەوانەی کە ئەویان بە نوێنەر هەڵبژاردووە] لـە رێگـەی ئـەو پلان و بەرنامەو سیاسەتانەی کە دەیانگرنە بەر؛ تاکاتێك مەسـەلەکە ئاوابێـت، گرینگ نییە کە نوێنەران کێن، پیاون یان ژنن: «پەیامەکان فـەرق ئەکـەن بـەلاَم هیچ گرینگ نییە پەیام هێنەرەکان بۆ هەمیشە بمێننەوە»(١٩٩٥:٦). لـە لایـەکی ترەوە، لە نموونەی سیاسەتی بەشداریکردندا، شوناسی ئـەم «پـەیام هێنەرانـە» گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە ــ ئەوان دەبێ نوێنەری ئەو خەڵکەبن کە هەڵیان بژاردووە، تاکوو لە شوناس و ئەزموونی ئـەو خەڵکـەدا بەشـدار بـن و، بەشـێکی گرینگی ئەم شوناس و ئەزموونە هاوبەشە بە هۆی جنسییەتەوە پێك هاتووە.

ئەم باسەی گرنگایەتی سیاسەتی بەشداریکردن، یەکێکە لـەو پاسـاوانەی کە فیمینیستەکان بەمەبەستی داواکردنی نوێنەرایەتی یەکسان بـۆ ژنــان کــەڵکی لێوەردەگرن. هەروەك پێشتر بینیمان، ئەم بانگەشەیە لەلایـەن جۆناسـدۆتێرەوە بەجەختەوە خرایەڕوو، بەلاَم هێـشتا مەسـەلەیەکی کێـشەسازە و قـسەوباسی زۆر هەڵدەگرێت. هەروەك ویجینیاساپیرۆ[١] دەهێنێتـەوە یادمـان، سـەرجەم مەسـەلەی

---

١- Virginia Sapiro



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرجستەکردنی ژنان، شتێکی تاڕادەیەك تازەیە، چوونکە لەڕووی مێژووییەوە بەمجۆرە تەسەور کراوە کە لەبواری ژیانی گشتیدا، پیاوان نوێنەرایەتی ژنەکانی خۆیانیان لە ئەستۆدایەو، لەراستیدا ئەمە یەکێك لە جیدیترین نارەزاییە حقۆقییەکان بوو بەرانبەر بزووتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان. بەهەرحاڵ، لەوکاتەوە کە مافی دەنگدان و مافی یەکسانیی سیاسیرەسمی بە ژنان بەخشراوە، باسی نوێنەرایەتی کردنیشیان هاتۆتەگۆڕێ و، فیمینیستەکان سەرەتا ئەوپرسیارەیان لە خۆیان کردووە کە ئایا ژنان کۆمەڵە بەرژەوەندیگەلێکی تایبەتیان هەیە کە پێویستیان بە بەرجستەکردن هەبێت؟ وەئەگەر وابێت ئایا دەزگاسیاسییەکان وەك پێویست هەوڵ ئەدەن بۆ بەرجستەکردن و دەستەبەرکردنی ئەو بەرژەوەندییانە، یان نەء؟ یەکەم بەشی ئەم پرسیارە، ـ ئایا ژنان کۆمەڵە بەرژەوەندیگەلێکی تایبەتیان هەیە کە پێویستیان بە بەرجستە کردن هەبێت؟ ـ تەواو قورس و ئاڵۆزە و قسەوباسی یەکجار زۆر هەڵدەگرێ و، بە سەرنجدان بە پێناس کردنەجۆراوجۆرەکانی فیمینیستەکان لەسەر شوناسی بەکۆمەڵی ژنان و لەراستیدا روانگەکانیان سەبارەت بەوەی کە ئایا بەڕاستی دەتوانرێت ئەم شوناسە بەکۆمەڵە پێناس بکرێت، وەلامێکی جیاوازیشی پێئەدرێتەوە. دەتوانین بەمجۆرە بڵێین کە جیاوازییەکانی نێوان ژنان هێندە زۆرن کە نەتوانراوە هەموویان لە هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەشی سیاسیدا بەشداربن، هەرچەند لای هەندێ کەس، تەنها، واقعییەتی بێبەش بوونی ژنان لە هاولاتیبوونی سیاسی، بەسە بۆ ئەوەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کە بەگرووپێکی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش لەقەڵەم بدرێن (جۆناسدۆتێر١٩٨٨؛لیستێر١٩٩٧).

زۆربەی کات لە سیستمەسیاسیەکاندا مەسەلەگەلێك هەن کەبە «مەسەلەکانی ژنان» ناودێر دەکرێن، مەسەلەگەلێك کە پێدەچێت پێوەندییەکی ئاشکرایان بە ژنانەوە هەیە. ئەم مەسەلانە بەگشتی ئەوانەن کە پێوەندی تەواویان هەیە بە بواری تاکەکەسی ناوماڵەوە؛ لەوانە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە پەروەردە و بەخێوکردنی مناڵەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لە رێگەگەلێکی تریشەوە راڤەی پێوەندی ئەم «مەسەلانەی ژنان» بکەین. ساپیرۆ، لە وتارەکەیدا بەناوی «بەرژەوەندییەکان، کەی سەرنجڕاکێش دەبن؟» دەڵێ، ژنان «بەڕاستی بارودۆخێکی جیاوازیان هەیەو هەروەها کۆمەڵێك کێشەی هاوبەشیان هەیە کە گوزارشت لە بەرژەوەندیگەلێکی تاییەت دەکەن»(١٩٩٨:١٦٥). ئەو، تاڕادەیەکی زۆر سەرچاوەی ئەم کۆمەڵە کێشە هاوبەشانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو بنەماڵەو هەروەها بە شێوەیەکی دروستتر بۆ دابەشکردنی کار لەڕووی رەگەزەوەو، لەو باوەڕەدایە کەئەم دابەشکردنانەی کار لە ژیانی تاکەکەسیدا، دەتوانن گرووپە هاوقازانجەکان لە سیاسەتدا، بەهەمان شێوە دەسنیشان بکەن کە، دابەشکردن و پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی، گرووپە هاوقازانجەکان لە ژیانی گشتیدا دەسنیشان دەکەن. بە هەرحاڵ ژنان هەمیشە لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەی خۆیان وئەو بەرژەوەندییە جیاوازانەیان کە پێویستیان بە بەرجەستەکردنەوە هەیە، بەئاگانین، چوونکە تائەو گرووپانەی کە لەوەپێش هیچ نوێنەرێکیان نەبوە،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبەرژەوەندییەکان تێنەگەن و لە سیستمە سیاسییەکان داوایان نەکەن، ئەگەری ئەوە کە سیستمگەلی ناوبراو، نوێنەرایەتییان بە ئەستۆبگرن یەکجار کەمە. (١٩٩٨:١٦٧). ئەم مەسەلەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی چوونەسەرەوەی ئاستی وشیاریی سەندیکا فیمینیستییەکان بە ڕەوشێکی هێندەگرینگ دێتە ئەژمار؛ لە بارودۆخێکی وەهادا بەڕاستی پێدەچێت باشترین ڕێگە ئەوە بێت کە ژنان بەرژەوەندییەکانی ژنان بەرجستە بکەن، هەرچەند ساپیرۆ لەو باوەڕەدایە کە بەشداریکردنی ژنان شتێکی پێویستە، بەلام تەنها مەرجی پێویست بۆ نوێنەرایەتی کردنی ئەو جۆرە بەرژەوەندییانە لەقەڵەم نادرێت.

بەهەرحاڵ خودی ئەم بەراییانە(مقدمات) کەباسەکەی ساپیرۆ لەسەریان دامەزراوە، لە لایەن ئیرنەدا یمۆند و نانسی هارتسۆکەوە[١]، وەك وەلامدانەوەیەکی راستەوخۆی وتارەکەی‌ئەو، خراوەتە بەر رەخنەوە. دا یمۆند و هارتسۆك(١٩٩٨:١٩٣) دەڵێن، ناتوانین ژنان وەك ئەوانی‌تر بە گرووپێکی هاوقازانج بزانین چوونکە «ئەگەر بەشداری کردنی ژنان لە سیاسەتدا هەرەشەیەك بێت بۆ بونیادی‌ترین پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، مرۆڤ ناتوانێت داخوازەکانیان بخاتە خانەی بەرژەوەندییە بەکۆمەڵەکانەوە». دا یمۆند و هارتسۆك، لەجیاتیدا، لایەنگری شیکردنەوەیەکی ڕێكوپێك و چڕوپڕترن لەسەر دابەشکردنی کار لە ژیانی تاکەکەسیداو، لەم کارەدا ئەوە بەرجستە دەکەنەوە کە چالاکییە جیاوازەکانی ژنان و پیاوان، هەندێ تێگەیشتنی جیاوازی

[١]- Irene Diamond & Nancy Hartsock



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە. پاشان، ئەم ئەزموونەژنانە تەواو جیاوازە، دەبێتە بنەمایەك بۆ پیشاندانی کەموکوڕییەکانی وتەزاکانی شیکردنەوەی سیاسی سوننەتی نێرینەو، هەرلە بنەڕەتەوە کەڵك وەرگرتن لە چەمکی «بەرژەوەندییەکان» بۆ تێگەیشتنی سیاسەت، دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لەجیاتیدا، ئەم چەمکە دبێ جێی خۆی بدات بە وتەزاگەلێکی وەك «پێداویستییەکان»، کەبە شێوەیەکی باشتروگونجاوتر عاتیفەو ئەزموونە مرۆییەکان لەخۆ دەگرن. کەواتە، بەپێچەوانەی ساپیرۆ، دایمۆند و هارتسۆك لەو باوەڕەدانین کە ژنان تەنها دەتوانن لەناو سیستمی باوی سیاسیدا جێی خۆیان بکەنەوە، بەڵکوو لەوباوەڕەدان کە ئەگەر قەرارە ژنان لە هەموو رووبەکەوە نوێنەرایەتی بکرێن، دەبێ خودی سیستمەکە بۆ جارێکیتر پێناس بکرێتەوە. بەلام، ئەوانیش بە تێکڕا لەگەڵ ساپیرۆدا، لەو باوەڕەدان کە ژنان بۆ نوێنەرایەتیکردن و «هەوڵدان بۆ نوێنەرایەتیکردنی ژنان» لەناو بەستێنەکانی سیستمی سیاسی هەنووکەییدا، باشترینن، چوونکە تەنها ژنان دەتوانن ئەو مەسەلەوکێشانە دەسنیشان بکەن کە کاریگەری لەسەر ژیانی ژمارەیەکی زۆری ژنان دادەنێن و تا ئێستاکە لە بەرنامەی کاری سیاسیدا نادیدە گیراون.

سەرەڕای لەئاردابوونی دیدگاگەلی جۆراوجۆری فیمینیستی دەربارەی بەرژەوەندییەکانی ژنان و هەروەها دەربارەی چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لە بەرژەوەندییەکان وەك وتەزایەکی شیکردنەوەی سیاسی، پێدەچێت ئەم بیرۆکەیە کە بەشداریکردنی ژمارەیەکی زیاتری ژنان لە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کردندا، ئو توانایە بە ژنـان دەبەخـشێت کـە بتـوانن کێـشەکانی بـەردەم ژنـان بخەنەڕوو و باسیان لێوە بکەن، لایەنگری زۆری هەبێت. بە هـەرحاڵ فیلیـپس بـە پشت بەستن بـەم ئیـستدلالەوە کـە بـە مەبەسـتی هەوڵـدان بـۆ مـسۆگەرکردنی لێپرسراوێتی نوێنەران، بوونی سیاسەتێکی دەنگدانیش پێویـستە، بـە پـارێزێکی زۆرەوە قسە لەسەر بوونی «سیاسەتی بەشداریکردن» دەکات. ئەو، بەم دەرەنجامە دەگات کـە «ئیمـە لـە کاتێکـدا دەتـوانین ئومێـدمان بەدۆزینـەوەی سیـستمێکی دادپەروەرانەی نوێنەرایەتی هەبێت کە «دەنگەکان» و «بەشـداریکردن» پێوەنـدی تەواویان بە یەکەوە هەبێ، نەك بە شێوەیەکی دروێین بەرەوڕووی یەکدی ببنەوە و لەگەڵ یەکدیدا تەعامول بکەن » (۱۹۹۸ : ۲۵ ) .

## فیمینیزم و هاولاتیبوون

ئەم فەسڵە تا ئێرە قـسەی لەسـەر پێوەنـدی ژنـان بـە بـواری کاروبـارە سیاسییەکان و هەروەها رەخنە فیمینیستییەکان کردووە سەبارەت بە دابەشکردن بە [بواری] گشتی و تاکەکەسیو بێبەش کردنی ژنان لە مافی هاولاتیبوونی تـەواوی سیاسی. بـە هـەرحاڵ، دیـارە باسـی مـافی هـاولاتیبوون، تێروتەسـەلتـرە لـە بەشـداریکردنی سیاســی و نوێنەرایــەتی کــردن و، قــسەی زۆر هەڵــدەگرێت و فیمینیستەکان بۆ پێناس کردن و سەر لە نوێ پێناس کردنەوەی مافی هاولاتیبوون لە کۆمەڵگا هەنووکەییەکاندا، لەریزی پێشەوەی قسە و باسەکاندا بوونە و زیاتر لە کەسانیتر پێیانەوە سەرقاڵ بوونە. قـسە لەسـەر مـافی هـاولایتیبوون زۆرە،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەلاّم لە روانگەی زۆرێك لە تیۆرسیەنە كانەوە، یەكێك لە خاڵەكانی دەسپێكردنی باسكردن لەسەر مانای «مـافی هـاوڵاتیبوون » پێنـاس كردنەكـەی سـاڵی ١٩٥٠ی «تی. ئێچ. مارشاڵ[١] »ە، كە لەسەر سێ جۆر مـاف كـە حكوومـەت بـە تاكـەكـانی بەخـشیوە، دەسـووڕێتەوە ؛ مافەمـەدەنی، سیاسـی و كۆمەلاّیەتییـەكان. مافەمەدەنییەكان بریتین لە «مافگەلی پێویست بـۆ ئـازادی تاكەكەسـی، ئـازادی تاك، ئازادی رادەربڕین و ئەندیـشە و ئـایین، ئـازادی دەسـتێوەردان لـە سـامان و داراییـەكانی خـۆ، ئـازادی بەسـتنی قـرارداده یاسـاییەكان و هـەروەها مافـە قەزاییەكان»(١٩٥٠ : ١٠) . مافـە سیاسـییەكان بـریتین لـە، مـافی هەڵبـژاردن و بەشـداریكردن لـەو ئەنجومەنانـەی كـە دەسـەلاّتی سیاسـییان هەیـە. مافـە كۆمەلاّیەتییەكانیش بریتین لە «كۆمەڵێك مافی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی ئابووری و مافی بە تەواوەتی كەڵك وەرگرتن لە میراتی كۆمەلاّیـەتی و مـافی بەهرەمەنـد بوون لە ژیانێكی شارستانیانە بە پێی رێسا باوەكانی كۆمەڵگا»(١٩٥٠ : ١١) . ئەو دەزگایانەی كە زیاترین پێوەندییان بەم مافە كۆمەلاّیەتییانەوە هەیە، سیـستمی فێركاری و خزمەتگوزارییە كۆمەلاّیەتییـەكانن. مارشـاڵ لـەو بـاوەڕەدا بـوو كـە مافگەلی ناوبراو، لەماوەی چەند سەدەدا زیادیان كردووە، بە شێوەیەك كە سەرەتا مافە مەدەنییەكان، پاشان مافە سیاسییەكان و سەرەنجام مافە كۆمەلاّیەتییـەكان بەخەڵك بەخشراون.

---

١- T.H. Marshall



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فیمینیستەکان ڕەخنەیان لە گەلاڵەکەی مارشاڵ گرتووە، چوونکە بە گەلاڵەیەکی دروست و تەواوی نازانن. واڵبی (١٩٩٧) ئەوە پیشان ئەدات کە لە هەموو وڵاتاندا مافە جۆراوجۆرەکان، بەشێوەگەلی جۆراوجۆر بە گرووپە جۆراوجۆرەکان بەخشراون. «ئەویش بە پێی ئەوە کە ئایا پیاوانی سپی، ژنانی سپی، هەروەها ئەوگرووپانەی کەسەر بە نەتەوە کەمینەکانن، مافی هاوڵاتیبوونیان هاوکات بە دەست هێناوە، یانەء»(١٩٩٧ : ١٧١) . سەربارەت بە هەندێ گرووپیش لە هەندێ لە وڵاتاندا، ئەو ڕیزبەندییەی کە مارشاڵ [واتە سەرەتا مافە مەدەنییەکان، پاشان سیاسی و سەرەنجام کۆمەڵایەتییەکان] وێنای کردبوو، بە پێچەوانە کەوتەوە. بۆ نموونە ژنانی بەریتانی، لەماوەی بزووتنەوە فیمینیستییەکانی «شەپۆلی یەکەم» لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرتاکانی سەدەی بیستەمدا، هەم بۆ مافە مەدەنییەکان خەباتیان دەکرد و هەم بۆ مافە سیاسییەکان و تەنانەت ئەم ژنانە ماوەیەکی زۆر پێش لە بەدەست هێنانی مافەکانی هاوڵایتیبوونی مەدەنی، مافەکانی هاوڵاتیبوونی سیاسییان بە دەست هێنا بوو [بە واتایەکیتر، مافە سیاسییەکانیان پێشتر لە مافە مەدەنییەکان بە دەست هێنابوو] . بەهەرحاڵ، ڕەنگە ئەم چەمکەی هاوڵاتیبوون، قورس و ئاڵۆزتر بێتو، ئێمەش لە جیاتی ئەوەی کە تەنها شێوەکانی «هێواشتر» بوونی گەیشتنی ژنان بە مافەکانی هاوڵاتیبوونی تەواو، بە بەراورد لەگەڵ پیاواندا، شی بکەینەوە، دەبێ ئەوپرسیارە بکەین کە ئایا بەڕاستی دەتوانرێت ژنان لە ناو ئەم مۆدێلە هاوڵاتیبوونەدا، جێیان بکرێتەوە؟ مۆدێلێك کە بەڕواڵەت گشتییە، بەڵام



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی پیاوانــە لەســەر «تــاك» دامــەزراوە. بــۆ نموونــە یۆرسولاڤۆگێل[1](١٩٩٨،١٩٩٤) ئاماژە بە مانا مێژووییەکــەی بێبــەش بــوونی ژنــانی خێزانبار لە مافە مەدەنییەکان دەکات، لەسەر ئەو ئەساسەی کە ئــەم مافانــە بــە پیاوان وەك نوێنەرانی بنەماڵە دەبەخشرێن. بەمجۆرە ژنان بە هۆی پێوەندییــەکی وابەستەییەوە، کە کاریگەرییەکی هەتایی لەســەر پێکهاتــەی مافــەکانی ژنانــدا داناوە، پێوەندییان ئەکرد بــە کۆمــەڵگای مەدەنییــەوە (ڤۆگێــل٨٦:١٩٩٤) دەڵــێ، کەواتە، شتێکی تەواو بێمانایە ئەگەر هەوڵ بدەین ژنان لەناو کەش و هەوایەکی هاوڵاتیبووندا جێبکەینەوە کە لەرووی رەگەزییەوە پووچەڵە (خنپــی) و هــەروەها لە پێش ئامادەکراو و دەسکردی تێگەیشتنە سوننەتییەکانە لەسەر هاوڵاتیبوون.

## ژنان و سیستمی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی

پێناس کردنە جۆراوجۆرە فیمینیستییەکان لەســەر چــەمکی هــاوڵاتیبوون، زۆربــەی کــات لەســەر هــاوڵاتیبوونی کۆمەڵایــەتی ســووڕاوەتەوەو، ئــەو شــێوە تایبەتانــەی کــە لــە رێگەیانــەوە مافــەکانی هــاوڵاتیبوونی کۆمەڵایــەتی، کــە بەڕواڵەت لە رووی رەگەزییەوە بە پووچەڵ (خنپی) پێنــاس کــراون، بــە کــردەوە ژنانیان بە هۆی ئەزموونەکان و بارودۆخە تایبەتەکانیان لە کۆمــەڵگادا، نادیــدە گرتووە. ئەم شیکردنەوەیەی مافی هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایــەتی، بەناچــار زۆربــەی کات قسەلەسەر پێوەندی ژنان لەگەڵ سیستمی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا، هــەم

[1]- ursula Vogel



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەك «بەرهەم هێنەر» و هەم وەك «کڕیار»، دەکات و هەر لەو تەوەرەدا دەسووڕێتەوە. مەسەلەی پێوەندی ژنان لەگەڵ سیستمی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا، بەلای فیمینیستەکانەوە مەسەلەیەکی یەکجار گرژۆئاڵۆزەو، پێدەچێت شیکردنەوەی وردبینانەی رۆڵی دوالیزمی ژنان هەم لەبواری ناوماڵ و هەم لەکاری حەقدەسانەدا، زەرووری دەکات (شۆستاك ساسۆن١٩٨٧). زۆربەیکات کە فیمینیستەکان لە لایەکەوە دەڵێن دەبێ چەوسانەوەی ژنان لەماڵەوە کۆتایی بێت و بچنە ناو بازاری کارەوە، لەلایەکیتریشەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە پێگەی ژنان وەك بەرپرس و چاودێر، دەبێ لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانی لێبکرێت، بارودۆخێکی نالەبار دێتە ئاراوە (واڵبی١٧٤:١٩٩٧). هەندێ لە فیمینیستەکان وەك لیستێر(١٩٩٧) داکۆکی لەم مەسەلەیە دەکەن کە ئەم دوو تواناییە بەتێکڕا، تەگبیرکردنێکی باش و پەسەندکراون بەمەبەستی دەستەبەرکردنی هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان. ئەوانیتر کە رەنگە جۆرە ناتەباییەك لەنێوان ئەم دوو تواناییەدا دەبینن، سەرلەنوێ باسی یەکسانی و جیاوازی لە فیمینیزمدا دەورووژێننەوە. جین لوییس[1](٨٦:١٩٨٦) چۆنیەتی فۆرم بەخشینی مەسەلەی یەکسانی و جیاوازی بە باسە فیمینیستیەکانی سەبارەت بە پێوەندی ژنان لەگەڵ سیستمی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا پیشان ئەدات و ئاوا دەڵێ:

---

١- Jane Lewis



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فیمینیزم هەروەها هەموو ئەو شتانەی تاقی کردۆتەوە کە لەراستیدا پێکادانێکی مێژووین لە نێوان رێکخستن و کردەیەك کە لە بانگەشەکانی ژنانەوە لە پلەی دایکدا دەست پێدەکات و، رێکخستن و کردەیەکی باوەڕمەند بەوە کە سەرەکیترین کار، کێشەی پێناسکردن و دەستەبەرکرنی یەکسانییە بۆ ژنان، وەکوو تاکگەلێك لەبواری گشتیدا.

ژنان بەردەوام بەرەوڕوون لەگەڵ پێکادانی نێوان رۆڵەکانیان وەك کرێکاری رۆژکار[1]و نێوان رۆڵەکانیان وەك بەرپرس و چاودێری بێحەقدەس ــ ئایا ئەوان دەبێ داوای مافی هاوچەشنی پیاوان بکەن و واز لە هەموو رۆڵەکانی بەرپرسیارێتی و چاودێریکردن بێنن، یان دەبێ داوای ئەوە بکەن کە ئەم رۆلانە، وەك پێویست و بە شێوەیەکی گونجاو بایەخیان پێبدرێت؟

سەرهەڵدانی سیستمی خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی، یەکێك لە گرینگترین گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکانی ئەورووپاو ولاتە یەکگرتووەکانی سەدەی بیستەم بووەو ئەو گۆڕانکارییەش زۆربەی کات بەقازانجی ژنان لەقەڵەم دراوە. فیمینیستەکان باسیان لە شێوەگەلێك کردووە کە لەراستیدا ژنان لە رێگەیانەوە، بوون بە هۆکارێك بۆ هاتنەئارای ئەو چاکسازییە سیاسییانەی کە بوونە هۆی پێكهاتنی سیستمی خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی و، سەرەڕای ئەوەش، لەگەیشتن بە بنەماکانی ئەو دەسەلاتەی کە ئەم چاکسازییانەی سەقامگیرکرد، بێبەش مانەوە

---

١- کرێکاری رۆژکار، بەو کرێکارانە دەگوترێت کە بەپێی کارکردنی رۆژانە حەقدەس وەردەگرن و هیچ ئیمتیازگەلێکی تریان پێنادرێت (وەك بیمەو....) — و. ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

[بەکورتی، هیچ دەسەلاتێکیان بەدەست نەهێنا ــ وــ] (دیل و فۆستێر١٩٨٦؛ باك و تــین[١](١٩٩١). هەرچــەند هــەوڵ و تێکۆشــانی بزووتنــەوەکانی مــافی ژنــان بــۆ دەستەبەر کردنی مافی زیاتری هاولاتیبوون بۆ ژنان، هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەلام باك و تین(١٩٩١:١٥) دەڵێن کــە ئەگــەر کاریگــەرێتی ژنــان نەبوایــە، سیستمە هاوچەرخەکانی خۆشگوزەرانی، سیمایەکی زۆر جیاوازتر لەوەی ئێــستایان بــەخۆوە دەگــرت: «ژنــان لەرێگــەی کارکردنیانــەوە لەگــەڵ بزاڤەسیاســی و ووناکبیرییەکانی‌تری سەردەمی خۆیانداو، هەروەها بەهۆی جەخت کردنیان لەسەر ئەوە کە یارمەتییەکی باشی کۆمەڵگا بەگشتی ئەدەن، ئەو مەسەلەیەیان مــسۆگەر کرد کە پێداویستییەکانی ژنان بخرێتە ڕیزی پلان دارشــتنەوە». بــەمجۆرە هــۆی ســەرهەڵدانی سیــستمەکانی خۆشــگوزەرانی کۆمەلایــەتی، دەگەرێتــەوە بــۆ خەباتگێرییەکان و دەستێوەردانی ژنان لە پرۆسەکانی پلان دارشــتنداو، کەواتــە، بێگومان سیستمەکانی خۆشگوزەرانیی کۆمەلایەتی، قــازانجگــەلێکی مادییــان بــۆ ژنان هــەبوە. بــەلام، لێــرەدا تەمومــژێك لــە پێوەنــدی ژنــان لەگــەڵ سیــستمی خۆشــگوزەرانی کۆمەلایەتیــدا دەمێنێتــەوە، واتــە کێشمەکێــشێك لــە نێــوان داوالێکردنیان بۆ چاودێری و بەرپرسیارێتی بەبێ پارەپێدان و چــاوەرێی ئــەوەش کردن کە رۆڵی کرێکارێکی رۆژکار بە ئەستۆ بگرن.

هەروەك ئانێــت بۆرشۆرســت و بــیرتســیم[٢](١٩٨٧) لــە پێوەندیــدا لەگــەڵ بارودۆخی دانیمارك و سویددا دەڵێن، یەکێك لە تایبەتمەندییــە ســەرەکییەکانی

---

٢- Bock & Thane

١- Anette Borchorst & Birte Siim



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێکهاتنی سیستمی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، هاتنەئارای بەشداری کردنی نێوان ژنان و دەوڵەت بوە. بەلاّم ئەم بەشداریکردنە، لەسەر بنەمای چەسپاندنی رۆڵی دوالیزمی ژنان وەك دایك و بەرپرس و چاودێر لەلایەکەوەو، وەك کرێکاری رۆژکار لە لایەکیترەوە ڕاوەستاوە. دەتوانین ئەو بەشداریکردنەی کە لەنێوان ژنان و دەوڵەتدا هاتۆتە ئاراوە، وەك گۆڕانی وابەستەیی ژنان بە پیاوان لەبواری تاکەکەسیدا، بە وابەستەییان بە دەوڵەت لەبواری گشتیدا لەقەڵەم بدەین. ئەم مەسەلەیە بەتایبەت لە پێوەندیدا لەگەڵ سیستمە تەواو پێشکەوتووەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی ئەسکەندیناڤیدا، شتێکی شاز و بەرچاوە. هێلگاهێرنێس[1](١٩٨٧) شیکردنەوە لەسەر دەوڵەتە دەوڵەمەندە ئەسکەندیناڤییەکان دەکا و دەڵێ کە، تێپەڕین لە فۆرمە تاکەکەسییەکانی وابەستەییەوە بۆ فۆرمە گشتییەکانی، دەبێتە هۆی پەرەپێدانی نایەکسانییەکان لە لایەن ئەو دەسەلاّتە پیاوانەی ناو بنەماڵە، کە ئەرکی دابینکردنی بژێوی بنەماڵەی لەئەستۆدا بووە، نابەرابەرییەکانیشی گوێزراوەتەوە بۆ بەشی (کەرتی) گشتی و لەوێدا گۆڕان بە بەشێك لە زنجیرە پلەوپایە رێکخراوییەکان. لەراستیدا، ئەودەڵێ، جێکردنەوەی هەندێ بەشداربووی تازە، لە پرۆسەی سیاسیداو پەرەپێدانی ئەرکەکانی دەوڵەتی مۆدێرن، کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر ژنان داناوەو، زیاتر لە پیاوانیش بەستراونەتەوە بە دەوڵەتەوە، چووەك خاوەن کار و چووەك دابینکەری خۆشگوزەرانی زیاتر بە هۆی پێدانی پارەی یارمەتییەوە. لەگەڵ

---

1- Helga Hernes



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەشدا، هێشتا پلەوپایە دەوڵەتییەکان لە ژێر دەسـەڵاتی نێرینـەدان. کەواتـە ژنان لـە پێگـەی وابەسـتەبوونی تاکەکەسـی بـە پیاوان لەماڵـەوە، گـۆڕاوە بـۆ وابەستەبوونی گشتی لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندا.

ئەم تێپەڕینە لە وابەستەیی تاکەکەسییەوە بـۆ وابەسـتەیی گـشتی، کـە هێرنێس پێی لەسەر دادەگرت، لە لایەن فیمینیستەکانی تریشەوە پەسەند کراوە. پێدەچێت خەبات و تێکۆشانە فیمینیستییەکان بۆ هـاوڵاتیبوونی ژنـان، کـە بـە بانگەوازگەلێك بۆ مافی دەنگدان و بەشداریکردنی سیاسی ژنان دەسـتی پـێکـرد، کۆتایی بە دوورخستنەوەی تەواوی ژنان لـەبواری سیاسـیدا هێنـاوە. بـەڵام ئـەم چوونەدەرەوە لە بواری تاکەکەسی ماڵەوە و چوونەناو بواری گشتییەوە، بۆژنان کـە هێشتا لەناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردەرکردندا وەك پێویست نوێنـەریان نییـە، بە تەواوەتی رزگار بـوونی ژنـان نییـە. لای زۆرێـك لـە فیمینیـستەکان تـەنها رێگەچارە، شەڕکردنە لەگـەڵ ئـەم «پیاوسـالارییە گـشتییە» کـە ژنـان لـەژێر دەسەڵاتیدان.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## فيمينيزم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ٣

# کارکردن و ئابووری جیهانی

بەشداریکردن یان نەکردنی ژنان لەکاری حەقدەسانەدا، هەمیشە لای فیمینیزم گرنگییەکی زۆری هەبوە. شیلارۆباتهام[١](١٩٩٢) چالاکییەکانی ژنان لە بزاڤە رادیکاڵ و سۆسیالیستییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا روون دەکاتەوە، ژنانێك کە نەك هێندە بۆ مافی دەنگدان بەڵکوو لەراستیدا بۆ مافی کارکردنی ژنان و رەفتاری ئینسافانەو حەقدەسی یەکسان لەگەڵ پیاواندا خەباتیان دەکرد. لە هەمان ئەو سەردەمانەدا، فرانسێس و جیمزمۆریسن[٢]، کە بۆ لایەنگری کردنی ئۆڤێن[٣]، بلاڤۆکێکی سەندیکاییان بەناوی پایۆنێر[٤] بلاو دەکردەوە، بە پشت بەستن بەم ئیستدلالەوە کە «حەقدەسە کەمەکانی ژنان شتێك نییە کە ژنان خۆیان دیارییان کردبێت، بەڵکوو بە هۆی دەسەڵاتی ملهوڕانەی رەگەزی نێرەوە بۆیان دیاری کراوەو بەسەریاندا سەپێنراوە»، حەقدەس کەم و هەروەها بارودۆخی

١- Sheila Rowbotham
٢- Frances & James Morrison
٣- Owenite
٤- The Pioneer



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نالەباری کاری ژنانیان بە دەرەنجامی دەسەڵاتی ڕەگەزی نێر لەقەڵەم ئەدا (ڕۆباتهام٤٢:١٩٩٢). لە فەرەنسەشدا ژنانی چالاك و هەڵسووڕاو، بەمەبەستی رزگارکردنی ژنان، خوازیاری هەڵگرتنی هەنگاوگەلێك بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بنەماڵە و پیشەسازی بوون. گرینگترین مەسەلە، مەسەلەی کارکردنی ناوماڵەوە بوو ــ هەرکاتێك خاوەن کارەکان دەیانویست بەهۆی بەستنی قەرارداد لەگەڵ کرێکارانی ماڵەچەدا[1]، لە خەرجەکانیان کەم بکەنەوە و پارەی کەمتر خەرج بکەن، بەشێك لە ئازاترین و پڕتاقەتترینی ئەو کرێکارانە، ژنان بوون کە بۆ بەدەستهێنانی چەند قڕانێك بەشێوەیەکی تاقەت پڕووکێنانە کاریان دەکرد. بەڵام هەروەك ڕۆباتهام ڕوونی دەکاتەوە(٦١:١٩٩٢) داخوازەکانی ژنان بۆ ئەنجام دانی چاکسازی لەوەشی تێپەڕاند:

> ژنانی کرێکار هەرگیز ئەوەیان نەوتووە کە دەبێ کاری ناوماڵەوە قەدەغە بکرێت. ئەم جۆرە کارکردنە هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ ئەوەی ژنان و منداڵان بتوانن درێژە بە ژیان بدەن و بژێوی ژیانیان دابین بکەن. لەجیاتیدا ئەو پێشنیارەیان دەکرد کە حەقدەسی کاری ناوماڵەوە هەر هێندەی کاری ناو کارگەکان بێت. ئەوان هەروەها خوازیاری کەلوپەلی پێویست بۆ پارستن و بە خێوکردنی منداڵان، شوێنی تایبەتی جلشتن، شوێنی تایبەتی بۆ نانخواردن و هەروەها دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست بۆ ژنە کرێکارەکان

---

١- کرێکارانی ماڵەچە بەو کرێکارانەی — بەتایبەت ژن — دەگوترێت کە لە ناوماڵدا (چماڵی خۆیان چکەسانیتر) کار دەکەن و حەقدەسێکی کەم وەردەگرن. وشەی ماڵەچە لەزاراوەی هەورامیدا هاوواتای «خانگی»یە لە فارسیدا و بە پێویستمان زانی بۆی دابنێین ــ و. ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بوون. ئەوان دەستیان کرد بە دامەزراندنی ئەنجومەنگـەلی هاریکـاری (تعاونی) بۆ مسۆگەر کـردنی ئـیش و کـار (اشـتغال)و، باشـترکردنی بارودۆخەکان و، توانینیان بۆ بەڕێوەبردنی دیمۆکراسییانەی شوێنەکانی کارکردنیان. ئەم ئەنجومەنانە لە شوێنی کارکردنیشیان تێپەڕاند. ئەوان خانوو و تواناییگەلی خزمەتگوزارییان فەراهەم کـرد و بیریـشیان لـە فەراهەم کردنی خانووگەلێکی هاوبەش (اشتراکی) بۆ کرێکاران دەکردەوە کە باخچەو قوتابخانەو هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکی تەندروستیشیان تیا هەبێت.**

لەم نموونانەوە دەردەکەوێت کە هەندێ مەسەلەی وەك، کاری حەقدەسانە، مووچەی یەکسان و هەروەها پێـشبینی کـردنی ئیمکانـاتێکی وەك بـەخێوکردن و پەروەردە کردنی منـالآن بـۆ ئـەوەی ژنـان بتـوانن کاربکـەن، لـە حـەزو ویـستە هەمیشەییەکانی فیمینیستەکان بوە. ئەم حەزکردنەیان بە ڕێکخـستنی دادگەرانـە (منێفانە)تری کار، زۆربەی فیمینیستەکانی لە بزاڤـە سۆسیالیـستییەکان نزیـك کردۆتەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا سۆسیالیزم لەبـەر ئـەوەی ناتوانێـت ئـاوڕ لـە مەسەلەی سەرکوتکردنی ژنان بداتەوە ــ مەگەر بە شێوەیەکی تـەنها پـەراوێزی نەبێت ــ هەربۆیە زۆربەی کات فیمینیستەکانی دڵسارد کردۆتەوە. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە زۆربەی جۆرەکـانی سۆسـیالیزم، لەوانـە جـۆری مارکسیـستییەکەی، راستی لەخۆ دەگرێت. خـودی مـارکس، (بەپێـچەوانەی سۆسیالیـستگـەلێکی وەك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پرۆدۆن[1]، کە دژایـەتی کـارکردنی ژنانیـان لەناوماڵـدا دەکـرد) بـە شـێوەیەکی تیۆرانە، پابەند بوو بە مافی کارکردنی ژنان و رزگارکردنیان لەڕووی یاسـاییەوە، بەڵام بـەڕای ئـەو، ـــ وەك چـۆن زۆرێـك لـە سۆسیالیـستەکانیتـریش هـەمان بیرکردنەوەیان هەبوو ـــ خەباتکردن بۆ ئازادیی ژنان، دەچـێتە خانـەی ململانێـی چینایەتییەوە. [لەگەڵ ئەوەشدا] ئەم مەسـەلەیە وای نـەکردووە فیمینیـستەکان خۆیان لە مارکسیزم بەدوور بگرن و بەمەبەستی وێناکردنی سـەرکوتکردنی ژنـان وەك «چین»ێکی [کۆمەڵایەتی]، کەڵك لە شیکارییە مارکسیستییەکان وەرنـەگرن؛ لەفەسڵی دواتردا قسەلەسەر هەندێك لەو شیکارییانە دەکەین. بەڵام ئـەو شـتەی کە لێرەدا سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە تەنانەت هەر لە یەکەمین رۆژەکانی خـەباتی ژنان بۆ رەفتاری دادگەرانەتر لە شـوێنەکانی کارکردنـدا، مەسـەلەی جیـاوازی و یەکسانی چوە ناو باسەکانەوە. یەکێك لـە مەسـەلە هـەرە کێـشەسازو جـەنجاڵ ئامێزەکان ئەوە بوو کە ئایا دەبێ لە شوێنەکانی کارکردندا بەهەمان شێوە رەفتار لەگەڵ ژناندا بکرێت، کە لەگـەڵ پیاوانـدا دەکرێـت، یـان دەبێ بـە شـێوەیەکی تایبەتی پـشتیوانی لـە ژنـان بکرێـت؟ ئایـا ژنـانی کرێکـار، عـەینی هـەمان پێداویستییەکانی پیاوانیان هـەبوو، یـان دەبوایـە بـە شـێوەیەکیتـر چـاویان لێبکەن؟ کلارازێتکین[2]، سۆسیالیستی ئەڵمانی، نموونەیەك لـەو بارودۆخـە دژوارە دێنێتەوە، کە لە ساڵی١٨٨٩دا وتی؛ نابێ هیچ پشتیوانییەکی تایبەتی لـە ژنـان

---

١- Proudhon
١- Clara Zetkin



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بکرێت، جگەلە پشتیوانییەك نەبێت کە لــە چــینی کرێکــار دەکرێــت لەبەرانبــەر داواکردنی سەرمایەدا [بەواتایەکیتر تەنها پشتیوانی لە ژنانی کرێکار بکرێــت نەك هەموو ژنان بەگشتی ـ و ـ]. بەڵام لە ساڵی ١٨٩٦دا هەڵوێستەکەی گۆڕییــوو و جــەختی لەســەر پەســەندکردنی یاســاگەلێك بــۆ پــشتیوانی کــردنی ژنــان دەکرد(رۆباتهام١٤٦:١٩٩٢)

وردەوردە کەسەدەی بیستەم تێپەڕی و ژنانێکی زیاترو زیــاتر چــوونە نــاو بازاری کارەوە، ئەم جۆرە پرسیارانە ســەبارەت بــە کــارکردنی ژنــان بەتــەواوەتی رووی لە زیادبوون کــرد و فیمینیــستەکانیش، قــسەوباسی خۆیــان ســەبارەت بــە شێوەکانی کاریگەرێتی کارکردنی حەقدەسانەی ژنان، لەسەر ژیانیان درێژە پێدا. ئەگەرچی بەڕای هەندێك لە فیمینیستەکان، ئەم زیادبوونەی کارکردن لە دەرەوەی ماڵەوە، بە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانی نێوان پیاوان و ژنــان لەقەڵــەم دەدرێت، بەڵام لای ئەوانیتر، زیادبوونی کارکردن، هیچ دەورێك لە کەمکردنــەوەی نایەکسانییە رەگەزییەکاندا نــابینێ و، لەراســتیدا، هەنــدێ لــە فیمینیــستەکان دەڵێن کە کــارکردن قورســایی زیــاتر دەخاتــە سەرشــانی ژنــان و، بووەتــە هــۆی کارکردنی رۆژانــەیان لــە دەرەوە بــە پارەیــەکی کــەم و بــەڕێوەبردنی کارەکــانی ناوماڵەوەش بێئەوی هیچ پارەیەکیان بــدرێتێ. ئــەو فیمینیــستانەی کــە هــەموو هەوڵەکانیان تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لەســەر کــاری حەقدەســانەی ژنــان، زۆربەی کات هەوڵی ئەوەیان داوە کە وەڵامێك بۆ ئەم دوو پرسیــارە بدۆزنــەوە کــە بۆچی لەبازاری کاردا جیاوازی قایلبوونی رەگەزی، بوونی هەیەو، بۆچــی داهــاتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژنە هەرمانبەرەکان لە داهاتی پیاوان کەمترە؟ کەسانی‌تر، زیاتر ئاوڕیان لە کارکردنی بێ‌حەقدەسی ژنان لەناو ماڵدا داوەتەوە. جیا لەوەش، بە جیهانی‌بوونی بەردەوامی ئابووری بەو مانایەیە کە ئیدی ناتوانین بە تەنها لە چوارچێوەی وڵاتێکی تایبەتدا ئەم پرسیارانە بخەینەڕوو، و بەمجۆرە فیمینیستەکانیش سەرنجەکانیان خستۆتەسەر سیستمی نێودەوڵەتیی بەرهەم هێنان و مەسرەفکردن و جۆرەکانی کاریگەری دانانی وێرانبوونی ژینگە لەسەر ژنان. ئێمە دواتر هەر لەم فەسڵەدا دەگەڕێینەوە بۆ ئەم مەسەلانە.

## ژنان وکاری حەقدەسانە: سەرمایەداری و پیاوسالاری

هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ئەو دووپرسیارە گرینگەی کە شیکردنەوە فیمینیستییەکان لەسەر بەشداریکردنی ژنان لەکاری حەقدەسانەدا، هەوڵیان داوە وەلامێکیان بۆ بدۆزنەوە، بریتین لە: بۆچی بازاری کار بە شێوەیەکی رەگەزییانە جیا کراوەتەوە؟ بۆچی ژنان هێشتا داهاتێکی کەمتر لەوەی پیاوانیان هەیە؟ دیارە وەلامەکانی ئەم پرسیارانە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە: ژنان تا ڕادەیەك، یان بەگشتی، لەبەر ئەوە مووچەی کەمتر لە پیاوان وەردەگرن کە ئەو بەشانەی بازاری کاریان پێ‌سپێردراوە کە هەم بایەخی کەمتریان هەیەو هەمیش داهاتی کەمتریان هەیە. بەلام بۆچی شتی وا رووی داوە؟

هەندێ لە فیمینیستەکان هەوڵیان داوە لە رێگەی شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلی هەموو ئەو شتانە کە هەنووکە لە کۆمپانیا بازرگانییە گەورەکاندا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕووئەدات، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە. ڕۆزابێت مووس کانتێر[1](١٩٧٧) پاش لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی فەرمانبەرانی ژن و پیاوی کۆمپانیا گەورەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، جۆرەکانی زیان بەرکەوتنی ژنانی لەو کۆمپانیانەدا پیشانداوە. ئەو، ئاماژە بەوە دەکا کە چۆن کەلتووری ڕێکخراوەیی ئەم کۆمپانیانە، بەچەندین شێوەی جۆراوجۆر ڕێ لە پێشکەوتنی ژنان دەگرێت. ئەو دەڵێ، سیستمی ئاکاریی بەرێوەبەرایەتی، لە پلەی یەکەمدا، نێرینەیەو هەروەها کۆمپانیاکان، گرنگییەکی زۆر ئەدەن بەو کۆبوونەوە پیاوانەی کە ژنان تیایاندا بەشدارییان نییە. ئەم جۆرە شیکردنەوە، بەدڵی زۆرێك لەو ژنانەی دەنیشێت کە لەناو ئەو جۆرە کۆمپانیانەدا دامەزراون و کاردەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چوونکە لە جیاتی ئەوەی کە بە ڕادەیەکی بەرفراوان شیکردنەوە لەسەر نایەکسانی ڕەگەزی لە بازاری کارو کۆمەڵگا گەورەترەکاندا بکات، هەموو هەوڵەکانی تەرخان کردووە بۆ شیکردنەوەی ئەو شتانەی کە لەو کۆمپانیانەدا روو ئەدات، ئەویش لە ئاستێکی یەکجار بەرتەسکدا، کەوتۆتە بەر ڕەخنەوە. سیلویاواڵبی(٣٣:١٩٩٠) دەڵێ، شیکردنەوەکەی کانتێر، ئەوە دەگەینێ کە لە کۆمەڵگای گەورەتردا، بوونی نایەکسانی ڕەگەزیی شتێکی حەتمییەو، ئەگەرچی ئەوەپیشان ئەدات کە چۆن ئەم نایەکسانییە لەناو کۆمپانیایەکی بازرگانیدا دەخرێتەگەڕ، بەڵام شیکردنەوەکەی ئەو، شەرح کردنی چۆنیەتی هاتنەئارای نایەکسانی نییە. کەواتە هەرچەند [ئاسەوارەکەی ئەو] لە ئاستی خۆیدا شیکردنەوەیەکی باش و بەکەڵکە، بەڵام بەگشتی، شیکردنەوەیەکی

---

١- Rosabeth Moos Kanter



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەواو نییە سەبارەت بە پێوەندییە ڕەگەزییەکان، یان دابەشکردنی کـار لـە ڕووی ڕەگەزییەوە.

فیمینیـستەکانیتـر، مەسـەلەگەلێکی وەك ئـازاردانی سێکـسییان لـە شوێنەکانی کارکردندا، وەك ڕوونکردنەوەیەك بۆ کاری کـەم بایـەختر و هـەروەها حەقدەس کەمتری ژنان لە کارە حەقدەسانەکاندا، خستۆتەبەر تاوتوێ کردنـەوە. دەتوانین ئازاردانی سێکسی بە بەشێك لە زنجیرەی توندوتیـژی سێکـسی، کـە لـە خۆگری پۆرنۆگرافی و دەسدرێژی کردنی سێکسییە، لەقەڵـەم بـدەین (بـۆ ئاگـادار بوون لە باسێکی تێروتەسەلتر لەم بارەوە، فەسلی چوارەم بخوێننەوە). ئازاردانی سێکسی، بەگشتی بەرەفتارگەلی نالەباری سێکسی پێناس کراوە، فیمینیستگەلێکی وەك ئستانکۆ[1](١٩٨٨) دەڵـێن کـە ئـازاردانی سێکـسی، یـەکێك لـە هۆکارەکـانی جیاکردنەوەی پیشەییە، چوونکە ئەگەری ئازاردانی سێکسی ژنە هەرمانبەرەکان لە بەشە سوننەتییەکانی ئەو بازارانەدا کە لە ژێر دەسـەڵاتی پیاوانـدان و پیـاوان بەرپێوەیان دەبەن زیاترە وەك لەو ژنانەی کە لە بازارگەلێکی سوننەتیدا کاردەکەن کە شوێنی کارەکەیان ژنانەیە. کەواتە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ژنـان ناچـار بن بەشە سوونەتییە پیاوانەکانی ئابووری بەجێ بێڵن و بە پێچەوانەشەوە زیـاتر ئەو ئەگەرە لە ئارادایە کە لە پلەی یەکەمدا خوازیاری ئەو پیـشانە بـبن کـە بـە شێوەیەکی سوننەتی، بە ژنانە لەقەڵـەم دەدرێـن و مەترسـی ئـازاردانی سێکـسی کەمتریشیان تێدایە. لەشیکردنەوەی جیاکردنەوەی پیشەییدا، ئەو گرنگییەی کـە

[1] - Stanko



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بە ئازاردانی سێکسی وەك هۆکارێکی روونکەرەوە، دەدرێت، بە تەواوەتی پێوەندی بە روانگەی مرۆڤەوە هەیە سەبارەت بە گرینگ بوونی ئیحساساتی سێکسی وەك روونکردنەوەیەك بۆ کۆنترۆڵ و دەسەلاتی پیاوان بەسەر ژناندا. بەهەرحاڵ، بیرورای من، وەك شیکردنەوەکەی کانتێر کە لەسەرەوە باسمان کرد، ئەوەیە کە فیمینیستگەلێکی وەك ئستانکۆ کە سەبارەت بە ئازاردانی سێکسی لە شوێنی کارکردندا، بەڵگە بەدەستەوە ئەدەن، هەرچەند توانیویانە روونکردنەوە لەسەر جیاوازیی رەگەزانە بکەن، بەلام لەراستیدا کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە.

فیمینیستەمارکسیستەکان، لە هەوڵەکانیاندا بۆ ئەوەی کە لە رێگەی تاوتوێکردنی سیستمی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییەوە، پێگەی ژن لەبازاری کاردا روون بکەنەوە، شیکردنەوەیەکی زیاترو بەرفراوانتریان کردووە سەبارەت بە پێگەی ژنان لە بازاری کارو دابەشکردنی کار لە رووی رەگەزەوە. یەکێك لەم شیکردنەوە مارکسیستی فیمینیستییانە، تیۆری لەشکری زەخیرەی کارە. مارکس ئەیوت کە سەرمایەداری، بۆ ئەوەی نەهێڵێت کرێکاران توانای داواکردنی حەقدەسی زیاتر و بارودۆخی باشتر بۆ کارکردن بکەن، کەڵك لە لەشکرێکی زەخیرەی‌کار وەردەگرێت. هەرکاتێك پێویست بە ژمارەیەکی زیاتری کرێکار هەبوایە، کە ئەگەری زیادبوون و چوونەسەری حەقدەسەکانی بەدواوە بوایە، خاوەن‌کارەکان دەیانتوانی روو لەو لەشکرە زەخیرەیە بکەن تاکوو کرێکارانی کارامەو تازەنەفەس بهێننە ناو بازاری کارەوە و بە مجۆرە، لە بەرانبەر هەموو داخوازەکانی کرێکارانی پێشوودا دەوەستن. هەندێ لە فیمینیستەکانی وەك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڤرۆنیکابیچەی[1](١٩٧٧) تۆخمێکی رەگەزانە(جنسیتی)شیان خستۆتە سەر ئەم باسەو لەوباوەڕەدان کە ژنان لەو ڕووەوە لە راستیدا وەك لەشکرێکی زەخیرەی کار،وان، کە هەمیشە دەتوانرێ کەڵکیان لێوەر بگیردرێت. کاتێ پێویست بە کرێکار هەیەو کاتێکیش ئەگەری هەڵبەزین و چوونەسەری حەقدەسەکان لە ئارادابێت، دەتوانرێت بانگهێشت بکرێن بۆکاری حەقدەسانە و کاتێکیش کە بازار ڕوو لە کەسادی و بێڕەونەقی دەنێت و پێویستی بە هەرمانبەر نامێنێت و بێکاری ڕوو لە زیادبوون دەکات، بنێردرێنەوە بۆماڵەکانیان. ئەم مەسەلەیە بەتایبەت سەبارەت بە ژنانی خێزانبار راستی لەخۆ دەگرێت، چوونکە وا تەسەور کراوە کە ئەوان وابەستە بەداهاتی مێردەکانیانن و کاریکیتریشیان لەماڵەوە هەیە، کەواتە دەتوانن و هەروەها حەزیش دەکەن هەرکاتێك بازاری کار پێویستی پێیان بێت، کاربکەن، یان دەس لە کار بکێشنەوە. ئەم شیکردنەوەیە، لەڕووی تیۆرییەوە بەشتێکی سەرنجراکێش دێتەبەرچاو، بەلاّم چوونکە لەسەر بناغەی بەڵگەگەلی تەجروبییەوە دانەمەزراوە، رەخنەی لێگیراوە؛ بەڵگەگەلێك کە ئەوە پیشان نادەن کە ژنان بەگشتی لەسەردەمی قەیرانە ئابوورییەکاندا، بەڕادەیەکی زیاترلە پیاوان واز لە کارکردن بێنن (واڵبی١٩٩٠). جیالەوەش، ئەم جۆرە شیکردنەوەیە رەنگە بتوانێت بانگەشەی روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بکات کە بۆچی ژنان کاری حەقدەسانە ئەکەن و بۆچی وازیشی لێ ئەهێنن، بەلاّم هیچ هەوڵدانێکی تیا بەرچاو ناکەوێت سەبارەت بە روونکردنەوەی جیاکردنەوەی بازاری کار لە ڕووی

[1] - Veronica Beechey



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

رەگەزەوە. ئەم کەموکورپییە ئاماژە بە کێشەیەکی گشتیتر دەکات کە لە پێوەندیدا لەگەڵ شیکردنەوە مارکسیستییەکانی سەبارەت بە کارکردنی ژنان، ئاماژەمان پیٚکرد ــ واتە، مارکسیستەکان هەموو توانایان تەرخان کردووە بۆ روونکردنەوەی پێداویستییەکانی سەرمایە، بەڵام سەرچاوەکانیتری سەرکوتکاری و جیاوازییان، کە یان پێوەندییان بە سەرمایەدارییەوە هەیە یان بۆ خۆیان سەربەخۆن، نادیدە گرتووە. ئەو فیمینیستانەی کە رەخنەیان لەم ئەولەوییەت پێدانەی سەرمایەداری وەك روونکردنەوەیەك بۆ پێگەی ژنان لە بازاری کاردا گرتووە، ئاماژەیان بەم راستییە کردووە کە دابەشکردنی کار بە پێی رەگەز، لە کۆمەڵگا پێشسەرمایەدارییەکانیشدا هەبووە، کەواتە دەبیٚ سەبارەت بەم دابەشکردنەی کارە، روونکردنەوەیەکی جیاوازتر لە روونکردنەوەکانی سەرمایەداری بە دەستەوە بدرێت. هەندیٚ لە نووسەرە مارکسیست فیمینیستەکان هەوڵیان داوە لەم روونکردنەوە بە تەنها ئابوورییانەی سەرکوتکردنی ژنانی تیٚبپەڕێنن و بزانن کە ئایدۆلۆژیا چۆن دابەشکردنی رەگەزانە دێنێتە ئاراوە؟ بۆ نموونە میشێلبارت[1](١٩٨٠) جەخت لەسەر دەوری سەرەکی ئایدۆلۆژیا دەکات لە پێکهاتەی رەگەزدا، بەتایبەت لە رێگەی بنەماڵەو ئایدۆلۆژیای رەسەنایەتی بنەماڵەوە[2]. ئەم دوورکەوتنەوە لە «بە تەنها روونکردنەوەی ئابوورییانەی» سەرکوتکردنی ژنان لە چوارچێوەی سەرمایەو چیندا، گوزارشتی لە تیٚپەڕینی هەندێك لە فیمینیستەمارکسیستەکانی دەکرد لە بوارە باوەکانی فیمینیزمیمارکسیستی،

---

١- Michele Barrett

٢- Familialism



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەمەبەستی ئەنجامدانی جۆرە شیکردنەوەیەکیتری فیمینیستی، کە سەرکوت کردنی ژنانی هەم لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا و هەم لە چوارچێوەی پیاوسالاریدا شی دەکردەوە. واتە، تیۆری «سیستمەدوالیزمەکان». دەتوانین نموونەی ئەم جۆرە شیکردنەوەی سیستمەدوالیزمەکان، لە ئاسەوارەکانی جوولیتمیچێل[1](١٩٧١)، هایدیهارتمان[2](١٩٧٩:١٩٨١) و سیلویاوالبیدا(١٩٩٠،١٩٩٧) ببینین. لەکاتێکدا کە میچێل، شەرحکردنێکی ناماتریالیستی لەسەر پیاوسالاری (کەلەسەر تەوەری دەروونشیکاریدا دەسووڕێتەوە) و شەرحکردنێکی ماتریالیستی لەسەر سەرمایەداری، تێکەڵ بەیەکتری دەکات، تیۆرسیەنەکانیتری سیستمە دوالیزمەکان وەك هارتمان، هەندێ شەرحکردنی ماتریالیستییان لەسەر پیاوسالاری و سەرمایەداری ئاراستە کردووە.

مەبەست لەو شیکردنەوانەی کە بە پێی تیۆری سیستمە دوالیزمەکان، لەسەر بەشداریکردنی ژنان لەبازاری کاردا ئەنجام دەدرێن، تێکەڵ کردن (تلفیق)ی شیکردنەوەی چینایەتی مارکسیستییانە لەسەر بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بوو لەگەڵ شەرحکردنێکی رادیکاڵی فیمینیستی لەسەر پێوەندییە رەگەزییەکانی ژێر دەسەڵاتی پیاوسالاریدا. ئەوانە هەوڵ ئەدەن چۆنیەتی پێوەندی نێوان هەردووسیستمی سەرمایەداری و پیاوسالاری روون بکەنەوەو هەروەها تاوتوێی ئەو رەوشانەبکەن کە ژنان و پیاوان بۆ راپەراندنی رۆڵە جۆراوجۆرەئابوورییەکان لەم

١- Juliet Mitchel
٢- Heidi Hartmann



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوو سیستمەدا هان ئەدەن. بۆ نموونە هارتمان دەڵێ کە سەرمایەداری و پیاوسالاری، پێوەندییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، بەڵام پیاوسالاری لە پێشترە لە سەرمایەداری و تایبەت بە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان نییە. بەڕای ئەو، دابەشکردنی کار بە پێی ڕەگەز، بە گرینگترین خاڵی بندەست کردنی ژنان لەقەڵەم دەدرێت و، ئەو دابەشکردنی کارەش، لە کۆمەڵگا ناسەرمایەدارییەکاندا ڕوو ئەدات. کەواتە پیاوسالاری و سەرمایەداری، دوو شتی سەربەخۆ، بەڵام پێکەوە گرێدراون؛ ئەمانە دوو سیستمی لێکجیاواز، بەڵام تێکچڕژاون، کە بە هێنانە ئارای وابەستەییەکی دوولایەنە و پێوەندی نێوان پیاوان، ئەو بوارەیان بۆ دەرەخسێنن کە بەسەر ژناندا زاڵ بن. بناغە مادییەکانی ئەم زاڵبوونەش، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کاری ژنان لە لایەن پیاوانەوە. پیاوان، ژنان لە گەیشتن بە کاری حەقدەسانەی باشتر بێبەش دەکەن و بە مجۆرە لەبارودۆخێکی نالەباردا دەیانهێڵنەوە. ئەو مەسەلەیە، بۆ ئەو پیاوانەی کە داهاتی زیاتر لە ژنانیان هەیە، ئەو بوارەیان بۆ دەرەخسێنێ کە بە پێی هەلومەرجە دڵخوازەکانی خۆیان لەگەڵ ژناندا ئیزدواج بکەن و ئەوەشیان بۆ مسۆگەر دەکات کە ژنەکانیان هەر لە ناو ماڵدا بمێننەوەو مناڵداری بکەن و بەشێکی هەرە زۆری کارەکانی ناو ماڵەوەش ئەنجام بدەن. لەو ڕووەوە کە ژنان زۆربەی کات لەڕووی مادییەوە وابەستە بە پیاوانن، هەر بۆیە ناتوانن خۆیان لە ئەنجامدانی کاری بێحەقدەسی ناو ماڵەوە بە دوور بگرن و، ــ لە جۆرە سووڕانەوەیەکی[1] بێهوودەدا ــ ئەم واقعییەتە

---

١- cycle



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کە ژنان کاری بێ حەقدەسی ناوماڵەوە ئەنجام ئەدەن، وەك ڕێگرێك لـە بـەردەم گەیشتنی ژنان بە فێرکاری و کاری باشتر وایە. جیـا لـەوەش، پیـاوان لەڕێگـەی کۆنترۆڵ کـردنی ئیحـساساتی سێکـسی و هـەروەها تواناییـەکانی زاوزێکـردنی ژنانەوە، ئەوە دەسنیشان دەکەن کە کەیو لە چهەلومەرجێکدا مناڵیان ببێت، کـە هەمدیسان ئەوەش ڕێگر دەبێت لـە بـەردەم گەیـشتنی ژنـان بـە کارگـەلێك کـە حەقدەسی گونجاویان لە گەلا بێت.

لەبەرپرچی ئەو مەسەلەیەدا ڕەخنەگران وتوویانە کە ئەم تیۆرەی سیستمە دوالیزمەکان، جیاییەك دەخاتە نێوان دووقەڵەمڕەوی «ناوماڵ» کە پیاوسالاری بە سەریدا زاڵەو، قەڵەمڕەوی «جیهانی دەرەوە» کە سەرمایەداری بـە سـەریدا زاڵـە. هەروەها ئەوە دەوترێت کە ئەم دابەشکردنە، چۆنیەتی دابەشکردن بـە بوارەکـانی گشتی وتاکەکەسی لە لایەن فەلسەفەی سیاسی سوننەتیمان دێنێتەوە یادو، هـیچ شـیکردنەوەیەکی پێـشکەوتووشی لێ ناکەوێتـەوە. لـە لایـەکیتـرەوە، تیـۆری سیستمەدوالیزمەکان، ئەو لایەنە پۆزەتیڤەی تێدا نییە کە دان بەوەدا بنێـت کـە تـەنها یـەك ڕوونکردنـەوەی گـشگیر بـۆ سـەرکوتکردنی ژنـان لـە ئارادانییـە. واڵبی(١٩٩٠) هەوڵ ئەدات لـە ڕێگـەی تـاوتوێ کـردنی کێشمەکێـشەکانی نێـوان سەرمایەداری و پیاوسالاری و هەروەها پێداگرتنی زیاتر لەسەر چۆنیەتی هـەڵس و کـەوتکردنی ڕەگەزپەرەسـتی[١]لەگـەڵ هـەردوو ئـەم سیـستمانەدا، پـەرە بـە توێژینـەوەکانی هارتمـان بـدات. واڵـبی هـەروەها جـەخت لەسـەر گرنگایـەتی

١- Racism



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کاریگەرێتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پێوەندییە رەگەزییەکاندا دەکات لە مەسەلەی ئیستخدامدا [دامەزراندن لە سەرکارێك] سەرەڕای ئەوەش کە هەندێ فیمینیست سۆسیالیستی وەك ئێلیسێن جێگر (١٩٨٣) بەڵگە لە دژی تیۆری سیستمەدوالیزمەکان دێنێتەوەو هەوڵ ئەدەن روونکردنەوەیەکی گشگیر بۆ سەرکوتکردنی ژنان بە دەستەوە بدەن ــــ جێگر ئەم کارە لە رێگەی چەمکی «نامۆبوون»ەوە ئەنجام ئەدات و، بەڕای ئەو، [نامۆبوون] چەمکێکە کە دەتوانێت کەڵك لە گەشبینییەکانی مارکسیزم وەربگرێت و لەگەڵ ئەوەشدا لە شیکردنەوە بەرتەسکەکەی مارکسیزم لەسەر بنەمای «چین»ی تێبپەڕێنێت و، هەڵگری هەندێ توخمی ڕوونکەرەوەیتر بێت، لەوانە، دەروونشیکاری، تێگەیشتنگەلی رادیکاڵی فیمینیستی لەسەر ئیحساسات و.... ــ قسەی من ئەوەیە کە هەر تیۆرێك کە هەوڵ بدات لەرێگەی چەمکێکی گشگیرەوە، سەرکوتکردنی ژنان ڕوون بکاتەوە، ئەو مەترسییەی لەبەردەمدایە کە بەرەوڕووی بە هێند نەگرتنی گرنگایەتی جیاوازییە کردەییەکانی نێوان ژنان ببێتەوە، بە هۆی یەکێتییەکی تیۆرانەوە. تیۆری سیستمە دوالیزمەکان، هەولی بەرفراوانتر کردنی بەستێنی دۆزینەوەی بناغەی سەرکوتکاری ژنان ئەدات نەك سنووردارتر کردنی. بەسەرنجدان بە فرەچەشنبوونی ئەزموونەکانی ژنان لەسەر بازاری کاری بەڕەگەزیکراوو هەروەها دابەشکردنی رەگەزانەی کار لەسەرانسەری جیهاندا، ئەو مەسەلەیە گرنگایەتییەکی زۆری هەیە کە فیمینیستەکان هەوڵ بدەن پەرە بە بەدواداچوونەکانیان بدەن بۆ دۆزینەوەی روونکردنەوەیەك دەربارەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆنترۆڵکردنی کاری ژنان لەلایەن پیاوانەوەو، شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆنترۆڵ کردنەش لە درێژەی سەدەکاندا و لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانیشدا لەبەرچاو بگرن و ئاوڕیان لێ بدەنەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ژن وەك چاودێر و بەرپرسی بێحەقدەس: باسی ماڵداریکردنی حەقدەسانە

تائێره، هەندێك لە ئاراستەفیمینیستییەکانمان سەبارەت بە کاری حەقدەسانەی ژنان و جیاکردنەوەی رەگەزانەی بازاری کارمان تاوتوێ کرد.مەسەلەیەکی تەواو پێوەندیداریتر کە سەرنجی فیمینیستەکانی بۆ خۆی راکێشاوە، مەسەلەی کارکردنی بێحەقدەسی ژنانە لە ناوماڵدا. هەروەك لەسەرەوە بەکورتی ئاماژەمان پێکرد، زۆربەی فیمینیستەکان، ئەم کارکردنە بەخۆڕاییە بە دەرەنجامی سیستمەکانی بەرهەمهێنانی پیاوسالاری و سەرمایەداری لەقەڵەم ئەدەن کە بەهۆی دابەشکردنی رەگەزانەی کارەوە، پیاوان ئەکەن بە خاوەنئیختیاری ژنان. لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی بەخۆڕایی کارکردنی ناوماڵ، بەکێکە لەومەسەلە کێشەسازانەی کە سەرلەنوێ فیمینیستەکان ناچار دەکات بکەونەوە سەرباسی یەکسانی و جیاوازی. لەلایەکەوە، هەندێك لە فیمینیستەکان وتوویانە کە ژنان دەبێ وازلە ماڵداریکردن بێنن و لەرێگەی کارکردنی حەقدەسانەوە کە حەقدەسێکی هێندەی پیاوانیش وەربگرن، هەوڵی بەدەست هێنانی یەکسانی بدەن. لەلایەکیترەوە، هەندێ لە فیمینیستەکان وتوویانە کە ئەوکارە بەخۆڕاییەی کە ژنان لەناوماڵدا وەك چاودێرو بەرپرس ئەنجامی ئەدەن. بە قەد کاری حەقدەسانە بایەخی هەیەو، کەواتە دەبێ قەدری بزانرێ و بەهای پێ بدرێت.

یەکێك لە ئاراستەکانی تاوتوێ کردنی دۆخی نالەباری چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کارکردنی ژنان لەناو ماڵدا، داواکردنی حەقدەس بوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆماڵــداریکــردنی ژنــان. ئــەم بیرۆکەیــە لــە لایــەن ماریــاڕۆزا دالاکۆســتا و سێلماجیمز[1]ەوە لە کتێبێکدا بە ناوی «دەسەلاتی ژنان و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا[2]» خرایەڕوو. دالاکۆستا و جیمز(١٩٧٢) تیۆری «ئــەرزش»ی مارکــسیان تێکــەڵی ئــەم باسە کرد کە بەخۆڕایی کارکردنی ژنــان لەماڵــدا، لــەورووەوە کــە ئەرزشــی زیــادە [سەرمایەی زیاتر]ی بەرهەم دەهێنا، بەلای سەرمایەدارییەوە شتێکی گرینگ بــوو. ئەوان لەوباوەڕەدا بوون کەسیستمی سەرمایەداری، ژنان لــە ڕێگــەی ئەنجامــدانی هەمووکارەکانی ناوماڵ و بەخێوکردنی منالْ و بەرپرسیارێتی و چــاودێری کــردنی بنەماڵەوە، کە بۆ درێژەکێشان و بەردەوام بوونی سیستمی سەرمایەداری، پێویستن، وەك کرێکــارێکی بــەخۆڕایی دەچەوســێنێتەوە. بــە مجۆرە، ناوماڵــەوە، کــە ئــەو کارەبەخۆڕاییەی تیا ئەنجام دەدرێت، سەرەکیترین شوێنی خەباتکردنی ژنانە بــۆ رزگاربوون.ژنان دەبێ بەمەبەستی بەڕەسمییەت ناسرانی بایەخی ئەوکارانەی کــە لە ماڵدا دەیکــەن خــەبات و شــەڕبکەن و بۆکارەکانیــان داوای حەقــدەس بکــەن. دالاکۆستا و جیمــز دەڵــێن کــە، لــەورووەوە کــە حکوومــەت زیــاترین قــازانج لــە سەرمایەداری دەبات، کەواتە دەبێ دەوڵــەت، حەقدەســی کارەکــانی نــاو ماڵــەوە بدات، نەك یــەك بەیــەکی پیــاوان. ئەگــەر ژنــان کارەکــانی ناوماڵیــان بەکــەم بگیردرێت و حەقدەسی دڵخوازی خۆشیان پــێنــەدرێت، لــەو حاڵەتــەدا دەبێ دەس بکەنە مانگرتن. هەندێك لە ژنان لەوەپێش بە هەندێ شێوەی جۆراوجــۆر مانیــان

١- Mariarosa Dalla Costa & Selma James
٢- The Power Of Women and The Subversion The Community



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گرتووە: بۆ نموونە، ژنێك كە لە مێردەكەی جیا دەبێتەوە (تەلاق دەگرێـت) ئیـدی ئەو ئەركانە جێبەجێ ناكات كە پێوەندییان بەماڵ و هاوسەردارییەوە هەیە. یـان ژنێك كە بڕیاری داوە بتوانێت لەمافی مناڵ لەبارخـستن بەهرەمەنـد بێـت، ئیـدی نایەڵێت مناڵی ببێت و ئەركە پێوەندیدارەكانیشی بەڕێوە نابات. لەم ڕووەوە، ئـەم جێبەجێ نەكردنی ئەركەكانە، بەشێكە لە سەرپێـچییەكی «بـالقوە»ی بـەهێزی ژنان لە دژی ئەو سیستمە سەرمایەدارییانەی كە سەركوتیان دەكات.

ماركسیستفیمینیستەكانیتر كە باسەكانی دالاكۆستاو جیمزیان بـە هـۆی هۆكارگـــەلێكی تیۆرانـــەوە، بـــەقابیلی داكـــۆكی لێكـــردن نـــەزانیوەو، فیمینیستەكانیتریش كە ئایدیای ماڵداری كردن لەبەرانبەر حەقدەسیان بە هـۆی هۆكارگەلێكی ئایدۆلۆییكیەوە، بە نالەبار لەقەڵـەم داوە، ئـەم باسـەی ماڵـداری كردن لە بەرانبەر حەقدەسیان بە توندی خستۆتە بەر ڕەخنەوە. ئەگەرچی تـەواو ئاشكرایە كە ژنان هێـشتا بەشـی هـەرەزۆری كـاری ناومـاڵ و چـاودێری كـردن و بەرپرسیارێتی بەخۆڕاییان لە كۆمەڵگای ئێمەدا لە ئەستۆیەو ئەم كارانەشیان بـە كەم، یان تەنانەت هەر نادیدە ئەگیردرێت، بەڵام ئایـا هێنانـە ئـارای ڕەوشـێكی پارەپێدانی دەوڵەتی بۆ ماڵداری كردن [ی ژنان] ڕێگەچارەیەكی گونجاوە بۆ ئـەو كێشەیە؟ هەرچەند ڕەنگـە مـرۆڤ بـیر لـەم مەسـەلەیە بكاتـەوە كـە حەقـدەس وەرگرتنی ژنان لە بەرانبەر كارە بەخۆڕاییەكانیان، شتێكی باش و گونجاوە، بەڵام دەتوانین جـەخت لەسـەر ئـەوەش بكـەین كـە پێـدانی حەقـدەس لـە بەرانبـەر ماڵداریكردندا، تەنها ڕەسمییەت بەو دابەشكردنە دەبەخشێت كە هەنووكـەش لـە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئارادایەو، لەجیاتی ئەوەی کە مشتومڕ لەسەر ئـەم پـۆلێنبەندییـە بکـات، بـە پێچەوانەوە رەسمییەتی زیاتر بە دابەشکردنی کـار لـە نێـوان ژنـان و پیاوانـدا دەبەخشێت.

کریستیەن دێلفی(١٩٨٤)یش، شیکردنەوە لەسەر ئەوژنانە دەکـات کـە وەك کرێکاری خۆڕایی (بێحەقـدەس) لـەناو ماڵـدا کاردەکـەن، بـەلاّم بە پێـچەوانەی دالاکۆستا و جیمزەوە دەڵێ کە سەرەکیترین براوەی (قازانجبەری) ئـەم کارکردنـە بە خۆڕاییە، حکوومەتی سەرمایەداری نییە، بەڵکوو یەكبەیەکی پیـاوانن. دێلفـی لەوباوەڕەدایە کە بەرهەم هێنانی ماڵەچە، یان خێزانیی، جۆرە بەرهەم هێنـانێکی جیاوازە، کە لەژێر کۆنترۆڵی پیاوسالاریدایە. واتە شێوە بەرهەم هێنانێك کە دوو «چین» تیایدا بەشدارن: ژنان / ژنانی خێزانبار وماڵداریکەر کە بەرهەم هێنـەرن و، پیـاوان / ئـەو مێردانـەی کـە دەیانـچەوسێننەوە و قـازانج لـە کارەکانیـان وەردەگرن. ئەگەر، هەر وەکوو دێلفی دەڵێ، ئەوە پیاوان بن کە بەشێوەی راسـتەوخۆ لـە بـەخۆڕایی کـارکردنی ژنـان لـە ماڵـدا قـازانج ببـەن، نـەك حکوومـەتی سەرمایەداری، کەواتە دەبێ فیمینیستەکان لە پێناو گـۆڕینی پێوەندییـەکانی ژن وپیـاو لـە ژێـر دەسـەلاّتی پیاوسـالاریدا کـە بـوار بـۆ ئـەم چەوسـاندنەوەیە دەڕەخسێنێ، خەبات بکەن. هەروەك واڵبی(١٩٩٠:٨٩) دێنێتـەوە یادمـان، هـەوڵ و تێکۆشانە فیمینیستیەکان (لەگەڵ هۆکارەکانیتـردا) هەنـدێ گۆڕانکـاری بـاش و بەکەڵکیان لە بواری ناوماڵ و پێوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو لە ناو بنەماڵـەدا لێکەوتۆتەوە:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژن ئیدی وەکوو پێویست ملکەچ و وابەستەی مێردەکەی نییە، کە هەتا سەرووەختی مردن و لێك دابڕان، ئیجازەی کارکردنی لە دەست پیاوەکەیدا بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆری ژنان [لەمێردەکانیان جیا دەبنەوەو] مێرد بەکەسێکیتر دەکەن، بەبێ ئەوەی مێردیان هەبێت مناڵیان دەبێ و لەجیاتی کارکردن بۆ مێردەکانیان، کار بۆ خاوەن کارێکیتر دەکەن. ژنان بەشێکی کەمتر لە کارەکانی تەواوی ژیانیان، لەژێر کۆنترۆڵی پێوەندییەکانی بەرهەم هێنانی پیاوسالاریدا ئەنجام ئەدەن، هەرچەند کاتێکیش کە ماڵداریکەری تەواوکات (فولتایم)ن، هەمان ئەو چەند کاتژمێرە کاردەکەن کە ژنان چەندین دەیە پێشتریش ئەنجامیان ئەدا. ژنان لەناو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا، لە ڕووی دەستەویەخەبوونیان بەرانبەر ئەم پێوەندییانەی بەرهەم هێنانی پیاوسالاری، جیاوازییان هەیە لەگەڵ یەکدیدا و [بارودۆخێکی وەك یەکیان نییە ].

دیارە زۆربەی ئەم گۆڕانکارییانە، بە قازانجی ژنان بوە، بەلاّم بەیەکجاری پێوەندییە نایەکسانەکانی نێوان ژن و پیاویان لە قەڵەمڕەوی بنەماڵەدا، لەناو نەبردووە. ژنان هێشتا بەشی هەرەزۆری کاری بەخۆڕایی بەرپرسیارێتی و چاودێریکردنیان لە کۆمەڵگادا لە ئەستۆیە، هەرچەند ئەم کار کردنە بەتەنها لەناو بنەماڵە سوننەتییە «ناوکی[1]»یەکاندا ئەنجام نادرێت. لەراستیدا هەروەك

١- لەکۆمەڵناسیدا بەو بنەماڵانەی دەوترێت کە کوڕو کچەکانیان پاش هەڵبژاردنی ژیانی هاوبەش و ئیزدواج، بنەماڵە بەجێ دێڵن و بۆخۆیان بنەماڵەیەکی سەربەخۆ پێك ئەهێنن. بنەماڵەگەلی ناوکی، لەڕووی ژمارەوە هەرگیز زیاد ناکەن و هەر بە بچووکی دەمێننەوە. ئینگلیزییەکەشی «Nuclear Family»یە ـ و. ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له فەسڵی پێشتردا باسمان کرد دەتوانین گۆڕانکارییەکانی ناو پێکهاتەی بەرهەمهێنانی ماڵچە، یان خێزانیی، بەبەشێك لە گۆڕانی وابەستەیی لە فۆرمێکی تاکەکەسییەوە بۆ فۆرمە گشتییەکەی لەقەڵەم بدەین. پاشانیش دەتوانین بڵێین کە فیمینیستەکان دەبێ بچنە سۆراخی کێشەگەلی پێوەندیدار بە ئابووری و پێوەندیدار بە سیاسەتی کۆمەڵایەتییەوە، کە پێوەندی تەواویان بە یەکەوە هەیە ــ ئەگەر ژنان داهاتێکی یەکسان لەگەڵ پیاوانیان هەبێت لە بازاری کاردا، بەڵام هاوکاتیش رۆڵی بەرپرسیار و چاودێری بە خۆڕاییان لەماڵدا، لە ئەستۆدابێت، هیچ فایدەیەکی بۆیان نابێت. هەربەم پێیە، بەتەنها پێدانی حەقدەس بۆکاری بەرپرسیارێتی و چاودێریکردنی ژنان لە ماڵدا (زۆربەی کات لە ڕێگەی یارمەتیگەلی ماڵیی دەوڵەتییەوە) ئەگەر نایەکسانی لە کاری حەقدەسانەدا درێژەی هەبێت، چارەسەری کێشەکە ناکات. لێرەدا بۆ جارێکیتر، دەرك بەزەروورەتی لێکۆڵینەوەی سنوورەکانی نێوان [قەڵەمڕەوی] گشتی و تاکەکەسی و هەروەها هەڵسەنگاندنی دووبارەی کاری ژنان لەناو هەردوو قەڵەمڕەوەکەدا دەکەین کە فیمینیستەکان جەختی زۆری لەسەر دەکەن.

## ئابووری جیهانی: ژن وەك بەرهەم هێنەرو مەسرەفکەر

پێشتر هەر لەم فەسڵەدا ئاماژەمان بە زەروورەتی شیکرنەوەی رۆڵی ژنان لە کاری حەقدەسانەو بە خۆڕاییدا کرد، نەك تەنها لە ولاتێکدا بەڵکوو لەسەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاستی جیهانیدا. لە کاتێکدا کە ئابووری جیهانی، بەهۆی بەردەوام زیادبوونی ژمارەی ئەو کۆمپانیا گەورە فرەنەژادانەی کە پەرە بە بەرهەمهێنان و مەسرەفکردن دەدەن، یەکپارچەتر دەبێ، ئەم مەسەلەیە زیاتر و زیاتر زەرووەت پەیدا دەکات. هەروەك پاتریشیا ویلیامز[١](١٩٩٣:١١٨) جەختی لەسەر دەکات، ئێمە دەبێ بیر لە واقعییەتەکانی جیهانێك بکەینەوە کە تیایدا سنوورە نەتەوەییەکان لە هەوراز و نشێوەکانی ژیانی ئینسانەکاندا، کەمتر لە پێکهاتەی کۆمپانیا فرەنەژادەکان، گرنگییان هەیە:

> ناتوانین کێشمەکێش و موناقەشە ناوچەییەکانی سەبارەت بە جیاوازی قایلبوون لە شوێنی کارکردن، بە مەسەلەگەلێکی تەنها ناوچەیی لەقەڵەم بدەین: کێشەکانی کارو ژێرپێ خستنی مافە مەدەنییەکان، مەسەلەگەلێکی تەنها پێوەندیدار بە یاساکانی ئێمەوەنین ـــ نە لە جیهانێکی پڕلە ناوچەگەلی ئازادی بازرگانی، دوورگەگەلێکی پیشەسازی کە دەتوانن لە کەمترین ماوەدا چالاکییەکانیان لە کارۆلینای باکوورەوە بگوێزنەوە بۆ مەکزیك، تایلەند، لۆسئانجلێس، یان فیلیپین.

فیمینیستەکان دەڵێن ئەم ئابوورییە جیهانییە، بەشێوەگەلێکی تایبەت، ژنان هەم وەك بەرهەمهێنەرو هەم وەك مەسرەفکەر دەخاتە ژێر گوشارەوە. ئەم ستەم لێکردنە، لەسەر دەستی سیستمی جیهانیی کلۆنیالیستی و سەرووکلۆنیالیزمدا جێبەجێ دەکرێت کە مۆدێلەکانی پەرەسەندنی رۆژئاوایی و

١- Patricia Williams



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

«ئەورووپاتەوەری» بەسەر جیهانی سێهەمدا دادەسەپێنن. ماریامیس[1](١٩٨٦: میس و شیوا١٩٩٣) بە توندی هێرش دەکاتە سەر هەموو ئەو شتانەی کە خۆی بە «ئۆستوورەی قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی» ناودێری دەکات ــ بە واتایەکی‌تر، هێرش دەکاتە سەر بەرنامەکانی پەرەسەندن، لەسەر بنەمای ئەم بەرداشتە (ئاشکرا، یان نهێنی‌یە) کە باشترین مۆدێلی ژیان ئەوەیە کە لە کۆمەڵگا دەوڵەمەندەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و ئەورووپا و ژاپۆندا باوەو، ولاتە ناپێشکەوتووەکانیش دەتوانن بە گوێگرتن لە رێنماییەکانی ولاتانی «پێشکەوتوو» بەو ژیانە باشە بگەن. «بەمجۆرە ئەم ولات و چینە دەوڵەمەندانە و رەگەزی زاڵی ــ واتە پیاوان ــ شارەکان و شێوە و سیاقە باوەکانیان، بەجۆرە بەدیهاتنێکی یۆتۆپیای لیبرالیزم لەقەڵەم دراوە؛ یۆتۆپیایەك کە گوایە دەبێ ئەوانەی کە دواکەوتوون، پێی بگەن» (میس و شیوا ١٩٩٣:٥٥). لە راستیدا، ئەم ئایدۆلۆژیایە بە مەبەستی پاراستن و رەوایەتی بەخشین (مەشرووعیەت پێدان) بە مۆدێلی گەشەسەندن و کەڵەکەبوونی بەردەوامی کۆمەڵگای مۆدێرنی پیشەسازی، یەکجار پێویستەو، نەك تەنها هەژاربوونی خەڵکی جیهانی سێهەم، بەڵکوو وێرانبوونی ژینگەو هەروەها سەرکوتکردنی بەردەوامی ژنانی لێ‌دەکەوێتەوە، چوونکە ئەم مۆدێلی گەشەسەندنە، لە ئاکامدا جیاوازی قایل‌بوونی رەگەزانەی لێ دەکەوێتەوە.

---

[1]- Maria  Mies



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فیمنیستەکانی‌تریش کە هەوڵیان داوە سەرچاوەکانی ئەم جۆرە سیاسەتانەی سەردەمی کلۆنیالیزم، کاتێك کە جۆرە دابەشکردنێکی کاری ڕۆژئاوایی بەسەر زۆرێك لە کەلتوورە ئافریقایی و ئاسیاییەکاندا سەپێنرا، تاوتوێ بکەن، نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە لەوەی کە سیاسەتە بازرگانییەکان و گەشەسەندنی ئەورووپاتەوەر، بە هەندێ جیاوازی قایل بوونی ڕەگەزانە کۆتاییان پێ‌بێت (پێترسن و ڕۆنیان١٩٩٣). زۆربەی جار، دەرەنجامی ئەم داسەپاندنە، لەوڕووەوە کە داگیرکەران، داگیرکراوەکانیان ناچار بە چاندنی بەرهەمگەلی فرۆشتنی کرد [بەرهەمگەلێکی کشت و کاڵی کە قابیلی فرۆشتنن ـ و ـ] بە پەراوێزکردنی هەرچی زیاتری ژنان لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا بوو. وردەوردە کە چاندنی فرۆشتنی، گۆڕا بە چاندنی سەرەکی، تەرتیباتێکی تازەی ئابووری لەنێوان پیاوان و ژنان و، هەروەها ڕوانگەگەلێکی تازە لە پێوەندیدا لەگەڵ لەسەرتربوونی پیاو لەڕووی ئابووری کۆمەڵایەتییەوە هاتە ئاراوە(ئاوگۆندیپ ـــ لێنسلی١٠٨:١٩٩٣). ئەمڕۆکەش چەوساندنەوەی کلۆنیالەکان، بە شێوەگەلێکی پێشکەوتووتر و هاوڕێ لەگەڵ ئەو شتەی کەمیس (میس وشیوا ١٩٩٣:٥٨) بە «ڕشتنەدەرەوەی پارەکان[١]» لە وڵاتانی پیشەسازییەوە بەرەو جیهانی سێهەم ناودێری دەکات، درێژەی هەیە. ئەوە ئیدی کەرەسەی خاونییە کە لە کلۆنیالەکانەوە بۆ وڵاتە پیشەسازییەکان دەنێردرێت، بەڵکوو کلۆنیالە پێشووەکان، بەشێوەیەکی بەرفراوان دەگۆڕن بە شوێنی بەرهەم هێنان، چوونکە دەتوانرێت پارەیەکی کەمتر بە کرێکارەکانیان

١- externalization Of Costs



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بدرێت لەچاو کرێکارانی ولاَتە پیشەسازییەکاندا. ژنان باشترین کرێکارانن لە جیهانی سێهەمدا، چوونکە لەچاو پیاواندا دەتوانرێ پارەیەکی کەمتریان پێبدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ژنان لە جیهانی پیشەسازیدا، لە ڕێگەی ئەوشتەی کە میس بە «ئیدارەکردنی کابانی ماڵەوە[1]» ناودێری دەکات، دەچەوسێنرێنەوە، واتە پرۆسەیەکی پێویستی مێژوویی بۆ گەشەکردنی پیشەسازی، کە ژنان تیایدا وەك سەرەکیترین مەسرەفکەرانی بەرهەمەکانی ئەم سەنعەتە، دەردەکەون.

ئەم دوو پرۆسەی ئیدارەکردنی کلۆنیال و ئیدارەکردنی کابانی ماڵەوە، بەتەواوەتی و بە ئاشکرا تێکچرژاون و پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. بەبێ چەوساندنەوەی کلۆنیالە دەرەکییەکان ـــ پێشتر بە شێوەی کلۆنیالگەلی راستەوخۆ و ئەمرۆ لەناو چوارچێوەی دابەشکردنی نوێی کاری جیهانیدا ـــ پێك هێنانی «کلۆنیالی دەروونی»، واتە بنەماڵەیەکی «ناوکی» و هەروەها ژنێك کە پیاوێکی «بەخێوکەر» بەخێوی بکات، لە تواناادا نەبوو.

(میس١١٠:١٩٨٦)

شیکردنەوەکەی میس هەرچەند لە ڕووی تیۆری و تەجروبییەوە قابیلی رەخنە لێگرتنە، بەلاَم لە وێناکردنی پێوەندی نێوان سەرکوتکردنی ژنان لە ولاَتانی جیهانی سێهەم و سەرکوتکردنی ژنان لە ولاَتە پیشەسازییەکاندا، دەورێکی باش دەبینێت. ئەو دەڵێ: پێکهاتە چەوسێنەرەکانی سەرمایەداری و

---

[1] - housewifization



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کلۆنیالیزم، بەشێکی زۆری ئەو بنەمایەیان کە بۆ یەکگرتنی نێودەوڵەتی ژنانە لە ئارادابوو، لەناویان برد، چوونکە بەرژەوەندییەکانی ژنان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا، بەپێی پێناس کردنی ئەم سیستمانە لەسەریان، لەدژی یەکدی وەستاون. بۆنموونە، رەنگە وەرگرتنی حەقدەسی زیاتر، بەقازانجی ئەوژنانە بێت کە لە سەنعەتی جلوبەرگدا لە جیهانی سێهەمدا کاردەکەن، بەلاّم ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو جلوبەرگە بۆ ژنانی ولاّتانی پیشەسازی، بە نرخێکی گرانتر دەکڕدرێت، کە ئەوەش بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانیانە، وەك مەسرەفکەر. رێگەچارەی ئەم کێشەیەش، بەپێی بۆچوونی میس، کۆتایی هێنانە بە مۆدێلی «قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی» بەهۆی گەشەسەندن و ئازادی و ئیختیارپێدان بە مەسرەفکەرەکانەوە، جۆرەئازادی و ئیختیارپێدانێك کە بەڕای میس، قازانج بە هەموو ژنانی دنیا دەگەینێت. پێدەچێت دەبێ بانگەشەکانی میس دەربارەی «ئیدارەکردنی کابانی ماڵەوە»ی ژنانی ولاّتە پیشەسازییەکان تەعدیل بکرێت. چوونکە، هەروەك پێشتریش باسمان کرد، رۆژلەدوای رۆژ ژنانێکی زیاترو زیاتر لە ولاّتە سەرمایەدارییەکاندا دەچنە ناو بازاری کارەوە (هەرچەند زۆربەی کات حەقدەسی کەم، یان کاری کاتی و نیمەوەختیان پێدەدرێت). لەم حاڵەتەدا ئایا دەتوانرێ ئەم ژنانە، زیاتر لە هەر شتێکیتر، بە کابانێك لەقەڵەم بدرێن کە دەبێ کالاّگەلێك مەسرەف بکەن کە بەرهەمی دەسڕەنجی ژنانی جیهانی سێهەم بێت؟. بەلاّم ئەو شتەی کە میس جەختی لەسەرکردووە، پێکەوە گرێ خواردنی جۆری بەگەڕخستنی دەسەلاّت و زاڵ بوونی پیاوان بەسەر ژنانە،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەگەڵ ئابووری جیهاندا. هەروەك سەبارەت بە ژنانی ولآتە پیشەسازییەکان ئـەو قسانەمان کرد، ژنان لە جیهانی سێهەمیشدا زۆربەیجار زیاد لە پێویست و زیـاتر لە کارێك ئەنجام ئەدەن ــ واتە، کارکردن لە بەشی بەرهـەمهێنـان لـە دەرەوەی ماڵەوەو، پاشان بە ئەستۆگرتنی بەشی هەرە زۆری کارەکانی ناوماڵەوە (برایـدۆن و چەنت١٩٨٩). بەلآم هـەروەك مۆهـانتی[١](١٩٨٨) پیـشانی ئـەدات دابەشـکردنی رەگەزانەی کار رەنگە لای ژنانی جۆراوجۆر لە سەرانـسەری جیهانـدا، ماناگـەلێکی جیاوازی هەبێت و، دەبێ ئەو فیمینیستانەی کە بۆ کۆتایی هێنان بە دابەشـکردنی رەگەزانەی کار خەبات دەکەن و دەیانەوێ دڵنیابن لـەوەی کـە ژنـان نـە لـەکاری حەقدەسانەدا دەچەوسێنرێنەوە، نـە لـە کـاری بەخۆڕاییـدا، ئەوجیاوازییانـەیان لەبەرچاوبێت.

## فیمینیزم و ژینگە

یەکێك لە ئکامـەکانی گەشەسـەندنی ئـابووری جیهـانی و برەوپێـدانی مۆدێلـەکانی گەشەسـەندنی ئەوروپاتـەوەر، کـاولکـردنی خێـراو بـەردەوامی ئێکۆسیستمی جیهان بوە. هەندێ لە فیمینیستگەلی وەك واندانـاشیوا[٢] وتوویانە کە ژینگەناسی (ئێکۆلۆژی) مەسەلەگەکی تایبەتی فیمینیـستییەو شـتێکی هێناوەتـە ئـاراوە کــە دەتــوانرێ بــە «ئیکــۆفیمینیزم» نــاودێر بکرێــت. ئەوباســە

---

١- Mohanty
٢- Vandana Shiva



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئێکۆفیمینیستییەی کە شیوا (١٩٨٨) پێشنیاری کردووە ئەوەیە کە پێش سەرهەڵدانی کلۆنیالیزمی رۆژئاوایی و زانستە رۆژئاواییەکان، هەموو خەڵکانی جیهان، پێوەندییەکی نزیك و تارادەیەکی زۆر دۆستانەیان لەگەڵ جیهانی سروشتیدا هەبوە. هێزە سروشتییەکان زۆربەی کات بە «مێیینە» تەسەور دەکران چوونکە نیشانەیەك لە بەرهەمهێنان و زاوزێکردن بوون. «پرەنسیبی مێیینە» کاردانەوەیەك بوو لە پێوەندیگەلی تایبەتی ژن لەگەڵ سروشتدا، لە رێگەی زاوزێکردن و وەچەخستنەوەو بەخێوکردنی منالآن و پاراستنیان لە ماوەی ژیانیاندا. ئەم پرەنسیبی مێیینەیە، زەمانەتێك بوو بۆ ئەوەی کە کەڵکی خراپ لە ژینگەی سروشتی وەرنەگیرێت بەڵکوو بە پێچەوانەوە پارێزگاری لێبکرێت و بە پارێزەوە کەڵکی لێوەربگیردرێت. لەگەڵ سەرهەڵدانی کلۆنیالیزمی رۆژئاواییدا، ــ کە هەروەك بینیمان ــ توانای کەڵكوەرگرتنی هاوبەش لە زەوی و هەروەها مافی موڵکدارێتی ژنانی لاواز کردو، لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستە رۆژئاواییەکاندا کە سروشتی تەنها وەك سەرچاوەیەك بۆ کەڵك وەرگرتنی ئینسان لەقەڵەم ئەدا، نەك شتێك کە وەك جاران دەبێ رێزی لێ بگیردرێت و کەواتە وێناکردنە گشتییەکەی لە سەرسرووشتی تووشی گۆڕان کردو هەر بۆیە پێوەندییەکانی [مرۆڤ] لەگەڵ سروشتدا بە تەواوەتی تێکچوو و گۆڕانی بەسەرا هات. بەمجۆرە پرەنسیبی مێیینە، تەواو گۆڕانکاری بەسەراهات، بەلآم سروشت کە هەر بە شتێکی مێیینە لەقەڵەم دەدرا، لەسەرچاوەیەکی بەهێزەوە گۆڕابوو بە سەرچاوەیەکی کارتێکراو (منفعل). ئەم گۆڕانکارییە، رێگەی بۆ وێرانکردنی ژینگەو، کەڵك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەرگرتنی لەڕادەبەدەر لە زەوی و پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیای مەترسیدار خۆش کرد. تەنها ریگەچارەی دەربازبوون لەم سووڕانەوە (سیکل) بەردەوامەی قەیرانی ئیکۆلۆژیانە، بەرقەرار کردنەوەی پێوەندییە جارانەکەی ژنانە لەگەڵ ژینگەو، هەروەها پەرەپێدانی «گەڕانەوە بۆ سروشت». شیوا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە مەعریفەی ژنان بۆ پاراستنی فرەژیانی یەکجار پێویستە. ئەم مەعریفەیە لەگەڵ ئەوەی پیاواندا تەواو جیاوازە؛ مەعریفەیەکە کە پێوەندیگەلێك لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی کشت و کاڵیدا دادەمەزرێنێت، بەلاّم مەعریفەیەکە زۆربەی کات بە نەبینراوی ماوەتەوە.

هۆی بەنەبینراو مانەوەی کارومەعریفەی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ دەمارگیرییەکی رەگەزانە، کە ناتوانێت بە دروستی و بە شێوەیەکی واقیعبینانە، بارمەتییەکانی ژنان هەڵسەنگێنێ. هەروەها نادیدەگرتنی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئاراستەیەکی لایەنگرانە و لێكهەڵپێچراوو کۆنخوازانە بەرانبەر [دیاردەی ] گەشەسەندن، کەلەگەڵ دارستانەکان و ئاژەڵەماڵییەکان و بەرهەمە کشت وکاڵییەکاندا بە شێوەیەکی لەیەك جیاواز هەڵس و کەوت دەکات.

(میسو شیوا١٦٧:١٩٩٣).

ئەگەر ئیکۆسیستمی جیهان و فرەچەشنبوونی ژیان دەبێ بپارێزرێت، لەوحاڵەتەدا گرینگترین کار ئەوەیە کە گوێ لە قسەکانی ژنان بگرین و مەعریفەکەیان بە هێند وەربگرین و گرنگایەتی پێبدەین.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیٚکۆفیمینیزم بە هۆی بەرهەم هیٚنانەوەی دابەشکردنی بناغەیی پیاوان و ژنان و، کەلتوورو سروشت، لەو باسەیدا کە ژنان لە سروشت نزیکترن و سەبارەت بە فرەژیانی و مەسەلەکانیتر مەعریفەیەکی زیاتریان هەیە، ڕەخنەی لیٚگیراوە. ئیٚکۆفیمینیستەکان لەبەرانبەر ئەم ڕەخنانەدا بەڵگەگەلیٚك دیٚننەوەو دەڵیٚن کە جەخت لەسەر جیاوازییەکی بناغەیی و نەگۆڕو گشتی لە نیٚو ژنان و پیاواندا ناکەن بەڵکوو تەنها هەوڵ ئەدەن ئەو پیٚوەندییانە ببووژیٚننەوە کە دابەشکردنە دوالیزمە رۆژئاواییە پیاوسالارانەکان، لە ریٚگەی بەستنەوەی پیاوان بە کەلتوورو عەقڵ و بەستنەوەی ژنان بەسروشت و عاتیفەوە، لە ئەرزش و بایەخیان دابەزاندوون. لەم پیٚوەندییەدا ماری میٚلۆر[١](١٣٤:١٩٩٦) دەڵیٚ:

ڕەخنەگەلیٚکی زۆری فیمینیستی گیراوە لە ویٚناکردنی رۆژئاواییانە لە سەر « ئینسان »، وەك پیشاندانەوەی ئەزموونەکان: ئەرزش و بەرژەوەندییەکانی پیاوی سپیپیٚستی بۆرژوا. ئیدیعای ژینگەتەوەرەکان[٢](ئیٚکۆسەنتەریستەکان) و ئیکۆفیمینیستەکان ئەوەیە کە مۆدیٚلی مۆدیٚرنیتەی رۆژئاوایی، کە لەسەر بنەمای «ئینسان» دامەزراوە، لەسەر دەستی ژنان و سروشتەوە هاتۆتە ئاراوە. چەمکە رۆژئاواییەکانی «ئیرادەی ئازاد» و «سەربەخۆیی»، لە قووڵایی بوونیاندا، هەڵگری ئایدیای تیٚپەڕاندن لە جیهانی سروشتن. ئیٚکۆلۆژیای (جەستەکان)

---

١- Mary Mellor

١- ecocetnrists



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وئێكۆسیستم (سروشت) لەعاست كاروباره كۆمەڵایەتییەكاندا، شتانێكی دەرەكین.

رەخنەیەكی‌تر كه دەتوانین رووبەرووی ئێكۆفیمینیزمی بكەینـەوه، ئەوەیـه كه بۆ ژنانی هەژاری جیهانی‌سێهەم كه بەوپەڕی نائومێدییەوه هـەوڵ ئـەدەن بـه قەدەر پێویـست خـواردن فەراهـەم بكـەن بـۆ ژیـان و بـەخێوكردنی منالآنیـان، ژینگەناسی به خولیایەكی سەرەكی لەقەڵەم نادرێـت. لـەم حاڵەتـەدا دەتـوانین نیگەرانییه ئێكۆلۆژیكییەكان، به یەكێك له لایەنەكانی خۆش‌ڕابـوێری (تجمـلات) ژنەدەوڵەمەندەكان لەقەڵەم بدەین كه دەرفەتی زیاتریان هەیه بۆ ئەوەی بتـوانن خۆیـان بـه كێـشەكانی ئێكۆسیـستمەوه سـەرقاڵ بكـەن. مـۆلارا ئاگۆنـدیپ ـــ لێسلی[1](۱۹۹۳:۱۰٤) كه فیمینیستێكی ئافریقاییه دەڵێ كه «كێشەكانی ژینگەناسـی و ئێكۆسیستم له وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، له ئەولەوییەتدا نین و؛ نـابێ پـێش ئاماژه كردن به كێشه هەرەجیدییه كۆمەڵایـەتی و ئابووریـیـەكان، باسـیان لێـوه بكەین». ئەوه خاڵێكی درووسته بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تەنانـەت ئەگـەر مرۆڤ ئەوه قبووڵ بكات كه خولیاگەلی ژینگەناسانه، دەبێ بەپێی كێشەئابووری و كۆمەڵایەتییـەكانی جیهـانی‌سـێهەم، لــه پلـەی دووهـەمی گرنگایەتیـدابن، ئیختیارەكـانی ئێكۆفیمینیـستگـەلێكی وەك شـیوا سـەبارەت بـه جۆرەكـانی نادیدەگرتنی مەعریفەی تایبەتی ژنان، دەورێكی گرینگیـان بینیـوه ـــ وه ئـەم مەسەلەیەش رەنگه نەك هەر تەنها له مەڕ مەعریفەی پێوەندیـدار بـه ژینگـەوه،

---

[1] ٢- Molara Ogundipe - Leslie



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڵکوو هەروەها لە مەڕ جۆرەکانی‌تری مەعریفەشدا راستی لەخۆ بگرێت. ئەم شاراوەبوونەی مەعریفەی ژنان و خودی ژنانیش، مەسەلەیەکە کە فیمینیستەکان ئەگەر حەز بە وەرچەرخاندنی ئابووری نێو دەوڵەتی و سیاسەتی نێو دەوڵەتی دەکەن، دەبێ خۆیانی پێوە خەریك بکەن. هەروەك سینتیائەنلۆ[١](١٩٩٠:١٩٨) جەختی لەسەر دەکات، «بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن و بۆچی دەسەلاتی نێودەوڵەتی، ئەو فۆرمانە بە خۆوە دەگرێت کە دەیانبینین، ئاشکراکردن و دەرخستنی ژنان یەکجار پێویستە».

١- Cynthia Enloe



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## فيمينيزم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ٤

# ئیحساساتی سێکسی و دەسەڵات

ئیحساساتی سێکسی لای فیمینیستەکان، مەسەلەیەکی سیاسی گرینگ و باس ورووژێنەر بوە و لە سەدەی نۆزدە بە دواوە (جاکسۆن و ئسکات١٩٩٦) و تەنانەت پێش ئەو سەردەمەش، هەر بەهەمان شێوە بوە. لە ساڵی١٩١٨دا کریستاڵ ئەستمەن[١] کە فیمینیستێکی ئەمریکی بوو، وای نووسی:

فیمینیستەکان ژنە راهیبە نین. ئەوە دەبێ شتێکی روون و ئاشکرابێت. ئێمە دەمانەوێ عاشق بین و عاشقمان بن و، زۆربەشمان حەز دەکەین مناڵمان هەبێت، بەلانی کەمەوە مناڵێك یان دوان. بەڵام دەمانەوێ کە ئەوینێکی شاد و ئازادمان هەبێت و تەپ و تۆزی ترس و نەزانینی لێ نەنیشێت. ئێمە دەمانەوێ مناڵەکانمان بە حەز و ویستی خۆمان لە دایك بن و، لە کاتێکدا چاو بە دنیا هەڵنەهێنن کە هەژاری و دەسکورتی باڵی بەسەرماندا کێشابێت، بەڵکوو لە دۆخێکی لەباردا بین. ئێمە ئەم مەعریفە گرانبەها رەگەزییەمان تەنها بۆ خۆمان ــ واتە فیمینیستە وشیارەکان ــ ناوێ،

١- Crystal Eastman



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بەڵکوو بۆ ملیۆنها فیمینیستی ناوشیارمان دەوێ کە گوێ زەوی تژییە لێیان و، بە گشتی بۆ سەرجەم ژنانمان دەوێ.**

**[لە رۆباتهامەوە۲٤٤:۱۹۹۲]**

**ئەم ئارەزووە، رەنگدانەوەیەکە لە حەزکردنی بەردەوامی فیمینیستەکان بۆ سەقامگیرکردنی کۆنترۆڵی ژنان بەسەر جەستەی خۆیان و، دابین کردنی دەسەلاّت و مەعریفە بۆ ژنان بە مەبەستی بەهرەمەندبوون لە هەستە سێکسییەکانیان و بە دنیا هێنانی منالّ لە هەر کاتێکدا خۆیان پێیان خۆش بێت. هەرلەو کاتەدا کە ئەستمەن ئەوانەی دەنووسی، فیمینیستەکان لە ئەوروپادا بۆ دابین کردنی مافی کۆنترۆڵی ژنان لەسەر منالّبوونیان خەباتیان دەکرد. زۆربەی کاتیش ئەو خەباتکردنانە رووبەڕووی دژایەتیگەلێکی توند و بێوچان دەبوونەوە. بۆ نموونە، لە فەرەنسەدا، یاسایەك لە ساڵی ۱۹۲۰دا [هەبوو] کە نەك تەنها هەوڵدان بۆ رێگرتن لە منالّبوون و لەبارخستنی منالّ، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا بلاّوکردنەوەی هەرجۆرە جارنامە، یان زانیارییەکی لەو بوارەدا قەدەغە کرد (رینۆڵدز۱۹۹٦). هەرچەند ژنان لەم بوارانەدا، لەو سەردەمەوە تا ئێستا، بەهۆی دەسکەوتگەلێکی وەك ئامرازگەلی رێگرتن لە منالّبوون و لەبارخستنی منالّ بە شێوەیەکی کاریگەرتر و دڵنیاتر، هەندێ پێشکەوتنیان بە دەست هێناوە، بەلاّم ئەم ئیمکاناتە هێشتا لەبەر دەستی هەموو ژنانی جیهاندا نییە. جیالەوەش، دەتوانین گەشەکردنی تەکنۆلۆژییەکانی پێوەندیدار بە زاوزێ کردنەوە، هەم وەك ئیمتیازێکی پۆزەتیڤ چاو لێ بکەین و هەم بە هەوڵدانێکی لە قەڵەم بدەین بۆ لێئەستاندنەوەی ئەو کۆنترۆڵەی کە ژنان بەسەر توانایییەکانی زاوزێکردنەوە هەیانە. نەبوونی کۆنترۆڵی ژنان بەسەر جەستەو هەستە سێکسییەکانیان،**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەروانگەی فیمینیستەکانەوە، بەشێکە لە دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژناندا. لە کاتێکدا کە بە بڕوای هەندێك لە فیمینیستەکان، هەستی سێکسی و مەسەلە پێوەندیدارەکانی، لەچاو هۆکارە ئابووری و سیاسییەکانی‌تر، دەوری کەمتری هەیە لە سەرکوتکردنی ژناندا، لای ئەوانی‌تر، هەستی سێکسیی، سەرچاوە و دەسپێکی دەسەڵاتی پیاوانە بەسەر ژناندا. بۆ نموونە، کاترین مەككینۆن[1] جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەستە سێکسییەکان، ڕەگەز پێك دێنن. بە واتایەکی‌تر، هیچ جیاییەك لە نێوان وێناکردنی ڕەگەز و هەستە سێکسییەکاندا لەئارادانییە. بێجگە لە شەهوەتاندن[2] (بە شەهوەتی کردن)، هیچ دەسەڵاتێکی نێرینە، یان مێیینە لە ئارادا نییە. هەروەك جەختی لەسەر دەکات:

> کەواتە ئیحساسی سێکسی، فۆرمێکە لە دەسەڵات و، جنسییەت کە دەسکردێکی کۆمەڵایەتییە، فۆرمی پێدەبەخشێت، نەك بە پێچەوانەوە. ژن و پیاو بە هۆی ڕەگەزەوە لێك جیا دەبنەوە، ئەوان بە هۆی زەروورەتە کۆمەڵایەتییەکانی «ناهاوڕەگەزخوازی»، کە پیاو دەکا بە ڕەگەزی زاڵ و ژنیش بە ڕەگەزی ژێردەست، دەگۆڕن بەو دوو ڕەگەزەی کە دەیانناسین. ئەگەر ئەم مەسەلەیە ڕاست بێت، کەواتە ئیحساساتی سێکسی سەرەکی‌ترین کۆڵەکەی نایەکسانی ڕەگەزییە.

(مەك کینۆن٥٣٣:١٩٨٢)

ئەمە ئیستدلالێکی بەهێزە، بەڵام ئیستدلالێکە کە بەهۆی ئاوڕنەدانەوە لە گرنگایەتی شێوەکانی‌تری بەگەڕخستنی دەسەڵاتی پیاو، کە لەسەرەتادا لە

---

[1] - Catharine  Mackinnon
[2] - erotization



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ریگـــەی ئیحـــساساتی سێکـــسیەوە ئـــە نجام نـــادرێن، رەخنـــەی زۆری لـــێگیراوە (والبی١٩٩٠) ئیحساساتی سێکسی، چوەك فۆرمی سەرەکی سەرکوتکردنی ژنان چـاو لێبکرێـت و، چوەك یـەکێك لـە فۆرمـەکانی سـەرکوتکردن، بەهـەرحالْ زۆربـەی فیمینیستەکان لەسەر ئەم خالە هاوبیروڕان کە ژنان پێویستیان بـەوە هەیـە کـە کۆنترۆڵی زیاتریان بەسەر جەستەو هەستە سێکـسییەکانی خۆیـان هـەبێت. لـەم فەسـڵەدا تـاوتوێی هەنـدێك لـە مەسـەلەکانی فیمینیـزم دەکـەین، لەوانـە، ناهاوڕەگەزخوازی، پۆرنۆگرافی[١]، دەسدرێژی سێکسی و زاوزێ کردن.

## ناهاوڕەگەزخوازی و لەسبینیزم لە ژناندا

یـەکێك لـە هۆیـەکانی گومـانکردنی فیمینیـستەکان سـەبارەت بـە ناهاوڕەگەزخوازی، بۆ ئەم باسە دەگەڕێتەوە کە لە پێوەندیـدا لەگـەلْ دەسـەلاتی پیاوان بەسەر ژناندا، ئیحساساتی سێکسی (هەروەك ئاماژەمان بە قسەکانی مـەك کینۆن لەوبارەوە کرد) دەورێکی سەرەکی دەبـینێ. فیمینیـستەکان گومانیـان لـەو باوەڕە کردووە کە، ناهاوڕەگەزخوازی کردەوەیەکە کە بە هەڵکەوت ڕوو ئەدات، یـان پێوەندی بە حەز و ویستی تاکەکان خۆیانەوە هەیە و، راشیان لەسەر ئـەوە بـووە کە لە راستیدا پێوەندییـەکانی ناهاوڕەگـەزخوازیی، لـە دەسـەلاتێکی دەسـکردی کۆمەلایەتییەوە سەرچـاوە دەگـرن. بـەڕای هەنـدێك لـە فیمینیـستەکان، خـودی ناهاوڕەگەزخوازی، هیچ دژایەتییەکی لەگەلْ فیمینیزم و ئازادی ژناندانییە، بـەلام

١- پۆرنۆگرافی بە واتای پیشاندانی جەستە و ئەندامانی لەشی ژنان و هەروەها وێنە و فیلم و پەیکەرو .... هتد دێت، ئەویش بە شێوەیەکی نائاکاری کە زۆربەی کاتیش مەبەستی بازرگانی لە پشتەوەیە و، وەك پەرەپێدانێکی بەرەڵلایی ژنان وایە ـ و. ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بــۆ ئــەوەی قــابیلی پەســەندکردن بێــت، دەبێ گۆڕانکارییــەکی زۆر، لــە ڕاڤەکارییەکانیدا ئەنجام بدرێت. لە ڕوانگەی ئەوانیترەوە، ئەم مەســەلەیە کـە ناهاوڕەگەزخوازی، بە هەموو شـێوەکانیەوە هــەڵگری دەســەڵاتی پیاوانــە بەســەر ژناندا، گوزارشت لەوە دەکات کە ئازادیی ڕاســتەقینەی ژنــان، تــەنها لــە ڕێگــەی پشتگوێ خستنی ناهاوڕەگــەزخوازی و، هەڵبــژاردنی پێوەندیگــەلی لەســبینییەوە فەراهەم دەبێت.**

**یــەکێك لــە شــێوەکانی کــۆنترۆڵی پیــاوان بەســەر ژنانــدا، بــەهۆی پێوەندیگەلی ناهاوڕەگەزخوازییەوە دەبێت، بەپێی پێناسکردنی هەستە سێکسییە «نۆرماڵ»ە ژنانەکانەوە. بەشێك لەم پێناسکردنە، کە ئــانکــۆت[1](١٩٧٢) هــەوڵی ڕەتکردنەوەی ئەدات، پێوەندی بە ئۆرگاسمی[2] واژن (مهبل)ەوە هەیە. بــەڕای کــۆت، ئۆرگاسمی واژنی، لەڕاستیدا ئۆستوورەیەکی گەلاڵەڕێژی کراوە تاکوو لە ڕێگەیــەوە کۆنترۆڵی پیاوان بەسەر ژنانــدا زیــاتر بکرێــت. هەرچــەند هەنــدێ لــە پیــاوان تۆمەتی ساردمیزاجی[3] لەو ژنانە ئەدەن کە ناتوانن لە ڕێگــەی واژنــەوە بەوپــەڕی چێژی سێکسی (ئۆرگاسم) بگەن، بەڵام لــە ڕاســتیدا واژن، شــوێنێکی زۆر هەســتیار نییە، بەڵکوو ئەوە کلیتۆریس(بەلوکە)یە کە بۆ چێژوەرگرتن لە سێکسدا گرینگــە. هەموو جۆرەکانی ئۆرگاسم لەڕاســتیدا درێــژەی هــەمان ئــەو هەســتانەن کــە لــە کلیتوریسەوە سەرچاوە دەگــرن، نــەك لــە واژنــەوە. بــەڵام پیــاوان لەبــەر ئــەوە**

---

١- Anne Koedt

٢- ئۆرگاسم بە واتای ئەوپەڕی چێژوەرگرتن لە پێوەندییە سێکسییەکاندا دێت، واتە گەیشتن بە دواڕادەی چێژی سێکسی - و - ك

٣- سارد میزاج بەو ژنانە دەوترێت کە، یان حەزیان لە سێکس نییە، یان چێژ لە سێکسەکانیان وەرناگرن و هەر بۆیە ڕەغبەتێکی ئەوتۆ پیشان نادەن بەرانبەری — و - ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

داكۆكييان لــە «ئۆســتوورەی واژنی» كــردووە كــە باشــترین بزوێنــەری ئەنــدامی نێرینەی پیــاو، هــەمان واژنــە. پیــاوان ترســیان هەیــە لــەوەی كــە ژنــان وەك بوونەوەرگەلێكی كاملْ و جیاواز لە خۆیان ببینن و لەگــەڵ ئەوەشــدا بــە پێی ئــەو قازانجانەی كە بە پیاوانی دەگەینن، پێناسەیان دەكەن. لە چوارچــێوەی هەســتە سێكسییەكاندا ئەم مەسەلەیە بەم مانایەیە كە ژنان وەك تــاكگــەلێك كــە حــەز ئەكەن لــەبواری پێوەندییــە سێكســییەكاندا یەكــسان بــن، چــاویان لێناكرێــت؛ هەروەها وەك ئینسانگەلێكی خاوەن ئیحساساتی تایبەت بــە خۆیــان چــاویان لێ ناكرێت. تەنها شتێك كە بە گرینگ دەزانرێت، [شەهوەت] و هەستە سێكسییەكانی پیاوانە و هیچیتر. جیا لەوەش پیاوان ترسیان هەیە لەوەی كە ئەگەر كلیتۆریس، جێی واژن بگرێتەوەو ببێتە شوێنی چێژی سێكسی، ئەوان دەوریــان لــە پێوەندییــە سێكــسییەكاندا نــەمێنێت و، هــەروەها لــەوەش دەترســن كــە خــودی دیــاردەی ناهاوڕەگەزخوازی بكەوێتە بەردەم مەترسییەوە. كۆت دەڵێ، ژنان دەبێ ســەرلەنوێ هەستە سێكسییەكانیان پێناسە بكەنەوەو تەســەورە پێوەرەكــەی پیــاوان لەســەر ڕەفتاری سێكسی، بخەنە لاوە و هەوڵ بدەن ڕێگاگەلێكی تازە بدۆزنەوە بۆ گەیــشتن بە چێژی دوولایەنەی سێكسی.

ئەگەرچی هەندێك لە فیمینیستەكان لەوباوەڕەدان كە ســەرلەنوێ پێنــاس كردنەوەی پێوەندیگەلی سێكسی نێوان ژنــان و پیــاوان بــە شــێوەیەك كــە چــێژی سێكسی دوولایەنەی لێبكەوێتەوە، لەتوانادایە، بەڵام لە ڕوانگەی كەسانیتــرەوە، ناهاوڕەگەزخوازی هەرگیز ناتوانێت لەگــەڵ ئــازادی ژنــان و چــێژی ڕاســتەقینەی سێكــسیدا یــەك بگرێتــەوە. ئــەم تاقمــە دواییــەی فیمینیــستەكان بــە مجۆرە ئیستدلالیان كردووە كە، لەبەر ئەوەی كــەخودی جەوهــەر و پێناســە و سروشــتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

«ناهاوڕەگەزخوازی» مانای لە پێشتربوونی (تقدم) پیاوان دەگەینێ، کەواتە فیمینیستی راستەقینە ئەو کەسەیە کە لە هەمان کاتدا «لەسبین»یش بێت (بانچ١٣١:١٩٨٦). رەنگە پێوەندییە لەسبینییەکان لە هەندێ لە پێناسکردنەکاندا، هەمیشە هەڵگری پێوەندییە سێکسییەکانی نێوان ژنان نەبێت، بەڵکوو تەنها بەمانای دوورەپەرێزی کردن بێت لە سێکسکردن لەگەڵ پیاواندا. بۆنموونە، گرووپی شۆڕشگێڕی فیمینیستی «لیدز[1]» رایگەیاند کە، لەوباوەڕەدایە کە هەموو فیمینیستەکان دەتوانن و دەبێ «لەسبینگەلێکی سیاسی» بن و، بەمجۆرەش روونیان دەکردەوە کە: «ژنێکی لە ژنەوە شوناس وەرگرتوو[2]، کە خزمەتی پیاوان ناکات. ئەوە بەمانای سێکسکردنی ئیجباری لەگەڵ ژناندانییە». (تەنها ژنان[3]١٩٨١:٥) ژنانی گرووپی لیدز، بەمجۆرە ئیستدلالیان دەکرد کە پیاوی ناهاوڕەگەزخواز، بناغەی دەسەڵاتدارێتی رەگەزی نێرەو، هەرژنێکیش لەگەڵ پیاوێکدا بخەوێت، ئەوە هاودەستی دوژمنە. بەمجۆرە، هەڵبژاردنی رەگەزانە، بەکردەیەکی سیاسی و بە بڕیاردانێك بۆ یارمەتیدان بە درێژەکێشانی دەسەڵاتی نێرینە، یان بەهەڵوێست وەرگرتن لە دژی، لەقەڵەم دەدرێت. گرینگیدان بەیەك ڕەگەز، بە هیچ شێوەیەك بەرێگایەکی «سروشتی» نایەتە ئەژمار. بەهەرحاڵ، ئەم روانگەیە کە پێوەندیگەلی لەسبینی، هەڵبژاردنێکی سیاسییە لە دژی دەسەڵاتی نێرینەو، بەواتای پێوەندی سێکسی لەگەڵ ژندا نییە، بەڵکوو بەمانای دوورەپەرێزی کردنە لە ناهاوڕەگەزخوازی، بەهۆی پامالکردنی لایەنە پۆزەتیڤەکەی هەڵبژاردنی رەگەزانەی لەسبینبوون و جێگۆڕکێ کردنی لەگەڵ

---

[1]- Leeds Revolutionary Feminist Group
[2]- a Woman identified Woman
[3]- Only Women



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵبژاردنێکی نیگەتیڤی سیاسی، کەوتۆتەبەر رەخنەوە. بەمجۆرە، فیمینیستەکان دەستیان کردووە بــە باسـکردن و موناقەشـەکردن لەسـەر ئـەوە کـە پێوەندییـە لەسبینییەکان چۆن دەبێ پێناس بکرێت؟ بە شێوەیەکی داخراو وەك پێوەندییـەکی سێکسی لە نێوان دووژندا، یان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر؟

ئادریەن ریچ[1](١٩٨٠،١٩٨٦) یەکێکە لەوکەسانەی کە لەدژی پێنـاسکـردنی داخراو و، لە پلەی یەکەمدا رەگەزانەی پێوەندی لەسـبینیدا، بەڵگـە دێنێتـەوەو، لەجیاتیشدا باس لە «زنجیرەی لەسبینی» دەکات. ئـەو، نـەك تـەنها چـالاکییە سێکسییەکان بەڵکوو ریزێکی تەواو لەو ئەزموونانـەی کـە لـە ژنـەوە شوناسـیان وەرگرتووە، دەخاتە ریزی ئەو زنجیرەوە:

مەبەستی من لە زاراوەی زنجیرەی[2] لەسبینی، زنجیرە ئەزموونێکی شوناس وەرگرتوو لە ژنەوەیە ــ لە هەموو تەمەنی هەرژنێکـدا و لەسـەرەتای مێژووەوە هەتا کۆتایی ــ نەك بەتەنها ئەم واقعییەتە کە ئایا ژنێك ئەزموونی سێکسی جەستەیی هەیە، یان ئاگایانە ئارەزووی شتێکی وای کردبێت؟ ئەگەر ئێمە ئەم زنجیرەیە بەرفراوانتر بکەین تاکوو فۆرمە جوان و دڵخوازەکانیتری ناو ژنان و نێوان ژنان، لەوانـە، بەشـداربوون لـە ژیانێکی دڵخوازی دەروونی (رۆحی)، یـەکێتی لەبەرانبـەر زەبروزەنگـی رەگـەزی نێـردا، پـشتیوانی لێکـران و پـشتیوانی لێکـردنی کردەیـی وسیاسی.... بگرێتەوە، دەس ئەکەین بە تێگەیشتنی پانتاییەکانی مێژوو و دەروونناسی ژنان، کە بەهۆی پێناس کردنە بەرتەسکەکانەوە، زۆربەیان

---

١- Adrienne Rich
٢- continuum



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ساردوسڕ و بێ ئیحساسن و بەهرەمەند لە هیچ پێوەندییەکی لەسبینیش نین.

(ریچ٦٤٨:١٩٨٠).

ژنان بەردەوام دەتوانن بچنەناو ئەم زنجیرە لەسبینییەوەو لێیشی بچنە دەرەوە و ئەوکارەش دەکەن، جاچخۆیان بە لەسبین لەقەڵەم بدەن یان نەدەن. ریچ دەڵێ، بە مجۆرە، ئەم وێناکردنەی زنجیرەکە، پێناسکردنە بەرتەسککەرەوەکانی پێوەندی لەسبینی نایگرێتەوەو، پێوەندیگەلێکی بنەڕەتی لە نێوان هەموو جۆرەکانی ئەزموونە ژنانە هاوبەشەکان ئاشکرا دەکات. هەرچەند زنجیرەکەی ریچ رەنگە بۆ رزگار بوون لە کێشەکانی پێناسکردنی ئەوە کە چشتێك ئەزموونی لەسبینی پێکدێنێ و وەك تەگبیرێکی دڵخۆشکەر بۆ یەکگرتنی ژنان، سەرەڕای هەرجۆرە شوناسێکی رەگەزانە، بە رێگایەکی لەبارو دڵخوازبێتەبەرچاو، بەلاّم لەسبینەکان لەبەر ئەوەی کە روونایەتی(وچوح) ئەزموونە سێکسییەکانیانی لەناوبردووە، خستوویانەتە بەر رەخنەوە. لەم رووەوە دەتوانین زنجیرەکەی ریچ بە تیۆرێك لەقەڵەم بدەین کە ئەو جیاوازییانەی کە هەندێك لە ژنان حەز دەکەن دەریان ببڕن، دەشارێتەوە. بەلاّم لە ئاماژەکردن بە پێکهاتەی فرەچەشنی پێوەندی لەسبینیدا، ئایدیای ئەم زنجیرەیە دەتوانێت بە مەبەستی ئاشکراتر کردنی پێوەندی لەسبینی و لە ئاکامدا ئاسانکاری بۆ هەڵبژاردنی جۆرەکانی سێکس لە لایەن ژنانەوە، بە کەڵك بێت.

باسێکیتر کە پێوەندی بە لەسبینیزمەوە هەیە، مەسەلەی ئازاردان و ئازارخوازی لەسبینییە[١](سادۆمازوخیزمی لەسبینی). ئەم باسە کە پێوەندییەکی

١- Lesbian  Sado - Masochism



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەواوی بە پۆرنۆگرافییەوە هەیە، ئەوکەسانەی کە لەو باوەڕەدان کە هەستە سێکسییە لەسبینییەکان دەبێ خۆیان لە پێوەندییەکانی دەسەلاّت و، دەسەلاّتخوازێتی هەستە سێکسییەکانی ناهاوڕەگەزخوازی بەدوور بگرن، والێ دەکات بچنە گژ ئەوکەسانەی کە دەڵێن لەسبینەکان دەبێ بتوانن هەموو جۆرە ئەزموونە سێکسییەکان تاقی بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم ئەزموونانە لەخۆگری دەسەلاّتدارێتی و ئەشکەنجەدانی لایەنی بەرانبەر بێت. کەسانێکی وەك شیلاجێفریز[1](١٩٩٠) کە لەدژی ئازاردان و ئازارخوازی لەسبینی دەوەستن، لەو باوەڕەدان کە سەرچاوەی ئەم جۆرە ڕەفتارە سێکسییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسەلاّت و کۆنترۆڵەی کە لەناو ئیحساساتی سێکسی پیاواندا هەیە. جێفریز دەڵێ، ئەم جۆرە پیاهەڵدانەی دەسەلاّت و توندوتیژی، بە پێچەوانەی ئەوشتەیە کە فیمینیستەکان بە مەبەستی دووبارە پێناسکردنەوەی هەستە سێکسییە ژنانەکان، دەبێ بە دوایدا بچن. لەوەلاّمی ئەم قسەیەدا، لایەنگرانی ئازاردان و ئازارخوازی لەسبینی و شتانی لەوجۆرە، بەمجۆرە ئیستدلالیان کردووە کە ئەم کارانە کاتێك لەنێوان دووژندا ڕوودەدەن، مانایەکیتریان هەیەو، دەبێ ژنان بۆیان هەبێ هەمووجۆرە ئەزموونە سێکسییەکان، هەرچییەك بن، تاقی بکەنەوە. پاتکالیفیا[2](١٩٨١) یەکێك لە ئەندامانی گرووپی سامۆیس[3] کە لایەنگری ئازاردان و ئازارخوازی لەسبینییە، بەتوندی لە دژی ئەوشتەی کەخۆی بە سڕینەوەی هەستە سێکسییەکانی پێوەندی لەسبینی لە بەشێکی هەرەزۆری دایلۆگی فیمینیستیدا ناودێری دەکات، هەڵوێست وەردەگرێ و لەوباوەڕەدایە کە هەرجۆرە هەوڵدانێك بۆ

١- Sheila Jeffreys
٢- Pat Califi
٣- Samois



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سانسۆرکردنی پۆرنۆگرافیای ئازاردان و ئازارخوازی لەسبینی، بە مانای سەرکوتکردنی خەونە سێکسییەکانی هەموو لەسبینەکانە. پێدەچێت فیمینیستەکان لەسەر ئەم مەسەلەیە هاوبیروڕابن کە دەبێ هەستە سێکسییەکان دووبارە پێناسە بکرێنەوە، تاکوو ژنان چێژی راستەقینەی سێکسی بەدەست بهێننەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەم سەرلەنوێ پێناس کردنەوەی هەستە سێکسییەکان، دەبێ بەچی کۆتایی پێبێت؟ ئایا دەبێ لە هەمووجۆرە سێکسێك کە لەخۆگری ئەو جۆرە دەسەڵاتەی بێت کە لەناو پێوەندی ناهاوڕەگەزانەی باودا هەیە، پارێز بکرێت؟ یان ژنان دەتوانن ئەم جۆرە دەسەڵات و داگیرکارییە، لای خۆیانەوە بگۆڕن بە چالاکیگەلی پۆزەتیڤ و چێژبەخشی سێکسی؟.

## پۆرنۆگرافی

هەرهەمان ئەو پرسیارانە، لە پێوەندیدا لەگەڵ روانگەکانی فیمینیستەکاندا دەربارەی پۆرنۆگرافیش دەخرێتەڕوو. ئایا پۆرنۆگرافی یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی کۆنترۆڵی پیاوانە بە سەر ژناندا، کە زیان لە بەرژەوەندییەکانی ژنانیش دەگەینێت؟ یان پۆرنۆگرافی لە هەل و مەرجێکی رێكوپێکدا دەتوانێ وەك بەشێك لە ئازادیی سێکسی، بەکاری ژنان بێت و کەڵکی لێوەربگرن؟ ئایا دەبێ جیبەجێ کردن و بلاوەکردنی پۆرنۆگرافی سنووردار بکرێت؟ یان ئەوەی کە ئەم مەحدوودییەتە، نەك تەنها ئازادیی رادەربڕینی پیاوان، بەڵکوو هی ژنانیش سنووردار دەکات؟ ئەمانە پرسیارە گرینگەکانی باسە فیمینیستییەکانن سەبارەت بە پۆرنۆگرافی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڕای فیمینیستگەلێکی وەك مەك کینۆن کە پێیان وایە هەستە سێکسییەکان لە کۆنترۆڵی پیاوان بە سەر ژناندا دەورێکی سەرەکی دەبینن، پۆرنۆگرافی توخمێکی چارەنووس سازە لەناو ئەو دەسەلاٌتدارێتییەی نێرینەدا. پۆرنۆگرافی وەك توخمێکی گرینگی کۆنترۆڵی پیاوان بەسەر ژنان چاوی لێ دەکرێت و پێوەندییەکی یەکجار زۆری هەیە لەگەڵ دەسدرێژی کردن و توندوتیژی سێکسیدا.

بە پێی ئیستدلالی رۆبینمۆرگان[1](١٣٩:١٩٨٠): «پۆرنۆگرافی، تیۆری و دەسدرێژییەکی کردەییە». فیمینیستەکان پێیان لەسەر سێ خاڵی لاوازی پۆرنۆگرافی داگرتووە: یەکەم ئەوەی کە برەو بە توندوتیژی سێکسی و دەسدرێژی کردنەسەر ژنان ئەدات، دووهەم ئەوەی کە خۆی لەخۆیدا بەهۆی سووکایەتی کردن بەژنان، وەکوو جۆرە توندوتیژییەك وایە، سێیەم ئەوەی کە ژنان لەبەرهەم هێنانی پۆرنۆگرافیدا تووشی زیان دەبن و لە ڕووی جەستەیی و ئابووریشەوە دەچەوسێنرێنەوە.

سووزانگریفین[2](١٩٨١) لە شیکردنەوەیدا لەسەر پۆرنۆگرافی، پێوەندییەك لە نێوان سوننەتی مەسیحی رۆژئاواو، ئەوشتەی کە خۆی بە «خەیاڵی پۆرنۆگرافیك» ناودێری دەکات، بەرقەراردەکات. ئەو دەڵێ، هەردوو ئەم سوننەتانە، ترس و ڕقیان لە جەستەی ژن هەیە. پۆرنۆگرافی لە ترسەوە سەرچاوە دەگرێ، چوونکە جەستەی ژنان، هەستی سێکسی لە پیاواندا دەوروژێنێ، کەواتە پیاوان هەوڵ ئەدەن ئەوجەستەیە بە کەم بگرن و سووکایەتی پێبکەن.

---

١- Robin Morgan
٢- Susan Griffin



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاندریادڤۆرکین[1](١٩٨١) لەو ڕووەوە کە پۆرنۆگرافی سەبارەتە بە دەسەلاتی نێرینـــە، لەگەڵ گریخیندا هاوبیرورایە و بە مجۆرەش ئیستدلال دەکا کە: «بابەتی ســەرەکی پۆرنــۆگرافی وەك ژانرێکــی ئــەدەبی و هونــەریی، دەســەلاتی نێرینــە و هــەروەها سروشت و پانتایی و کارکردو ماناکەیەتی لە درێژەی قسەکانیشیدا دەڵێ:

**دەسەلاتی نێرینە لەڕووی سێکسییەوە، سیستمێکی مادییە، کە ئایدۆلۆژیا و متافیزیکێکی لە پشتەوەیە. بە کلۆنیال کردنی (دا گیرکردنی) جەستەی ژنان، واقعییەتێکی مادییە؛ پیاوان رادەی سێکس و ڕەفتارە سێکسییەکانی ژنان کۆنترۆڵ دەکەن. دەزگا کۆنترۆڵکــەرەکانیش بــریتین لــە، یاســا، ئیزدواج، داوێن پیسی، پۆرنۆگرافی، چاودێریکردنی تەندروستی، ئابووری، شەریعەتی سیستماتیك و، ئازادی جەستەیی سیستماتیکی ژنان (بۆنموونە، دەسدرێژی کردنی سێکسی و کوشتن و لێدان).**

**(دڤۆرکین٤٨: ١٩٨١)**

ئایدۆلۆژیایەك بە هەموو توانایەوە پــشتیوانی لــەم واقعیەتــە مادییــەی دەسەلاتی پیاوان دەکات بەسەر ژناندا. ئایدۆلۆژیایەك لەسەر ئــەم ئەساســە کــە پیاوان لەبەر ئەوەی کە ئەندامی نێرینــەیان هەیــە کەواتــە ســەرتر لــەژنانن و، کەڵك وەرگرتن لە جەستەی ژنان بۆ کردەوەسێکسییەکان، مافی سروشتی پیاوانــە. ئــەم گریمانــە متافیزیکییــەی کــە هــەموو ژنــان داوێــن پیــسن (قەحبــە) و لــە هەرکوێیەکــدا هــەبن بــۆ کــەڵك وەرگــرتنی پیــاوان دەبــن، بەومانایەیــە کــە دەسدرێژیکردنی سێکسی و قەحبەگەرێتی بەکاری نائاکــاری لەقەڵــەم نــادرێن و ناشتوانرێ بەوجۆرە بیریان لێبکرێتەوە. دڤۆرکین، ئەوبەشەی «بــاڵی چــەپ» کــە

---

[1]٣- Andrea Dworkin



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خوازیاری ئازادی ڕادەربڕینە، دەخاتە بەر ڕەخنەوە، چوونکە بەڕای ئەو، ئەم ئازادییە تەنها برەو بە پۆرنۆگرافی ئەدا و لەئاکامدا ئازادی ژنان سنووردار دەکات.

دڤۆرکین هەروەها ئاماژە بە جەوهەری ڕەگەزپەرەستانەی پۆرنۆگرافی دەکات. فیمینیستگەلێکی ڕەش پێستی وەك «پاتریشیاهیلکۆلیتر[۱]» یش کە دەڵێ بە مەبەستی شیکردنەوەی پۆرنۆگرافی و توندوتیژی سێکسی، پێویستە جۆرە تێگەیشتنێکمان لەسەر ڕەگەزپەرەستی هەبێت، جەختیان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردووە. هیلکۆلیتر ئاماژە بە ئەزموونی ژنانی ئافریقایی ــ ئەمریکایی دەکات کە لەسەردەمی کۆیلەداریدا بەهۆی خاوەنە سپی پێستەکانیانەوە، بووبوون بە ئامرازێك بۆ سێکس و شەهوەتڕانی و، پاشان دەڵێ: « ژنانی ئافریقایی ــ ئەمریکایی، وەك بڕیارێکی دوایی نەخرانەسەر پۆرنۆگرافی، بەڵکوو وەك کۆڵەکەیەکی سەرەکی وان، کەخودی پۆرنۆگرافی هاوچەرخی لەسەر ڕاوەستاوە» (۱۹۹۰:۵۰). بەمجۆرە، تاوتوێکردنی چۆنیەتی گرنگایەتی پۆرنۆگرافی لە سەرکوتکردنی ژنانی ئافریقایی ــ ئەمریکاییدا لە چوارچێوەی ڕەگەزوچینوجنسییەتدا،دەتوانێ ڕێگەگەلێکی تازەتربکاتەوە لەبەردەم تێگەیشتن لە دەسەڵات وەك هۆکارێك بۆداگیرکاری. ئەم تێگەیشتنە لە پۆرنۆگرافی، نەك تەنها وەکوو هێمایەکی ڕەگەزاویکراو(جنسی کراو)بەڵکوو بەشتێکی ڕەگەزپەرەستانەکراو بە هۆی دەسەڵاتەوە، بۆ هەر شیکردنەوەیەکی فیمینیستی گرنگییەکی زۆری هەیە.

---

۱- Patricia Hill Collins



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بە هەرحاڵ خەباتی فیمینیستی لـە دژی پۆرنـۆگرافی، بـە بێ موناقەشـە نابێـت و هەنـدێ رێـك نەكـەوتنی جیـدی لـە نێـوان گرووپـە جۆراوجـۆرە فیمینیستییەكانی لێكەوتۆتـەوە. ئـەم رێـكنەكەوتنانـە بـە تایبـەت لـەكاتی یارمەتییەكانی دڤۆركین و مەككینۆن بە هەندێ لە ئەیالەتە ئەمریكییـەكان بـۆ فەراهەم كردنی پێشنووسی یاسای دژە پۆرنۆگرافی هاتنە ئاراوە . بناغەی یاسـای ناوبراو، پێناسكردنی مەككینۆن(١٩٨٧:١٦٧) بوو لەسەر پۆرنۆگرافی، وەك:

وێناكردنی لەكۆت و بەندكردنی ژنان بە هۆی رەگەزەكەیانەوە، كەبە هۆی وێنەگەل ، یان وشەگەلێك كە ژنە شووناس ونكردووەكانیش دەگرێتەوەو وەك ئامرازێك بـۆ دامركانـدنی شـەهوەت، یـان وەك شـتومەك، یـان كاڵایەكیان لێدێت: چێژیان لێ وەردەگیردرێت و سووكایەتییان پێدەكرێت و دەسدرێژیشیان دەكرێتەسەر: دەسـتوقاچـیان دەبەسـرێتەوە، برینـدار دەكرێن، دەم و لووتیان دەبڕدرێت، لێئەدرێن، یـان زیـانی جەسـتەیی دەبینن؛ بەهۆی تێخستنی شـتومەك و ئـاژەڵان بـەناو جەسـتەیانەوە ئەوپـەڕی سـووكایەتییان پـێدەكرێـت؛ یـان لـە دیمـەن گـەلێكی پڕلەسـووكایەتی پێكـردن و برینـداربوون و ئەشـكەنجەدان، وەك بوونەوەرگەلێكی پەست و چەپەڵ پیشان دەدرێن، یان لـە حاڵەتێكـدا پیشان دەدرێن كە خۆێن هەڵ ئەهێننەوە و بریندارن و ئەندامانی لەشیان شێن بوونەتەوەو كەشوهەوایەكی بەناوسێكسیی پێ ئەخوڵقێنن.

ئامانجی ئەم یاساگەلە ئەوەیە كە مۆڵەت بەتاكەكان بدەن تاكوو بتـوانن لەدژی بەرهەم هێنـەران و بڵاوەپێكـەرانی پۆرنـۆگرافی و ئەوزیانانـەی كـە لێـی كەوتۆتـەوە، شـكات بكـەن. بـەڵام ئـەم یاسـایە، كەوتۆتـە بـەر هێرشـی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فیمینیستەکانی‌ترەوە، ئەویش بە پێی‌ئەم ئیستدلالە کە ئەم کارە، هەم لەڕووی یاساییەوە قابیلی پراکتیزەکردن نییەو، گرینگتر لەوەش، هەم ئەوەی کە دەربڕینی ڕەگەزانە، نەك تەنها ژنان بەڵکوو پیاوانیش سنووردار دەکات. مارتامینۆ[1](١٩٩٠:١٥٧) بەمجۆرە ڕوونی دەکاتەوە:

بەبیروڕای کەسانێك کە بایەخی زۆر قایل بوون بۆئەو بەشەی بزووتنەوەی ژنان کە داکۆکی لەئازادی ژنان دەکرد،حوکمی دژە پۆرنۆگرافی،وەك ڕێگایەکی تازە بۆسەرکوتکردنی دەربڕینی ڕەگەزانەی ژنان وایە. بەڕای ئەوان کە بە دوای کەش و هەوایەکدا بوون بۆ خوڵقاندنی ئیحساساتی سێکسی بە پێی پێناس کردنی ژنان ــ چئەوانەی ناهاوڕەگەزخواز بوون و چئەوانەی لەسبین بوون ـــ حوکمی دژەپۆرنۆگرافی، هۆکارێك بۆسەرکوتکردن بوو.

ئەو فیمینیستانەی کە دژایەتی یاسای دژەپۆرنۆگرافییان دەکرد، لەوە دەترسان کە نەکا دۆرکین و مەككینۆن خەریکی پێکهێنانی یەکگرتنێکی مەترسیداربن لەگەڵ «ڕاستی نۆی[1]»دا، و یاساکانیان بە کردەوە ببنەهۆی سانسۆر و سڕینەوەی هەموو کەرەسەو بەرهەمە ئاشکرا سێکسییەکان، تەنانەت ئەوشتانەش کە ژنان و بۆژنان بەرهەمیان دێنن. جیالەوەش دەتوانین بەمجۆرە ئیستدلال بکەین کە یاسەکانی دۆرکین و مەككینۆن دەبنە هۆی پێكهاتنی دابەشکردنێکی دوالیزم لە نێوان ئیحساسات و ئارەزووەکانی پیاوان و ژناندا‌و، هەروەك پائۆلا وێبستر[2](١٩٨١:٤٩) دەڵێ: «مانای نهێنی (شاراوە) ئەم بەدووبەش کردنە و

١- Martha Minow
١- New Right
٢- Paula Webster



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پۆلێنکردنی رەگەزانەی لێکجیاکردنـەوەی مەیلـەکان، رەنگدانەوەیـەکی تـەواوی سەردەمی ویکتۆریایی بـوو، کـە قایـل بـە جیـاوازی سروشـتی (زگمـاکی) نێـوان ئیحساسی سێکسی و خەیاڵەکانی پیاو و ژن بوون»، بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆش ئەوە دەڵێن کە ئیحساساتی سێکسی ژنانە، سروشتێکی تەواو جیاواز و ناتوندوتیژ و نادەسەڵاتخوازی هەیە. کەواتە، «بەجەمـسەری کـردن (قگـبی) رەفتـاری پیـاو وژن»و، لەراستیدا «سروشـتەکانی» ژن و پیـاو، کـە لـە نووسـینە بەراییـەکانی شەپۆلی دووهەمدا سووکایەتی پیّدەکرا، لێرەدا بۆجارێکیتر بەم بیـانووە کـە بـۆ ئیحساسی سێکسی شتێکی پێویـستە، قـوتدەبێتـەوە» (ه. ئیزنـستاین١٢٣:١٩٨٤). شیکردنەوە فیمینیستییەکانی سەبارەت بە پۆرنۆگرافی و هەروەها باسـەکانیتـری سەبارەت بە ئیحساساتی سێکسی، ئاماژە بە گرنگایەتی دووبارە پێناس کردنـەوەو گۆڕینی ئیحساساتی سێکسی ژن و پیاو دەکەن؛ کێشەکە لەوەدایە کە ئەم کارە بـە شێوەیەکی ناجەوهەرخوازانە و ناسڕینەوەیی(غیرحڎفی) ئەنجام بدرێت.

## دەسدرێژیکردن و توندوتیژی سێکسی

کەڵك وەرگرتن لە دەسدرێژی و توندوتیژی سێکـسی بـە شـێوەی ئـامرازی دەسەڵاتدارێتی، پێوەندی بە شیکارییە فیمینیـستییەکانەوە هەیـە سـەبارەت بـە پۆرنـۆگرافی وەك جـۆرە کـۆنترۆڵ کردنێکـی ژنـان لـەڕووی سێکـسییەوە. لای فیمینیستەکان، توندوتیژی سێکـسی، وەك زنجیرەیەکـە کـە هـەر لـە ئـازاردانی سێکـسی تـا دەسـدرێژی و کوشـتنیش دەگەڕێتـەوە. یـەکێك لـە نـەمرترین کتێبەفیمینیستییەکان سەبارەت بە دەسدرێژی، کتـێبی «بەپێـچەوانەی خواسـتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئێمە: پیاو، ژن و دەسدرێژی[1] »یـە (١٩٧٥). براونمیلێـر[2] لـەم کتێبـەدا بـە مجۆرە ئیـستدلال دەکـا کـە ئـەوە توندوتیـژی سێکـسی و بەتاییـەت دەسـدرێژی و هەڕەشەلێکردنی دەسدرێژی کردنە، کە مانا بە دەسەڵاتی پیـاوان بەسـەر ژنانـدا دەبەخشێت. ئەو، پێی وایە کـە هـەمووژنان وەڕەزن بەدەسـت ئـەو مەسـەلەیەوە و ئازاری لێدەبینن، تەنانەت ئەگەر ڕاستەوخۆش دەسـدرێژییان نەکرابێتەسـەر ــ چوونکە هەر هەموویان قوربانیی هەڕەشەکانی دەسدرێژیکردنن. هەرئـەم ترسـەی کەوتنەبەر دەسدرێژی کردنە، کە ژنان لە ملکەچی و کۆت و بەندا دەهێڵێتەوە. بە پێچەوانەوە، هەموو پیاوان لە دەسدرێژیکردن قـازانج دەبـەن، تەنانـەت ئەگـەر خۆشیان دەسدرێژی نەکەنە سەرکەس ــ چوونکە سیستمی دەسدرێژی کـردن، ژنـان لەناوترسدا دەهێڵێتەوە و کەواتە ئەو ترسەش وایان لێدەکا هەمیشە گوێڕایـەڵی پیـاوان بـن. براونمیلێـر بـەراوردێك دەکـا لـە نێـوان دەسـدرێژیکـەران و میرمیدۆنەکاندا[3] (دارودەستەی بەکرێگیراوەکانی ئاشیل[4]):

ئاشیل، خەباتگێڕی یۆنانی، تاقمێکی زۆری میرمیدۆن (مزور)ی بەدەورەوە بوو، کەڕەچەڵەکیان دەچووەوە سەرمێرووولە و لە هەمووشـەڕەکاندا گـوێ بیستی فەرمانەکانی بوون. ئـەم میرمیدۆنانـە، لەوپـەڕی وەفـاداری و گوێڕایەڵیدا لـە خزمـەتی سـەرۆکەکەیاندا بـوون وبێ ئـەوەی کـەس بیانناسێت، وەك هۆکاری ڕاستەقینەی تۆقاندن، ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکـرد. دەسـدرێژیکـەرە سێکـسییەکان [واتـە ئەوانـەی کاریـان

---

١- Againsst our will: mwn, women and rape
٢- Brownmiller
١- Myrmidons
٢- Achille



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەسدرێژیکردنی سێکسییە ــ و ــ] بە هۆی هەموو دەسدرێژییەکانیانەوە، بەمانای تەواوی وشە، بۆ هەموو پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە، رۆڵێکی میرمیدۆنی دەبینن. ئەوانیش، وەك کەسانێکی شاراوە لە ئۆستوورەکاندا کە شوناسیان نادیارە، وەك هۆکارگەلی نەناسراوی تیرۆر و تۆقاندن ئەرکەکانیان ڕائەپەڕێنن. هەرچەند ئەوانن کە ئەوکارە خراپ و چەپەڵانە ئەنجام ئەدەن، بەڵام ئەو پیاوانەیتر کە لەڕووی چینایەتی و پێگەوە لەوان گەورەتر و لەسەرترن، هەمیشە کەڵکیان لە شەڕەنگێزییە نەزانانەکانیان وەرگرتووە. (٢٠٤:١٩٧٥).

براونمیلێر بیروڕاکەی خۆی سەبارەت بەوەی کە دەسدرێژیکردنی سێکسی، بەتەنها کردەوە توندوتیژی ئامێزەکانی پیاوان ناگرێتەوە بەڵکوو سەرجەم سیستمی کۆنترۆڵی پیاوان بەسەر ژناندا دەگرێتەوە، بەهۆی ئەم باسەوە دەسەلمێنێت (ئیسبات دەکات) کە ئەم مەسەلەیە کە دەسدرێژیکردنی سێکسی لە مافە جینایییەکاندا (حقوق‌جنایی) بە تاوانێکی نائاسایی لەقەڵەم نەدراوە، کەواتە دۆخێکی کۆمەڵایەتی و حقوقیی ئاسایی پێئەبەخشێت. هەروەها پێ‌لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەسدرێژیکردنی سێکسی، دەربارەی چرکەساتێك لەدەستدانی کۆنترۆڵ نییە، بەڵکوو سەبارەتە بە پیاوسالاری و سروشتی شەڕەنگێزانەی نێرینە. دەسدرێژیکردنی سێکسی ـــ هەروەك ئەو گۆرانی و فیلمە عەوام پەسەندانەی کە پیاوان بەهێزتر و بە دەسەڵاتتر پیشان ئەدەن، گەواهی‌دەری ئەو مەسەلەیەن ــ سەبارەت بە ژیانناسی (بایۆلۆژی) نییە، بەڵکوو سەبارەتە بە پێکهاتەی «پیاوێتی» لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا. ئەم تەعبیرکردنەی پیاوێتی، لە پێوەندیدا لەگەڵ دەسەلات و فیترەتی شەڕەنگێزیدا، هۆکارێکی گرینگە لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەسـدرێژیکـردنی سێکـسیدا. شـەڕەنگێزی ڕەگـەزی نێـر، کـە دەسـکردێکی کۆمەڵایەتییە، نـەك تـەنها بـە دەسـدرێژی سێکـسی، بـەڵکوو پێوەندیـشی بـە پۆرنۆگرافی توندوتیژی ئامیزو سەربازیگەریشەوە (میلیتاریزم) هەیە. جـەنگیش، وەکوو دەسدرێژیکردنی سێکسی، بەشێك لە سیستمی نێرینەی کۆنترۆڵکردنی ژنان پێك ئەهێنێت. لەماوەی شەڕدا، ڕادەی دەسدرێژی سێکسی ڕوو لە زیادبوون دەنێ و، ئەویش نەك بەهۆی ئەوە کە لەماوەی جەنگدا پیاوان دەرفـەتی زیاتریـان هەیـە، بەڵکوو بەوهۆیەوە کە جەنگ، توندوتیژی پیاوان زیاتر دەکاو سـوپاش (لەشـکر) بەو توندوتیژییەدا هەڵئەدات و ستایشی دەکات. براونمیلێر لەمبارەوە دەڵێ:

ئێمە دەبێ دان بەوڕاستییەدا بنێین کە نابێ تاوانی دەسـدرێژیکـردنی سێکسی، بخەینە ئەستۆی شەهوەتی غەریزی و ناپەسەندو لە کۆنترۆڵ نەهاتوو، بەڵکوو کردەیەکی ئاگایانەو دوژمنانەو توندوتیژی ئامێزە کە هەڵقوڵاوی داوێن پیسی و دەسەڵاتخوازی کەسێکە کە ئیدیعای دەسەڵات و داگیرکاری دەکات و بۆ تۆقاندن و ترساندن گەڵاڵە کراوەو، ئێمەش دەبێ ئاوڕ لەو توخمانەی کەلتوورەکـەمان بدەینـەوە کـە بـرەو بـەم جـۆرە تێڕوانینانە ئەدەن و دەبنە مایەی دڵگەرمی و ئایدۆلۆژیایەك بۆ پیاوان بەتایبەت ئەو پیاوەلاوانەی کە بەئاسانی دەچـنەژێر کارتێکردنـەوەو ژمارەیەکی یەکجار زۆری دەسدرێژیکەرانیش پێكدێنن و وایان لێدەکەن بتوانن بە ئاسانی کردەگەلی توندوتیژیئامێز ئەنجام بدەن و زۆربـەی کاتیش قایل بەوە نین کە ئەو توندوتیژییانەیان کارێکی نائاکارییە و بە تاوانیان نازانن. ئۆستورەی دەسدرێژیکەری سێکسی بێباك (متهور) کە هەندێ تەسەوری نادروست سەبارەت بە پیـاوێتی لێدەکەوێتـەوە؛ لـە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**فرێودەری سەرکەوتوووە بگرە تا پیاوێك کە «هەرکاتێك هەرشتێکی بوێت، بەدەستی ئەهێنێ و دەبێتە خاوەنی»، هەرلە سەرەتاوە کە کــوڕانی لاو لەوەتێدەگەن کە نێرینەبوون بەمانای توانای بەدەستهێنانی هەندێ ماف و ئیمتیازی نهێنی و شاراوە (مرموز)یە، لەوانە مافی کــڕینی جەســتەی ژنێك، پێیان تەڵقین دەکرێت. کاتێك کە پیاوانی لاو لەوە تێبگەن کە دەتوانن بەپارە لەشی ژنان بکڕن و جۆری سێکسکردنەکــەش نرخــەکان دیاری دەکات، چۆن دەکرێ بەو دەرەنجامە نەگەن کە، شتێك کە قابیلی کـــــڕین بێـــــت، نـــــەتوانن بـــــە خـــــۆڕاییش بـــــە دەســـــتی بهێنن؟.** (براونمیلێر٣٢٤:١٩٧٥).

**براونمیلێــر ئەگەرچــی قــسەلەسەر گۆڕانکارییــەکانی دەســدرێژیکــردنی سێکــسی، لــەبوارەجۆراوجۆرە مێــژوویی و کۆمەلأیەتییەکانــدا دەکــات، بــەلأم لەوکارەیدا بــە جەوهــەرخوازی تاوانبــار کــراوە. رەنگــە تــاوانێکی شــیاوتر کــە خراوەتەپاڵی، ئەوە بێت کە، لەشیکارییەکانیدا ســەبارەت بــە دەســدرێژیکــردنی سێکسی، گرنگییەکی ئەوتۆ بۆ نــەژاد(Race) قایـل نابێــت ـــ بەتایبــەت لــە پێوەندیدا لەگەڵ ولأتە یــەکگرتووەکان کــە لەوێــدا دەســدرێژیکــردنی سێکــسی زۆربەیکات وەك ئامرازێك بــۆ دەســەلأتی پیــاوە ســپی پێــستەکان بەســەر کۆیلــە ڕەش پێستەکانیاندا بەکار دەهێنرا (بڕوانــە فەســڵی٥)و، زۆربــەی کــاتیش پیــاوە ڕەش پێستەکان بەوە تاوانبار دەکــران کــە دەســدرێژی سێکــسی دەکەنەســەر ژنــە ســپی پێــستەکان. ئــا نجێلادەیویس[1](١٩٨١) دەڵــێ، کــەڵك وەرگــرتن لــەم فێڵــەی دەسدرێژی سێکسی لە دژی پیاوە ڕەش پێستەکان، لەسەردەمی دوای کۆتــاییهــاتنی**

١- Angela Davis



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

كۆیلەداری لە ولاَتە یەكگرتووەكانــدا، رەوشــێك بــوو بــۆ رێگــرتن لــە هــەرجۆرە یەكگرتنێكی نێوان ئەو ژنە سپی پێــستانەی كــە لــە دژی رەگــەزخوازی خــەباتیان دەكردو، هەروەها ئەو پیــاو و ژنــە رەش پێــستانەی كــە لــە دژی رەگەزپەرەســتی (Racism)خەباتیان دەكرد. براونمیلێر بە تەواوەتی لەسەر تەوەری دەســدرێژی سێكسی وەك سەرەكیترین فۆرمی كۆنترۆڵی پیاوان بەسەر ژنانــدا دەســووڕایەوەو، لە شێوەكانیتری كۆنترۆڵ و دەسەلاَت، لەوانە، رەگەزپەرەستی، غافڵ بوو. بــەلاَم كارەكەی ئەو، بە عینوانی شیكردنەوەی وروژێنــەر، گرنگایــەتی تاییــەتی خــۆی هەیەو، ئەو پێوەندییانەی كە لــە نێــوان دەســدرێژی سێكــسی و شــێوەكانیتــری توندوتیــژی نێرینــە بــە تاییــەت ســەربازیگــەری بەرقــەرار دەكــا، لــە لایــەن فیمینیــستگــەلێكیتــری وەك ئــەنلۆ(١٩٨٣)وە پــشتیوانی لێكــراوە، كــە تیایــدا كاریگــەرێتی ســەربازیگــەری بەســەر ژیــانی ژنانــدا ڕوون دەكاتــەوە. كارەكــەی براونمیلێر، وێڕای كاری فیمینیستەكانیتریش، دەســدرێژی سێكــسییان خــستەناو بەرنامــەی كــاری فیمینیــستییەوە و ئــەو پرســیارەی هێنایــە گــۆڕێ كــە چــۆن دەسدرێژیكردنی سێكسی، بەمەبەستی ســەركوتكردنی ژنــان كــەڵكی لێوەرگــیرا؟. هەروەك هێسترئیزنستاین(١٩٨٤:٣٤) ئیستدلال دەكات:

> هۆی ســەرهەڵدانی ئــەم پرســیارە ئــەویش لــە ســەرەتای باســەكەدا، سەركەوتنی بزووتنەوەی ژنان بوو. بەتاییەت، بەبەرەكەتی ئەو نووسەرو رێكخەرانەی كە پێش هەموو كەسێك، سەبارەت بــە دەســدرێژیكــردنی سێكسی زیاتر وەك مەسەلەیەكی گرینگــی تیــۆری كۆمەلاَیــەتی، نــەك تاوانناســی(Criminilogy) دوان و، هــەروەها قــسەیان لەســەر ئایدۆلۆژیای دەسدرێژی سێكسی كرد، وەك دیاردەیەك كە پێویستی بــە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

روونکردنەوە هەیە، نەک وەک یەکێك لە واقعییەتە سروشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# زاوزێكردن و دایكایەتیكردن

لە روانگەی فیمینیستەكاندا زاوزێكردن و رۆڵی دایكایەتیكردن، یەكێكە لەوبابەتانەی كە یەكجار زۆر قسەوباسی لەسەر دەكرێت. بەڕای هەندێكەس، زاوزێكردن و دایكایەتیكردن، بارێكی قورسە بەسەرشانی ژنانەوەو، بەشێكە لە سەركوتكردنیش كە پێویستە چارەسەر بكرێت. ئەم گرووپە لە فیمینیستەكان زۆربەیان، ئەو تەكنۆلۆژییە تازانەی كە لە گوشاری(قورسایەتی) زاوزێكردنی ژنان كەم دەكەنەوە، بە كلیلی ئازادی ژنان لەقەڵەم ئەدەن. بەلاَم لای كەسانیتر، دایكایەتیكردن یەكێك لە گەورەترین لەزەتەكانی ژن بوونە؛ تەنها دەبێ لەژێر كۆنترۆڵی نێرینەوە بهێنرێتە دەرەوە تاكوو بگۆڕدرێت بە یەكێك لە پۆزەتیڤترین ئەزموونەكانی ژنان. ئەم گرووپەی دووهەم بە پارێزێكی زیاترەوە دەڕوانێتە پێشكەوتنەكان و تەكنۆلۆژییە زانستییەكان و بە هەوڵدانی پیاوە بیرمەندەكانیان لەقەڵەم ئەدەن بۆ پاراستن و پتەوكردنی كۆنترۆڵی خۆیان بەسەر توانابیە سێكسییەكان و زاوزێكردنی ژناندا. ڕەنگە بەناوبانگترین كەسی گرووپی یەكەم، شوولامیسفایرستۆن بێت كە دەڵێ پۆلێنكردنی ژیانناسانە(ئێكۆلۆژیكی) كە ئەركی زاوزێكردن بە ژنان دەسپێرێت، هۆكارێكە بۆ سەركوتكردنی ژنان. چوونكە بەڕای ئەو، زاوزێكردن سەرچاوەی دەسەلاَتدارێتی پیاوان بەسەر ژنانە. فایرستۆن دەڵێ كە تەنها ڕێگەی ئازادی ڕاستەقینەی ژنان، ڕزگاركردنیانە لە قورسایەتی زاوزێكردن، بەهۆی تەكنۆلۆژییە زانستییەكانەوە. كتێبەكەی فایرستۆن بەناوی «دیالكتیكی ڕەگەز[1]»(١٩٧٩)، ئازادی ژنان لە چەقی(مركز)

---

١- The Dialectic Of Sex



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**شۆڕشی کۆمۆنیستیدا دادەنێت. ئەو «کۆمۆنیزمە سیبرنتیك[1]»ەی باسیدەکات، تەنها لەڕێگەیسڕینەوەی«چینی ڕەگەزی»(گبقەجنسی)یەوە قابیلی بەدیهێنانە، کەبەڕای ئەو، زۆر گرینگترە لەو چینە ئابوورییەی کە لە شیکردنەوەی مارکسیستی سوننەتیدا باس دەکرێت. بەڕای ئەو، ماتۆر، مێژووی ئابووری نییە بەڵکوو بایۆلۆژییە و پێناسکردنەکەی ئەنگلسیش لەسەر ماتریالیزمی مێژوویی، هەر بە پێی ئەو بایۆلۆژییە دەنووسێتەوە:**

> **ماتریالیزمی مێژوویی روانگەیەکە سەبارەت بە ڕەوتی مێژوو، کە سەرچاوەو پاڵنەری سەرەکی هەموو ڕووداوە مێژووییەکان لە دیالکتیکی رەگەزیدا، واتە دابەشکردنی کۆمەڵگا بە دوو چینی جیاوازی بایۆلۆژیکی بە مەبەستی بەرهەم هێنانەوەی زاوزێکردن و ململانێی ئەم چینانە لەگەڵ یەکدیدا، دەبینێتەوە؛ هەروەها لە گۆڕانی جۆرەکانی ئیزدواجدا، زاوزێکردن و چاودێریکردنی مناڵان کە بەهۆی ئەو خەباتانەوە هاتۆتە ئاراوە، هەروەها لە گەشەکردنی پێکەوە بەستراوی ئەو چینانەی(کاسێت) کە بە شێوەیەکی فیزیکی لێك جیا بوونەتەوە؛ هەروەها لە یەکەمین دابەشکردنی کار بە پێی ڕەگەز، کە گۆڕا بە سیستمی چینایەتی (ئابووری ـــفەرهەنگی).**

**(فایرستۆن۱۲:۱۹۷۹)**

---

[1] ۲- cyberentics لەزمانی یۆنانی وەرگیراوە و بە مانای "هونەر"و بەڕێوەبردن دێت و بە گشتی دەتوانری بەزانستی چۆنیەتی کارکردنی دەزگاکان پێناسە بکرێت و هەروەها کارکردنی ئامێر و کەرەسەکانیش دەگرێتەوە. و- ك.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەمجۆرە سەرکوتکردنی ژنان، سەرکوتکردنی سەرەکییە، «سەرکوتکردنێك کە مێژینەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی مێژوو و دنیای بوونەوەران(فایرستۆن١٢:١٩٧٩) و ئەم سەرکوتکردنە، لەسەر بنەمای سەرکوتکردنی بایۆلۆژیکییەوە راوەستاوە. کاریگەریێتی بایۆلۆژیکی بەسەر هەموو شتێکدا زاڵەو، دەتوانرێت پلەی کۆمەلایەتی خوارتری ژنان، بەهۆی بایۆلۆژییانەوە ـ توانابییان بۆ زاوزێکردن و دۆخی جەستە لاوازکراوەکانیان ـ روون بکرێتەوە. ئەم هۆکارە بایۆلۆژییانە بەهۆی ئەو پێکهاتە کۆمەلایەتییانەی کە پیاوان پێکیان هێناون بۆ ئەوەی ژنان هەر لە رۆڵی زاوزێ کردن و توانابیە سێکسییەکاندا بمێننەوە. کەواتە ئازادیی ژنان «خەباتکردنە بۆ تێكشکاندنی ئەو پێکهاتە سەرکوتکەرانەی دەسەلات، کە لە رێگەی سروشتەوە هاتنە ئاراوە و بەهۆی پیاوەوە بەهێزترکران»(١٩٧٩:٢٣). ژنان دەبێ لەرێگەی هەڵوەشاندنەوەی ئەم ستەمە بایۆلۆژیکییەدا رزگار بن و، فایرستۆن لەو باوەڕەدایە کە ئەم مەسەلەیە دەتوانێ لە رێگەی هێنانەئارای تەکنۆلۆژیگەلی پێوەندیدار بە زاوزێکردنەوە جێبەجێ بکرێت، تاکوو ژنان لە توانایی‌گەلی سێکسی و زاوزێکردن کە سەرچاوەی بایۆلۆژیکییان هەیە، رزگاریان بێت. فایرستۆن لەوباوەڕەدایە کە رزگارکردنی ژنان لە زاوزێکردن، جیالەوەش دەبێتەهۆی هەڵوەشانەوەی یەکەی بنەماڵەو پەروەردەبوونی منالان لەناو«بنەماڵەگەلێکی» پێکهاتوو لە نزیکەی١٠کەسی باڵغدا، کە بە مەبەستی پەروەردەکردنی ئەو جۆرە منالانە بۆ ماوەیەکی تایبەتی‌زەمەنی دادەمەزرێن. منالان هیچ‌جۆرە پێوەندییەکی تایبەت لەگەڵ «دایك و باوکانیان»دا بەرقەرار ناکەن و، لەجیاتیدا پێوەندیگەلێکی سۆزئامێز لەگەڵ کەسانێکدا بەرقەرار دەکەن ـ لەهەر رەگەزێك و هەرتەمەنێك ـ کە خۆیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵیان بــژاردوون. ئــەم پێوەندییــە تــازە کۆمەڵایەتییانــە، ئــازادی سێکــسییان لێدەکەوێتەوەو «رەنگە بەساڵاچووەکان دوای چەند وەچە، بگەڕێنەوە بۆ حــەزکردن بە سێکسی فرەچەشنتر و سروشتیتــر و، هــەروەها پێــداگرتن لەســەر پێوەنــدی واژنی و چێژی سێکسیی ئۆرگاسمی، جێی خۆی بدات بە پێوەندیگــەلێکی فیزیکــی ــ عاتفی کە ئەویش لە ریزیاندا بێت».(فایرستۆن۲۲۳:۱۹۷۹).

رەنگــە هیوایەتەکــەی فایرســتۆن بەشــتێکی مــەحاڵ و وەك هــەوێنی رۆمانەکان، یان فیلمەزانستی ــ خەیاڵییەکان بێتەبەرچاو، بەڵام ئەو مەسەلانەی کە دەیانخاتەڕوو، تاقووڵایی کێــشەی جیــاوازی رەگــەزی و رێگــەکانی زاڵ بــوون بەسەریدا، دەچنە پێشەوە. بەپێی بــیروڕای رۆزالینــددێلماز لــە پێــشەکییەکەیدا لەسەر دیالکتێکی رەگەز:

مەتەڵۆکە(معما)ی جیاوازی رەگەزی، کەپاش تێپەڕین لە «عدسی»یەکانی دژایەتییە رەگەزییەکانەوە، تەجزییە و دابەشکراوە، سەرەنجام هیوایەتی سڕینەوەی تەواوی ئەو جیاوازییەی لێدەکەوێتــەوە. لەگــەڵ ئەوەشــدا، پێویستی بەوە هەیە کە بەوپەڕی توانایەوە و سەرلەنوێ بیر لە وشەکان بکرێتەوە. چوونکە ئەم باسە لە درێژەیدا، ئاماژە بە هەندێ لە کێــشە گەورەو چارەسەرنەکراوەکانی سوننەتی رادیکــاڵی ئــەورووپی دەکــات... دەستەویەخە بوون لەگەڵ ئەو تەســەورانەی کــە لەســەر «سروشــت» و «بایۆلۆژی»لە ئارادایە، هەروا ئاسان نییە، بەتایبەت لە بواری جیاوازی رەگەزیدا. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەگەر ئەم بوارانە، وەك شتانێکی لە دەرەوەی کەلتووری مرۆڤایەتی، پێگەیەکی دەرەکییان بۆ دیاری بکرێت، هەندێ کێشەی جیدی بۆ فیمینیستەکان قوت دەبنەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(دێلمار، لەفایرستۆندا،٥:١٩٧٩)

ئـــەم مەســـەلەیە دەمانگەڕێنێتـــەوە بـــۆ کێـــشەگەلێکی ســـەبارەت بـــە ڕەگەزو[١]جنسییەت کە لە فەسڵی یەکەمدا باسمان لێوەکرد. ئیـستدلالی فایرسـتۆن ئەوەیە کە جیاوازی ڕەگەزی لە شێوەی جیاوازی بایۆلۆژیکیدا بوونی هەیـە، بـەلاّم ئەم جیاوازییە دەکرێت لە ڕێگەی هەندێ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای پێوەندیدار بە زاوزێکردنەوە، گۆڕانی بەسەرا بێـت. ئـەو، بـە هـەموو توانایـەوە لـە دژی ئـەم ئەندیشەیە دەوەستێت کە ژنان ئەرك، یـان حـەزێکی فیترییـان هەیـە بەرانبـەر زاوزێکردن. هەر غەریزەو خواستێکی ژنانە بـۆ منالّـدار بـوون، تـەنها بەرهـەمی پێکهاتەی کۆمەلاّیەتی ژنانەیەو کاتێ کە زانستی مرۆڤـ، ئیختیـاری زاوزێکـردن بگرێتەدەست، دەبێتـە شـتێکی ناپێویـست و گرنگایـەتی نامێنێـت. یۆتۆپیاکـەی فایرستۆن، یۆتۆپیایەکە کە تیایدا جیاوازی ڕەگەزی بنبڕکراوە: جیاوازی لەتوانای زاوزێکردندا، بەیارمەتی زانست ئەسڕدرێتەوەو ڕۆڵـی گـەورەکردنی منـالاّن، یـان «دایکایەتیکردن» لە کۆمەڵگادا، بەیەکسان دەسپێردرێتەدەس ژنان و پیاوان.

فیمینیـستەکانیتـریش هـەم زاوزێکـردن بـە یـەکێك لـە هۆکارەکـانی سەرکوتکردن و هەم دایکایەتیکردن بە قورسـاییەکی سەرشـانی ژنـان لەقەڵـەم ئەدەن کە دەبێ لێیان ڕزگار بن، بەلاّم ڕێگەچـارە پێـشنیارکراوەکانیان، هێنـدەی ڕێگەچارە پێشنیارکراوەکانی فایرستۆن، زیدەڕەوانە نین. ئەمجۆرە بیر کردنەوانـە، کە بەتاییەت لەسەرەتاکانی فیمینیزمی «شەپۆلی دووهەم»دا، باوبوون، ئاماژەیان بە جەختکردنی ئەندیشەو کردەی فیمینیستی دەکرد لەسـەر ئـەو ڕەوشـانەی کـە ژنان دەتوانن کۆنترۆڵی جەسـتەی خۆیـان بگرنـە دەسـت و بـەهۆی ڕێگـرتن لـە

---

١- Sex and Gender



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مناڵداربوون و لەبارخستنی مناڵەوە، لە قورسایەتی زاوزێکردنیان کەم بکەنـەوە. هەوڵ و تێکۆشانە سەرەتاییەکان، بەمەبەستی هێنانەئارای توانای دەسڕەسـی بـە رەوشە دڵنیاکانی ڕێگرتن لە مناڵداربوون و لەبارخستنی مناڵ بۆ هەموو ژنـان و، پـێبەخـشینی ئیختیـاری مناڵـدار نـەبوون پێیـان، ئـەنجام ئـەدرا. بـەمجۆرە تاڕادەیەك ئاوڕ لە خودی پرۆسەکانی ئاوسبوون و زاوزێکردن و هەروەها بـارودۆخ و حاڵەتی دایکایەتی کردن درایـەوە. بۆچـوونی ئـۆکلی(١٣٩:١٩٨٦) ئەوەیـە کـە «هەروەك زۆرکەسی‌تریش وتوویانە، هەڵسەنگاندنی مەسەلەی دایکایەتیکردن لە لایەن بزووتنەوەی ژنانەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر و تا پێش ئەوەی کە بتوانن باس لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی بکەن، هەرچەند بـە شـێوەی نائاشـکرا بـەڵام بـە شـێوەی نهێنی، نێگەتڤ بوو».

بـەڵام ژمارەیـەك لـە فیمینیـستەکان ئاماژەیـان بـە لایـەنێکی یـەکجار پـۆزەتیڤی دایکایـەتیکـردن کـردووەو، بـەمجۆرە ئیـستدلالیان کـردووە کـە دایکایـەتیکـردن دەتـوانێ و دەبێ بۆژنـان ئـەزموونێکی (تـاقیکردنەوەیـەکی) چێژبەخش و وزەبەخش بێت. لە ڕوانگەی ئـەم فیمینیـستانەوە، تـەکنۆلۆژی، لـە جیاتی ئەوەی کە ڕێگەچارەیەك بێت بۆ کەمکردنەوەی قورسایەتی زاوزێکردن، بـە پێچەوانەوە زۆربەی کات ئەزموونەکانی ژنان لەسەر مناڵـداربوون و زاوزێکـردن و دایکایەتیکردن تووشی خەلەل دەکاو، پیاوانیش کەڵکی لێوەردەگرن تاکوو بەهەر شێوەیەك بۆیان بکرێـت کـۆنترۆڵی ئـەو پرۆسـانە لەدەسـت ژنـان بێننـەدەرەوە. بۆنموونە، ئادریەن ریچ(١٩٧٦) بەمجۆرە ئیستدلال دەکات کـە ئـەوە، پزیـشکی و تەکنۆلۆژییەو، دیارە زاڵبوونی نێرینە بەسەر ئـەو تەکنۆلۆژییـەدا، زاوزێکـردنی کردووە بە یەکێك لە بوارەکانی سەرکوتکردن. ئەم پزیشکی و تەکنۆلۆژییە، لەبەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوە لەلایەن پیاوانەوە کەڵکی لێوەرگیراوە کە ئـەوان ترسـیان لـەو تواناییانـە هەیە کە زاوزێکردن و دایکایەتیکردن بە ژنانی دەبەخشن و، دەیانەوێ ئەو هێز و توانایانە بخەنـە ژێـر کـۆنترۆڵی خۆیانـەوە. هەربۆیـە بیرمەنـدان و پزیـشکە پیاوەکـان، یاسـا و ڕێـساگەلێکی نووسـراو(مـەکتووب)یـان هەیـە سـەبارەت بـە دووگیانی ــ چی بخۆین و چی بنۆشین و چۆن وەرزش بکەین و... هتد ــ و بـەدنیا هێنانی منداڵ. پزیشکەکان(کەزۆربەشیان پیاون) خودی کۆنترۆڵی زایینیان لەدەست ژنەماماکانەوە(قابیلەکان) هێناوەتە دەرەوە و زۆربەی کات بە پەلەکردن وپاشـان سزاریەن[١]و شتانی لەوجۆرە، دەس‌وەردانی پزیشکانە دەکەن و، ئـەم مەسـەلەیەش کۆنترۆڵیان بەسەر زاییندا زیاتر دەکاو دەسەڵاتی دایکان و ژنە ماماکانیش لـەناو دەبات. ڕیچ جیاوازی قایل دەبێت لەنێوان دەزگای کۆمەڵایەتی دایکایەتیکردن کـە بناغـەی کـۆنترۆڵی نێرینـەو سـەرکوتکردنی ژنـان لەبارودۆخـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا بووە، ئەزموونی دایکایەتیکردن کە ڕەنگـە بۆژنـان هەم چێژبەخش و هەم وزەبەخشیش بێت. بەشێك لەو دەزگایەی دایکایـەتیکـردن کـە ئـەو ڕەخنـەی لێدەگرێـت، ئایـدۆلۆژیای بنەماڵـەی نـاوکی (Nuclear Family)یـە، کـە پیـاوان بـۆ مـسۆگەرکردنی موڵکایـەتییان بەسـەر ژن و منداڵەکانیانـدا، دایاننـاوە. کێـشەیەکی گرینگتـری ژنـان ئەوەیـە کـە دەزگـا و ئەزموونی دایکایەتیکردن، بە هیچ شـێوەك سـازگارییان لەگـەڵ یەکـدا نابێـت، بەومانایە کە ژنان زۆربەیکات، بە دووگیانی وزایـین و دایکایـەتیکـردن نـامۆن.

---

١- cesarienne- وشەیەکی فەرەنسییە و بـەواتای نەشـتەرگەری کردنـی دایـك دێت بۆهێنانـەدەرەوەی منـاڵ لەزگیدا - بەتایبەت بۆ ئەوژنانەی کەناتوانن بە شێوەیەکی سروشتی منداڵەکانیان بەدنیا بێنن. و- ك.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەواتــە ژنــان دەبێ خوازیــاری ئــەوەبن کــە جەســتەیان و دایکایــەتیکردنیــان بگێڕدرێتەوە بۆیان:

سەرلەنوێ بەدەســت هێنــانی موڵکایــەتی جەســتەمان لــە کۆمــەڵگای مرۆڤایەتیدا زیاتر لە داگیرکردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان لەلایان کرێکارانەوە کاریگەری دەبێتو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیتریشی بــەدواوە دەبێت. جەستەی ژن، هەم زەوی بوەو هەم ماشین، پانتاییەکی بەرفراوانو لەبار بۆ کەڵك لێوەرگرتن و، هێڵێکی مۆنتاژ کە ژیان بەرهەم دێنێ. ئێمە دەبێ جیهانێك تەسەور بکەین کە تیایدا هەرژنێك فریشتەی پاسەوانی جەستەی خۆیەتی. لە وەها جیهانێکدا بەڕاستی ژنــان ژیــانێکی تــازە دەخوڵقێنن، کەنەك تەنها هەر منداڵ بەدنیابێنن(بەهەر شێوەیەك کە ئێمە خۆمان بمانەوێ) بەڵکوو بتوانن روانگەکانیان پــەروەردە بکــەن و وەك پێویست ئەندیشەیان هەبێت بۆ پاراستنو دڵدانەوە(تسلی) و چاکترکردنی ژیانی ئینسان ـــ پێوەندییەکی تازە لەگــەڵ جیهانــدا. ئیحــساساتی سێکسی، سیاسەت، عەقڵ، دەسەلات، دایکایەتیکردن، کــار، کۆمــەڵگاو هەروەها هاوڕێیەتی، ماناگەلێگی تازە بەخۆوە دەگرن. خودی بیرکردنەوە گۆڕانی بەسەرادێت. لێرەوەیە کە دەبێ دەست پێبکەین.

(ریچ ١٩٧٦:٢٨٥)

فیمنیستەکانیتریش وەك ریچ نیگەرانن لەوەی کە پیاوان کۆنترۆڵی زایــین و دایکایەتیکردن بگرنەدەستو، دەستیان کردووەبە، بە دیکیۆمێنتکردنی مێــژووی ئەم پزیشکاندنەی[1] ئەزموونی دایکایەتیکردن و کاریگەرییەکانی لەســەر ژنانــدا. ئــۆکلی(١٩٨٦) دەڵــێ، دەســکەوتی پزیــشکاندنو پەرەســەندنی تــەکنۆلۆژیاکانی

---

١- بەپزیـشکی کـردن، مامەڵەکردن لـە گـەڵ شـتێکدا لـەڕووی پزیـشکەییەوەو بەکـەڵك وەرگـرتن لـە ئیمکانـاتی پزیشکی ــ و. ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێوەندیدار بە  زاوزێ کردنەوە، لەوانە، وەبەرهێنان[1] [ی جین] لە ناو بۆرییەکانی تاقیگەو، گواستنەوەی جین، زیاتر خۆسەر قاڵ کردن بە «دەرمان کردنی جەستەیی»بوە، وەك لە خۆسەر قاڵکردن بە «ئاوڕلێدانەوەی پسیکۆلۆژیکی».

هەر بۆیە، لەتاوتویکردنی تێڕوانینەکانی ژنان لەسەر چاودێرییەکانی پێشزایین(منداڵبوون)، هەمان ئەوخزمەتگوزارییە دووپاتکراوانە دەبینینەوە کە کەسانێکی نائاشنا کە هیچ گرنگییەکی ئەوتۆ بە پێداویستییەکانی دایکان نادەن و زیاترگوێ بە کارە رۆتینە پزیشکییەکان ئەدەن و فەردانییەتی نەخۆشەکانیان زۆر بەلاوە گرینگ نییەو، زەینیان هێندە سەرقاڵی نەخۆشییە بایۆلۆژییەکانە کە هێماکانی نەخۆشیی سەرەکی پسیکۆلۆژیکی یان کۆمەڵایەتی لەبیردەکەن.

کەواتە، دایکایەتی کردن، گیرخواردنەوەیە لەناو دوو پارادایمدا: لە لایەکەوە زانستخوازی پزیشکیو، لەلایەکیترەوە گوشارەکانی فیمینیزم بۆئەوەی ژنان خۆیان بەرپرسی جەستەیان بن.

ئەم باسانە کە لەسەر دایکایەتی کردن دەکرێن، دیسانەوە پرسیارگەلێکی لەبواری یەکسانی و جیاوازیدا دەورووژێنن. فیمینیستەکان نیگەرانییەکی بەجێگەیان پیشانداوە بەرانبەر جۆری پزیشکی کردنی بەرفراوانی پیاوان بۆخستنە ژێر کۆنترۆڵی جەستەی ژنان و، بەمجۆرە ئیستدلالیان کردووە کە ژنان دەبێ جەستەی خۆیان و هەروەها ئەزموونەکانی دایکایەتی کردنیان، بخەنەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. بەڵام ئایابەپێداگرتن لە سەر گرنگایەتی دایکایەتی کردن بۆ ژنان و هەروەها بە  پێداگرتن لەسەر ئەو لایەنە ئەویندارانەو سۆزاوییانەی کە ئەم پرۆسەیە هەڵگریانە، ئێمە بۆجارێکیتر رووبەڕووی مەترسی زیندانی کردنی

---

[1] ٢- لێرەدا بەواتای پەروەردەکردن یان ئامادەکردنی کرۆمۆزۆم لە بۆرییەکانی تاقیگەدا دێت و، لەم رەوشەدا کۆرپە ئامادەو پەروەردە دەکرێت و پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ ڕەحەمی دایك و لەوێ درێژە بەژیان ئەدات — و. ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژنــان لــە پێگەیــەکی جیــاوازدا دەبینــەوە - - - پێگەیــەك کەبــە پێــی توانــای بایۆلۆژیکییان بۆ زاوزێکردن و هەروەها توانای عاتیفییان بــۆ دایکایــەتیکــردن، پێناس دەکرێت؟ ئایا ئەم مەسەلەیە تارادەیەك، گەڕانەوە بۆتەسەورکردنی ژنێــك نییــە کــە پێوەنــدی زۆری لەگــەڵ سروشــتدا هەیــەو، فیمینیســتەکانیش هــەوڵی لەناوبردنیان داوە؟ هەروەك میشل ئــستانقۆرس[1](١٩٩٠:٢٩٩) بــەیادمان دێنێتــەوە: «هیچ پێویست ناکات کەهەوڵدان بۆ داواکردنەوەو وەرگرتنەوەی دایکایەتی کــردن وەك خەسڵەتێکی ژنانە، بە مانای ئەولەوییەتدانی سروشت بە سەر تەکنۆلۆژیــدا بێت - - - بەو مانایە کە دووگیانی، شتێکی باش و سروشــتی بێــت و تــەکنۆلۆژی شتێکی خراپ و ناسروشتی». ئەم باسکردنەی لەسەر دایکایــەتیکــردن، بــە هــۆی گەشەکردنی بەردەوامی تەکنۆلۆژیگەلی پێوەندیدار بــە زاوزێکــردنی نوێــوە، کــە پێدەچێت بتوانن خەونەکەی فایرستۆن لەمەڕ بە تەواوەتی هەڵگرتنی قورسایەتی زاوزێکردن لەسەرشانی ژناندا بــەدیبێــنن، یــەکجار قــورسو ئــاڵۆزتر بوەتــەوە. کەواتە ئایا ئەمە شــتێکی باشــە [یــان نــە]؟زۆرێــك لــە فیمینیــستەکان زیــاتر نیگەرانی ئەم تەکنۆلۆژیانە بوونــە، لەوانــە، وەبــەرهێنان [ی جــین] لــە بــۆری تاقیگەدا و گواستنەوەشیو، هەروەها بە یاســایی کــردن و بــە بازرگــانی کــردنی رۆژلەدوای رۆژ زیاتری کەڵك وەرگرتن لەدایکی جێگر[2](نیابتی). ئــەم شــتانە وەك درێژە پێدانی پزیشکاندنی دایکایەتی، بەبەردەوامی دەبینرێن؛ وەك دەســاوێزێك بۆپیاوان، لەرێگەی کەڵكوەرگرتن لەزانــستەوە بــۆ بەدەســت هێنــانی کــۆنترۆڵی زیاتر بەسەر جەستەی ژناندا.

بۆنموونە، جانیس‌را یمۆند[3](١٢:١٩٨٥) لەو باوەڕەدایە کە تەکنۆلۆژییەکانی پێوەندیدار بە زاوزێکردنی نوێ(مۆدێرن) وە، ئامرازێکە بۆ ئەوەی پیــاوان بتــوانن

---

١- Michelle stanworth

١- بەژنانێك دەوترێت کەسەرپەرشتی و پەروەردەکردنی منالّی کەسانیتر بە ئەستۆدەگرن — و . ك

٢- Janice raymond



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەك تەنها زاوزێکردن کۆنترۆڵ بکەن بەڵکوو خودی زاوزێکردنیش لە دەستی ژنان بهێننەدەرەوە. ئەم خاڵە لەلایەن جێناکۆریا[3]وە داکۆکی لێدەکرێ و لە کتێبەکەیـدا بـەناوی«ماشـینی دایـك[4] »(١٩٨٥) دەڵـێ، لەبـەر ئـەوەی کەهەنووکـە پیـاوان تەکنۆلۆژییەکانی پێوەندیـدار بـەزوازیکـردنی نـوێ کـۆنترۆڵ دەکـەن، کەواتـە تەکنۆلۆژی گەلی ناوبراو، بـەو مەبەسـتە کـەڵکیان لێوەردەگـیرێ کـە کـۆنترۆڵی پیاوان بەسەر ژناندا زیاد بکەنو ئەرکی زاوزێکردنیش لـەژنان بـستێننەوە. ئـەو، لەوباوەڕەدایە کە تەکنۆلۆژییە نۆییەکان دەبێ کارکردەکانی دایکایەتی کردنشـی بکەنەوەو دابەشی بکەن بە بەشگەلێکی بچووکتری وەك؛ هێلکەچـاندن[5](Ovule)، پەروەردەکردنی پیزە(جنین) لە ڕەحەمـدا، زایـین، گـەورەکردن و پـەروەردەکردنی منداڵ. ئەم دابەشکردنەی دایکایەتی کردن بەبەشگەلێکی بچووکتر، دەبێتـە هـۆی گومانکردن لەم مەسەلەیە کە دایکی ڕاستەقینەی منداڵێك کێیەو، هەروەها دەبێتـە هوێ کەمبوونەوەی دەسـەڵاتی ژنـان و ئیـدیعاکردنیان بۆمنداڵـەکانیان. هـەروەها تەکنۆلۆژی گەلی مۆدێرن ئەو تاوانەیان دەخرێتە پاڵ کە بەهوێ کـەڵك وەرگـرتن لە دەرمان و هۆرمۆن بۆ بزواندنی (تحریك) هێلکەچاندن و ... هەندێ مەترسییان بۆ تەندروستی ژنان لێ دەبێتەوەو، هاندانی ژنە نەزۆکەکانیش بـۆ منداڵـداربوون، دەبێتە هـۆی ئـەوە کـە گوشـارێکی زۆری کۆمەڵایـەتییان بخرێتـە سـەر. بـەڵام ئستانۆرس بە پـشتبەسـتن بـەم ئیـستدلالەوە کەهەنـدێ لـە تەکنۆلۆژییـەکان لـەبارودۆخ گـەلێکی لـەباردا دەتـوانن سـوودمەندبن، لـەدژی ڕەتکردنـەوەی هەمەلایەنـەی تەکنۆلۆژییـەکانی پێوەندیـدار بـە زاوزێ کردنـەوە دەوەسـتێت.

---

[3]- Gena corea

[4]- The mother machin

[5]- نوتفەی ژن هەر٢٨ رۆژجارێك دروست دەبێو هەڵگری هەموو خەسڵەتە جەستەیی‌و رۆحییـەکانی ژنـە(واتـە خاوەنەکـەی)و، بەتێکـەڵ بـوونی لەگـەڵ نوتفـەی پیـاودا کۆرپـە(پیـزە) پێـكدێـنن. ئێمـە بـۆزاراوەی «تخمكگـذ ا ري» لە زمانی فارسییدا کە بەواتای«هێلکەدانان»ە، هێلکە چاندنمان داناوە — و. ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەتایبەت بەپشتبەستن بەم ئیستدلالەوە کە، هەرچەند گوشارگەلێکی زۆری کۆمەلآیەتی لە ئارادایە کە گوشاردێننە سەر ژنان بۆمناڵداربوون، بەلاّم ئەم گوشارانە کاریگەرییان بەسەر هەموو ژنانەوە، بەبزۆك و نەزۆکەوە، هەیەو،کەواتە«نابێ گومان لەحەزی ژنە نەزۆکەکان بکەین بۆمناڵدار بوون»، بەرانبەر دابەشکردنی ئەوژنانەی کە مناڵیان دەبێو ئەوژنانەی کە مناڵیان نابێ، هەڵوێستێکی رەخنە گرانە وەردەگرێت(١٩٩٠:٢٩٣). ئستانۆرس بانگەشەی ئەوە دەکات کە فیمینیستەکان لەجیاتی رەتکردنەوەی هەموو تەکنۆلۆژییەکانی پێوەندیدار بە زاوزێکردنەوە، دەبێ هەل و مەرجە جۆراوجۆرەکانی کەڵك وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیگەلی ناوبراو تاوتوێبکەن و هەوڵەکانیان تەرخان بکەن بۆ دووبارە بەرقەرارکردنی کۆنترۆڵی ژنان بەسەر ئاوسبوونیاندا.

بوارێك کە سەرنجی یەکجار زۆری پێدەدرێت، بەدەست هێنانی نەك تەنها تەکنۆلۆژییەکانی پێوەندیدار بە زاوزێکردنی نوێوە، بەڵکوو بەدەست هێنانی هەموو جۆرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ مەسەلەی ئاوسبوون و رێگرتن لە ئاوسبوون و لەبارخستنی مناڵدا. فیمینیستەکان ئاماژە بەشیاوێتی هەندێ ژنان بۆ دایكبوون و شیاوێتی هەندێکیتریان بۆدایکایەتیکردن دەکەن. ئەم پێناس کردنانە، بەپێی نەژاد، چین، دۆخیخێزانباری(ترهل)، هەڵوێست وەرگرتنی رەگەزانەو... کاریگەرییەکی حەتمی لەسەر جۆری رەفتاری پزیشکان لەگەڵ ژناندا دادەنێن. دیدگاگەلی پزیشکەکان و حکوومەتەکان لە بەرانبەر کۆنترۆڵکردنی ئاوسبووندا، دەورێگی گرینگ دەبینن لە هەڵبژاردنەکان[Choices]و ئەزموونەکانی پێوەندیدار بەزاوزێکردنی ژناندا دەبینن(دیلوفۆستێر١٩٨٦:٨٦). ژنێکی سپیپێستی خێزانباری چینی مامناوەندی، بەئەگەرێکی زیاترەوە، بەکاندیدایەکی باش بۆ ئاوسبوون بە بۆرییەکانی تاقیگە لەقەڵەم دەدرێت و، ئەگەری ئەوە کە پزیشەکان وەها دەرمانێك لەژنانی سەڵتیکرێکار،یان ژنانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەمینــە نەتەوەییــەکان درێــغ بکــەن، زیــاتر دەبێــت. دیــارە تێگەیــشتن لــە دایکایــەتیکــردن بــە پێی جیاوازییــەکانی نێــوان ژنــان و نێــوان کۆمــەڵگا جۆراوجۆرەکان، چەندین جــۆری هەیــە. وەك چــۆن پزیــشکەکان و حکوومەتــەکان لەوڵاتانی خۆیاندا بڕیار لەسەر ئەوە ئەدەن کە چکەسێك شایستەی دایك بوونــە، پزیشکان و حکوومەتــەکانی وڵاتــە پێــشکەوتووەکانیش هــەوڵیانداوە لەڕێگــەی لایەنگریکردنی ڕێگرتن لە ئاوسـبوونو نــەزۆك کردنــەوە،کۆنترۆڵی ئاوسـبوونی ژنانی جیهانی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ٥

# نەتەوە و شوناس:کێشەی جەوهەرخوازیی و تەنگژەی پۆست مۆدێرن

یەکێك لە بابەتە تەورەرییەکانی ئەم کتێبە، پێگەی وشەی «جیاوازی»یە لە بیرکردنەوەی فیمینیستیدا. هەرچەند فیمینیستەکان ماوەیەکی زۆر بیریان لە مەسەلەی جیاوازی نێوان پیاوان و ژنان کردۆتەوە، بەلاَم دیسانەوە کێشەی جیاوازی، لە پێوەندیدا لە گەڵ مەسەلەی پۆلێن کردنەکانی نێوان ژناندا ــــ لەوانە، جیاوازییەکانی نەژادی، چینایەتی، توانایی و هەڵوێست وەرگرتنی رەگەزانە ــ قوت دەبێتەوە. ئەم جۆرە جیاوازی و پۆلێن کردنانە، هەندێ جار کە فیمینیستەکان هەوڵیان ئەدا ئەزموونێکی هاوبەشی نێوان هەموو ژنان شەرح بکەن و هەروەها سەر کوتکردنە هاوبەشەکان و رێگەچارە هاوبەشەکانی زاڵ بوون بە سەر ئەم سەرکوتکردنانە دەس‌نیشان بکەن، بە نادیدە گیراون.کەواتە، ئەم بە دواداچوونەی هاوبەشییەکان ئەوتاوانەی خراوەتە پاڵ کە هەندێك لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فیمینیستەکان بە پێی ئەزمونەکانی خۆیان دەستیان بە گشتاندن(تعمیم) کردووە و مۆدێلیکی « جەوهەری »یان خوڵقاندووە ــ مۆدێلێك لە سەر بنەمای ئەزموون و ئارەزووە ئاشکراکانی ژنێکی سپی پێستی چینی مامناوەندییەوە. رەخنەگران بەمجۆرە ئیستدلال دەکەن کە، ئەم گشتاندن و« جەوهەرخوازی » یە، لە خزمەتی لەکەدارکردنی جیاوازی گەلێکی زۆردا بوە، لەوانە، جیاوازیگەلی نەژادی، نەتەوەیی و چینایەتی، کە لەناو ژناندا هەیەو، هەر بۆیە هەندێ جار سەبارەت بە هەندێك لە ژنان لە جیاتی ئەوەی کە یارمەتییان بدات، بە پێچەوانەوە زیانی پێگەیاندوون. هەرچەند، هەروەك لە سەرجەمی ئەم کتێبەدا جەختم لەسەر کردووە، نەك فیمینیزمێك، بەڵکوو چەندین فیمینیزم بوونیان هەیەو هەرچەندیش ئەم فیمینیزمە فرەچەشنانە، دەسکەوتی ژمارەیەکی زۆری ژنانن لە بارودۆخە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵام هەموویان وەکوو یەك ناوبانگیان دەرنەکردووەو، هەندێك لە فیمینیستەکانیش وا هەست دەکەن کە بزووتنەوەکان و تیۆرە فیمینیستییەکانی « شەپۆلی یەکەم» و « شەپۆلی دووهەم» ، لە ڕادەبەدەر لە ژێر دەسەڵاتی ئەو ژنە سپی پێستە چینی مامناوەندییانەدا بوون کە بە پێی ئەزموونە تاکەکەسییەکانی خۆیان، دەستیان بە تیۆری سازی و گشتاندن دەکرد.ئیدیعای ئەوە دەکرێت کە ئەم مەسەلەیە بوەتە هۆی نادیدەگرتنی ئەزموونەکانی ژمارەیەکی زۆری ژنانی چینی کرێکار و رەش پێست. جیالەوەش دەتوانرێ بەمجۆرە ئیستدلال بکرێت کە ئەم تیۆرانەی شەپۆلی یەکەم و دووهەمی فیمینیستی، ئەورووپا تەوەر بوون و، ئەندیشە و کردەوەکانیان بەسەر بنەمای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژیانی ژنانی سپی پێستی ئەوروپا و ئەمریكای باكوور دامەزراندو، ژیان و ئەزموونی ژنانی جیهانی سێهەم و شێوەی كاریگەری وەرگرتنی ئەم ژیانانە لە بارودۆخ گەلی كلۆنیالییان نادیدە، یان بە كەم گرت. بە مجۆرە ژنانی سپی پێستی چینی مامناوەندی رۆژئاوا، بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كە نەك تەنها لە جیاتی هەموو ژنانی كۆمەڵگاكانی خۆیان، بەڵكوو لە جیاتی هەموو ژنانی جیهان قسە دەكەنو، بە پێی ئەزموون و بارو دۆخی ژیانی [تاكەكەسی] خۆیان، دەستیان بە گشتاندن دەكردو، كاریگەرییەكانی سەرمایەداری و نەژادپەرەستیو كلۆنیالیزمیان نایدە دەگرت، كە وەك دواتر دەركەوت دووبەرەكییان دەخستە ناو ژنانەوە.

## فیمینیزمە ڕەشەكان

یەكێك لە گرینگترین نارەزاییەكانی بەرانبەر ئەوروپا تەوەری و جەوهەرخواز بوونی هەندێك لە جۆرەكانی فیمینیزم، لە لایەن ئەو فیمینیستە ڕەش پێستانەوە دەربڕدراوە كە گومانیان لە شایستەیی ژنە سپی پێستەكان و لە راستیدا مافی ئەوان بۆ قسەكردن بە ناوی ژنانی ڕەش پێستەوە كردووە. یەكێك لە فیمینیستە بەرجستە ڕەش پێستەكان كە لە ئاسەوارەكانیدا جەختی لە سەر ئەم كێشەیەی فیمینیزم و جیاوازی نەژادی كردووە، بێڵهۆكسە[1] كە لە كتێبێكدا بە ناوی« مەگەر من ژن نیم؟[2]» (١٩٨١) باس لە مێژووی ژنە ڕەش پێستەكانی ولاتە

[1]- Bell hooks
[2]- Ain't a womwn



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یەکگرتووەکان و پێوەندییان لـە گـەڵ فیمینیزمـدا دەکـات. هـۆکس. بـەمجـۆرە ئیستدلال دەکات کە دەسدرێژی کردنی سێکسی و ئەوهێرشـە دڕندانانـەی کـە لـە ماوەی سەردەمی کۆیلەداری لە ولاّتە یەکگرتووەکاندا کرایەسەر ژنانی رەش پێـست، « بوە هۆی کەمبوونەوەی بایەخی«ژنێتی»رەش پێستەکان کە چوە ناو هزر و رۆحـی ئەمریکاییەکانەوە و سەرەڕای کۆتایی هاتنی کۆیلەداریش، کاری کردە سەر پێگـەی کۆمەلاّیەتی هەموو ژنە ڕەش پێستەکان» » (٥٢:١٩٨١). هـەر لـەم رووەشـەوەیە کـە تەنانەت پاش تێپەرینی سەدەیەك بە سەر هەڵپێـچانەوەی کۆیلەداریـدا، هێـشتا کۆمەڵگای ولاّتە یەکگرتووەکان، ژنانی رەش پێست وەك « ژنانی گومڕا» و قەحبە و داوێن پیس دەبینێت. لەگەڵ ئەوەشـدا، فیمینیـستە سـپی پێـستەکان بایـەخێکی ئـەوتۆیان بـە گرنگایـەتی ئـەم مێـژووی تونـدو تیژییـە نـەژادی و رەگەزییـە دیاریکراوەو، جۆری کارتێکردنی لەسەر ژیان و ئەزموونەکانی ژنە رەش پێستەکانی ولاّتە یەکگرتووەکاندا نـەداوەو، هـۆکیش رەخنـەی لـە فیمینیـست گـەلێکی وەك سووزان براونمیلێر(١٩٧٥) گرتووە، کە دەربارەی دەسدرێژی و توندوتیـژی سێکـسی شتیان نووسیوە بەلاّم دەسدرێژی کردنە سـەر ژنـە ڕەش پێـستەکانیان تـەنها بـە دەرەنجامی بارودۆخی کۆمەلاّیەتی ـــ مێژوویی ئەوسەردەمانەیان لە قەڵـەم داوە و بیریان لە دەرەنجامە هەنووکەییەکانی نەکردۆتـەوەو کەمتەرخـەمییان بەرانبـەر کردووە. کەواتە، ئەم جۆرە فیمینیستانە ، گرنگییەکی ئـەوتۆ بـە سـەرکوتکردنی ڕەگەزخوازانەی ئێستای ژنانی رەش پێستی ولاّتـە یـەکگرتووەکانیش نـادەن و بـە لایانەوە مەسەلەیەکی گرینگ نییە. هۆکس دەڵێ، چەوساندنەوەی بەردەوامی ژنـە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕەش پێستەکان و کەمکردنەوەی بایەخی« ژنێتی » ڕەش پێستەکان لـە سـەردەمانی دوای کۆیلەداریدا بەشێك بوو لە میتۆدێکی گەلاڵەکراوی کـۆنترۆڵی کۆمەلایـەتی، کە بەمەبەستی پشتیوانی کردن لە ئەولەوییەتی سپی پێستەکان گەلاڵـە کرابـوو، بـەلام فیمینیـستە سـپی پێـستەکان ئـەم مەسـەلەیان نادیـدە گـرتو،کەواتـە، بزووتنەوەی فیمینیستی کە دەستی پێکرد، قـسەوباسێکی هێنـدە لەسـەر شـێوەی دامەزراندنی پێوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان ڕەگەزخوازی و نەژادپەرستیدا کـە کاریگەریی زۆری لە سەر پێگەی ژنەڕەش پێستەکان لە کۆمەڵگادا دانا، نەکرا:

ئەگەر ئەو ژنەسپی پێستانەی کە بزووتنەوەی سـەردەمی خۆیـان بـە مەبەستی فیمینیزم ڕێك خست،کەمترین تێگەیشتنیان لە سەر سیاسەتی نەژادیی لە مێژووی ئەمریکادا هەبوایە، ئەو مەسەلەیان دەزانی کە زاڵ بـوون بـە سـەر ئـەو کۆسـپانەی کـە ژنـان لـە یەکـدی جیادەکەنـەوە(دووردەخەنـەوە)، پێویـستی بـە بـەرەنگاری کـردنی واقعییەتی نەژادپەرستی هەیە، نـەك تـەنها نـەژاد پەرەسـتی وەك شەڕێکی[1] گشتی لە کۆمەڵگادا،بەڵکوو دوژمنایەتییەکی نەژادی کە ڕەنگە لە ناو زەینی خۆیاندا شاردبێتیانەوە. سەرەڕای چەسپاندنی یاسـای پیاوسالاری لە کۆمەڵگای ئەمریکادا، کلۆنیالیزمی ئـەمریکا لەسـەر بناغەی نەژادپەرەستییەکی ئەمپریالیستی دامەزرا، نەك لەسەر بنەمای ڕەگەز خوازییەکی ئەمپریالیستیدا.لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پێوەندییەکی

---

١- لێرەدا شەڕ لەبەرانبەر« خێر» دا هاتووە — و.ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**پیاوسالارانەی نێوان پیاوە داگیرکەرە سپی پێستەکان و پیاوە بەرەچەڵەک ئەمریکییەکان، کاریگەری لەسەر ئەمپریالیزمی نەژادی سپی، دانەنا. بە هۆی تەعامولی نێوان جیهانی سپی و بەرەچەڵەک ئەمریکییەکان و هەروەها لە گەڵ ئافریقایی ـــ ئەمریکییەکاندا، نەژاد پەرەستی، پێشی لەیەکگرتنە رەگەزییەکان گرت،وەك چۆن نەژادپەرەستی، هەموو پێوەندییە رەگەزییەکانی نێوان ژنەرەش پێستەکان و ژنە سپی پێستەکانی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە.**

(**هۆکس** ١٩٨١:١٢٢).

ئەم ئیدیعایەی هۆکس کە نەژادپەرەستی پێشی لە رەگەزپەرەستی گرتووە( هەر چەند ئەوەی قبووڵە کە لە وڵاتە یەککگرتووەکاندا بارودۆخەکە لەو جۆرەیە، بەڵام رەنگە لە شوێنەکانی جیهاندا وا نەبێت) گوزارشت لە کێشەکانی بەردەم هەموو ئەو تیۆرە فیمینیستییانەی کە هەوڵ ئەدەن بە شێوەیەکی گشگیر بەرەنگاری سەرکوتکردنی ژنان ببنەوە. چوونکە ئەگەر چەوساندنەوەی سەرەکی، بریتی بێت لە ستەمکردنی سپییەکان بەرانبەربە رەشەکان، نەك ستەمکردنی پیاوان بەرانبەر بە ژنان، لەم حاڵەتەدا چۆن دەتوانرێت سەرکوتکردنی ژنانی سپی پێست و ژنانی رەش پێست، بەیەك شێوە تیۆریزە بکرێن؟ تەنانەت ئەگەر، بەوشێوەی کە فیمینیستەکانی تر پێشنیار دەکەن، جیاوازی قایل بوونی رەگەزی(تبعیچ) و نەژادی، هەر دووکیان هێندەی یەك سەرکوت کەربن، دیسانەوە تێ گەیشتن لەوەکە بەچ شێوەگەلێك دەتوانرێت کاریگەرییە دوولایەنەکانی ئەم دووجۆرە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرکوتکردنە تیۆریزە بکرێت و بە پێی ئەوتیۆرییە هەنگاو هەڵ بگیردرێت، یەکجار دژوارە. ئەم جۆرە تاوتوێکردنە، دیارە لەناوبردنی هەر جۆرە گریمانەیە کە دەربارەی خۆشکایەتی ژنان و هەروەها گومانکردنە لە زۆربەی گریمانەکانی فیمینیستە سپی پێستەکاندا. هەروەك هۆکس(١٩٩٠:٢٩) دەڵێ: « تەسەوری خۆشکایەتی کە لایەنگرانی ئازادی ژنان هێنایانە ئاراوە، لە سەر بنەمای ئایدیای هاوبەشدا ڕاوەستابوو ــ پلانێکی گومڕا کەرو نائاکاری کە سروشتی ڕاستەقینەی واقعییەتە قورس و ئاڵۆزە کۆمەلایەتییەکەی ژنانی دەشاردەوە » . لە ڕاستیدا دەتوانرێت بە مجۆرە ئیستدلال بکرێت کە شان بە شانی جیاوازی گەلی نەژادی، جیاوازیگەلی پەیوەست بە پێشینەگەلی نەتەوەیی و ئاینی، چینایەتی،هەڵوێست وەرگرتنی ڕەگەزی و ... هەموویان کاریگەرییەکی گرنگیان لە سەر ئەزموونە تاقیکراوەکانی ژناندا داناوە و کارێکی وا دەکەن کە گەیشتن بە ڕوونکردنەوەیەکی گشتی و یەك‌دەس لە سەر سەرکوتکردنی ژنان، مەحاڵ بێت. کە واتە هەندێ لە فینینیستە سپی پێستەکان کاتێك کە هەوڵی وەسف کردنی ئەزموونی هاوبەشی ژنانیانداو« خۆشکایەتی » یەکی هاوبەشیان دۆزییەوە، هەموو ئەو جیاوازییانەیان نادیدەگرت. هەر وەك ئاودرە لۆرد[1](١٩٨٤:١١٦) کە فیمینیستێکی لەسبینی ڕەش پێست بوو، دەڵێ: «بە گشتی لەناو بزووتنەوەی ژنانی ئەمڕۆدا هەموو هەوڵەکانی ژنە سپی پێستەکان تەرخان کراوە بۆ تاوتوێ کردنی سەرکوتکردنی خۆیان وەك ژن و، جیاوازیگەلی نەژادی، ڕەگەزی، چینایەتی و

---

١- Audre Lorde



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەمەنییان پشت گوێ خستووە. بە ناوی وشەی خۆشکایەتییەوە کە بە کردەوەش بوونی نییە، ئیدیعای یەکدەسبوون(یەك فۆرم بوون)ی ئەزموونەکان دەکرێت » .

بەمجۆرە، هۆکس و لۆرد شان بە شانی نووسەرە فیمینیستەکانی تر، پیشانیان داوە کە چۆن فیمینیستە سپی پێستەکان، ستەمێکی هاوبەشیان بۆ هەموو ژنان دەسنیشان کردووەو بەمجۆرە ئاوڕیان لەوجۆرە ئازار و ستەمە جیاوازانەی نەداوەتەوە کە ژنە ڕەش پێستەکان گیرۆدەیانن و ڕووبەڕوویان بوونەتەوە. ئەم مەسەلەیە هەروەها گوزارشت لەوە دەکا کە فیمینیستە سپی پێستەکان، هەندێ جار ئەو بارودۆخانەیان کە ڕەنگە بۆ ژنە ڕەش پێستەکان رزگار کەر و ئازادی بەخش بوایە، بە نادیدە گرتووە، یان باش تێیان نەگەیشتوون. دەتوانین نموونەیەکی ئەو خراپ تێگەیشتنە لە ناو شیکردنەوەکانی هەندێ لە فیمینیستەکان سەبارەت بە بنەماڵە ببینینەوە. زۆرێك لە فیمینیستەکان وتوویانە کە بنەماڵە یەکێك لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای پیاوسالارە و هەر بۆیە بە شوێنێکی سەرەکی بۆسەرکوتکردنی ژیان لە قەڵەم دەدرێ. لەگەڵ ئەوەشدا فیمینیستە ڕەش پێستەکان بەمجۆرە ئیستدلالیان کردووە کە هەرچەند ڕەنگە بنەماڵە شوێنێکی سەرکوتکردنی ژنە ڕەش پێستەکان بێت، بەلاٚم دەشتوانێت شوێنێك بێت بۆ خۆڕاگری کردن لە بەرانبەر سەرکوتکردنی نەژادیدا(کاربای١٩٩٧). جیا لەوەش، مۆدێلی فیمینیستی بنەماڵە وەك شوێنێکی وابەستەبوونی ئابوورییانەی ژنان، ڕەنگە بۆ زۆربەی ژنە ڕەش پێستەکان شتێکی لەبارو ڕێكوپێك نەبێت، بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە ڕادەی هەرمانبەران لەناو پیاوە ڕەش پێستەکانیاندا یەکجارکەمە و زۆربەیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بێکارن. ڕەنگە ژنە ڕەش پێستەکان لەوجۆرە بـارو دۆخانـەدا خۆیـان دابـین کـەری سەرەکی داهات و سەرپەرشتی بنەماڵە بن و پیاوانیش لە رووی ئابوورییەوە پێیان وابەستەبن. هەر بۆیە بنەماڵە لەلای ژنانی ڕەش پێستدا مانایـەکی‌تـری هەیـەو، هەر تیۆرێکی فیمینیـستی کـە هـەوڵ ئـەدات روونکردنەوەیـەکی گـشگیر لەسـەر بنەماڵە، وەك شوێنێکی سەرکوتکردن، بەدەستەوە بدات، وەك پێویست سەبارەت بە بارودۆخی هەموو ژنان راستی لە خۆ ناگرێت.

تیۆرەکان و خەبـاتـە فیمینیـستییەکانی‌تـریش، ئەزموونگـەل و خەبـاتـە تایبەتـــەکانی ژنـــە ڕەش پێـــستەکانیان نادیـــدە گرتـــووە. بـــۆ نموونـــە، عەزیز[1](١٩٩٧:٧٠) ئاماژە بە خەباتگێڕییەکانی لایەنگری لەبارخستنی منـاڵ لـە دەیەی١٩٧٠دا دەکا و دەبێژێت:

ئەم واقیعییەتەیان پـشتگـوێ خـست کـە زۆربـەی هەوڵـەکانی ژنـە ڕەش پێستەکان لە بواری زاوزێ کردندا، سەبارەت بوە بە پاراستنی مافی ئاوسبوون و پراکتیزە کردنی تواناییەکانیان بۆ ئاوسـبوون. فەراهـەم کردنی ئیمکاناتی لەبارخستنی مناڵ و خۆنەزۆك کردن و کوتانی دێپۆپرۆ وێرا[2] بۆ ئەم ژنانە زۆرئاسانەو زۆربەی کاتیش بێ ئەوەی پرسیان پـێ

---

١- Aziz

٢- Depo provera(depot-Medroxyprogesierone acetate) جۆرە دەرمـان و ڕەوتێکـە بـۆ ڕێگـرتن لـە ئاوسـبوون،بەکەڵك وەرگـرتن لـە هۆرمـۆنی پرۆژسـترۆن کـە هـەر چوارسـاڵ جارێـك بـۆ ژنـان دەکوترێت و ڕێگە لە ئاوسبوونیان دەگرێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بکرێت و راوێژیان لەگەڵدا بکرێت، بە بیانووی هەژاری و دەسکورتییەوە بۆیان پێشنیار دەکرێت.**

هەر بۆیە، ئەوشتەی کە لای زۆربەی فیمینیستە سپی پێستەکان وەك داواکارییەکی سادە و گشتی لە قەڵەم ئەدرا، لە راستیدا کاتێ دەڕۆشتە ناو ژیانی ژنە ڕەش پێستەکانەوە،فۆرمێکی پێچاوتری بەخۆوە دەگرت. تەنها لە دوای دەستێوەردانی فیمینیستە ڕەش پێستەکان ــ کە دەستیان بە گشتاندنی درۆیینی ئەم خەباتەکرد ــ بوو کە خەباتە دواییەکانی فیمینیستی سەبارەت بە مەسەلەکانی لەبارخستنی منالْ و ریگرتن لە ئاوسبوون پەرەیان سەند، تاکوو ژنان بتوانن لە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە زاوزێ کردنەوە، مافی هەڵبژاردنیان هەبێت، بۆنموونە، ژنە ڕەش پێستەکان مافی ئەوەیان هەبێت کە لە ژێر گوشاردا منالەکانیان لەبار نەخەن، یا خۆیان نەزۆك نەکەن.

فیمینیستە سپی پێستەکان نەك تەنها تاوانی گشتاندنێکی درۆیینیان خراوەتە پاڵ کە بە ناوی خۆشکایەتییەوە، ئەزموونەکان و بارودۆخی جیاوازی ژنان نادیدە دەگرێت، بەڵکوو تەنانەت رەنگە ئەو ناوانە گرینگترەشیان بخرێتە پاڵ کە نەیانتوانیوە بە دروستی لە پێکهاتە نەژاد پەرەستانەکانی کۆمەڵگا تێبگەن. هەروەك هازل‌کاربی[١](١٩٩٧:٤٦) ئیستدلال دەکات:

**فیمینیستە ڕەشەکان خوازیاری ئەوەبوونە ــ ئێستاشی لەگەلا بێت ــ کە رەسمییەت ببەخشرێت بە نەژادپەرەستی وەك تایبەتمەندییەکی**

---

١- Hazel Carby



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**پێکهێنەری پێوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ ژنە سپی پێستەکاندا. هەم تیۆری و هەم کردەی فیمینیستی دەبێ دان بەوەدا بنێن کە ژنە سپی پێستەکان، لە پێوەندی لەگەڵ دەسەلاتدا، وەك سەرکوتکەری ژنە ڕەش پێستەکان وان. ئەم مەسەلەیە، هەموو ئەو تیۆرو کردە فیمینیستییانەی کە لەسەربنەمای یەکسانییەکی سادەدا دائەمەزرێن، بێ بایەخ دەکات.**

**لە ڕاستیدا پێدەچێت هەندێك لە تیۆرسیەنە سپی پێستە فیمینیستەکان کاریگەرێتی نەژادپەرەستییان بەکەم ،یان تەنانەت نادیدە گرتووە، یان بە پشت بەستن بەم ئیدیعایەوە کە نەژادپەرەستی بەشێکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگا پیاو سالارەکانە و هەموو ژنانیشی، بە ڕەش و سپییەوە، کردۆتە قوربانیی خۆی، مەودایەکیان(فاێلە) داناوە لە نێوان خۆیان و نەژادپەرەستەکاندا. هەرچەند فیمینیستە سپییەکانی‌تر، بوونی نەژادپەرەستییان بەلاوە قبووڵە، بەلام ئیستدلالیان ئەوەیە کە ئەم سەرکوتکردنە، لە چاو ڕەگەزخوازیدا، کەمتر « بونیادی » یە. زۆربەی دەقە کلاسیکەکانی فیمینیزمی شەپۆلی دووهەم، لەو باوەڕەدان کە ڕەگەزخوازی، بونیادی‌ترین جۆری چەوساندنەوەیە. بۆ نموونە، کیت‌میلێت لە کتێبەکەیدا بە ناوی« سیاسەتی ڕەگەزی » دەڵێ کە ڕەگەزخوازی چەوساندنەوەیەکی گشتی و بونیادیتر لە نەژادپەرەستییە،چوونکە هەم پێویستی بە خەباتێکی زیاتر و بەرفراوانتر هەیەو، هەم گشگیرترەو، هەمیش«بونیادی‌ترین چەمکی دەسەلات» لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا پێك دێنێ(میلێت**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٣٤:١٩٧٠). بەلاَم هەروەك ئەلیزابێتئسپێلمەن[١](١١٨:١٩٨٨) دەڵـێ، خـودی میلێـت، ئەم واقعییەتە کە پیاوە رەش پێستەکان، هێندەی کە پیاوە سپی پێستەکان بە سەر هەموو ژناندا زاڵـن، بـە سـەر ژنـەڕەش پێـستەکاندا زاڵ نـین و دەسـەلاَتیان بـە سەریانەوە نییە، بە یەکێك لە نیشانەکانی نەژادپەرەستی لە قەڵەم ئەدات، تـا ڕادەیەك کە بانگەشەکەی ئەو سەبارەت بە گشگیربوونی ڕەگـەزخوازی، « بـە هـۆی ئاماژەکردنی بە نامەرجەع بوونی پیاوە رەش پێستەکانەوە پووچـەڵ دەبێتـەوە ». ئەم جۆرە بانگەشە فیمینیستییەی سەبارەت بە ئەولەوییەتی رەگەزخوازی بە سـەر نەژادپەرەستیدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ڕووی تیۆرییەوە بێ ئەساسـە، پێدەچـێت واقعییـەکانی ئەزموونـەکانی ژنـە ڕەش پێـستەکان لـە سـەر نەژادپەرەسـتی و رەگەزخوازی، کە لە ژیانی رۆژانەیاندا بەردەوام پێوەنـدییان بـە یەکـەوە هەیـە، نادیدە دەگرێت. بە ڕاستی دەتوانین بڵێین کە، فیمینیزمی ڕەش، ئـەوەی دەرخـستوە کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێـت نـەژاد و رەگـەز لێـك جیابکرێنـەوە و هـەروەها ئەوەشی پیشان داوە کە، هەچەند رەنگە گوتارە زاڵەکان هـەوڵیان دابێـت لێکیـان جیابکەنەوە، بەلاَم ئەم دوانـە بـە شـێوەیەك تێـکچـڕژاون کـە جیاکردنـەوەیان مەحاڵە، هەر وەك والێری ئسمیس[٢](٢٧٢:١٩٩٠)دەڵێ:

> لەگوتارەی زاڵدا، بە شێوەیەك رەفتار لەگەڵ نەژادپەرەستی و رەگەزدا دەکرێت کە وەك بڵێی ئەوانە دووگرووپی ئەزموونن کە هەرگیز پێکەوە کۆ نابنەوە. بە پێچەوانەوە، فیمینیزمـی رەش، قایـل بـە پێوەندییـەکی

١- Elizabeth Spelman
٢- Valerie Smith



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاوبەشە لە نێوان ڕەگەز و نەژاد لە ژیانی ژنە ڕەش پێستەکانداو، کەواتە پێی وایە کە هەرجۆرە تیۆرێکی « تاك تەوەری » سەبارەت بە نەژاد پەرەستی، یان ڕەگەزخوازی، هیچ تەباییەکی لەگەڵ ژیانی ژنەڕەش پێستەکاندانییە.

## فیمینیزمی ڕۆژئاوایی و جیهان سێهەمی: ئەوروپا تەوەری و کلۆنیالیزم

فیمینیستە سپی پێستەکان جگە لە نادیدە گرتن یان بەکەم گرتنی نەژاد پەرەستی لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا، بەوە تاوانبار دەکرێن کە لە تێڕوانینەکانیاندا ئەوروپا تەوەرانە سەیری ژنانی ولآتانی جیهانی سێهەم دەکەن، تاوانی ئەوەی کە هەوڵ ئەدەن ئەو مۆدیلانەی فیمینیزمی ڕۆژئاوایان بە سەرا بسەپێنن کە هەندێ جار بە کەڵکی بارودۆخی تایبەتی ژنان لەو ولآتانەدا نایەن و هەروەها تاوانبارن بەوەی کە کەمتەرخەمییان کردووە لە شیکردنەوەی ڕەوشەکانی کلۆنیالیزم و سەرمایەداری جیهانی بۆ شکڵ بەخشین بە ئەزموونەکانی ژنان لە ولآتانی دەرەوەی ئەوروپاو ئەمریکای‌باکووردا. یەکێك لە نیشانەکانی ئەم ئەوروپا تەوەرییە، بێ ئاگابوونە لە سەرچاوە دەروونییەکانی[1] فیمینیزمی جیهانی سێهەم و هەر وەها باوەڕ بەم مەسەلەیە کە هەموو جۆرەکانی فیمینیزم، لە ئەمریکای باکوور و ئەوروپاوە سەرچاوەیان گرتووەو، هەرجۆرە چالاکییەکی‌تری

---

١- Endogenous



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فیمینیستی دەبێ لاسایی کردنەوەی ئەو فیمینیزمە سەرەکییە بێت. لە لایەکیترەوە، کوماری جایاواردێنا[2](١٩٨٦)بە هەموو هێزیەوە ئیستدلال دەکات کە فیمینیزم، داهێنانێکی(اختراع) رۆژئاوایی نییە، بەڵکوو لە جیهانی سێهەمدا سەرچاوەگەلێکی دەروونیی هەیە. ئەو، نەك تەنها گومان لەوە دەکات کە فیمینیزم لە ئەمریکای باکوور و ئەوروپادا داهێنرابێت، بەڵکوو نارەزاییش دەردەبڕێت بەرانبەر هەندێك لەو نووسەرانەی جیهانی سێهەم کە پێیان وایە فیمینیزم ئایدۆلۆژییەکی رۆژئاواییە کە لە گەڵ بارودۆخی ولاتەکانیاندا یەك ناگرێتەوەو، دەبێ زیاتر گرینگی بە خەباتکردن بۆ ئازادی نەتەوەیی بدرێت، نەك بە خەباتکردن بۆ رزگارکردنی ژنان. جایاواردێنا دەڵێ لە راستیدا هەر دوو ئەم هەڵوێستانە هەڵەن و فیمینیزم ئایدۆلۆژیایەك نییە کە رۆژئاوا بە سەر جیهانی سێهەمدا دایسەپاندبێت، بەڵکوو لە ولاتانی جیهانی سێهەمیشدا هەمان مێژینەی هەیە کە لە ولاتە رۆژئاواییەکاندا هەیەتی. بۆ نموونە، هەروەك دێنێتەوە یادمان، لە ولاتی [چینی] سەدەی هەژدەهەمدا هەندێ قسەوباسی سەبارەت بە مافی ژنان لە گۆڕێدا بووە، بۆ پێگەی کۆمەلایەتییان خەباتییان دەکردو هەوڵی هێنانە ئارای گۆڕانکارییان ئەدا. لەگەڵ ئەوەشدا مەبەست لەو قسەیە ئەوە نییە کە رۆژئاوا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر گەشەکردنی فیمینیزم لە جیهانی سێهەمدا نەبوە. بە سەرنجدان بەوەی کە بزووتنەوەکانی ئازادی ژنان، تارادەیەکی زۆر لەناو ئەو خەباتە ناسیۆنالیستییانەوە هەڵدەقولان کە دەیانویست لە ژێر

---

٢- Kumari Jayawardena



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەسەلاّتی ئەو ولاّتــە داگیرکەرانــەی کــە تــازەش قــوت بوونــەوە، بێنــە دەرەوە و سەربەخۆ بن، بەلاّم دەستێوەردانەکانی رۆژئاوا بۆ پێـك هێنــانی ئــەو بارودۆخــە کۆمەلاّیەتییەی جیهانی سـێهەم کــە فیمینیــزم تیایــدا ســەری هەلّــدا، دەورێکــی کاریگەرییان هەبوە. جایاواردێنــا ئەوبانگەشــەیە دەکــات کــە « خــەباتکردن بــۆ رزگارکردنی ژنان، بەشێکی بنەڕەتی و حاشاهەلّنەگری بزووتنەوەکانی خۆڕاگرتنی نەتەوەیی (مقاومت ملی) بوو » (٨:١٩٨٦)و، ژنانیش بــە دەگمــەن بــە شـێوەیەکی سەربەخۆ کۆدەبوونە، بەلّکوو زۆربەی جار یەکە، یان بالّ گەلێك بوون لەو گرووپە ناسیۆنالیستییانەی کە لــە ژێــر کــۆنترۆلّی نێرینــەدا بــوون. هــەر بــەم پێیــە، گەشەکردنی سەرمایەداری، تۆخمێکی گرینگ بوو بۆ شـكلّ بەخـشین بــە خــەباتی رزگاریخوازانەی ژنان، چوونکە بە جیهانی بوونی سەرمایەداری، ژنانێکی زۆری لــە کارە سوننەتییەکانی ناو مالّەوە دوورخستەوەو خستنیە ناو بــازاری کــاری دەرەوەی مالّەوەو، کەواتە، بەشێوەیەك ڕێکخستنی فیمینیستی ئاسانترکرد.

بەمجۆرە جایاواردێنا جەخت لەسەر ئەو واقعییەتە دەکــات ـــــــــ ئــەم خالّە کــە ژنــان لــە ولاّتــانی جیهــانی سـێهەمدا، بزووتنەوەگــەلێکی دەروونیــی فیمینیستییان هەیە، بە ئامانجگەلی تایبــەت بــە خۆیــان ـــــــ کــە پێدەچــێت فیمینیستە رۆژئاواییەکان نادیدەیان گرتووە. هەروەها ئۆمانارایان[١] لە قسەکانیدا سەبارەت بە فیمینیزمی هیندی، بە هەموو هێزیەوە ئاماژی بەو خالّە کردووە. ئــەو دەلّێ، فیمینیزمی جیهــانی سـێهەم، وەلاّمدانەوەیەکــە بــە کێـشە تایبەتــەکانی

١- Uma Narayan



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ولاّتـانی جیهـانی سیّهەم. هە چەند نەیارانی فیمینیزم لە هیندیشدا هەوڵیان داوە فیمینیزم بە هاوردەیەکی رۆژئـاوایی لە قەڵەم بدەن و بە مجۆرە لــە بایــەخی کــەم بکەنەوە، بەلاّم راستییەکەی ئەوەیە کە ژنانی هینــدی کێــشەگەلێکی تاییــەتیان هەیە کە بزووتنەوەی فیمینیزمی هیندی، هەوڵی داوە وەلاّمیــان بداتــەوە و چــارە سەریان بکات:

ئەو مەسەلانەی کــە گرووپــە فیمینیــستییەکان لــە هینــددا لــە ڕووی سیاسییەوە دەستەویەخەن لەگەڵیاندا، بریتین لە: کوشتنی ژنان لەبەر کەمبوونی جیهــاز[1] و ئازاردانــەکانی پێوەندیــدار بــەو مەســەلەیەوە، دەسدرێژی کردنی پۆلیس بۆ سەر ژنانی زیندانی، مەسەلەکانی پێوەندار بــە هەژارییــەوە، تەندروســتی و زاوزێ کــردنی ژنــان و، ئەومەســەلە ئێکۆلۆژیکی و خێڵەکیو ناوچەییانەی کە کاریگەری لە سەر ژیانی ژنان دادەنــێن. دیــارە هەڵــسووڕاوە سیاســییەکانی فیمینیــستی هینــد، فیمینیستەکان و فیمینیزم بە بەشێکی بوارە سیاسیو نەتەوەییــەکانی ولاّتانی جیهانی سیّهەم لە قەڵەم ئەدەن. قسەی من ئەوەیە کە فیمینیزمی جیهانی سیّهەم، لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی« دەســتووری بەرنامــە رۆژئاواییەکان » بــە مانایــەکی ســادە و ئاشــکرانییە ـــــ بۆنموونــە فیمینیزمی هیندی، بەڕاستی وەلاّمدانەوەیەکە بۆ ئەو مەسەلانەی کە بە ئاشکرا لەبەر دەم ژنانی هیندیدان.

---

٢ــ ئەو ئەسپاوو کەلەپەلەیە کە لە گەڵ بووکدا بۆ ماڵی زاوای دەنێرن ـــــ و. ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(نارایان١٩٩٧:١٣)

هەم جایاوازدێناو هەم نارایان، وێڕای داکـۆکی کـردن لـە سـەربەخۆیی و تایبەتمەندی بزووتنەوە فینینیستییەکانی جیهانی سێهەم، لە هـەمان کاتیـشدا جەخت لە سەر کاریگەرێتی کلۆنیـالیزم لـە سـەر پێکهـاتنی ئـەم بزووتنەوانـە دەکەن. ئەم ئیمپریالیزمە رۆژئاواییەو کاریگەرییەکانی لەسـەر ژنـان لـە وڵاتـە داگیر کراوەکاندا، بوارێکی دیکەیە کە هەندێ جـار لـە شـیکردنەوە فیمینیـستییە رۆژئاواییە ئـەوروپا تەوەرەکانـدا نادیـدە دەگـیردرێ، هەرچـەند هەنـدێك لـەو فیمینیستانە وەك سینتیائەنلۆ(١٩٩٠) ئاوڕێکی زۆریان داوەتـەوە لـە کاریگـەرێتی کلۆنیالیزم لە سەر ژنانی سەرتاسـەری جیهانـدا. ئـەنلۆ دەڵـێ، پێوەندییـەکانی نێوان داگیرکەران و داگیرکراوان، وایان لێ هـاتووە کـە پێویـستیان بـە پێوەنـدی گـەلێکی تاییـەتی رەگەزانـەو دەسـەلاتێکی رەگەزانـە هەیـە. ژنـانی وڵاتـە داگیرکراوەکان بە شێوەیەك پیشان ئەدران کە هـەم شـەهوەتیان زیـاتر بکرێـت و هەمیش بە خۆیان نامۆ بن‌و، دەبوونە ئامرازێك بۆ دامرکاندنی ئـاگری شـەهوەتی پیاوە رۆژئاواییەکان:

ژنانی وڵاتە داگیرکراوەکان وەك ئامرازێك بۆ شەهوەتڕانی و دامرکاندنی شەهوەت، لە خزمەتی پیاوە بیانییەکاندا بوون. هەندێکیان لە گەڵ پیاوە بیانییەکاندا ئیزدواجیان دەکرد و هەر بەم هۆیە شەوە، یەکگرتنی نێوان حکوومەتەکان و کۆمپانیا بیانییەکان و خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکانیان ئاسـانتر کـردووە. ئـەوانیتریـشیان چێـشت لێنـەر و خزمـەتکاری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاوسەرەکانی هەمان ئەو پیاوە بیانییانە بوون. ئەم ژنانە، بە هۆی قبوولٚ کردنی ئاین و فێرکارییە کۆمەلآیەتییەکانی ژنە سپی پێستەکانەوە، وایان لێکردوون هەست بەوە بکەن کە لە رووی ئاکارییەوە لەوان لەسەرترن. ئەوان لە ناو کۆمەڵگاکانیاندا کاتێك کە کەسایەتی پیاوەکانیان لە ژێر ستەم و زەبرو سووکایەتی کردنی داگیرکەرانەوە وردوخاش بووبوو، پاراستنی شەرەفی ئەو پیاوانەیان گرتبوە ئەستۆ. ژنان بۆ بەخێوکردنی بنەماڵەکانیان، لە بستێك زەویدا گەنمەشامی و سێوەخاکی(پەتاتە) و برینجیان چاندووە، تاکوو مێردەکانیان بتوانن چەندین کیلۆمەتر دوورتر لە خێزانەکانیان لەناو کانە(معدن)کانو مەزراکانی سپی پێستەکاندا کاربکەن.بوونی ژنان وەك سەمبول، وەك کرێکارو، وەك بەخێوکەر، بۆ سەرجەم پرۆسەی کارکردنی کلۆنیالەکان، گرینگ و چارەنووس ساز بوە.

(ئەنلۆ١٩٩٠:٤٤)

بەلآم لەگەلٚ ئەوەشدا، وێناکانی ژنانی ولآتە داگیرکراوەکان، زۆربەی کات وەك پاساوهێنانەوەیەك بە کەڵکی داگیرکەران دەهات، چوونکە پیاوە رۆژئاواییەکان، لە ولآتەکانی خۆیاندا بە ئاماژە کردن بە پێگەی بەرواڵەت پاشکۆیی(فرعی) و نالەباری ژنان، بەمجۆرە ئیستدلالیان دەکرد کە ئەوان پێویستیان بە پشتیوانی و کارتێکردنی شارستانییەتی رۆژئاوایی هەیە. یەکێك لە پاساوهێنانەوەکانی داگیرکەران، مەسەلەی حیجاب، یان سەرپۆش بوو کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژنانی مۆسڵمان لە سەریان ئەکردو، زۆربەی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان هەوڵیان ئەدا بە هاندانی ئەو ژنانە بۆ لابردن و فڕێدانی حیجاب و سەرپۆشەکانیان « ئازادییان پێ ببەخشن »بۆ نموونە، دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی فەرانسە لە ئەلجەزایردا، خەباتێکی بێوچانیان دەست پێکرد بۆ هاندان، یان ناچارکردنی ژنانی ئەلجەزایری بۆ ئەوەی حیجابەکانیان لابەن.

ئەم مەسەلەیەی حیجاب یان سەرپۆشی موسڵمانان، یەکێك لەو مەسەلانەیە کە نەك تەنها لای دەسەڵاتە داگیرکەرەکان، بەڵکوو لای بزووتنەوە نەتەوەییەکانیش گرینگییەکی زۆری هەبوو وئاوڕیان لێ ئەدایەوە. ئەنلۆ(١٩٩٠:٥٢) ئاماژە بەوە دەکات کە ناسیۆنالیستەکان هێندەی گرنگییان بە مەسەلەی حیجاب داوە، گرینگییان بە هیچ مەسەلەیەکیتر نەداوە [واتە حیجاب گرینگترین مەسەلەبوە بەلایانەوە ]: ئایا ژنان دەبێ لە ڕێگەی سەروقژدا پۆشاندن بە چارشێو یان سەرپۆش پشتیوانی لە ئامانجە نەتەوەخوازانەکان بکەن، یان لە ڕیگەی لابردنی چارشێوو سەرپۆش و وەلانانی حیجابەوە؟ یەکێك لە ئامانجەکانی ولاتە داگیرکەرەکان لە ولاتە موسڵمانەکاندا، تاڕادەیەکی زۆر، هاندان یان ناچارکردنی ژنانی ئەو ولاتانە بوە بۆ وەلانانی حیجابیان. ئەوان ئەم مەسەلەیان بە بەشێك لە پرۆسەی « بە شارستانی کردن »لە قەڵەم ئەداو، هەرچی ژنانی ولاتەداگیرکراوەکان زیاتر جل و بەرگی ڕۆژئاواییان لەبەر بکردایە، داگیرکەرانیش زیاتر بەوە دڵخۆش دەبوون کە لە پرۆسەکەیاندا بۆ هاوچەشن کردن و هاوڕەنگ کردنی ئەو ولاتانە لە گەڵ بەهاکانی جوولەکە ـــ مەسیحیدا سەرکەوتنیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەدەست هێناوە. ئەم گوشارانەی داگیرکەران، ژنانی موسڵمانیان خستە بارودۆخێکی دژوارەوەو بوە هۆی ئەوە کە حیجاب ببێتە مەسەلەیەکی تەواو سیاسیو، وەلانانی حیجابیش بە هاودەسیو هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی داگیرکاردا لە قەڵەم بدرێت. ئەم باسە هێشتاش درێژەی هەیە، هەم بە هۆی بە دەسەڵات گەیشتنی ئیسلام لە ئێرانو ئەفغانستانو ئەلجەزایرو هەندێ شوێنیتر، هەم لە پێوەندیدا لە گەڵ کۆچی موسڵمانان بۆ وڵاتە رۆژئاواییەکان. ئەمە مەسەلەیەکە هێشتا فیمینیستە رۆژئاواییەکان ناتوانن قبووڵی بکەن.

بۆ نموونە، لە فەرەنسەدا دەرکردنی کچانی موسڵمان لە مەدرەسەکاندا، بە هۆی ئەوە کە سەرپۆش لەسەرکردن، یان حیجابی ئەوان، دژایەتی هەیە لە گەڵ یاسا فێرکارییەکانیان کە لەسەر بنەمای سکوولاریزمدا دامەزراون، ئینشعابی خستۆتە ناو فیمینیستەکانەوە، چوونکە هەندێکیان داکۆکی لەوەدەکەن کە کچان مافی ئەوەیان هەیە بە حیجابەوە بچنە مەدرەسەو، هەندێکیتریان داکۆکی لە قەدەغەکردنی حیجاب دەکەن چوونکە پێیان وایە کە حیجاب سەمبولێکە لە چەوساندنەوەی پیاوسالارانەی ژنانی موسڵمان(فریدمەن[1] لە رۆژنامەکاندا). فیمینیستە فەرنسییەکان بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە قەدەغەکردنی حیجابی کچە موسڵمانەکان لە مەدرەسەکاندا، داکۆکی لە تەسەورە

١- jane Freedman، نووسەری ئەم کتێبەی فیمینیزم و مامۆستای مەسەلە سیاسییەکانی فەرەنسە و ئەوروپایە لە زانکۆی «ساوت هامپتۆن»ی بەریتانیادا. تەوەری سەرەکی لێکۆڵینەوەکانی، رەگەزو مەسەلە سیاسییەکانی ئەوروپایە. هەندێك لە کتێبەکانی بریتین لە: سیاسەتیفمینیستی، ئەفسانەکان و سەمبولەکان(١٩٩٧): ژنان، کۆچ و شوناس لە فەرەنسەدا(٢٠٠٠) — و. ك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

رۆژئاواییــەکان دەکــەن ســەبارەت بــە وەی کــە ئیــسلام ئــاینێکی پیاوســالارو سەرکوتکەری ژنانەو، دەیانەوێ لە سەتر بوونی کۆمەڵگای فەرەنــسیش لــە وروەوە بسەلمێنن. ئــەوان شــێوەکانی پێکهــاتنی رەگــەز لــەناو زنجــیرە پێوەندییــەکانی دەسەڵاتدا نادیدە دەگرنو، زۆرێــك لــە فیمینیــستە فەرەنــسییەکان بەمەبەســتی سەلماندنی ئەوەکە کەلتووری فەرەنسی، لە سەرترە لە کــەلتووری پیاوســالارانەی ئیسلام، تووشی ئەو مەترسییە دەبــن کــە شــوێنی(پێگــەی)خۆیــان وەك ژنــانێکی سپی پێست لەناو زنجیرە پێوەندییەکانی دەسەڵاتی پۆســت کلۆنیالیزمــدا نادیــدە بگرن.

مەسەلەگەلێکی لەوجۆرە ئەوە دەسەلمێنن کە فیمینیستە رۆژئاواییەکان بــە شێوەیەکی ئەوروپا تەوەرانە بیردەکەنــەوەو، ئەزموونــەکان و روانگــەکانی ژنــانی ولاّتانیترو کەلتوورەکانیتر نادیدە دەگــرنو، رێــساو چوارچــێوە رۆژئاواییــەکان بەســەر ئــەم ژنانــەدا دەســەپێنن. ژنــانی جیهــانی ســێهەم زۆربــەی کــات وەك قوربانیگەلی کارتێکراوی سەرکوتکراوی پیاوســالاری، چــاویان لێ دەکــراو، رۆڵــی کاریگەرییەکانیان نادیدە گیراوە. بۆ نموونە، چاندرا مۆهانتی ئامــاژە بــەم خاڵــە دەکــات کــە شــێوەی باســکردنی فیمینیــستە رۆژئاواییــەکان ســەبارەت بــە مەسەلەگەلێکی وەك خەتەنە کردنی کچان، یاسای بنەماڵەی ئیسلامیو...، بووەتــە هۆی ئەوە کە ژنانی « جیهانی سێهەم »وەك قوربــانی گــەلێکی ناتــەوان وێنــا بکرێن(مۆهانتی و ئەوانیتــر،١٩٩١:٥٧). ئەگــەر فیمینیــستەکان دەیانــەوێ لــەو ئەوروپا تەوەرییە دوور بکەونــەوە، دەبێ لــە پێوەندییــەکانی دەســەڵاتی پۆســت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کلۆنیالیستی، لەم جیهانەیدا کە تیایدا خەریکی چالاکی کردنن ئاگادارین. ئەمە مەسەلەیەکی تەواو قورس و ئاڵۆزە و هەروەك ئاوتاربراه[1](۱۹۹۳:۲۰۱) دەڵێ: « ئێمە بەهۆی هەزاران پرۆسەی ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیکییەوەیە، کە لەناو ئەم پێوەندییانەی دەسەڵاتی جیهانیدا جێهان دەبێتەوە».

۱- Avtar Brah



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# جنسییەت و نەتەوە

ئەم راڤەکردنانەی فیمینیزم و پێوەندییەکانی دەسەلاّتی جیهانی، ئاماژە بەوە دەکەن کە پێویستە شیکارییەکی رەگەزانە لەسەر پرۆژە نەتەوەییەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام بدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، شیکاری سیاسی لەسەر نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم، یەکێکە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە کە بە هۆی نادیدەگرتن یان بە کەم گرتنی پێوەندییە رەگەزییەکان، لە لایەن فیمینیستەکانەوە رەخنەی لێگیراوە. هەرچەند لە ناو پرۆژە نەتەوەیی و قەومییەکاندا حەتمەن هەندێ رۆڵی دیاریکراو بە ژنان سپێردراوە، بەلاّم تیۆرسیەنەکان زۆربەی کات لێیان غافڵ بوونەو، نەیانتوانیوە شیکردنەوە لەسەر ئەوتێکەڵ بوونە جیاوازە(ادغام متمایز)ی پیاوان و ژنان لە ناو ئەم پرۆژە نەتەوەییانەدا بکەن. کەواتە، فیمینیستەکان هەموو هەوڵەکانیان تەرخان کردووە بۆ مەسەلەکانی جنسییەت و نەتەوەو، تێگەیشتن لە یارمەتییە جۆراوجۆرەکانی ژنان بە پرۆژەکانی بنیاتنانەوەمی ولاّت. نیرایووالّدیویس و فلۆیائانتیاس[٢] لە قسەکانیاندا سەبارەت بە جنسییەت ونەتەوە دەڵێن کە ژنان لە پرۆسە نەتەوەییو قەومییەکاندا بە چەند شێوەیەکی دیاریکراو بەشداری دەکەن(یووال – دیویس و ئانتیاس ١٩٨٩): وەك سەرلە نوێ بەرهەم هێنەرانی کەمینەی نەتەوەیی؛وەك سەرلە نوێ بەرهەم هێنەرانی سنوورەکانی گرووپە نەتەوەیی، یان قەومییەکان: وەك هۆکارەسەرەکییەکانی گواستنەوەی بەهاکانی کۆمەڵگا؛وەك

---

٢- Nira yaval-davis & Floy anthias



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

رێساکانی جیاوازیگەلی نەتەوەیی یان قەومی؛وەك بەشدارانی چالاك و هەڵسووڕاو لە خەباتە نەتەوەییەکاندا. لە هەموو ئەم نموونانەدا، ژنان لە پرۆژە قەومی و نەتەوەییەکاندا بەشدارن و ئەوبەشدارییەشیان جیاوازە لەوەی پیاوان. یووال دیویس(١٩٩٧) دەڵێ، هەربەم هۆیەوە، ناتوانین بە بێ ئاوڕدانەوە لە رەگەزو نەتەوەو کارتێکردنەکانیان لەسەر یەکدی، بە دروستی لێیان تێبگەین. تێگەیشتنێکی لەمجۆرە هەم بۆ شکڵ بەخشین بە هەرسیاسەتێکی فیمینیستی نێودەوڵەتی پێویستە، هەمیش بۆ شیکردنەوەیەکی رێكوپێکی فیمینیستی لە سەر مەسەلەگەلێکی وەك کۆچ و رەگەزپەرەستی.

## کۆتایی هاتنی جەوهەرخوازی؟

نارەزایی دەربڕینەکانی نووسەرە فیمینیستە ڕەش پێستە جیهانە سێهەمییەکان، زۆرێك لە فیمینیستە سپی پێستەکانی ناچار کردووە بە تیۆرە گشتێنەر(تەعمیمدەر)ەکانیان سەبارەت بە ئەو ستەمە هاوبەشەی کە دەکرێتەسەر ژنان، بچنەوەو، هەروەها جیاوازییەکانی نێوان ژنان وەك گرووپێك قبووڵ بکەن. بە هەرحاڵ قبووڵ کردنی جیاوازی، تەنها هەنگاوێکە لەوبارەوە کە ئایا باشترین رێگەی پەرەپێدانی پلانێکی فیمینیستی کە نەك تەنها بە کەمینەیەکی دەسڕۆیشتوو، بەڵکوو بە هەموو ژنان قازانج بگەیەنێت چییە؟ بۆ نموونە، باسکردن لە سەر باشترین شێوەی تیۆریزە کردنی کاریگەرییە دوولایەنەکانی رەگەزپەرەستیو رەگەزخوازیو خەباتکردن لە دژی هەردووکیان لە یەككاتداو، لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاکامدا ڕەفتارکردنی دادپەروەرانە لەگەڵ ژنانی هەم ڕەش و هەمیش سپیدا هێشتا درێژەی هەیە. جیا لەوەش، ڕەخنەکانی فیمینیستە ڕەش پێستەکان، کە پەردەیان لەسەر گشتاندنی درۆیین، یان جەوهەرخوازی شاراوەی نووسینەکانی نووسەرە سپی پێستە فیمینیستەکان هەڵگرت، ئاماژە بە جۆرەکانی تری جیاوازییەکانی نێوان ژنان دەکەن کە، فیمینیستەکان پێویستە لە کاتی تیۆری سازی کردن سەبارەت بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئاوڕیان لێ بدەنەوەو هەوڵ بدەن ڕێگەچارەگەلێك بدۆزنەوە بۆزاڵبوون بە سەر هەموو جۆرەکانی سەر کوتکردن و دەسەڵاتدا: جیاوازییە چینایەتییەکان، هەڵوێست وەرگرتنی ڕەگەزانە، هەروەها جیاوازیگەلی تەمەنی، توانایی و ئاینی، تەنها ژمارەیەك لەو جیاوازییانەن کە دەبێ ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.

پاش ڕاگەیاندنی گرنگایەتی ئاوڕدانەوە لە جیاوازییەکانی نێوان ژنان، کێشەیەکی ئاشکرا دەمێنێتەوە سەبارەت بەوەی کە فیمینیستەکان دەبێ چۆن بەرەنگاری کاریگەرییە دوولایەنەکانی جۆرە جیاوازەکانی سەرکوتکردن ببنەوە؟ تەنانەت هەندێ کەس ڕایانگەیاندووە کە خۆخەریك کردن بە جیاوازییەوە، وەکوو تەورێکە لە ڕیشەی سەرجەم پڕۆژەی فیمینیستی بدرێت و، لەبەرئەوەی کە ناتوانرێت تیۆرێکی گشتی پەیدا بکرێت کە سەبارەت بە هەموو ژنان، بەبێ جەوهەراندنی مانای «ژن بوون»، ڕاستی لە خۆبگرێت، کەواتە فیمینیستەکان هەر لە سەرەتاوە تاوانبار(مەحکووم)ن. ئەم مەسەلەیە ئەمڕۆکە بۆ فیمینیستەکان پێگەیەکی بە ڕاستی دژوار دێنێتە ئاراوە: ئایا ئەوان دەبێ درێژە بە کەڵك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەرگرتن لە شوناسی بە کۆمەڵی « ژنان »بدەن؟ یان دەبێ واز لەم هەوڵەیان کە هەرچەند رەنگە لەبەرانبەر کێشەی جیاوازیدا مەحکووم بێت، بێنن‌و، تەنها بە تیۆری سازی کردن سەبارەت بە گرووپگەلێکی دیاریکراوی ژنان، خۆیان بە مەسەلە گەلێکەوە خەریك بکەن کە پێوەندییان بە ژنانێکی تایبەتەوە هەیە لە بارودۆخ گەلێکی تایبەتدا؟ ئەلیزابێت ئێسپلمەن(١٩٨٨:١٧١) بەمجۆرە باسی ئەم کێشەیە دەکات:

تیۆری فیمینیستی مۆدێرن، بەرەورووی بارودۆخێکی دژوار بوەتەوە: ئایا بە مەبەستی چاوپۆشی کردن لە ئیمتیازەکانی چینی مامناوەندی سپی‌پێست، دەبێ فیمینیزم پشتگوێ بخرێت؟ جیا لەوەش، چەندین جۆر قسەکردن لە سەر فیمینیزم لە ئارادایە(کە بەپێی جۆری شیکردنەوەی کرۆکی سەرکوتکردن، هۆکارەکانی‌و، ئەوشتانەی کە بۆ کۆتایی هێنان بەم سەرکوتکردنە پێویستن، لەگەڵ یەکدیدا فەرقیان هەیە)، و، ئەو بارودۆخە دژوارەش هەرهەموویان دەگرێتەوە – چوونکە دیارە هەموویان لەسەر ئەساسی عیبارەت گەلێکی بونیادی دامەزراون، لەوانە؛ «وەکوو ژن»؛ هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی رەگەز، لەچین و نەژاد؛ هەوڵدان بۆ بەرەنگاری کردنی چین و نەژاد، بە هۆی تێکەڵ کردنی توخمگەلی جیا، بۆ بەدەست هێنانی دەرئەنجامی تێکەڵ کردنی شوناس ورەگەزو نەژادو چین. ئەگەر ئێمە نەتوانین رەگەز، لە نەژادو چین جیا بکەینەوە، ئەگەر نەتوانین وەك ژنێك قسە لە سەر ئەوسەرکوتکردنەی بکەین کە ژنان رووبەرووی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بوونەتەوە، یان نەتوانین وەکوو ژنێك باس لە ئەزموونی ژن بکەین، ئایا فیمینیزم ڕووبەڕووی مەترسی داڕمانی بناغەکانی نابێتەوە؟**

لە بنەڕەتدا ئەوپرسیارەی کە ئێسپلمەن هاوکات لەگەڵ فیمینیستەکانیتردا دەیخاتەڕوو ئەوەیە کە ئایا تاوانی جەوهەرخوازی لە دژی بەشێکی هەرەزۆری تیۆری فیمینیستی، تاوانێکە کە هیچ وەڵامێکی نییەو دەتوانێ سەرجەم پڕۆژەی فیمینیستی ئیفلیج بکات و – لە ڕاستیشدا دەیکات – بناغەکانی برووخێنێ؟ چوونکە هەروەك لە پێشەکی [ئەم کتێبەدا] باسم کرد، پێناس کردنی بونیادیی فیمینیزم زۆربەی کات لەم بنەمایەوە دەس پێدەکا کە [فیمینیزم] سەبارەتە بە شیکردنەوەی سەرکوتکردنی ژنان و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنیشی – ئەگەر فیمینیستەکان نەتوانن سەبارەت بە «ژنان»وەك گرووپ قسە بکەن، ئایا فیمینیزم دەبێ بە تەواوەتی لە ناو بچێت؟

کەواتە زۆرێك لە فیمینیستەکان لەو باوەڕەدان کە تاوانی جەوهەرخواز بوون بە شێوەیەکی خراپ و نادروست دەخرێتە پاڵیانو، ڕەنگە بتوانرێت پشت بەم ئیستدلالەوە ببەسترێت کە تەنانەت ئەگەر بتوانرێت تیۆرە فیمینیستییەکان بە جەوهەرخوازی تاوانبار بکرێن، ئەومەسەلەیە بە ڕاستی هیچ بایەخ و گرنگییەکی نییە. مرۆڤ تەنانەت دەتوانێ بڵێ کە ئەم زاراوەی جەوهەرخوازییە مەرجی سەرەکی هەموو تیۆرێکی سیاسی تەجویزییە، یان لەراستیدا یەکەم مەرجە بۆ هەر تیۆرێك کە دەیەوێ کۆمەلانی خەڵك هان بدات بۆ گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی. بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نموونە، تیۆرسیەنە سۆسیالیستەکان، سەبارەت بە چینی کرێکـار وەك گرووپێـك قسە دەکەن، بە بێ ئەوەی کە وەك پێویست ئاوڕ لـە جیاوازییـە جۆراوجۆرەکـانی ناو چینی کرێکار بدەنەوە؛ دەتوانرێت بە مجۆرە ئیـستدلال بکرێـت کـە تەنانـەت تیۆرسیەنە لیبراڵەکانیش کاتێك قسە لەسەر«تاك»وەك ئینسانێکی عاقڵ دەکەن، دەس ئەکەن بە جەوهەرخوازی. ئەم جۆرە جەوهەرخوازییە، بۆ ڕا پەڕاندن(بـسیج)ی کۆمەڵایەتی شتێکی پێویستەو دەتوانێت ئامرازێکی گرینگ بێت بـۆ پێـك هێنـانی شوناسی بە کۆمەڵ. هەروەها بۆ ئەوکەسانەش کە خۆیان لە پێگەیەکی پەراوێزیو بندەستیدا دەبینن، وەرگرتنی(اتخـاژ)شـوناس گـەلی نـەگۆڕو«جەوهـەری کـراو»، دەتوانێ وەك ئامرازێکی گرینگی ستراتیژیك لە خزمەتیاندا بێت بۆ خـەباتکردن لە دژی هەموو جۆرەکانی سەرکوتکردنو، هەر واشی لێ دێت(فاس ١٩٨٩).

ئەم بارودۆخە دژوارە فیمینیستییە ئەگەر وەڵامێکی هـەبێت بـۆ جیـاوازیو جەوهەرخوازی، ئەوا لە ڕێگەی پاش بنەماخوازی و پۆست مۆدێرنیزمەوە دەتوانێـت ئەو وەڵامە بداتەوە. تاوتوێ کردنی کاریگەرێتی ئەم بزووتنەوە تیۆرییانە(نقری) لە سەر فیمینیزم، بابەتی بەشی دواییە.

## فیمینیزمگەلی پاش بنەماخوازو پۆست مۆدێرن

ئێمە لەرێگەی تاوتوێ کردنی رەخنە فیمینیستییەکانی رەش پێستەکان لە سەر هەندێك لە ئەندیشە فیمینیستییەکانی سپی پێستەکانەوەو، هەروەها شـێوەی کەمتەرخەمییان لە بەرانبەر«جیاوازی»دا، سەرەنجام لە دژوارییـەکانی باسـکردن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له سەرکوتکردنێکی هاوبەش بۆ هەموو ژنان، تێ گەیشتووین. ئەم کێشانە بە ئاشکرا پێوەندییان بە یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم کتێبەوە هەیە – واتە، بابەتی یەکسانیو جیاوازیو ئەو کێشانەی کە ئەم دووچەمکە چارەنووس سازە، رووبەڕووی تیۆروکردەیفیمینیستییان کردوونەتەوە. رەخنەجەوهەرخوازانەکانی بیرکردنەوەی فیمینیستی، ئەم باسەی لێ کەوتۆتەوە کە ئایا بە ڕاستی کەڵك وەرگرتن لە ژنان، وەك وتەزایەك بۆ شیکردنەوە، کارێکی دروستە، یان لە تواناذا هەیە؟ هەندێك لە فیمینیستەکان لە ناو تیۆرە پاش بنەماخوازو پۆست مۆدێرنەکاندا بە دوای وەڵامێکدا گەڕاون بۆ ئەم بارودۆخە دژوارو، نارەزایی دەربڕینانە، چوونکە [ئەوتیۆرانە] کۆمەڵە ریگەچارە گەلێکی ئەڵتەرناتیڤ فەراهەم دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی«جیاوازی»و بەرەنگار بوونەوەی ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بە ئەزموونەکانو شوناسەکانی ژنانەوە. ئەم فیمینیزمە پاش بنەماخوازو پۆست مۆدێرنانە، نەك تەنها قایلن بە جیاوازییەکانی نێوان پیاوان و ژنان، یان جیاوازییەکانی نێوان خودی ژنان، بەڵکوو هەروەها قایلن بەو جیاوازییە دەروونیو پێکهێنەرەی وجوودی ژن، یان جیاوازییەك«لەدەروونی ژن»دا(ئۆوانز١٩٩٥:١٢٥). ئەوان تەسەورکردنی شوناسێکی نەگۆڕی ژنانە رەت دەکەنەوەو لەو باوەڕەدان کە دەتوانن بەمجۆرە زاڵبن بە سەر ئەو کێشانەی جەوهەرخوازی، کە فیمینیستەکانیتر بە ناچار رووبەڕوویان بوونەتەوە. بەڕای هەندێك لە فیمینیستەکان، ئەم دوورکەوتنەوەیە لە شوناس گەلی نەگۆڕو قابیلی ناسین، حەرەکەت کردنێکە بۆ پێشەوە کە دەتوانێت بە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرباسی بە ڕواڵەت لە بنەهاتووی یەکسانی و جیاوازیدا زاڵ بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بە بڕوای ئەوانیتر، ئەم ڕوانگە پاش بنەماخوازیو پۆست مۆدێرنیستییانە، بەکردەوە، زیان بە ئامانجی فیمینیزم دەگەینن. فیمینیزم گەلی پۆستمۆدێرنو پاش بنەماخواز، زۆربەی کات وەك کۆمەڵە تیۆرییەك دەخرێنە بەر باسو لێکۆڵینەوە، وەك بڵێی پۆست مۆدێرنیستو پاش بنەماخواز، سیفەتگەلێکی قابیلی جێگۆڕکێ پێکردن بن. لێرەشدا پۆست مۆدێرنو پاش بنەماخواز، هاوشێوەی جۆرەکانیتری فیمینیزم، کۆمەڵێك هەڵوێستی جیاوازی تیۆرانەو تەجویزی لەخۆ دەگرنو، کەواتە، ناتوانرێت بە ئاسانی ئەو دوانە پۆلێن بکرێنو لێك جیا بکرێنەوە.بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەڕاستە کە ئەم دووجۆرە فیمینیزمە، لە خۆگری خاڵ گەلێکی هاوبەشو سەرچاوە و تێڕوانین گەلێکی هاوبەشن. بەمجۆرە ئەم مەسەلەیە کە خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆ، کاتێك کە سەبارەت بە تیۆری فیمینیستی دەنووسن، فیمینیزم گەلی پۆست مۆدێرنو پاش بنەماخواز بە تیۆرێکی تاکانە(واحد) لە قەڵەم ئەدەنو شیکردنەوەیان لە سەردەکەن، دەتوانرێت بە شتێکی دروستو پەسەندکراو لە قەڵەم بدرێت(ئووانز١٩٩٥). ئەم واقعییەتە کە پۆست مۆدێرنیزم، چوونکە زاراوەیەکە کە هەڵگری هەڵوێستو تیۆرگەلێکی یەکجار زۆرو بەرفراوانە هەر بۆیە، ناتوانرێت بە ئاسانی ڕوونکردنەوەی لە سەر بکرێتو هەروەها پێناس کردنیشی گەلەك دژوارتر دەبێ. هەروەك جودیس باتلێر[١](٣:١٩٩٢) دەڵێ:

١- Judith Butler



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەسەلەی پۆست مۆدێرنیزم، دیارە بۆخۆی مەسەلەیەکە، چوونکە – بە چاوپۆشی کردن لە هەموو شتێك – ئایا بەڕاستی شتێك بەناوی پۆست مۆدێرنیزم، بوونی هەیە؟ ئایا پۆست مۆدێرنیزم جۆرە وەسفکردنێکی مێژوویی، یان جۆرە هەڵوێست وەرگرتنێکی تایبەتی تیۆرانەیە؟، هەروەها بۆ زاراوەیەك کە ئەزموونێکی تایبەتی جوانناسانەی روون کردۆتەوە کە ئێستا لە تیۆری کۆمەڵایەتیو بەتایبەت تیۆری سیاسیو کۆمەڵایەتی فیمینیستیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت، ئەم مەسەلەیە چ مانایەکی هەیە؟ ئەم پۆست مۆدێرنیستانە کێن؟ ئایا ئەوە ناوێکە کە کەسێك بۆخۆی هەڵی دەبژێرێت؟ یان زۆربەی کات ناوێکە کە ئەگەر کەسێك رەخنەیەك لەسەر ناسێنەر[1]، یان شیکارییەکی ئیستدلالی ئەنجام بدات، یان گومان لە یەکگرتنو یەکپارچەبوونی وێناکردنە کۆمەڵایەتییە گشتییەت(تامیت) بەخشەکان بکات، ئەوناوەی لە سەر دادەنرێت؟

